قەسیدە و موناجات

# گوڵزاری کوردستان

چاپی: دەیەم



ئامادە کردنی: مەلا ساڵح شێخی

# گوڵزاری کوردستان

# و

# بردة المديح

ئامادە کردن‌و پێشکەش کردنی:

مەلا ساڵح شیخی

بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە

# لە هۆنراوەکانی مامۆستا
# مەلا «عبدالکریم مدرس» رحمه الله

**«١»**

ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئیسلام
بـــڕژێ بــەسەرتا ســەلات و ســەلام
ئـــەی یـــادگاری نـــەتەوەی ئـــادەم
بـۆتـۆ بـوو دونـیا دەرچـوو لە عـەدەم
دڵێ بـــەیادی تـــۆ نـــوورانـــی بـێ
لەگـــەڵ فـــریشتە ئـەبێ بـە هـاودەم
چـــاوێ بـــڕوانـــێ بـۆ نـاوچاوانت
وەرئـەگـرێ نـووری بارەگـای قیدەم
ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئیسلام
بـــڕژێ بــەسەرتا ســەلات و ســەلام

**

دڵێ بـــــەیادت بگـــــەشێتـــەوە
نـەشئەی نـووری حـەق ئـەبەخشێتـەوە
بـــەیادی تـــۆوە ســـووتاوی جـــەفا
بـــەرگێ لە ســـەفا ئـــەپۆشـــێتـەوە

دەمــێ بگــاتە تــۆزی بــەری پــێت
«شَرٰاباً طَــهُورْ» ئــەنۆشــێتــەوە
ســەد جــار بکـوژرێ عـاشقت بـە تیر
چـاتر بـۆ عـەشقت ئـەکـۆشـێتـەوە
ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئـیسلام
بـــڕژێ بـــەسەرتا ســەلات و ســەلام

**

بـەکـەس نـاکرێ سـەنای سـوورەتت
کـەشف نـاکـرێ سـیڕڕی سـیرەتت
سـیما بـەشەری و سـیرەت فـریشتە
«رُوحُ الْـقُدُّوسَ»ە هـێزی غـیرەتت
دونـیا لەلای تـۆ پـەڕەکـایەکـە
خـودا نـاسینە مـایەی حـیرەتت
ئـەخلاقی بـەرزە دەسـمایەی ژیـنت
عـیلم و عـیرفانە رێی بـەسیرەتت
ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئـیسلام
بـڕژێ بـەسەرتا سـەلات و سـەلام

**

ئەی دوڕڕی دەریای ئەسراری «**لولاك**»
بۆ خۆت نەوعێکی بە فەردێکی تاك
هەر ئەوەت لەگەڵ بەشەرا یەکە
ئەتۆیش مەخلووقی بۆ خودای بێ باك
لەهەر ئەرزێکا باسی تۆ بکرێ
عەتری ئەگاتە سەر ئەوجی ئەفلاك
مەعنای شەپۆلی زانستی تۆیە
تەسبیحی خودا بە «**مٰا عَرَفْنٰاك**»
ئەی پێغەمبەری رەهبەری ئیسلام
بڕژێ بەسەرتا سەلات و سەلام

**

لەبۆ ئازار و بێزاری دڵمان
هەر لوتفی تۆیە ئەبێ بە دەرمان
لە جۆشی جەفای ناباری زەمان
هەر سایەی تۆیە چەترە لە سەرمان
لە تۆفی خۆفی زەلزەلەی مەحشەر
هەر تکای تۆیە بەرگە لەبەرمان
کاتی تاریکی دڵ و دەروونم
رووناکی رووی خۆت دەربخە بۆمان

ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئیسلام
بـــڕژێ بـەسەرتا سـەلات و سـەلام

**

ئـەی پـێغـەمبەری شیرین رەنگ و بـۆ
دەســـتی هـــانامان بـــە دامـانی تـۆ
دونـیای روونـاکـم لێ بـووە بـەشەو
مـەینەت لەسـەرم جـەم بـووە کـۆکـۆ
ســـایە شك نـــابەم لە گـەرمای دەردا
مـەگـەر سـێبـەری کـاڵای ئاڵای تـۆ
خـۆت زویـر مـەکـە لە بـێ شـەرمیمان
لابکـــــەرەوە ئــــەمجارەش لە نـــۆ
ئـەی پـێغـەمبەری رەهـبەری ئیسلام
بـــڕژێ بـەسەرتا سـەلات و سـەلام

***

«٢»

بـــە فـــەیزی بـــێ ئــینتیها، بـنێرە رەحـمەت خـودا
لەبـــۆ «إمَـــامُ الهُــــدیٰ» بـــۆ تـــاقمی ســـوعەدا

ئەی شاهی خۆش خۆلق و خوو، ئەی ماهی گوڵڕەنگ و روو
رۆح و دڵ و لەش هەموو، بۆ تۆ ببن بە فیدا
سەرگەردی هیممەتی تۆ، ئاسەف کوڕی بەرخیا
شاگردی حیکمەتی تۆ، سەف سەف گەلی سوعەدا
لەبەر مەلاحەتی تۆ «یۆسف» قەڵەم بڕ بە کەف
لەبەر فەساحەتی تۆ «سەحبان» نەما بۆی سەدا
بۆ سەعدی تالیعی تۆ زوهرە بە دڵ موشتەری
لە نووری لامیعی تۆ قیبلەن لەبۆ ئیقتیدا
بە حوکمی ئیمانی تۆ، بە عیلم و عیرفانی تۆ
بە وەعز و تیبیانی تۆ، دڵ کەوتە ڕێی ئیهتیدا
بە حیلم و ئیحسانی تۆ، بە عەفوی ئاسانی تۆ
بە رەحم و ویجدانی تۆ، کز بوو هەوای ئیعتیدا
هەرچی هەبوون ئەسفیا لە ئەنبیا و ئەولیا
لە دائیرەی ئەزکیا لە ئاخر و ئیبتیدا
جوود و وجوودی هەموو، سیمای سجوودی هەموو
شەهد و شوهوودی هەموو، بە یومنی تۆ دای خودا
لەسەر عینایەتی تۆ، ئەهلی هیدایەتی تۆ
بۆ نەشری ئایەتی تۆ، چوونە گەلی شوهەدا

بــۆ «صـــاد»ی چـــاوانــی تــۆ کــۆمــەڵی لاوانــی تــۆ
وەك قــۆچــی قــوربانی تــۆ، خــۆیــان ئــەکرد بە فیدا
قـــەسەم بـــە ئـــایینی تـــۆ، بــە سـیرڕی یـاسینی تــۆ
راســـتە بـــە نـــاسینی تــۆ بــەشەر ئــەگـا بــە خــودا
چـــۆن بـــاسی ئــەوسافی تــۆ، تــەواو ئــەکـا گـفتوگۆ
قـــورئان لەبـــۆ نــەعتی تــۆ، خــولقی عــەزیمی ئــەدا
خـــولقی عـــەزیمی ئـــەتۆ، عـــەقڵی سـەلیمی ئــەتۆ
قـــەلبی کـــەریمی ئــەتۆ، مـوعجیزە بــوون بــۆ هــودا
ئـــەی ســـەروەری ئـــەنبیا، ئـــەی رەهـــبەری ئــەتقیا
ئـــەی دولبـــەری ئـــەسفیا «اَلْخَـــیْرُ مِـــنْکُمْ بَـــدٰا»
زەوی لە بــەحر و لە بــەڕ، هــەردوو چیا و دەشت و دەر
پـــڕ بـــوو لە خـــێر و لەفــەڕ «مِـــنْ کَـــرَمِ الْمُـــقْتَدیٰ»
تـــیجارەتێکـــە وەهـــا، وێنـــەی نـــیە بـــۆ بـــەها
وەرگـــرتنی مـــەیلی تــۆ، بــە رۆح ئــەگــەر دەس بــدا
«نـــامی» لەســـەر نـــامی تــۆ، لەبــۆ زەوقــی جـامی تــۆ
لەبـــەر فــەیزی عـامی تــۆ «یُـــطْلَبُ مِـــنْكَ النَّـــدیٰ»

***

«٣»

ئەی پێغـەمبەری خـۆش خـوڵق و رەوشت
بۆ تۆ بوو هەوری رەحمەت کەوتە دەشت
رەهــبەری رێگــای گــوڵزاری بــەهەشت
پڕ بـوو لە نـیعمەت کێو و سـارا و دەشت
بـۆ تـۆ بـوو دەریـای خـەزانـەی ئـیحسان
کــەوتە ســەر شــەپۆل بـۆ پۆلی ئـینسان
بــڕژێ بــەسەرتا ســەلات و ســەلام
بــۆ بــەرزی پـایەی مـیللەتی ئـیسلام
ئـەی رەهـنومای عـام لەبـۆ رێگـەی راس
بـۆ خـودا نـاسین، بـۆ سـەعی و ئـیخلاس
بــۆ ویــجدانــی پـاك بـۆ لە حـەق پـرسی
بـۆ هـیممەت بـەرزی و لەکـەس نـەترسی
لەبـۆ دڵسـۆزی و هـۆگـری و ئـولفەت
بــۆ وەرگــرتنی عــیلم و مــەعریفەت
بــڕژێ بــەسەرتا ســەلات و ســەلام
پــەی دەرپــەی بــەتا و تـا قـافی قـیام

ئەی شارەهەبەری دەستووری قورئان
بۆ تۆ بوو «ذبح» هات قۆچی قوربان
ئەی دڵ ئەستووری مەیدانی ئازار
ئەییووبی میحنەت، یۆسفی دڵدار
ئەتۆی ئامۆژگار بۆ داوێن پاکی
بۆ هیممەت بەرزی، بۆ دڵ رووناکی
وەکوو بارانی «نەیسانی» ئارام
بڕژێ بەسەرتا سەلات و سەلام
ئەی چرای تاکی ئەڕز و ئاسمان
مایەی رووناکی دڵی موسوڵمان
بە تۆ گوڵ غونچەی مەحەببەت پشکووت
دڵی دڵداران بۆ رەحمەت بزووت
شعوور و کەماڵ بە تۆوە دەرکەوت
گیانی حەق خوازان لە سزا سرەوت
حەق بەسەر بە تاڵ لەتوۆە سەرکەوت
بۆ رێی حەق ناسی بە شادی رێکەوت
ئەی مایەی سەفا بۆ جەفاباران
ئەی مایەی شیفا بۆ دڵبیماران

بە گیان پەروانەی شەمعی روخسارت

بە دڵ بولبولی گوڵی دیدارت

سەروی «نامی»یە لە باغچەی شەوقا

سیرەت «جامی»یە لە بادەی زەوقا

تکای شەونمی فەیزی ئیحسانە

رجای بۆ جامی حەق پەرستانە

تا ئەڕژێ سەیلی سەلات و سەلام

لە خواوە بۆ تۆ «یَا خَیْرَ الأَنَامْ»

***

«٤»

«یا رسولَ الله» گیانم بە فیدات

پێشکەشت ئەکەم سەلام و سەلات

بۆچی بگەڕێم بۆ موعجیزاتت

تۆ خۆت موعجیزەی بە بەرزی سیفات

کام وەسفت بێنم لە نا و سیفاتت

بیکەم بە ئەساس بۆ وەسف و سەنات

هــەر سـیفەتێکت تـەماشای ئـەکـەم
وێنـــەی نـــایابە لە رووی کـــائینات
مـــەگـەر بـە خـەیاڵ وێنـەیێ دانـێم
خــەیاڵیش کــۆڵە لە رێی کــەماڵات
شــێوەی شـیرینی روخسـاری پـاکت
قەت وێنەی نەبوە لە رووی سەر بیسات
بـــۆیـــە یـارانت کـە تـۆیـان ئـەدی
ئــــەیانوت رۆژە لە بـــەرزا هـــەڵات
هــەرکەسێ بـە حـەق تـۆی ببینیایە
دەسـتی بـەرئەبوو لە بـەندی حـەیات
بـــۆیـــە لە دووریت دڵی بـــولبولان
ئــەهاتە نــەغمە و ســاز و مـەقامات
بــەبیری دووریت روخســاری یــاران
زەرد ئەبوو وێنـەی خـەستەی پڕئـافات
نـمی ئـارەقی خـۆش بـۆی روخسـارت
بـە شـەونم لەسـەر پـەڕەی بـەهار هـات
بۆنـی هـەر شـوێنـێ گـوزەرگای تـۆ بـوو
بـە وێنـەی قـوتووی عـەتری لێ ئـەهات

سەبرت باڵاتر لە سەبری «ئەییووب»
حیلمت لە یەحیای خاوەن کەرامات
راستی وتارت، جوانی رەفتارت
بەرزی کردارت نایەوێ ئیسبات
وەفات بە عەهد و پەیمانی ساغت
چ کاتێ هات و چ ساتێ نەهات
لە کێوی «تائیف» بەرز و باڵاتر
دامەزراوتر بوو لە «کەعبە»ی نەجات
عەفوت گەیشتە پایەیەکی وا
تەواوی ناکا نامە و تەحریرات
بۆیە تا دەجار بە قەسدی گیانت
بۆت دەرچوو عەدووی خاوەن خەیانات
یەك یەك ئەمانە لێیان ئەبووردی
پێت ئەدان بەرگی عەفوت بە خەڵات
دڵسۆزیت لەبۆ سووتاوانی داخ
پڕووزەت لەبۆ گیرۆدەی ئافات
گەرمی دەروونت بۆ چاری بێ کەس
خامۆش نەئەبوو بە ئاوی «فورات»

جـەم بـوون لەوێ سـەروەران، ئـەقتابی پـێغـەمبەران
تـا سـەروەری رەهـبەران بگـاتە جـێی بـێ خـەتەر
کـاتی قـودوومی نـەبی گـەیشتە قـودسی ئـەبی
بـۆ مـەرتەبەی ئـەدەبی لە فـەزڵی «خَـيْرُ الْـبَشَرْ»
«صَـارَ إِمَـامُ الْهُـدىٰ وَالرُّسْـلِ فِي الْاِقْـتَدٰاء»
«مَـنْ شَرَفَ قَـدْ بَـدٰا عَـقْلُ الْـوَرٰى انْـبَهَرْ»
بـەهـ بـەهـ لە ئـیحسانی تـۆ قـودسی بـەشان و شکـۆ
بـە گـەردی ئـەقدامـی تـۆ شـادبوو بـەدڵ بە بـەسەر
جـا بـەوەفای لایـقی کـەوتە سـەنای خـالقی
بـە مـەرتەبەی فـائیقی کـەوتە ئـەدا بـێ حـەزەر
تـا بـە سـەفای مـەعنەوی، لەگـەڵ فـریشتەی قـەوی
سەرکەوت لە رووی سەرزەوی بۆ عەرشی ئیحسان و فەڕ

***

«٦»

یـا رەبـبی هـەتا بـەحری کـەرەم مـاوە لە بـەریا
بـارانـی سـەلامت بـە خـوڕەم بـڕژێ بـەسەریا

ئـەی شـاهی جـیهان، سـیرڕی نـیهان عـالەمی دونـیا

بـۆ تـۆ بـو خـودا بـوونی بـە حـەق کـردووە بـە بـەریا

ئەی شەمسی عەیان، فەجری بەیان، نووری حـەقیقەت

تـۆی حـیکمەتی دەرسـی ئـەدەبی «عَـلَّمَ الاَسْماٰء»

ئـەی عـارفی ئـەسراری سـەفای وەحـیی خـوداوەنـد

عـالەم هـەموو یـەك قـەترەو و تـۆ لوجـجەیی دەریـا

سـەفحەی دڵی تـۆ نـوسخەیە بـۆ دەفـتەرەکـەی لەوح

سـینەت وەرەقـه بـۆ رەقـەمی قـیمەتی ئـەشیا

ئـەو ویسـعەتە خـوا داویـە بـە سـینە و دڵی ئـێوە

حـیکمەت ئـەوە بـوو وەربگـرێ نـووری تـەجەللا

جێی سوورەتەکەت قودسە لەگـەڵ «یـثرب» و «بـطحا»

جـێی سـیرەتەکـەت «سـدرە»یـە یـا عـەرشی «مُـعلّا»

پـەروازی نـیە بـاڵی ئـەمین بـۆیـە لە رێدا

دوا کـەوتووە لای سـیدرەوە سـەرکەوتی بـە تـەنیا

پـابۆسـی سـەمەندت بـوو فـریشتە بـە دەم و دڵ

ئـەوکاتە کـەڕێت کـەوتە دەری عـالەمی عـولیا

تـا وەربگـرێ بـۆنـی عـەبیری ئـەتۆ فـیردەوس

«رضـوان» کـەمەری بـەستووە وەك خـادیمی دەریـا

مـــوشتاقی لەقـــای دیـتنی روخســاری ئـەتۆ بــوون
سـەف بـەستە مـەلائیك لە سـەما و عـەرشی «مُـعلّا»
کــەوتۆتــە بــەری نــاڵی ســەمەندت وەکــوو بـزمار
چەن ئـەختەری خۆش مـەنزەری وەك نـەجمی «ثُـریّا»
ئـەی کـاشیفی «کـاف»ی کـەرەم و «هـاء»ی هـیدایـەت
ئـەی داعــی بــە «یـا»ی حــەرفی نیدا، عـاقڵی وریـا
ئــەو پــایە لەبــۆ تــۆیــە نـیە وێنـە لەبـۆ ئـەو
ئــەو مــایە لەبــۆ تــۆیـە نـیە نـەوعی لە دونـیا
ئـــیسباتی ئــەکــا مــەنتیقی بــێزاری دڵی تـــۆ
لەم دەور و بـــەرە و مــەیلی لەبـۆ هـیممەتی عـولیا
لوقــمانی دڵ و مــەرهەمی داخــی جگــەری دۆست
تــۆزی بـــەری پـێت سـورمەیە بـۆ دیـدەیی بـینا
دەســـتت بـــە مـەسەل داروەە بـۆ زامـی دڵی مـن
بـــەستەی کـەرەمی تـۆیـە دەسـێ بـێنـە بـەسەریا
یـــەك نـیمە نـیگات کـافییە بـۆ نـەشئەیی «نـامی»
یـەك دەفـعە نـە چـەند دەفعە دەسـا دەرخـە «مُـحیّا»

***

«٧»

«یٰــا مُــحَمَّدُ الْــمُصْطَفیٰ جِــئْتَ بِــالصِّدْقِ وَالصَّــفٰا
«صَــــلِّ رَبِّ أَلْــفاً أَلْــفاً عَــلَی النَّــبِیّ الْــمُصْطَفیٰ
وَ عَــــلیٰ آلِــهِ وَ صَــحْبِهِ وَ أَتْــــبٰاعِهِ الشُّـــرَفَا»
خــودا بــڕژێنــه ســەڵەوات بــەدەوام لەسـەر «مـوستەفا»
هــەم لەســـەر ئـال و یـارانـی لەســــەر ئــوممەتی بـاوەفا
ئەی چـرای دڵی مـوسوڵمـان ئەی «ضیای» سینەی بێ جەفا
میعراجی تـۆ بـوو بـەهەشتی کرد بە ماوای سـەیر و سـەفا
سیدرە بوو بە فەرشی بەرپێت عەرشە ئـارامگـای مـوستەفا
ئەتڵەسـە ئـەوجی تـولووعت بـۆ سـەفای قـەلبی «عُـرَفّا»
حوور و «رضوان» هاتنە وەسفت بە نـەسر و نـەزمی «مُـقَفّیٰ»
ئــەڵێن بـا بـڕژێ سـەڵەوات بـۆ سـەر رۆحـی «مـوستەفا»
ئــەی حــەبیبی ســەرفەرازم کـانی عـیلم و عـەقڵ و وەفـا
حیکمەتی لوقـمان لەلای تـۆ وا لەژێر پــەردەی «اِخْــتِفٰا»
نـاوی دوو لێووت شـیرین‌تر لە هــەنگەوێنــی «مُــصَفّیٰ»
نــیگایەکـی تـۆ لە نـاساغ ئــەبێ بــە ئـەسبابی شــیفا
تۆزی ڕێت دەس کەوێ بۆ چاوم نامەوێ سورمەی «مُسْتَشْفیٰ»
خاکی دەرگات لەبۆ دڵسۆزان زیاترە لە «مـەروە» و «سـەفا»
تووتیایە و جەواهیر سـورمە بــــۆ دڵ و چــاوی عــورەفا

پرسیارێکت خەڵاتە … دڵسۆز پێی ئەکا ئیکتیفا

خودا بڕژێنە سەڵەوات … بە خورەم بۆسەر موستەفا

هەرکەسێ ڕۆژی رووت ببینێ … ئەمینە لەکاتی خەوفا

موژدەی ئەداتی فریشتە … «عَفَا اللّٰهُ عَمّا سَلَفَا»

دەس بدا خادمیت بۆ هەرکەس … لە شاهی ئەکا «إِسْتِعْفَا»

مەرحەبایەکت لە حەیران … رەهنومایەکە بە وەفا

پرتەوت لە هەرکەسێدا … «حَسْبُهُ اللّٰهُ وَ كَفىٰ»

هەرکەسێ لە دەورت گەڕێ … حاجییە و وا لە تەوافا

ئەو کەسەی دڵی سەلیمە … هەڵگرە بۆ عەهد و وەفا

بە فەیزی پەیمانی تۆوە … ئەژمێررێ لەنا و سەلەفا

ڕێزەخۆری خوانی فەیزت … ئەولیا و ئەسفیا و عورەفا

حاتەمی تەی لە خوانی جوودت … ڕێزەیەکی برد بە تەرەفا

نەبوە وێنەی تۆ و قەت نابێ … لە سەلەف و لە خەلەفا

ئەوەی لە خەوا بتبینێ … بێ غەمە لە «وَا أَسَفَا»

شاسواری دەشتی مەحشەر … «يٰا سَيِّدَنَا الْمُصْطَفىٰ»

کاتی واوەیلای خەلایق … کە سەرگەردانن لە خەوفا

بە کەرەم روو بکە لە «نامی» … «شٰافِعاً لِمَا اقْتَرَفَا»

بەڵکو بژمێررێ لە تیپی … خادیمانی خاوەن وەفا

***

«٨»

ئـەی کـانی کـەرەم، سـەروەری دیـوانـی مـەحەببەت
ئـەی شـەمسی عـالەم، رەهـبەری کـەیوانـی مـەحەببەت
ئەی نوور و «ضیا»ی ئەرز و هەموو چـەرخـی سـەماوات
ئـەی شـەوق و بـەهای ئـادەم و ئـەدیانی مـەحەببەت
ئـەی تـالیعی بـورجـی شـەرەفی عـیززەت و تـەقوا
ئـەی جـامیعی فـەوجی سـەلەفی بـابی مـەحەببەت
تـۆی مـەرکەزی بـۆ دەور و ئـەتۆی قـوتبی کـەمالات
تۆی شەمسی سەفای حیکمەت و تۆی لوببی مەحەببەت
تـا دەم بـە بـەهای نـاوی ئـەتۆوە بـوو بـەسەریا
ئـەڕژا لەسـەمای فـەیزەوە بـارانـی مـەحەببەت
ئـەو «نـووح»ە کـە رزگـار بـوو لە تۆفانی هـیلاکـەت
هـەر غـایە نـەهەنگێ بـوو لە دەریـایی مـەحەببەت
ئـەو ئـاگـرە وا بـوو بـە گـوڵسـتانی «بـراهـیم»
مـەقسەد لە گـوڵی تـۆ بـوو لە نـاوباغی مـەحەببەت
«یـەعقووب»ی نـەبی سـەبری جـەمیلی لە دڵا بـوو
چـۆن پـڕ بـوو دڵی ئـەو لە گـوڵی بـاغی مـەحەببەت

«ئـەیووب»ی نـەبی دەرد و جـەفای بـرد بـە وەفـای تـۆ
«یۆسف» بە هەوای تـۆ وەری گـرت نـووری مـەحەببەت
«مـووسا» یـەدی بـەیزای لە چـرای تـەلعەتی تۆ بـوو
«عـیسا» بـە سـەفای تـۆ گـەییبە شـۆری مـەحەببەت
پـەی پـەی بـە قـودوومی شـەرەفت مـوژدە ئـەباری
وەك سـەیلی بـەهاری لەسـەمای نـووری مـەحەببەت
«مـووسا» بـوو کـە ئـەیفەرموو نـیشانە و سـیفەتی تۆ
«داوود» بـوو کـە ئـەیخوێندەوە مـەزمووری مـەحەببەت
«عـیسا» بـوو «مُـبَشِّـرْ» بـە عـەلاماتی «مـوحەممەد»
«ئـەحمەد» لەقـەبی فـەخرە لە ئـایاتی مـەحەببەت
«شـەعیا» بـوو ئـەهاتە سـەری ئـایاتی سـەماوی
بـۆ نـەعتی نـەبی و تـاقمی رایـاتی مـەحەببەت
سـیفرێ نـەبوو بـێ دەفـتەری ئـەوسافی مـوحەممەد
عـەسرێ نـەبوو بـێ عـەنبەری ئـینسافی مـەحەببەت
نـوورێ کـە خـودا داویـە بـە سـینە و دڵی پـاکـان
جـیلوەی دڵی تـۆ بـوو بـە فـیووزاتـی مـەحەببەت
«لوقـمان»ی حـەکـیم لوقـمە خـۆری خوانـی کـەماڵت
سـەحبان بـە بـەیان کـەوتە بـەسەرهاتی مـەحەببەت

«حاتەم» بە تەمای خوانی سەخا و بەخششی تۆ بوو
کەوتە کەرەم و نەشری شیعاراتی مەحەببەت
ئەم بەندە کەوا بەندی هەواتە بەدڵی خۆی
بۆ قاپییەکەت هات بە تەمای وەجد و مەحەببەت
یەك قەترە لە بارانی سەمای سەفوەتی تۆ بوو
یەك نم لە هەوای هەوری وەفا و روشد و مەحەببەت
بێتوو بتکێتە دڵی پەژموردەیی زاری
«عَیناً» وەکوو سەرچەشمە ئەدا ئاوی مەحەببەت
عادەت لە کەریمانەوە ئیحسان و عەتایە
ئەی شاهی خەتاپۆش و عەتابەخشی مەحەببەت
با لوتف و عەتات بێت بە تکای عەفوی خەتای من
بۆ «نامی»یەکەی مانیەکەی نەقشی مەحەببەت
رەببی برژێنە لە سەماواتی مەحەببەت
بارانی سەفا بۆ دڵی سوڵتانی مەحەببەت

***

«۹»

رەببی بینێرە سەڵەوات بۆ حەبیبی خۆش لەقای تۆ
ئەحمەدو ئەسعەدو موحەممەد موجتەبایە و موستەفای تۆ

ڕەبــــبی بــینێرە ســەڵەوات    بۆ حەبیبی خۆش لیقای تۆ
ئەوەندە لایق بیٚ بە فەزڵت    تـا ئـەمێنـێتـەوە بەقای تۆ

گیان فیدای عـەرعەری باڵای تۆ    دڵ فیدای سێبەری ئاڵای تۆ
پـادشایە ئـەوەی بێتـە بەر    سـێبـەری باڵی هـومای تۆ

شاد ئەبیٚ ئەو کەسەی ببینیٚ    هـەیئەت و سوورەت و سیمای تۆ
بۆ کەسیٚ بێتەجیٚ حوزورت    تـاجی عـیززەتە لیـقای تۆ

شەونمی فـەیزی تۆ شیفایە    بۆ جـەفاکێشـی وەفـای تۆ
مـــەرهەمی زامــــی دڵانــە    چاوی ئاهوی بیٚ خەتای تۆ

نـیو نـیگای تۆ بـە میهربانی    کــافییە بـۆ مـوبتەلای تـۆ
فەجری تەئریخی تۆ کە دەرکـەوت    شەوقی داوە لەبەر سەفای تۆ

ڕۆژی تابان لە چەرخی بەرزا    بەهرەگر بوو لە «ضیا»ی تۆ
قـودسی‌یانی مـەقامی عـیززەت    «قــابَ قَـوْسَیْنَ» لەلای تۆ

«یٰــا مُـزَّمِلْ» بـۆ خـەڵاتت    «یٰــا مُـدَّثِّرْ» بـۆ کاڵای تۆ
«یٰاسینْ» لەقـەبی تـەشریفت    «طٰاهٰا» بۆ بەدری گۆنـای تۆ

بە هەموو ڕەهـبەرانـی عـالەم    هاتنە جێگـەی ئیقتیدای تۆ
قەت تـەوا و نـابیٚ تـەعریفت    «خُـلُقٍ عَـظیم» سـەنای تۆ

نەرگس و سۆسەن و وەنەوشە مەستی بۆنی بێ هەوای تۆ
سەروی جۆباران ئەلەرزین لە شەرمی شنەی باڵای تۆ

عاشقانی تۆ هەر زیندوون تا ئەبەد لەبەر وەلای تۆ
چەن نیشانەی پێ نیشان داین هاتنی دەوری دونیای تۆ

سوپای ئەبرەهەی خەتابار بوون بەسەرگەردی ئاڵای تۆ
چواردە تاقی قەسری کیسرا کەوت لەبەر بەرقی باڵای تۆ

ئاگری فارس کوژاوە بە سەیلی وەشتی سەفای تۆ
ئاوی ساوە بە عەرزا روو چوو یانێ روو ئەچن ئەعدای تۆ

بت لە بەیتا سەرنگوون بوو بە هەوای با ئیهتیدای تۆ
ساحیبا سەییدا مەولانا بۆ هەموو عالەم مەولای تۆ

ئەم جیهانە چای زوڵماتە گەر نەبێ نووری چرای تۆ
رۆژی تاڵی قەهری باری دێنە لای تۆ ماسیوای تۆ

دێتە سوجدەی عەرزی تەعزیم بۆ تکای ئەهلی پەنای تۆ
چاو هەڵێنە بە لوتف و ئیحسان بۆ برینداری سەودای تۆ

بەڵکو رزگار بین لە مەینەت بە فەیزی نووری سیمای تۆ
رەببی بینێرە سەڵەوات بۆ حەبیبی خۆش لیقای تۆ

ئەحمەدو ئەسعەدو موحەممەد    موجتەبایە و موستەفای تو
هەم لەبۆ ئال و یارانو    رێ رەوی رێی ئیهتیدای تۆ

تا نەسیمی سەحەر لە کۆسار    بێتە سەر سەوزەی چیای تۆ
تا دڵی پاکی یاری دڵدار    «نامی»یە بە سەفای هەوای تۆ

***

«١٠»

## من میوانی تۆم

من میوانی تۆم، من میوانی تۆم
میوانی خوانی خانەدانی تۆم
رێبوارەکەی بێ تۆشە و زادم
چاوەڕێی سفرەی نا و دیوانی تۆم
رێگە گوم کردوی تاریکە شەووم
چاوەڕێی چرای رێگە و بانی تۆم
داماوی سارای سەرگەردانی بووم
جۆیای نیشانەی ئاوەدانی تۆم
کڵۆڵی کەشتی مەوجی گێژاوم
چاوەڕێی دەرکی دەریا بانی تۆم

له عێل بڕاوی بێ کەس و دەستم
چاوەڕێی سەرعێل خاوەن شانی تۆم
دیلم، له بیری تاریکی بیرا
چاوەڕێی چرای شا بورهانی تۆم
سواری ناباری نەفسی سەرکێشم
پەنا به سوارەی خۆش عینانی تۆم
هەتیوی بێ شێو سەرناوەی چەرخم
هانا به دەرگای پڕ ئیحسانی تۆم
له سارای چۆڵا باوە باوەمە
چاوەڕێی بانگی نا و باوانی تۆم
له وشکە ساڵی سەرما و سوڵەدا
چا و له بارانی بەهارانی تۆم
بە زەمهەریری دووریت سڕ بووم
چاوەڕێی تاوی گەرمیانی تۆم
مایە سوتاوی بازاڕی زەوقم
چا و له مۆڵەتی سەرکارانی تۆم
قەسەم بە تاوی ڕۆژی ڕوخسارت
سینە سوتاو و دڵ بوریانی تۆم

لەم جـــەژنا هــاتم بــۆ فــیداکــاری
قـۆچـی قـوربانی دەرگـا و بـانی تـۆم
هەرچەن شایستەی قـوربانی تـۆ نـیم
نـەزری پڕ عـەیبی مـوخلیسانی تـۆم
گەدام، خـۆ گـەدای دەربـاری شـاهم
فەڕاشی فـەرشی شـا هـەیوانـی تـۆم
ئـەگـەر شـایاوی حـوزوری شـا نـیم
بـەندەی وامـەندەی دەرگـاوانـی تـۆم
لە گشت وڵاتـێ بــەندەی تــۆ زۆرن
منیش بەندەکەی «کوردستانی» تـۆم
من بـە قـوربانی قـوبەی سـەوزی تـۆ
عــاشق جـــەماڵی زۆر جـوانـی تـۆم
بـــە هـــیوای قــەبوڵ ئــەپاڕێمــەوە
دامـاوی سـایەی شـا سـەیوانـی تـۆم
تەوحید و تەوسیف تـەنزیە بـاوەڕمـە
پەیوەندی یـاسای را و فـەرمانی تـۆم
لە مـــــوحکەماتا دڵم مـــوحکەمە
بۆ موجمەل بەندی ڕێی بـەیانی تـۆم

لە بـــۆ تـــەشابوە دەروونـــم پـانە
دەم بــە تـاوێلـی رێی عـیرفانی تـۆم
تـۆ شـا رەهـبەری و قـورئان یـاسامە
کــەعبەیە قـیبلەی نـوێژەکـانی خـۆم
ئـــال و یـــارانت کـــانی شـــەرەفن
خـاوەن مـیزانـن بـە ویـجدانـی خـۆم
تـــابیعین یـــانێ پـــەیرەوانـــی تـــۆ
دەریـای حـیکمەتن بـە ئـیمانی خـۆم
پـــێشـــەواکـــانمان لە رێگـــەی دیـــنا
هەموو مـەئجورن بـە عـیرفانی خـۆم
پـایەی ئـەولیا رائـەگـرم بـە حـەق
بۆ ئـێسـلام و دیـن بـە مـیزانـی خـۆم
مـوسوڵمـانەکـان بـە یـاسای یـاران
نـوسیومن وەکـوو بـرایـانی خـۆم
هـــەوا پـــەرستان لە خـودا دوورن
نایانکەم بە یـار بـۆ رێ و بـانی خـۆم
بــە زانســتی خـۆم لەگــەڵ زانـایان
دێمــە هـاتوچۆ لە مــەیدانـی خـۆم

ڕێگەی خۆم ئەگرم، بەڵام موعتەدیل
تـا سـود وەر بگـرم لە ژیـانی خـۆم
هـیوام ئـەستورە بـە لوتـفی خـودا
نەك بە کـردەوەی پـڕ نـوقسانی خـۆم
تـۆیش تکـاکـاری بـۆ تـاوان بـاران
ڕێگـەی رزگـاریت بـۆ تـاوانـی خـۆم
«نـامی» نـاوی خـۆی لێرەدا نـوسی
ئەم «رَوْضَه»م دانا بـۆ بـاوانـی خـۆم

***

## «١١»

## شیرین گوڵەکەم

شیرین گوڵەکـەم، شـیرین گـوڵەکـەم
گــوڵێ بـۆن ئـەدا بــەنا و دڵەکــەم
گـوڵی بـەهەشتە هـاتووە بۆ دونـیا
لە عــەرزا نـیە وێنـەی گـوڵەکـەم
بــۆ مـاوەی ژیـنم لە روی جـهانا
بـۆ ئـەو دونـیایشم باشە گـوڵەکـەم

لە هەر شوێنی بم سارا بێ یا کێو
عەتری خۆی ئەدا لە مەنزڵەکەم
ئەگەر موشکڵێ ڕێگام پێ بگرێ
ئەبێ بە کلیل بۆ موشکڵەکەم
داری ئەو گوڵە وا لە بەهەشتا
نە داری یاسە و نە سونبوڵەکەم
هەرچەن لە خاکا پەڕ و پۆی دەرچوو
لە ڕۆحی پاکە ریشەی گوڵەکەم
بە ئاوی حەیات نەشوو نمای کرد
بە وێنەی سیدرەی هەزار چڵەکەم
مەپرسە لە ڕەنگ، لەتیف بێ ڕەنگە
بەڵ لەتیفترە پەڕەی گوڵەکەم
ڕەنگی بەنەوشی سەوز و نێرگسین
بێ نرخن لەلای شێوەی گوڵەکەم
مەپرسە عەتری، بۆ دەماخی دڵ
ئەگاتە فەلەك عەتری گوڵەکەم
نە عەتری ماهور، نە نافی ئاهو
نە شەوبۆی شاهۆ، ناگاتە گوڵەکەم

ئـــەپرسی نـــاو و نـیشانی بــەرزی
نـــوسیومە لەنـــا و پـــەڕەی دڵەکـــەم
نـــاوی رەهـــبـەری بـــۆ دانـــراوە
ئەو کاتە پشکوت غونچەی گوڵەکـەم
یـانێ رەهـبەرە و فـورستادەی حـەق
ســـپا ســـالارە ســـەر قـافڵەکـــەم
تـــوڕەی تـۆمـاری پـــەیغەمبەرانـــە
قـــازی دادگـــای شـــا عـــادڵەکـــەم
نووری وەهـاجە بۆ نـامەی ئـەعماڵ
مـــایەی رەواجـــە بـــۆ حـــاسڵەکـــەم
نوور ئەدا بە رۆژ بە ئەستێرە و مانگ
بە ئەعلا و ئـەسفەل تـا بـە گۆڵەکـەم
رۆحی جیلوەگای تەجەلای حەق بوو
بەر لە ئـادەم بـوو عـەتری گوڵەکـەم
رەبی را بگـری دوو شت بـۆ «نـامی»
یـەکـەم گـوڵەکـەم، دووهـەم دڵەکـەم

***

«١٢»

## ئەسحاب و ئالی حەزرەتﷺ

«وَ صَلَّی اللّٰه عَلیٰ نورٍ» بە دینی و بە ئیمانی
بە خەیری و بە ئیحسانی، بە عیلمی و بە عیرفانی
ببارێنە خوا رەحمەت لە هەوری فەیزی رەببانی
لەسەر رۆحی رەسول الله و جەمیعی ئال و یارانی
چ ئەسحابێ، ئەوانەی هەوری بارانی کەرامەت بوون
چ ئالێ، ئالی شاهی واکە عیززەت بوون بۆ ئەرکانی
هەموو نەفسی موقەددەس مەزهەری نووری خوای ئەقدەس
خەلاتی خوا ئەهات بۆیان بە ئیحسان و بە ریزوانی
بنازم بەو سەفا خوا دای بە قەلبی ئال و یارانی
کە عەینەن بوون بە میسباحی تەجەلای نووری ئیحسانی
وەرە بڕوانە «کُنْتُمْ خَیْرَ أُمَّةٍ» و نووری «سِیمٰاهُمْ»
ئەبینی چەن هەزار ئەسراری نوور و فەیزی رەحمانی
تەوەککولیان و ئیمان و سەروەر و عاجزی دڵیان
«عَلَی اللهِ و بِاللهِ و لِلّٰهِ» بوو عینوانی
هەموو یەك قەلب و یەك قاڵب لەبۆ ریزوانی حەق تالب
بە دایم راغب و راهب لە جیلوەی قەهری سوبحانی

بــه دیــن و دینی روخســاری له باری نــوور لەوان بــاری
چ بــەحرانــی، چ بــەرِڕانــی، چ عــەدنانی، چ عــیبرانــی
بــەڵێ بــارانــی بــارانــه بــه دایـم قـەتره بـارانـه
نــەوەك تـاوی بـەهارانـه دەمـێ بـێت و دەمـێ فـانی
هەموو مەستی دوو چاوی نێرگسی شەهلای موحەممەد بوون
دەبـا ئـینشا بکـا «حـەسان» له زەوقـا شـیعری سـەحبانی
هەموو جیلوه ئەدا جەوهەر ئـەگـەر بـاتین، ئـەگـەر زاهـیر
ئـەگـەر «سَــلْمَانُ مِــنِّي» رەونـەقه بـۆ قـەلبی سـەلمانی
ئـەگـەر دونـیا بـلورین بـێ بـه مـانگ و رۆژ نـوورین بـێ
بــه رۆژا عــەینی وەك رۆژه بــه شـەودا مـانگی نـوورانـی
سەفای سیمای ئەوان و نـووری سـافی «سَـيِّدِ الكَـوْنَيْنِ»
به ئەسڵ و عەکسی وا بوو بوون به نووری سافی رۆحانی
له رووی حەزرەت به نیسبەت بۆ شوعاعی نووری سیمایان
نــجومن ســاحیبی نـوورن لەبـۆ دەیـجوری نــەفسانی
کـەسێ خـاکـی دەری ئـیکسیری ئـەعزەم بـێ له تـەئسیرا
عەجەب نـاکـەم بـه زەربـێ گـەر بـماڵی کـەوشی دەربـانی
لەپاش نەعت و رەزای غەففار له ئەهلی هجرەت و ئەنسار
چــیه قــیمەت لەبـۆ گـوفتار له کـوێـیـه قـەدر و مـیزانـی؟

***

«١٣»

# جا داوای تکایە

ئـەی سـەردارەکـەی عـەجەم و عـەرەب
ئـەی سـەرچاوەکـەی ئـەخلاق و ئـەدەب
وەك تکـــا ئـــەکـــەی لە عـــەرەساتا
مـــوحتاجی تکـــاین لەم کـــارەساتا
وان لە تـــەنگاوا هـــەموو ئـــوممەتت
بـــا بـــێنـــە سایەی ئـاڵای هـیممەتت
عـــیلم و عـــەمەڵ و ئـــیمان و ئـــەمان
وان لەبـــەر بـــەڵای رەشـــەبای زەمـــان
ئـەگـەرچـی مـەست و دوور لە سـەوابین
ئـــوممەتی شـــەفیع رۆژی حـــیسابین
هـــەرچـــەندە فـــیتنەی ئـــاخر زەمـــانە
بـــەڵام قـــاپی تـــۆ قـــاپی ئـــەمانە
تکـــاکـــارەکـــەی رۆژەکـــەی نـــەهات
بـــەڵکـــو هـاواری ئـوممەت بـێتـە لات
رۆڵە ئـــەگـــەرچـــی نـامەرد و «عـاق»ە
هـــەر رۆڵەی بـــاوکی خـــاوەن ئـەخلاقە

پـــەنامان بـــدە ئـــەی خـــاوەن پـــەنا
بـــا بـــەردەوام بـــێ ئـــاوازەی ســـەنا
خـــەلایق ســـەرجـــەم وان لە مـــاتەمدا
چ لە عـــــەرەبدا چ لە عـــــەجەمدا
لەبـــەر بـــاری دڵ بـــە تـــاوانـــباری
ئـــەپاڕێمـــەوە بـــە شـــەرمەساری
تـــۆ بـــیت و بـــەهرەی خـــودا دادەکـــەت
تـــۆ قـــەدری دیـــنی پـــڕ ئـــیرشـادەکـــەت
تـــۆ نـــووری قـــورئان لە سینەی خـــۆتـا
تـــو نـــووری رەحـــمەت لە رەنگ و بـــۆتـا
تـــۆ ئـــەهلی بـــەیتی بـــەرزی نـــەبەوی
خـــاوەن مـــەقام و روتـــبەی مـــەعنەوی
تـــۆ مـــــەحەبیەتی ئـــالی کـــیرامت
ئـــالی شـــەریفی خـــاوەن مـــەقامت
تـــۆ مـــەحەبیەتی ئـــەولادی رەســـوول
بـــە تـــایبەت «زەهـــرا، فـــاتیمە»ی بـــەتوول
تـــۆ مـــەحەبیەتی نـــەسڵی نـــەبەوی
خـــاوەن کـــەرامـــە و فـــەیزی مـــەعنەوی

ئـەمجا تـۆ سـیرڕی دەروونـی «سـدديق»
کـە بـوو بـە کـانی بـۆ نـووری تـەوفيق
ئـــەمجار بـــە دادی خـادیمت «عــومەر»
عــومری فـیدا کـرد بـۆ شــەرعی ئـەنوەر
تۆ نووری «عـوسمان» چـرای «ذیالنُّـورَین»
دوو جــار بـەهەشتی کـڕیـوە بـە عـەین
تـــۆ عـیلمی «عـەلی» حـەیدەری کـەڕڕار
شـێری مـــەیدانـــی جـیهادی کـوففار
تۆ «حەمزە» و «عەباس» خاوەن نووری عەین
تـو پـایەی «حـەسەن» ئـەمجارە «حـوسەین»
تۆ بی و دەست و پێی «جـەعفەر»ی تـەییار
لە «مــووتە»دا چــوون بـە دەسـتی کـوففار
تـــۆ «مــوحەممەد»ی حــەنەفی دوڕ نــاس
تـو «حـیبر»ی مـەشهوور بـە «ابـن عـبّاس»
تـــــۆ ئـــــەمانەتی «ئـــەبو عـــوبەیدە»
بـــۆ خـــودای عــالەم بـەڕاسـتی بـەندە
تـــۆ «عــبدالرّحــمن» لە نــەتەوەی عــەوف
لە ڕێی خـــودادا مـــاڵی دا بـــێ خـەوف

تۆ «سەعد» و «سەعید» شێرانی ئافاق
خاوەن ئیمان و ئیحسان و ئەخلاق
تۆ خدمەتکاری «تەلحە»ی خاوەن خێر
بۆ فیداکاری حەواریت «زوبەیر»
تۆ «سەلمان»ی پاك «سَلْمَانُ مِنّا»
خاوەن کەرامەت دڵ وێنەی مینا
لەبەر «خالید»ی «سَیفُ الله»ی مەسلوول
خاوەن کەرامە و دەرەجەی قبوول
بە خوێنی پاکی ماباقی یاران
کە بوو بە ئاوی باخی دینداران
بە ئەهلی «بەدر»ی بە قەدر و شەرەف
کە بەوان دوژمن دەرچوون بە تەلەف
بە ئەهلی «ئوحود»، بە ئەهلی «ئەحزاب»
بە گەلی «خەیبەر» ئەرِبابی سەواب
بە گەلی بەرزی «بَیعة الرّضوان»
دەسیان نایە دەس رەهبەری زەمان
کە دەستی خۆتت نایە دەستی خۆت
ئەم واتە بەرزەیش سادر بوو لە بۆت:

ئـەم دەسـتە لە جـێی دەسـتی عـوسمانە
ئــەم دەسـتە دەسـتی عـەهد و پـەیمانە
بـە ئـەهلی فـەتحی مـەککـەی موبارەك
بــە ئــەهلی حـونەین خـاوەن تـەدارەك
بــە خــوێنــی پــاکـی مـاباقی یـاران
کــە بــوو بــە ئـاوی بـاخی دیـنداران
بــە وەفــا و سـەفای زومـرەی تـابیعین
«رَضِيَ اللّـــــهُ عَـــنْهُمْ أَجْمَـــعِينَ»
بــە خــامە و نــامەی ئـەهلی ئـیجتیهاد
خــامەیان وێنــەی شــمشێری جــیهاد
بــە سـەفای سـینەی ئـەولیای عـالەم
بــە عــولەمای دیــن عـالم و ئـەعلەم
بــە سـالیکانی ڕێگــەی سـەعادەت
بــە مــالیکانی خــاوەن عــیبادەت
بــە هــەر بــەندەیە بــە دڵ زیـندووە
لە ڕێگــەی دیــنا بــە حــەق مـردووە
لا بکــەرەوە بــە دۆعــای رەحــمەت
لەبــۆ رزگــاری مـەجمووعی ئـوممەت

کـــوێرە فـــیتنەکـــان بـــاش دەرکـــەوتووە
نـــیسبەتی تـــووفان چـــاك ســـەرکەوتووە
بـــۆ ئـــەهلی ئـــیسلام لە بـــەنی ئـــادەم
فـــــیتنەی ئـــیفسادە هـــاتووەتە عـــالەم
تـــەنیا ڕەحـــمەتی خـــودایـــە چـــاری
لەســـەر تکـــای تـــۆ چـــونکە نـــازداری
لەمـــە زیـــاتر بـــا ســـەددی نـــەشکێ
رجـــایە ســـوپای مـــوسیبەت بشکـــێ
هـــەر تـــۆی پـــەنامان «یَـــا خَـــیْرَ الْأَنَـــامْ»
بـــڕژێ بـــەسەرتا ســـەلات و ســـەلام
جـــا بـــە قـــوربانی پـــایەی بـــەرزت بـــم
فـــیدای پـــیرۆزی رووی ســـەر عـــەرزت بـــم
پـــاسەوانـــەکـــەی بـــەر دەرگـــاکـــەی تـــۆم
ســـەد جـــار دەرمکـــەی نـــاتوانـــم بـــڕۆم
بـــە تـــایبەتی خـــۆم زیـــاد لە هـــەموو کـــەس
بـــە دڵ دامـــاوم بـــۆ فـــەیزی ئـــەقدەس
بـــەڵکـــو بـــڕوانـــی بـــۆ حـــاڵی «نـــامی»
تـــا بـــژی و بـــمرێ لەگـــەڵ ئـــیسلامی

تـا پـاك بـێتـەوە لە تـۆزی خـامی
وەر بگـرێ نـامەی حـوسنی خـیتامی
ئـەم دەفـتەریشە کـە دامـناوە بـۆت
لێم قـوبووڵ بکـەی بـە ئـیحسانی خۆت
سـەراسـەر هـەموو سـەنای رەهـبەرە
بـاسی سـیفاتی زاتـی ئـەنوەرە
بـاسی هـەرکەس بـێ هـەر لەبـۆ تـۆیـە
تـۆی دەسـتە گـوڵی مـاسیوا بـۆیـە:
کـوردان تـێ نـاگـەن ئـەسراری «بـوردی»
بـۆیـە دەسـم بـرد بـۆ سـەنای کـوردی
لەبـۆ رەهـبەرە سـروودی فـەردم
ئـەیکەم بـە مـایەی دەرمـانی دەردم
مـلیارێ دەفـتەر وەسـف و سـەنای تـۆ
نـاگـاتە سـەنای ئـاڵای بـاڵای تـۆ
دیـاری بـە گـوێرەی دیـاری هـاوەرە
قـەی نـاکـا سـەروەر نـووری ئـەنوەرە
سـەلات و سـەلام بـە قـەد عیلمی حەق
بـێتە خـوارەوە تـەبەق بـە تـەبەق

وەکــــوو بــــارانــــی کــــاتی بــــەهاری
دانــــە دانــــەی ســـاف وێنــەی مــرواری
بــــبارێ بــــەسەر «رَوْضَـــــە»ی خــــاکـتا
بــــبارێ بـــــەسەر رۆحـــــی پــــاکـــتا
لەســــــەر یــــاران و ئــــال و پـــــەیڕەوان
بـــە دەوامــــی رۆژ، بـــە تـــوولی شـــەوان
جــا «نــامی» ئــەڵێ: بــە حــەیا و تــەمکین
«وَالْحَـــــــمْدُ لِلّـــــــه رَبِّ الْـــــعالَمِين»

***

«١٤»

## النُّور ... السِّراج

ئەی نووری موبین، «سِراج»ی «وَهّاج»
ئـەی چـرای شـەوی ئـەسرا و مـیعراج
لە «مەککە» تـا قـودس بـەسەر بـوڕاقـا
تا دەرچووی بەسەر «سَــبعُ الطِّــباق»ا
ئەمجا رەفرەف بۆ مەسعەدی عورووج
«لِمــــا لَم یَکُـــن فَــوقَهُ الخُـــروجُ»

موناجاتت کرد بە نەجوای شەخسی
لەبەر بارەگای بێ هەمتای قودسی
تا گەڕایتەوە لەگەڵ دەرەجات
بە پێنج فەرزەوە بە چەن موناجات
زاتێ کە نووری چرای عالەم بێ
تاجی شەرەفی بەنی ئادەم بێ
«سِراج»ی «مُنیر» عالەم ئارا بێ
رۆحی کارەبای نا و بارەگا بێ
ناکوژێتەوە هەتا هەتایە
نووری موحەممەد چرای دونیایە

***

«١٥»

بڕێژە رەحمەت خوا هەتا قیامەت لەسەر
سەر دەفتەری ئەنبیا و رەهبەری جیینن و بەشەر
ئەوکانی حیلم و وەفا، کاتێ بە نوور و سەفا
دەرچوو لە پەردەی خەفا، رووناکی کرد دەشت و دەر

بیستەمی نەیسانی زوو، بەهاری خۆش ڕەنگ و ڕوو
غونچە بە لێو خەندە بوو لەبەر نەسیمی سەحەر
مانگی ڕەبیعی یەك بوو لە ڕۆژی دوانزەهەمی
دوو شەممە بوو سوبح دەم هەتا و لە کەل هاتە دەر
بە سوورەتی دڵبەری، نازاری بێ سێبەری
بە شەوقی ڕووی ئەنوەری «کَالشَّمسِ لا کَالقَمَرِ»
ڕوون بوو زەوی تا سەما تۆز و تەمی تیا نەما
خەم جێی نەما لەو دەما لەم عالەمە کەوتە دەر
کەوتە تەبەسسوم هەموو لێوی جیهان زوو بە زوو
لە عەرزەوە موژدە چوو لەبۆ فریشتە لەسەر
بە مەقدەمی «مُصْطَفیٰ» نەما نمونەی جەفا
حیجاز و مەککە و سەفا پڕ بوو لە خێر و لە فەڕ
حەق کەوتە جیلوە و سەنا، باتڵ بەرە و لای فەنا
نوور دای لە پێچ و پەنا، تاریکی ڕۆیشتە دەر

**عبدالکریم محمد المدرس**

***

## نەقیب

سەیید ئەحمەدی نەقیب کوڕی شێخ مەحموودی شێخ مارفی شێخ حەسەنی «گڵە زەردە»یە و نازناوی «نەقیب»ە. ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە، لە ساڵی ١٣٢٨دا چووە بۆ حەج و لەوێدا تووشی نەخۆشی بووە و کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی پیرۆزی «بەقیع» لە شاری مەدینە نێژراوە. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە هۆنراوەکانی:

«وَ صَلَّى اللّٰه عَلىٰ» زاتێ کە قورئانی سەنا خوانە
لە جوملەی موعجیزاتی ئەو وەلێ ئایاتی سوبحانە
شەهەنشاهی سەریری «لِي مَعَ اللّٰه» واسیتەی ئیمکان
رەسوولی ئینس و جانە، ئونسی جانە، بەحری ئیحسانە
بە بەردی چۆن بکەم تەشبیە کە نووری مەهلە خۆر دەسکەوت
فەقەت «فَخرُ الرُّسُل» فەیزی لە نووری حەیی مەننانە
سوەومی قەهری ماڵ وێران کونەندەی میللەتی کوفرە
نەسیمی میهری زینەت بەخشی گوڵزاری موسوڵمانە
بە نووری رۆژی روخساری شەوی کوفری جەهل گوم بوو
شەهی تەختی «لَعَمْرُكَ» مەسنەد ئارای موڵکی عیرفانە

شەوی میعراجی وەك سوبحی هیدایەت پاك نوورانی
شەویٚ بوو تا قیامەت سەد هەزاران رۆژی قوربانە
لە حوجرەی «امّ هانی»دا خەوی لیٚ کەوتبوو جبریل
بە تەعجیل هات و فەرمووی مەرحەبا بۆ فەخری ئەکوانە
بوراقی بەرق رەفتاری کە بۆ هیٚنا سواری بوو
گەیشتە «مَسجِدُ الاَقصیٰ» ئەوەندەی تەحقیق قورئانە
کە تەشریفی دەچوو بۆ ئاسمان موژدەی دەدا جبریل
لە دەوری شەمعی روخساری مەلائیك بوونە پەروانە
هەتا حەزکا خودا بۆ مەقدەمی جەننەت دەرازیٚنیٚت
ئەوەندەی بیٚ بە دڵدا داری «طوبا» هاتە لەرزانە
لەسەر بەحسی «أو أدنیٰ»دا بڵیٚ چی، بەندەیی «ادنیٰ»
گەیشتە لامەکان و هاتەوە جیٚی خۆی هەر ئەو ئانە
هەزار ئەوەندە هەزار ئەسرار و ئاساری کرانە عیلم
لە پەنجا نویٚژەوە بۆی سەر ئەم پیٚنج فەرزانە

***

## لە هۆنراوەکانی مامۆستا «مصطفی صافی»

ئەی سەییدی سەرداری من، ئەی مەحرەمی ئەسراری من
ئەی ئەحمەدی موختاری من سەڵوات لەسەر تۆ یاری من

دەمێکە هیجر و ماتەمە تاکەی بمێنم، لەو غەمە
هەروەکوو چاوان کۆرەمە، با بەس بێ ئینتزاری من
لە فەیزی ئەو خودایە بەس ناگاتە جێی ئەو شایە کەس
لە عالەمی جودایە بەس، «لُؤ لؤ»ی جەوهەرداری من
نووری بناغەی عالەمە، بۆ ئەنبیایان خاتەمە
ئادەم لەبەر ئەو ئادەمە، مەحفوز بکەی نازداری من
نووریٚ لە ئادەم پشت بە پشت هەتا بە «عبدالله» گەیشت
هەم ئامینەی حۆری سروشت مەحفوز ببێ سەرداری من
کە هاتە رووی دونیا و وڵات، عالەمی دا لە شەڕ نەجات
پڕ نووری کرد هەر چوار جیهات ئەو سەییدی نازداری من
ئەو جار مەلائیکەی خودا شەقیان کرد سینەی «بِالهُدیٰ»
بەشی شەیتانیان کرد جودا کردیانە گوڵ گوڵزاری من
ئەوجا کرا بە پێغەمبەر، چەند موعجیزاتی خستە دەر
بەیانی کرد بەبێ خەتەر، قورئانی گەوهەرداری من
ئەوجا بە ئەمری موستەعان، هیجرەتی کرد بە عیزز و شان
بۆلای مەدینە بوون روان، لەگەڵ رەفێقی غاری من
حەمزە و ئەبووبەکری سیددیق، فارووق و عوسمانی حەقیق
بە موئمینی دەبوون رەفێق، لەگەڵ شێری شکاری من

کـافر و شـەیتانی لەعـین، هـاتن لە دوایـان چین بـە چـین
هـەتا لەو غـارەی دابـەزین، ئـەو غـارەی پـڕ ئـەنواری مـن
کە دیتیان تەونی عەنکەبووت، کۆتر لە هێلانـە بـە جـووت
گەڕانەوە بێ فـایدە و سـوود، نـەیان ئـەدی سـەرداری مـن
ئەهات سوراقە زۆر بە تاو، سـەری کـوتا سـەر هـەرد و لاو
دیتی وەکوو قاڕوون بە چا و ڕەحـمی نـەکـرد بـەیاری مـن
نەما ڕەسولی مـوستەفا، گـوێی خـۆی نـەدا جـەور و جـەفا
دۆعـای دەکـرد سـاحێب وەفـا، غـاڵب نـەبێ قـەهاری مـن

***

## لە هۆنراوەکانی مەحموودی زەند سەلیمی دانیشتووی شاری سنە

«١»

«صـــلاةُ اللّـه سـلامُ اللّـه عـلیٰ روحِ رسـولِ اللّـه
صَـــلاةُ اللّـه سـلامُ اللّـه عـلیٰ روحِ حَـبیبِ للّـه»
ئەی سەفیری بارەگای ئەقدەس، ئومێدی بێ یاوەر و بێ کەس
گەردی پـێڵاوت بـە لێو مـاڵم، حـەبیبی فـەردی فـەریاد ڕەس

کیسرا شەق بوو کە تۆ هاتی، ساوە وشك بوو لەبەر زاتی
شەقی کرد مانگ بە ئیشارەی، لەبەر ئینکاری ئایاتی
ڕۆڵەی نەسرەوی ئامینە، دایك نەیدیوە لەو وێنە
فیدای بڕیار و قەوڵی بم چەنێ جوانە و چ خاوێنە
بۆ ڕەجا و فرمێسکی چاوانی، قەسری قەیسەر لە تاوانی
عومەر نەترس و ترسێنەر هاتە نێو کۆڕی یارانی
فیدای خاڵ و موهری سەرشانت، فیدای ئەرك وکۆشك و دیوانت
تەناوە تار لەبەر کاخت، مەحفوز بی لە ڕەقیبانت
فیدای عەتری عەریقت بم، فیدای بەردی نوتیقت بم
فیدای پەیغامی بێ وێنەی ڕەزای حەق لە سدیقت بم
فیدای خۆت و ڕەفێقت بم، فیدای یاری سدیقت بم
فیدای پاشنەی بێ پێڵاوی ئەفعی گەستوی عەتیقت بم
فیدای پەنجەی تیر ثابت بم، فیدای نوتقی نایابت بم
فیدای عەدڵ و عەداڵەتی عومەری بنی خەتابت بم
فیدای سیرڕی نەهانت بم، فیدای ئەسراری قورئانت بم
فیدای حیلم و حەیا و شەرمی عوسمانی بنی عەفانت بم
فیدای هەور و چەتری سەرت، فیدای جیسمی بێ سێبەرت
فیدای نەعرەی بورج روخێنی عەلی لەقەب بە حەیدەرت

فیدای عەدڵ و فیدای دادت، فیدای عیلمی بێ ئوستادت
فیدای سەرداری سەرداران، حەسەن و حوسەینی ئەولادت
فیدای شاهی جینن و ناست بم، فیدای ماڵی بێ میراست بم
فیدای هەڵمەتی مەردانەی ئەمیر حەمزە و عەباست بم
فیدای ئاڵای بێ رەقیبت بم، مەمهور بە «فَتح القَریب»ت بم
فیدای وەیسی قەمیس پوش و فیدای سەلمانی غەریبت بم
بیلال ئازاد بوو بە ئەنعامت، قەیسەر لەرزی لەبەر سامت
گیان و موڵك و ماڵ و ئەولادم فیدای زیکری بێ ئەنجامت
گەرچی هاوناوی «مەحمود»م، خەتابار و مەست و مەردودم
لە دیوانی موحەممەد دا تاوان بارە تار و پودم
فەخر و تاجی رەسولانی، ئەنیسی چاهی کەنعانی
سەلام و ئەوراد و تەحیاتم لەسەر ریزی شەهیدانی
هەتا گردی گەردونەی گەردون وچانی لەسەر بڕیا بێ
سەڵوات و سەلامی ئەم خێڵە لەسەر رۆحی موستەفا بێ

***

«۲»

«یا نَبی سَلامٌ عَلَیكَ، یا حَبیب سَلامٌ عَلَیكَ»
لەسەر خۆت و یارانت «سَلامُ اللّٰهِ عَلَیكَ»

شا سواری دەشتی حیجاز، سەفیری لامەکان پەرواز
مەرهەمی زامی مەعاسی، سالاری ساحیب ئیعجاز
سەلام لەسەر یارانت، لە کۆڕی شەهیدانت
سالار سەرداری عالەم، فەخری بۆ ڕێ ڕەوانت
قەسەم بەو خار و خوێنە، بەو شەو و شار و شوێنە
نەوەی خەلیل و خاتون، فەخری لەبۆ ئامینە
سەلام لە خۆتو یارت، لە تەیر و تار و غارت
لە ئیخلاسی سددیقی دافیعی ژاری مارت
سەلام لەو تەیر و تارە، حاجیبی ئەو دوو یارە
ئیعجازە بۆیە ماو، ڕووداوی ئەو مەغارە
سەلام لەسەر «سددیق»ت، هەم یاوەر و ڕەفیقت
سەفیری پادشاهیت، شارەزای ڕێ و تەریقت
سەلام لە ڕۆحی پاکت، لە ئەسحاب و ئەحبابت
لە فاتیحی موڵکی ڕۆم، «عومەری بنی خەتاب»ت
فەخر ئەکەم بە قورئانت، بە خاڵ و موهری شانت
بەوەزنی عەرشی ڕەحمان سەلام لەسەر «عوسمان»ت
ئیعجازە سایەی سەرت، بە فاتیحی خەیبەرت
سەلام لە نووری عەینەین، هەم لە شاهی «حەیدەر»ت

فەخر ئەکەم بە ئیخلاست، بە شاهی جینن و ناست
سەلام لەڕۆحی پاکی، ئەمیر «حەمزە» و «عەباس»ت
سەلام لە هاوڕێیانت ئەحباب و ڕێڕەوانت
لە یاوەرانی شەعب و دەستەی موهاجیرانت
فەخرە بۆ ڕێڕەوانت، رەوڵەی «دار الامان»ت
بە بەرزی ئەوجی ئەفلاك، سەلام لەسەر «سەلمان»ت
«مەحمود» حەمدی خودا کە، خەڵوەت کە خۆت فیدا کە
باری سەفەر بپێچە، ئەژنۆی حەسرەت رەها کە
هەوری رەحمەت بخرۆشێ، دریای ئیحسان بجوشێ
بیکا بە تاوە تەرزە، رەوڵەی رەسول داپۆشێ

***

«٣»

یا رسولَ الله لە ڕێتا رۆح و گیان ئیسار ئەکەم
بۆیە لەوحی دڵ مەکان و مەسنەدی ئەبڕار ئەکەم
عاشقانت دەس بە دەس دێن بۆ تەوافی «روضە»کەت
من بە فەوجی حاجیانت فەخر و ئیفتیخار ئەکەم

پـەڕتـەوی ئـەنواری فـەیزت بـەحر و بـەڕڕی گـرتە بـەر
شافیعی عەرسەی نەجات ئەی پێشەوا و غـەمخوارەکـەم
پـەڕتــەوی شــەمعی جــەماڵت روو بکــە لەم سـێبـەرە
با لە جێی کەف قەلبی خوێنین ئـەنجن و سـەد پـارەکـەم
ئەی هومای ئەوجی شەرەف گەر تۆ بخەی سایەم لەسەر
دەفـعی ئـیبلیس و ئـەیادی دوژمـنی غـەددار ئـەکـەم
خـــادیمی خـــادیمانی تـــۆ رێی نـــەجاتە نـــاجیا
پشت لە پـاشایی و شکـۆە و شـەوکەتی ئـەغیار ئـەکـەم
مـەحفەل و بـەزمی ئـەم کـەونە بێ مـەزە و تـام و بـوە
روو لە ئـیحسانی حـەبیبی «واحِـدُ الْـقَهّار» ئـەکـەم
خـەڵوەتـی شـاهان و بـەزمی خـەسرەوان بـێ رەونـەقن
سـەیری ئـەسراو و سـواری سـەییدی سـالار ئـەکـەم
سـەبتە تـاوانـم لە تـۆمـار دڵ تـەزێنـە جـورمەکـەم
مـــەر لە قـاپی مـوستەفادا چـاری ئـەم نـاچارەکـەم
دەشتی روخسار بوو بە لێڵا و قـەڵوەزان هـاتن بـە جـۆش
بیر لە قرچە و جـۆشـی قـەلبی یـاوەری نێو غـار ئـەکـەم
هـێزی دوژمـن هـاتە مـەیدان بۆ قـەڵاچـۆی دینـەکـەم
کوا بـۆ نـەعرەی دڵ تـەزێنـی «عـومەر»ی سـەردارەکـەم

بۆ نموونەی غیرەت و حیلم و حەیا و عیلم و عەمەڵ
یادی «عوسمان»ی عەفان و «حەیدەر»ی کەڕار ئەکەم
وەرزی ئاکام هاتە پێشۆ کۆڵەکەم بێ تۆشەیە
وا لە تاوی «رَبِّ نَجِّنِي مِنْ عَذٰابِ النّٰار» ئەکەم
مەدحی تۆ ویردی دڵی «مەحمود»ە «یا خَیْرَ الْبَشَر»
وەسفی باڵای نەو نەمامت ویردی قەلب و زارەکەم
کەی حەدم هەس من بڵێم مەدداحی شاهی ئەحمەدم
گێل و کاسانی شەرابی عیشق تۆ بێدار ئەکەم
سەیلی سەڵوات و سەلام دەشتی حیجاز بگرێتە بەر
پێشکەشی رۆحی رەوانی سەییدی ئەبرار ئەکەم
سنە: مەحموود زەند سەلیمی

***

## ئەم پارچە شیعرەم لە کتێبی «شادی دڵان» وەرگرتووە مانگی مەولوودت...

مانگی مەولوودت گوڵزاری ژینە

هیوا و ئاواتی پیاوی بەدینە

خۆشیم نەدیوە هەرگیز بەم وێنە
ئاسمانی ژینم پاك و خاوێنە
ڕۆڵە ژیرەکەی باوشی ئامینە
موحەممەد عەرەب، هەتیو لاوێنە
کۆرپە جووانەکەی دایکی بێ وێنە
ناوت داخستووە لە هەرچی شوێنە
موحەممەد نازار، ناوت شیرینە
کلیلی درگای باغی بەرینە
دونیای سەرگەردان ئینتیزار پێتە
عەرەب و عەجەم گشت چاوەڕێتە
بۆ رزگاریمان تۆ تەشریف بێنە
دڵی ژاکاومان ئا و لێ پرژێنە
قوربان ئەو کەسەی لەقەب ئەمینە
ویردی دڵ وزوان خەڵك سەرزەمینە
جەژنت بۆئەگرین گشت ساڵ بەم چینە
پەنات بۆ دێنین مەمان رەنجێنە
هاوکاتی یادی گوڵی مەدینە
«پەژارە» بۆ دین چا و بە گرینە

***

## «قانع»

ئەم هۆنەرە ناوی محەممەد و کوڕی شیخ «عبدالقادر»ی دۆلاشی مەریوانییە. لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە دیێ ریشێن لە دایك بووە و لە ساڵی ١٣٨٥ی کۆچیدا لە دێی «لەنگەدێ»ی ناوچەی شلێر کۆچی دوایی کردووە.

## لە هۆنراوەکانی مامۆستا قانع

«١»

### سەناو تەعریفی پێغەمبەرﷺ

یا موحەممەد لێو بەبار و دڵ بە بوریانم مەکە
ئەی رەئیسی هەردوو دونیا دیدە گریانم مەکە
دەستە ئەژنۆ و چاوەڕێگەی دەستی یارانم مەکە
من کە ئالی تۆم زەلیلی باری عیسیانم مەکە
غەیری قاپی رەئفەتت بۆ کەس سەنا خوانم مەکە

**

ئەی شوعاعی شەمس و کەوکەب شوعلەیی ئەنواری تۆ
زینەتی «جَنّٰاتُ عَدْنٍ» شوبهەیی روخساری تۆ

ئـەی بـوڕاق و تـاج و ڕەفرەف خـەلعەتی ئەنواری تـۆ
ئـەی مـەسیحا چـاوەڕێگـەی نـوقتەیی گـوفتاری تـۆ
بەش بڕاوو بێ نەسیبی لوتف و ئیحسانم مەکە

❋❋

ئەی غوڵامی بارەگـاهت «قـەیسەر» و «دارا» و «جـەم»
ئـەی لە دیـوانـی جـەزادا شـافیعی جوملەی ئومەم
مەسنەدی ئەو ڕەنگی بەزمت کەوتە ژوور لەوح و قەڵەم
ئینتیزاری فەیزی لوتفی تۆن هـەموو عـورب و عـەجەم
غەیری ئالی تاهیرینت دەستە دامانم مەکە

❋❋

تۆ کەلیم و تەکیەگاهت عەرشی ئەعزەم میسلی تـوور
قابە قەوسەینێ لە بـەینا مـا بـە تـێکـەڵ نـوور و نـوور
باعیسی تەزیینی قـەسر و جـەننەت و سیمای حـوور
ڕۆژی مەحشەر چۆن بە بارێ نەگبەتۆ بێم بۆ حوزوور
سا لەبەر خاتر حوسەینت دڵ پەرێشانم مەکە

❋❋

واسیتەی نـوتقی بـەعیر و مـوقتەدایـی مـوڕسـەلین
شاتری مەیدانی فەزڵت سەد وەکوو «رُوحُ الْأَمِین»

ڕێزە خۆری خوانی لوتفت سەد هەزاران عاکیفین
یا رسولَ الله بە حەققی ئال و بەیتی تاهیرین
سەرکز و ئاشوفتە حاڵی دەستی شەیتانم مەکە

**

مەخزەنی ئەسراری غەیب و ڕەهبەری ڕێگەی هودا
خاکی ڕێگەت «كُحْلِ مٰا زٰاغَ الْبَصَر» بۆ ئەنبیا
شاریقی بورجی نبووەت شاهبازی کیبریا
ڕەحمی خێرت بێ بە «قانع» تۆ بیو زاتی خوا
کوا خەڵاتی موستەحەقم؟ ڕووت و عوریانم مەکە

***

«٢»

یا رسولَ الله غەریقی گێژی عیسیانم مەدەد
بۆ فجوور و فیسق بێ شك مەعدەن و کانم مەدەد
بێ بە هانامۆ دەخیلە ڕوژەکەی «هَلْ مِنْ مَزِيد»
چونکە سوختی دۆزەخە سەر تا بە دامانم مەدەد
چۆن نەگریەم بۆ خەجاڵەتباری و شەمەرمەندەگیم
گوێ لەمشتی نەفسی شوم و مەکری شەیتانم مەدەد

گەر شەفاعەت چاری دەردی من نەکا مەعلومە لام
مل بە تەوق و دەست بەستەی قەهری رەحمانم مەدەد
خۆ خوا فەرمویەتی «لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَتِی»
موژدە بۆ ئەهلی شەقایە و من رەئیسیانم مەدەد
ئینتیزاری هەوری لوتفی رەحمەتم بۆ قەترەیێ
با سەگیش بم موستەحەققی لوقمەیێ نانم مەدەد
چاوی ئومێدم بێ تۆزێ لەبۆ رۆژی جەزا
رووی هیواکەم وایە عەبدی شاهی مەردانم مەدەد
ئاه و نالەت بۆ ریایە «قانعا» سوودی نیە
قوڕ بپێوم هەر لە ئەژنۆم تا بە سەر شانم مەدەد

***

«٣»

## لەگەڵ قەڵەم

قەڵەم! قوربانی نووکت بم دەبێژە فەسحەت و گوفتار
وەکوو حاتەم دەبشکێنە خەزێنەی جەوهەری ئەسرار
لە بەحری عیلمی وەحدەتدا نەدەی لافی هونەرمەندی
نە جێگەی عەقڵە بۆ بیر و نە رێگەی نوتقە بۆ گوفتار

که هەر عەقڵێ خەیاڵی کرد لە بەحری فیکرەدا خنکا
که هەر نوتقێ بەیانی کرد رەزا وەك جێگە گەستەی مار
قەڵەم! هۆشت بەسەر خۆ بێ نەنازی قەت بە دووزمانی
زمـــانت لاڵە لەم باسە نەنووسی شەوکەتی جەببار
فەقەت سادەی بە چۆکا بێ و بڕێژە گەوهەری تەحریر
بنووسە وەسف و ئەوسافی رەسوولی ئەحمەدی موختار
لە عەرسەی کاغەزا لنگ دە، بە چالاکی وەکوو رەفرەف
لەســەر مەیدانا زوو وەرگەڕێ هەروەك مەلی باڵدار
قەڵەم! مەردانە نوتقی دا، جوابی دامەوە، فەرمووی:
بە هیچ عەقڵت نەشێوێنی، خەرافات بۆ ئەکەی ئیزهار
کەسێ وابێ لە نووری حەق بە دەستی حەق جیا بووبێ
چ موحتاجە بە تەعریفی من و تۆ و یاوەر و ئەغیار
کەسێ وابێ بە سەر پەنجەی موبارەك مانگ دوو لەت کا
وەیا ئاهوو لە خزمەتیا بە زمانی پاك بکا هاوار
کەسێ وابێ کە دار خورما لە بن دەربێت و بێ بۆلای
کەسێ وابێ کە زیخی چەم لە دەسیا بێتە ئیستیغفار
کەسێ وابێ کە جەننەت چاوەڕوانی مەقدەمی ئەو بێ
کەسێ وابێ کە سەد «روح الأمین» بۆی بێتە خزمەتکار

ئـیتر مـوستەغنییە «قـانع» لە تـەحریراتـی عـەمر و زەیـد
سکـــووتت لازمـــە، هـــەرتا بـــنووسی دەفـتەر و ئـەشعار

***

## حەزرەتی شێخ «محەممەد عوسمان» «سراج الدّین»ی نەقشبەندی رحمه الله

ئەم کەڵە پیاوی دەریای کەرامـەتە کـوڕی حـەزرەتی شـێخ «علاء الدّین»ە لە سـاڵی ١٣١٤ کـۆچـی مـانگی « = ١٨٩٦ ز و ١٢٧٥ ھ» لە ئاوایی «صفی آباد» لە پێنج کـیلۆ مـەتری شـاری «جوانرۆ»ی ناوچەی کرماشان بە دونـیا هـاتووە و لە بـیست و یەکی مانگی «ڕەمەزان»ی ١٤١٧ کۆچی مانگی، بەرابەر بە دەی مـانگی ڕێبـەندانـی ١٣٧٥ کـۆچـی هـەتاوی و ٣١ ژانـویە ١٩٩٧زاینی لە «ئیستانبول»ی تورکیە فەوتی کردووە و دونیای فانی بەجێ هێشتووە.

«١»

## پاڕانەوە لە خزمەت ڕەسوولی مەدەنیدا ﷺ

یـــا رســـولَ الله زەلیـــلم ســـا بـــە قـــوربان هـــیممەتێ
شـــەرمەزار و دڵ بـــرینـدارم بـــە قـــوربان هـــیممەتێ

تـــینویی دڵ ئـــاورینی قـــەترەیێکـــی رەحـــمی تـــۆم
ڕێزە خـــوار و کـــەلبی دەرگـــاتم، بـــە قـــوربان هـیممەتێ
بەحری زەخخاری «فَتَرْضیٰ»، تۆی دوڕی یەکتایی حەق
مـــوستەحەققی زەڕڕەیـــێ لوتفم، بە قـــوربان هـیممەتێ
نیمە تۆشە و زادی رێ، بـێ تـاعەت و بـێ تـۆشـە خـۆم
نـــاسزایـــە تـــۆشـــە بـــۆ دەرگـــای کـــەریمان، هـــیممەتێ
مووی سپی و روویی رەش و زەردم ئەوا هـێنا حـوزوور
قـــۆچـــی قـــوربانم ئـــەوا قـــوربانە، قـــوربان هـــیممەتێ
تـــاجی شـــاهی و گـــەورەییتە ئـــایەتی ﴿نٓ، وَالْـــقَلَمْ﴾
مـــادیحی تـــۆیـــە سـەراسـەر سیڕڕی قـورئان، هـیممەتێ
خـــۆ لە سـینەی سـینەتا سـیڕڕی ﴿أَلَمْ نَـــشْرَحْ لَكَ...
صَـــدْرَكَ﴾ شـەرحـی دڵی تـۆیـە، بـە قـوربان هـیممەتێ
﴿رَبُّكَ يُعْطِي فَـتَرْضىٰ﴾ تـۆی رومـووزی کـەنزی حـەق
ئەی سـوپا سـالاری رەحـمەت، تـۆوو قـورئان هـیممەتێ
﴿وَ رَفَـــعْنا لَكَ ذِكْـــرَكْ﴾ بـۆ بـولەنـدی زیکـری تـۆ
زیکـــری تـــۆ ویـــردی دڵ و زارم، بـــە قـــوربان هـــیممەتێ
ئـەی شـەهی «لَـوْلاكَ لَـوْلاكَ» قـابە قـەوسەینت مـەقام
تـۆوو ﴿سُـبْحَانَ الَّـذي أَسْریٰ﴾، بـە قـوربان هـیممەتێ

من سەگی کوێم نیمە قابیل وەسف و مەدحی تۆ بکەم
مادیحی تۆ جوبرەئیلە، پەیکی قورئان هیممەتێ
شا سواری عەرسەیی مەیدانی حەق ڕۆژی جەزا!
تۆ مەبە غافڵ لە «عوسمان» سا بە قوربان، هیممەتێ

***

«٢»

## غوڵامی دەرگەهی تۆم...

غوڵامی دەرگەهی تۆم، قوربانی حەزرەتی تۆم
ئەسیری خاکی ڕێی تۆم، ڕۆحم لە ڕێت داناوە
غەم با بڕوا شادی بێ... شادی غەم ئازادی بێ
گەر شاه لوتفی هادی بێ تانەم لە شاهی داوە
دڵم کردە نیساری ئایاتی مەسحەفی ڕووت
بە ئیعجازی دوو ئەبرۆت ساقی دڵم شکاوە
فوارەی چاوەکانم جۆش و قوڵی هەڵداوە
«ساوە»ی سینەی دڵ وشکە، چاوەی چاوم خوێناوە
شاهی «علاء الدّین»ە، شەمسی سەما و زەمینە
کەنزی ئیمان و دینە، دڵم عیشقی بەو داوە

قەزا گەردانی تۆ بێ ڕۆح و گیانی شیرینم
فیدای تۆزی ڕێگەت بم جارێك لاکە بەم لاوە
دایم مەحوی هەواتە «عوسمان» سەگی دەرگاتە
سەربەرزی گشت وڵاتە، لەم لاوە یا لەو لاوە

***

«٣»

## لە گوڵزاری عوسمانییەوە

فیدای خاکی بەری پێت بم جگەر سوتاو و دڵ خەستەم
لەبۆ تەسکینی زامی دڵ هەوای «روضە»ی جینان با بێ
لە عیشقی تۆوەیە «بِالله» سەر و چاو و دڵم قوربان
بە قوربانت دەکەم فەرموو بەراتی عاشقان با بێ
ئەگەر مەیلت لە دڵ کەم کەم ئەسیری کۆیی ئەژدەر بم
لە نووری عیشقی رووت قوربان جەلای شاهانەتان با بێ
بە قوربانی شەهی فەخری زەمانم سا کەرەم فەرموو
دەخیلێك یا رسولَ الله نیدایی «أَلأَمان» با بێ
لە یاد و زیکری تۆ ئانێ ئەگەر دڵ مات و غافڵ بێ
دەسا جەللادی قەهری قەهرەمانی جانستان با بێ

لە خوانی میهر و لوتفت گەر کەرەم فەرمووی بە ئیحسانت
بە تاکە نیم نیگاهێکت حەیاتی جاویدان با بێ
زەلیل و زار و بیمارم دەخیلێك یا رسولَ اللە
بە لوتف و جۆششی رەحمت دەوای دەردی دڵان با بێ
غولامی دەرگەهی تۆم و سەگی دەربانی دەربانم
بە «عوسمان» بەندەیی تۆم و وەعدەی وەسڵی جینان با بێ

٭٭٭

چەند شیعرێکی مامۆستای پایە بەرز شێخ محەممەد سەعیدی نەقشبەندی دانیشتووی «رەوانسەر» لەسەر وەزنی غەزەلێکی حەزرەتی شیخ محەممەد عوسمانی «سراج الدّین»ی نەقشبەندی قدس سرە.

رەحمی تۆ دریایە من تینوم بە یەك قەترە دەسا
حەیفە بێ تۆشە بڕۆم زووکە بە قوربان هیممەتی
من لە کوێم و شەئنی وەسف و مەدحی زاتی پاکی تۆ
چاوە ڕێم رەحمێ بە حاڵی دڵ، بە قوربان هیممەتی
خۆ خەزێنەی رەحمی خوا هەرگیز تەوا و نابێ دەخیل
تۆ شەفاعەت کە گوناهی من بە قوربان هیممەتێ

چـــاوی تـــۆ تـیماری دەردی دەردە دارە، بــێ دەمــێ

روو کە لای ئەم بێ کەسە کەس تۆی، بە قوربان هیممەتێ

عومری من وا بـوو تـەوا و بـێ سـەمەر دەرچـوو دەخـیل

ئـوممەتی تــۆم با نـەڕۆم بـێ تـۆشـە قـوربان هـیممەتێ

بــێ لەبــەر زاتــی خـواو و مـاڵی کـەعبە و پـاکـی خـۆت

ڕێی رەزای یــەزدان نــەسیبم بـێ، بـە قـوربان هـیممەتێ

ناوی من تەرکیب لە ناوی تۆس و وەسـفێکـی «سـەعید»

چـوون لە تـۆ دوور بـم عـەزیزم گـیانە قـوربان هـیممەتێ

***

## مامۆستا بێخود

مامۆستا ناوی «مەحموود»، کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمین و کوڕی موفتی گەورە حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە. ئەم زاتە لە ساڵی ١٢٩٦دا چاوی بە دونیا هەڵێناوە[١] و لە کاتژمێری ٣ و چارەکێکی پاش نیوەڕۆی ١٩٥٥/٨/٢٥ (١٣٧٦ك مانگی) بۆ یەکجاری سەری ناوەتەوە و بـە کـۆچـی دوایـی ئـەم هـۆنـەرە

١. ساڵی لە دایك بوونی بە حیسابی ئـەبجەد ئـەکـاتە ئـایەتی ﴿عَسىٰ أنْ یَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقاماً مَحْمُوداً﴾. (وەرگیراوە لە دیوانی بێخود).

سەرچاوەیەکی تری شیعری کلاسیکی کوردی وشك بوو.
رۆحی شاد.

## بەشێك لە هۆنراوەکانی

«١»

لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

**

ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یا رەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یا رەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یا رەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من

**

مەجنوونی دوو گێسوویی چ «لەیلا»یەکە ئاخۆ
یا وامیقی جادوویی چ عەزرایەکە ئاخۆ

دێوانـەیی ئـاهوویی چ سـەحرایێکـە ئـاخۆ
کام چیهرە پـەری دیـوە کـە تـرساوە دڵی مـن

**

ئەتلێتەوە گاهێ بـە خـەیاڵی خـەت و خـاڵی
ئەخولێتەوە گاهێ بە چرای شەوقی جەماڵی
نازانێ ئەگەر چۆنە بـە دەس دەردەوە حـاڵی
وەك پووش و پەڵاشێکە بە دەم باوە دڵی من

**

لەو چـۆڵ و بـیابانە ئـەبێ یـاوەری کـێ بـێ
یـا بـەو کـەژ و کـێوانـەوە سـەودا سـەری کـێ بـێ
یا لەت لەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ
چـۆن مـاوە لە سـەد لاوە کـە کـوژراوە دڵی مـن

**

بۆچی نەڕژێ سـەیلی سـروشکم وەکـوو بـاران
بۆچی وەکوو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو یـۆسـفە پـرسیومە لە بـێگـانەو و یـاران
هـەرگیز نـیە سـوراخـی لە هـیچ لاوە دڵی مـن

**

بـۆ خـۆی بگـریم یـا نـەفەسی پـەردە دڕاوی
یا بۆ جگەری کـون کـون و سـەد پـارە کـراوی
چی کردووە یا ڕەب کە خەو و خواردن و ئاوی
دایـم غـەم و بـێداری‌یـو خـوێنـاوە دڵی مـن

**

چ بکـەم؟ چ بـڵێم؟ بـۆ دڵەکـەم کـارییە دەردم
شاهێدی منن موویی سپی و چیهرەیی زەردەم
خـۆڕایـی نـیە نـاڵەیـی گـەرم و دەمـی سـەردم
هـەڵبـەت بـە بـەلاییێکـەوە ئـالاوە دڵی مـن

**

ئەو سینە لە غەش خاڵییە، ئەو بـێ رق و کـینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلووم چووە بۆ خـزمەتی سـالاری مـەدینە
وام زانـی کـە فـەوتاوە نـەفەوتاوە دڵی مـن

**

قوربانی کەسێ بـم کـە بـە قـوربانی نـەبی بێ
وەك بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ

شاهی عەرەبی یەعنی قوڕەیشی نەسەبی بێ
جەرگی بە دوو ئەبرۆی ئەوە جنراوە دڵی من

**

زاتێکی وەهای گرتووە رۆحم بە فیدای ئەو
شاهان شەو و رۆژ دێنە قەدەم بۆسی گەدای ئەو
«بێخود» مەبە ئیتر بە ئومێد و بە تەمای ئەو
نایێتەوە لات گەر سەری داناوە دڵی من

***

«٢»

ئەگەر شاهم وەگەر شاهین و بازم «یا رسولَ الله»
وەتەن ئاوارەو و هێلانەوازم «یا رسولَ الله»
بە رۆژ پەروانەیێکی دڵ شکاو و بێ پەڕ و باڵم
بە شەو شەمعێکی پڕ سۆز و گودازم «یا رسولَ الله»
لە تیغی قەهر و روتبەی ئیلتیفاتی تۆوەیە قوربان
ئەگەر گەردەن کەچم یا سەرفەرازم «یا رسولَ الله»
بە وەرچەرخاندنێکی رووت هەتا هەم کەوتووم بێ ناز
بە لوتفێکت لە عالەم بێ نیازم «یا رسولَ الله»

لە تـێکـۆشـینی رزگـاری مـنی ئـاوارەدا کـول بـوون
هـــەموو بـــاپیرەکـــانی دڵ نـەوازم «یـا رسـول اللە»
ئیتر هەر خۆت ئەبێ چارم بفەرمووی چونکە هەر خۆتی
تکـــا کـــارم، مـــوعینم، چـارەسازم «یـا رسـول اللە»
ئـەزانـم خـۆ خیلافی ئـەمری تـۆم زۆر کـردووە ئـەمما
کـوڕی خـۆتـم بـە لوتـفی تـۆ ئـەنازم «یا رسـول اللە»
نـەجاتم گـەر بـدەی زوو، بـۆ تـەوافت حـازرم یـەعنی
بە کەعبەی رووت رووە و خاکی حیجازم «یا رسـول اللە»
غـولامـێکـم ئـەوا خـۆم خستە قـاپیی غـیرەتی تـۆوە
بە نا و «مەحموود»م ئەمما هەر «ئەیاز»م «یا رسول اللە»[1]

***

١. ئەیاز: وەزیـرەکـەی سـوڵتـان مـەحموودی غـەزنەوی. ئـەم غـەزەلە بـە نـاوی خـوا لێ خۆش بـوو «شـێخ مـەحمودی حەفید»ەوە وتراوە لە ساڵی ١٣٤٨ی هیجریدا کە بە حـوروفی ئەبجەد ئەکاتە «هر چی بم اولاد خۆتم ـ هەرچی بم ئـەولادی خۆتم». شێخ لەوکاتەدا دیلی ئینگلیزە داگیر کەرەکان بووە.

«۳»

## سکاڵا لە پێشگای پێغەمبەردا ﷺ

شەها بە غیرەتت قەسەم دەمێکە دیلە ئوممەتت
بە دەس عەدوویی دینەوە عەجەب زەلیلە ئوممەتت
لە خەستە خانەیی غەما وەها عەلیلە ئوممەتت
بە چیهرە زەردی‌یا ئەڵێی دوچاری سیلە ئوممەتت
دەوایی رەحم و لوتفی تۆ هەمیشە ئینتیزار ئەکا

**

خۆش ئەو دەمەی کە رۆژ و شەو تەواف ئەکا رەواقی تۆ
خۆش ئەو سەرەی کە کەوتبێ لە کووچەو و سوقاقی تۆ
بە تیکە تیکە بێ دڵێ کە نەبێ ئیشتیاقی تۆ
حەیاتی من ویساڵی تۆ، مەماتی من فیراقی تۆ
بەڵێ پەری خەیاڵی تۆ عیلاجی شێت و هار ئەکا

**

دەمێکە چاوەڕێیەتی گیان و دڵ ویساڵی تۆ
ئومێد ئەکا کە دەر کەوێ لە پڕ مەهی جەماڵی تۆ
ئەگەر لە ئاینەی منا دەمێ نەبێ میسالی تۆ
شکستە بێ بە بەردی غەم بە جاهی سەحب و ئالی تۆ
کە ئاسمان وەکوو زەمین بەوانە ئیفتیخار ئەکا

**

خسووس خەلیفەیی یەکەم رەئیسی فیرقەی ئیهتیدا
که ئەو بوو کردی رۆحی خۆی لە رێی سەداقەتا فیدا
کـەسێ کـە پێی مـوبارەکـی بـخاتە زاری ئـەژدەها
لەبەر رەسوولی موحتەرەم نەوەك گەزەندی پێ بگـا
یەقین بزانە ئیشی وا لە ئیشی یاری غار ئەکا

**

لەپـاش ئـیمامی نـامەوەر «عـومەر» خـەلیفەیی زەمـین
درەختی مەعدەلەت سەمەر، چەمەن ترازی شەرع و دین
نە هەر لە عەسری عەدڵیا مەڕە و لە گـورگ ئـەبێ ئـەمین
لە جـێگـەیێ جـەنابی ئـەو کـە بـوو ئـیتر سـەگـی لەعـین
لە ترسی شێری هەیبەتی بە لوورە لوور فیرار ئەکا

**

لە وەسفی خازینی سووەم یەگـانە گـەوهەری حـەیا
ئیمامی مەجمەعی ئەدەب، خەتیبی مـینبەری حـەیا
هەرچی بڵێم خەجاڵەتم لە شەرمی جەوهەری حەیا
کەسێ کە دا بخا فـەڵەك لە رێی ئـەوا سـەری حـەیا
هەزاری وەك من و مەلەك بە باسی شەرمەزار ئەکا

**

لەگەڵ کەسێ حەبیبی خۆی خواکە بووی عینایەتی
بەیانی وەسفی ئەو ئەکا لە ﴿هَلْ أَتىٰ﴾ بە ئایەتی
بەڵێ غەزەنفەرێکی واکەوا درا هیدایەتی
لە ڕۆژی فەتحی خەیبەرا بە زۆری شان و ڕایەتی
بە دەست و تێغی هەڵمەتی لە شێری کردگار ئەکا

**

مەپرسە جاهـ و حیشمەتی دوو بێچوە شێری حەیدەری
کە خادیمێکی بێشەیان چ سوننی‌یو چ جەعفەری
شەقین ئەکا بە سەد سەری «قوباد» و تاجی قەیسەری
هەتا نەچیتە «کەربەلا» گران ئەزانی ئەی پەری
کە کۆمەڵی مەلەك لەوێ لە قافڵەی زووار ئەکا

**

لە «بێخود» ئەر سوئال ئەکەن کە: چۆنە، چاکە سیححەتی
بە دەردی عەشقی لەیلەوە نەماوە هێز و قووەتی
بە ناڵە ناڵی گەرمیا، بە ئاهی سەردی حەسرەتی
بە ئەرخەوانی ئەشکیا، بە زەعفەرانی سوورەتی
لە چۆنی بێ نەوایی‌یا لە قەیسی لەش بە بار ئەکا

**

بە دەس هەواو و نەفسەوە ئەگەرچی بەندە موبتەلام
هیلاکی باری مەعسیەت، کەلاکی دەردی بێ دەوام
بەڵام ئەمەم کیفایەتە کە نەعت خوانی موستەفام
خۆلاسە من لە هەردوو لا کەسێکە مەلجەئو پەنام
کە گفت و گۆ بە وەحشی‌یو غەزاڵ و سووسە مار ئەکا

***

«٤»

ئەی ساحەتی سەد جەننەت، دەشت عەرەبوستانت
نادەم بە هەزار گوڵشەن، یەك خاری موغەیلانت
بۆ لالەیی نوعمانت، داغدارە دڵ و جەرگم
داغدارە دڵ و جەرگم، بۆ لالەیی نوعمانت
بێ پرتەوی روخسارت، تاریکە دڵی تیرەم
بەم زەڕڕیە بنوێنە خورشیدی درەخشانت
بۆ سەروی خەرامانت وەك قومری ئەناڵێنم
وەك قومری ئەناڵێنم بۆ سەروی خەرامانت
عەقڵ و خیرەدی بردووم نەشئەی قەدەحی چاوت
پێوەندی هەوای کردووم تای زوڵفی پەرێشانت

میحرابی دڵ و جانە، هێزی دەسی ئیمانە
عاسایی خەتیبانە شمشێری خوراسانت
بەو قیبلەیی ئەبرۆیە، رۆح گەر لە قەزایی کۆیە
دڵ خادیمی لای تۆیە، سەد گۆیە لە مەیدانت
خاقانە گسك لێ دەر بۆ خادیمی بەرقاپیت
خوددامە بە رۆح قەیسەر بۆ بان گووشی سەربانت
ئەی سەییدی مەخلووقات ئاگات لە ئیمانی بێ
ئەو ساتە کە بوو قوربان، ئەم عەبدە بە قوربانت
تۆ سیدرە نشین بازی، ساحێبی سەد ئیعجازی
پێغەمبەری مومتازی، دەستی من و دامانت
قورئانی نوعووتی تۆ خەتمی بە بەشەر نایێ
«بێخود» چیە یا حەسسان، جبریلە سەنا خوانت

***

## مەدحی حەزرەتی موحەممەد ﷺ

دەنگی زەنگی قودسیان دێ، وا ئەڵێ: ئەی موزنیبین
ئەی گوناهباران بە گریان بچنە پێش قاپی ئەمین

یەك سەدا هاوار بکەن ئەی شافیعی «يَوْمَ الْأَنِـينْ»
ئـەی پـەناهی عـاسیان ئـەی پشتیوانـی مـوئمینین
«رۆژی تاریکی وجوودت رەحمەتە بۆ عالەمین»

**

ئەی نموونەی غیرەت و ئەی یەکەمین مەردی خودا
گەوهەری تاجی ریسالەت، میری عـەرشی ئیجتیبا
هـەیکەلی ئـەسراری قـودسی پـاسەوانـی ئیهتیدا
ئـەی گـوڵی گـوڵزاری ئادەم بـوڵبـوڵی بـاغی هـودا
«لەیلەکەی مەجنونی ئیمان ئاسکەکەی سەحرای دین»

**

شەعشەعەی فەجری جەماڵت بووەتە شەرحی ﴿وَالضُّحىٰ﴾
هـــەڵمـــژی ئـــاوی نـــبووەت، نـــەوبەهاری ئـــەنبیا
ئـــەی ســـواری دەشـــتی شـــەوڕە و تـــاقە لاوی مـــونتەها
بـــاغەوانـــی بـــاغی عـــیززەت رۆژی بـــورجـــی ئـیستیفا
«کەشتیوانی بەحری نوور ئەی مەهبەتی «رُوحُ الأمِين»

**

موعجیزاتی تۆ وەکوو ئاگر لە شاخان شەوق ئەدا
مەتلەعی رۆژی ریسالەت کەوکەبی شـەرقی هـودا

زیکر و تەسبیحی مەلەك هەر مەدحی تۆیە ئەحمەدا
مەنبەعی رەمز و مەعانی مەحرەمی سیڕڕی خودا
«ئەی خەتیبی ئەنبیایان «یَوْمَ حَشرِ الْعَالَمِینَ»

**

ئەی شەوی ئەسڕا کە ڕۆیشتی تۆ بۆ ئەوجی «لا مَکان»
شاهباڵی جوبرەئیل بوو باوەشێنی رووی جوان
چاو لە ژێری شەوقی تۆبوو بریق و باقی ناو جنان
ئەی گلۆپی عەرشی ئەعزەم، کارەبای شاری ئیمان
«ئەی مەحەتتەی نووری عالەم، پێشەوایی موڕسەلین»

**

قودسیان دایم بە ناڵە دێنە خزمەت بەیتەکەت
مانگ و رۆژ گەردنکەچن «طاها»، لە ترسی پەنجەکەت
زیکری حۆری باغی جەننەت، وەسفی چاوە مەستەکەت
تاجاران ملکەچن، دێە تەوافی «رَوضە»کەت
﴿هٰذِهِ جَنّاتُ عَدْنٍ فَادْخُلُوهٰا خٰالِدِینَ﴾

**

تاقی ئەبرۆت بوو بە رەمزی ئایەتی ﴿نٓ وَالْقَلَمِ﴾
رۆژگاریش ماندووە، بینی وەکوو تۆ غونچە دەم

کەس نەهاتە پایەکەی تۆ ئەی شەهی عورب و عەجەم
مولْك و سامانی سولەیمانت هەیە ئەی چاوەکەم
«حوسنی یوسف، سەبری ئەییووب،زوهدی یەحیایی مەتین»

**

خڵتی ئیبراهیم خەلیل و هەم سەفایی ئادەمیش
سا یەدی بەیزایی مووسا، هەم سەخایی حاتەمیش
ڕەونەقی فکری بەشەر، هەم لابەری دەرد و غەمیش
غیرەتی مەردانی مەیدان و نەبەردی عالەمیش
«خۆ تروسکەی ڕۆژی تۆ بوون، مەنبەعی «علم اليقين»

**

سەد هەزاران فەخری رازی دەستەگیری ئەرجومەند
سەد هەزاران غەوسی گەیلان و شەهابی سوهرەوەرد
سەد هەزاران پیری جامی، سەد بەهایی نەقشەبەند
سەد هەزاران شافیعی و مالیك، نوعمان و ئەحمەد موعتەمەد
«هەر لە تۆیە فەخری عالەم، بوونە «فخر المرسلين»

**

کەوسەریش ناگا بە ئاوی پەنجەکەت ئەی نەونەمام
ئەی وەکوو تۆ کێ ئەگاتە ئەوجی بەرزی «لا مَقام»

بانگ کرای بۆ ناری بەرزەخ، «للإمام إلَی الإمـام»

نیو نیگاهێکت بەسە، ئەی باوکی زەهرا و و سەلام

«من نەخۆشی دەردی نەفس و تۆش تەبیبی حاڵ بین»

**

ئـەی دڵا ژەنگـی خـەتاباری شکـاندی قـیمەتت

کـەی بـە هـەوایی نـەجاتی ئـیعتیبار و عـیززەتت

روو لە رەوڵەی موستەفاکە بـێژە خـۆت و غـیرەتت

من ئەوا هاتم بە بەحرێ جورمۆ، کەشتی هیممەتت

«هەر بە لوتفی تۆ دەنازم «یا دَلیلَ الْحٰائِرین»

**

ئەی دڵا تاکەی ئەنۆشی بادەیی غـوسسە و جـەفا

سا وەرە جـارێ بـپۆشـە بـەرگی ئـیحرامـی سـەفا

ئەی «سەلامی حەیدەری» رووکە لە قاپی موستەفا

هەر ئەوە باوکێکی دڵسۆز، مەنبەعی جوود و وەفا

«هەر ئەوە دەسگیری عالەم رۆژی نالە و زار و شین»

***

## تاهیر بەگی جاف

ئەم هۆنەرە کوڕی عوسمان پاشای جافە. لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی لە شاری هەڵەبجە لە دایك بووە و لە حوجرەی فەقێ خوێندویەتی، لە ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی ئەکا و بە وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی «عەبابەیلێ» ئەسپەردەی ئەکەن. ڕەوانی شاد.

## بەشێك لە هۆنراوەکانی

مەتلەعی سوبحی سەعادەت، مەزهەری سیدق و یەقین
ئەی سوپا سالاری فەوجی ئەنبیاو و موڕسەلین
بۆ نەوازش زاتی حەق هەم سوحبەت و هەم دەنگی تۆ
شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو یاوەری «رُوحُ الأَمین»
موشکی تۆزی دامەنت عەتری دەماغی ئەتقیا
یەعنی بۆ تەئسیری بینش عەینی سورمەی خاکبین
روو لە کێ کەم غەیری تۆ ئەی شافیعی زومرەی ئەسیم؟
من گوناهبار و خەجاڵەت، تۆش «شَفِیعُ المُذْنِبِینْ»
خۆم لە قوڕ بگرم بە جارێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر
بەڵکوو لوتفی شاهی لەولاك بێ نەجاتم دا لە شین

مــوستەحەققی تــیر و تــانەی ئــاشنا و بــێگــانە خــۆم
واجــبی رەحــمم بــەسە «یٰـــا رَحْمَـــةً لِــلْعٰالَمِینْ»
رووت و قــووتی مــەحشەر و بــێ سایەو و ئاوارە خــۆم
مــەزرەعەی عــەفوی خــودا نـابێ ببێ بـێ خـۆشـە چـین
حەسرەتا مەئیووسی شـەهد و زیـارەتی شـەبباکـی خـۆم
بــو نــەڕێژم ئــەشکی ئــاڵ و ئــاوی گــەرم و ئــاتەشین
ئــەی حــەبیبی خــالقی عــالەم تــەڕەحــحوم، تــا زووە
ئەو سەگی ئەسحابی کـەهف و مـن سـەگێکـی تـابیعین
روو لە قــاپی مــوستەفا کــە بــێژە «یــا خَــیْرَ الْــبَشَرْ»
نــیمە تۆشــەی رێگــە جـوز ئـیخلاسی ئـالی «تـاهیر»یـن

***

## شێخ «شهاب الدّین»ی کاکۆ زەکەریایی

۱۰۰۳ ـ ۱۰۷۲

ئـەم زانـا بـەرزە نـاوی شـێخ شـەهابەددین و کـوڕی شـێخ «رضِیَ الدّین»ی کاکۆ زەکەریاییە. بە پێی پەڕاوی «نور الأنوار» لە ساڵی ۱۰۰۳ی کـۆچـی لە دێی کـاکـۆ زەکـەریا پـێی نـاوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ۱۰۷۲ کۆچیدا لە تەمەنی ۶۹ ساڵیدا

لە دێکەی خۆیدا کۆچی دوایی کردووە. خوا پلە و پایەی بەرزکا.

## مەدح و ستایشی پێغەمبەر ﷺ

جـــەماڵێوەم دیـــەن یـــاران تـــەعالا ســـونع رەبـــانی
مـــەلایك، یـــا پـــەری زادەن بـــە وێنـــەی شکـــڵ ئـــینسانی
یەدەینش چوون یەد «بَیضا»، دوو ئەبرۆش نەقش «بِسمِ اللّٰه»
دوو دیدەش نـەرگس شـەهلا، «وَ مـا زاغ البَـصر» خـوانـی
بـە عـاریز مـەشعەلی نـوورەن، بـە باڵا شـەمع کـافوورەن
جـــەبینش مـــەتلەع نـــوورەن، پـــەرێ ئـــەمواج نـــوورانـــی
بە گۆنا یـوسف چاهەن، بـە خـەت خـزر و بـە روو مـاهەن
بـە لەب عـیسای مـەسیحاهەن، مـەبەخشۆ ئـاوی حـەیوانـی
بـە دنـدان شـەککـەر و قـەندەن، بە باڵا شـۆخ و دڵبـەندەن
هـەزار دڵ پـەیش ئـەرامـەندەن، یەکـێ چـوون پیر کـەنعانی
جـە دەفـتەر خـانەی شـاهیش هـەزاران سـەد هـەزارانـەن
نـیەن مـەیلش جـە کـەس پـەرسۆ عـێراقـی یـا خـوراسـانی
دوو موشکین قەوس ئەبرۆشەن، ریدایـی دڵبـەریش دۆشـەن
«شەهاب»ش پەی سیا پۆشـەن، خـودا وینووش بـە ئـاسانی

***

## ئامینه خاتوون له وەفاتی باوکی پێغەمبەردا ﷺ بەم شیعرانه باوکی پێغەمبەر و پێغەمبەری ئەلاواندەوە(١)

«مَـــوَالِي يٰـــا مَـــوَالِي يٰـا مَـوَالِي
رَسُـــولَ اللّٰـــهِ يـــا بَـــدْرَ اللَّـــيٰالِي»
فـەلەك بۆچ وات لەگـەڵ مـن كـرد لە دونـيا
لە يـاری خـۆم جـودات كـردم بـە تـاڵی
بـــە «عـبدالله» دڵـم خـۆش بـوو لە دونـيا
لە پـــێش چـــاوانـــی ون كـردم جـەماڵی
جـــەماڵی گـــەر ونـــە ئـەمما بـە مـەعنا
لەبـــۆ مـــن مـــونیسە فكـــر و خـەیاڵی
جـــەوانـــا نـــامورادا بـــۆچـــی وا زوو
ویـــداعت كـرد لە نـێو ئـەهل و عـەیاڵی
لە دونـیادا ئـەگـەر لێكـتر جـودا بـووین
لە جـەننەت پـێم كـەرەمكا حەق ویساڵی

---

١. ئـەم شـیعرانـە لە كـتێبـی «ژیـانی پـێغـەمبەان» دانـراوی «محەممەدی شڵماشی»یەوە وەرگیراون.

قەدی بەرزی نەمامی پڕ سەمەر بوو
حەیات و عەیشی من بوو خەت و خاڵی
دوو ئەبرۆ و چاوی مەستی خەم رەوێن بوون
بەجێی هێشتم لە ماڵی چۆڵ و خاڵی
کە رۆیشتی لەلام رۆحی رەوانم
منت سووتاند لە تاوان وەك زوخاڵی
زەلیل و بێ کەسم جەرگم بڕاوە
ژیان و عومری شیرین بوون بە تاڵی
شەو و رۆژێ لە تاوی رووی جەماڵت
دڵ و گیانم وەکوو «نەی» هەر دەناڵی
فوغان و شین و واوەیلا لە دوریت
هەتیو ماوە حەبیبی «ذُوالجَلال»ی
درێغا بۆ جەماڵی ماهی تابان
بەبێ بابی چلۆن بێ ژین و حاڵی
نەمێنم بۆ تۆ ئەی بابی موحەممەد
لەپاش تۆ من چ لێ بکەم عومر و ماڵی
لە دووری تۆ نەما «عبدالمطلب»
دڵی من چۆن نەسووتێنن بە حاڵی

خودا فەرمووی منم حەق دار و غەمخوار
منم تەرتیب دەری عەقڵ و کەماڵی

***

# شاعیر و خۆشنووسی کورد سەیید تاهیر هاشمی

مامۆستا سەیید محەممەد تاهیری سەیید زادەی هاشمی لە ئاوایی دەوڵەت ئاوای سەر بە شاری کرماشان لە ساڵی ١٣٢٢ کۆچی مانگی لە دایك بووە و لە ساڵی ١٤١٢ کۆچی مانگی، کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش بەشێکە لە هۆنراوەکانی:

«١»

یا رسولَ الله حەزین و تێ شکاوم رەحمەتێ
دەردی خاکی رێت لە نووری هەردوو چاوم، رەحمەتێ
نارەوای بازاڕی عالەم سەرکز و خوار و خەفیف
عاتیل و بێ دین و دڵ هەستی نەماوم، رەحمەتێ
من بە تیری تەعن و لۆمەی ناکەسانی رۆزگار
کون کونە سینە و دڵ و جەرگ و هەناووم، رەحمەتێ

سەربەس و ئازادە بووم وەك تایری ئەوجی سروور
ئێستە وا بەندی حەوادیس بۆتە داوم، رەحمەتێ
بەر جنێوو لەعن و نفرینی نەفامانم مەخە
با لە سایەی فەزڵی تۆ لار بێ کڵاوم، رەحمەتێ
من گیاکەی بن مەڕی جەور و جەفای بێ حاسڵم
چاوەڕێی ئەنواری تۆم، تیشکی هەتاوم رەحمەتێ
من سەگی تینووی بیابانی خراپی و زیللەتم
زوان ئەلای دەم کەوتووی یەك جورعە ئاوم، رەحمەتێ
یا رسولَ اللە دەخیلێك با نەکەن بێ حورمەتم
زۆر زەلیل و خوار و پەست و دڵ بە تاوم، رەحمەتێ
رێ دە ئەی سالاری دین «تاهیر» لە سایەی رەحمی خۆت
ئەی بوڵەندی بەخشی دین و جاه و ناوم، رەحمەتێ

***

«٢»

ئەی چرای گۆشەی دڵی ئەڕبابی عیرفان، رەحمەتێ
شەمسی ئەوجی باتینی ئەسحابی ئیمان، رەحمەتێ
ئەی ئومێدی مەجمەعی پڕ تەفرەقەی رەندانی دەور
ئەی هیدایەت بەخشی زومرەی ئەهلی خوزلان، رەحمەتێ

پـێم خـزا خـاکـم بـەسەر، ڕەنجم هـەموو ڕۆیـی بـە با
بگـرە دەسـتم ئـەی ئـومێدی نـا ئـومێدان، ڕەحـمەتێ
یــا ڕسـوڵ الله شکـاتی دەردی خـۆم لای تـۆ دەکـەم
بـەڵکـو لوتـفی تـۆ بکـا ئـەم دەردە دەرمـان، ڕەحـمەتێ
یـاری خـۆم لێ بـوو بە ئەغیار و گـوڵم لێ بـوو بـە خـار
نووری من وەك زوڵمـەتە و جـەمعم پـەرێشـان، ڕەحـمەتێ
گەنجەکەم لێ بوو بـە ڕەنـج و شـەهدەکـەم لێ بـوو بـە ژار
ئولفەتم وەحشەت، ئـومێدم یـەئس و حـیرمان، ڕەحـمەتێ
مـن گـیاکـەی هـەڵپـڕووزاوی شـەرارەی مـیحنەتم
چاوەڕێی بارانـی تۆم، ئـەی هـەوری ئیحسان ڕەحـمەتێ
مـن لە ڕێ وێڵ بـووم و دونیام وەك شـەوە زەنگـە دەخـیل
سـا دەمـێ بـنوێنـە ڕووت، ئـەی مـاهی تـابان ڕەحـمەتێ
عــاجز و دامــاوە «تــاهیر» کـاتی لوتـف و ڕەحـمەتە
ئەی حەبیبی زاتـی حـەق، مـەحبووبی ڕەحـمان ڕەحـمەتێ

***

## سەیید مەسعوودی تەم‌تەمی

مەرحوم سەید «مەسعوود»ی تەم تەمی مامۆستای زانا و لێ هاتووی کورد. ئەم زاتە پایە بەرزە لە ساڵی ١٣١٦ هـەتاوی لە

ئاوایی «تەم تەم» ناوەندی ڕەوانسەر هاتووەتە دونیاوە، لە٢١ گوڵانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە ڕوو داوی ڕانندەگیدا کۆچی دوایی کرد. ڕۆحی هەر شاد بێ.

## بەشێك لە هۆنراوەکانی

یـــا رســـولَ الله ســـەییدی ســادات
دســـــمە دامـــانت ڕۆژی عــەرەسات
بگــــەی وە دادم لاڵ و کـــەڕ نــەوم
بــۆ شــایەتیمان کــاتی ســەکــەڕات
وخـــتێ کـــە ئـەمرم ئـەمنێنـە ئـەلحەد
بێی وە سـەر وەختی لاشـەم دەر سـەعات
ڕەحــم کـەی بـە حـاڵ مـیهمان غـەریب
بـێ زاد و تـۆشـە و بـێ تـوحفە و سـەوقات
هــۆشت پــێمـۆ وێ لەو حـاڵەی کـەوا
مـەئموری قـەبرم بـاز خـواسـم ئەکـات
بگـــــەی وە فـــریام کـــاتێ لە قـــەبرا
زیــند و ئـەکـرێمـەوە بۆ «یَـوْمَ المِـیقات»
پــەنات پــێ ئــەبەم ئـەو ڕۆژە سـەختە
ڕام ئـــەوێســـێنـــن لەبـــۆ حـــەساوات

نـــامەی عــــەمەڵم هـــەرچـــەن سـیا وێ
کـــافی دەردمـــە شـــەفاعەت «کُـبْرىٰ»ت
چـــوون مـەشهورە کـەس نـەیبووگە عـادەت
تـــۆشـــە وە دەرگـــای کـــەریمان بـبات
عـــەقیدەم وایـــە حـــەق بـــە عـــەشقی تـــۆ
گـــوونای ئـــوممەتت کـــول عـــەفوو بکـــات
«مەسعوود» لە رەحمەت حەق یاست نەوێ
وەك ﴿لا تَـــقْنَطُوا﴾ وا دەســـتور ئـــەدات

***

## محەممەد سدیق نوور محەممەدی

بـــرای کـــوردی شـــیرینم پـــــێغـــەمبەری ئـــەمینم
فـــەرمووی ئـــاوایـــە دیـــنم: «لا إلٰـــــهَ إلّا اللّٰـــــه»

ئـەم دەنگـە یـانێ هـیچکەس نـیە غـەیری خـوا و بـەس
نەجات دەری هـەموو کـەس «لا إلٰـــــهَ إلّا اللّٰـــــه»

ئـــەم دەنگـــە وا لە مـــێژە هـــــەر وێژراوە بـــە وێژە
مـوسوڵمـان ئـادەی بـێژە: «لا إلٰـــــهَ إلّا اللّٰـــــه»

ئەم دەنگە کوفر قڕە دەنگی تاریکی دڕە
موسوڵمان دەنگ هەڵبڕە: «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

ئالای رزگاریمانە مایەی سەربەرزیمانە
دامەزرێنەر ئیمانە «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

بە دەم و زوان و دەڵێ وەك بولبولی سەر چڵێ
براگیان توخوا بڵێ: «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

ئیسلامی ئاشکرا کرد هەمووی هەروەك برا کرد
پیر و جوان و گەورە و ورد «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

کاتێ گەییە سەر زەوی دوژمن سەری دانەوی
بە دەنگی بەرز و قەوی «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

ئینسانی هاوردە هۆش عالەمی خستە خرۆش
ئازیزان بە دەنگی خۆش «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

زۆردارانی رامالّی نەما دەورەی بەتاڵی
گەر جوان و گەر منالّی «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

دەنگێکی شەو شکێن بوو رزگاریشی لە شوێن بوو
دەنگ بەرز و کەینۆ هەموو «لا إلٰهَ إلّا اللّه»

ئەم دەنگە بوو دەست و برد قەڵای کوفری خاپوور کرد
ئادەی برا و خوشکی کورد «لا إلٰـهَ إلَّا اللّٰه»

شکـاندی بەردە داری پەستی و ناحەزی و لاری
شـوعاری کـوردەواری «لا إلٰـهَ إلَّا اللّٰه»

بـۆ زوخـاوی دەرونـمان دەروونـی پـڕ ناسۆرمـان
بە دەنگـی بەرز هەموومان «لا إلٰـهَ إلَّا اللّٰه»

موحەممەد فەرمووی هەموو گشت بە تاڵە و گشت درۆ
«اَللّٰـه اَللّٰـه تُـفلِحُوا» «لا إلٰـهَ إلَّا اللّٰه»

بـە قـەد مـەخلوقی «الله» ئـایاتی «کـلام‌الله»
سـەڵوات بـۆ رەسـول الله «لا إلٰـهَ إلَّا اللّٰه»

٢ی رەمەزانی ١٤١٥ی کۆچی مانگی
محەممەد سدێق نوور محەممەدی
دانیشتوی شاری سنە

***

## مامۆستا شاهۆ

«شاهۆ» ناوی «مەلا حەسەن»ە، کوڕی مەلا «عبدالقادر»ی کوڕی مەلا ئەو رەحمانە، کە بە «مەلای گەورە» بەناوبانگە،

مەلای گەورە لە ساڵی ١٨٨٢ی زاینی لە «بیارە» لە دایك بووە. وە لە رۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا کۆچی دوایی ئەکات و لە هەیوانی مەرقەدی «شێخ عومەر و شێخ نەجمەدین و شێخ عەلائەدین»دا لە بیارە بە خاك ئەسپێررێت. خوا پایەی لە بەهەشتا بەرزتر بکاتەوە.

## چەند هۆنراوەییێك لە دیوانی مامۆستا «شاهۆ»

«١»

### پەنام هێنایە بەر قاپیت

پەنام هێنایە بەر قاپیت بە ناڵە و شیوەن و زاری
هەزاران دەفعە یارەببی بە هیوای رەحم و رزگاری
ئەگەرچی شەرمەسارم روو رەشی دیوانی تۆم، ئەمما
بەرامبەر عەفوی تۆ وەزنی چیە باری گونەهباری
بە رەحمی واسیعی عامت بەزەییت گەر نەیێ پێما
پەنا بۆ کێ بەرم بۆ خۆم کێ بێ یا رەب بکا چاری؟
پەنا خۆتی، خوا خۆتی، هەموو کارێ بە دەست خۆتە
ئەگەر من موزنیبم خۆ تۆ خوداوندێکی غەفاری

یـا رسـولَ الله دەخـیلێك سـەروەری دونیاو و دیـن
پـێشـەوا و خـەتمی عـمومی ئـەنبیاو و مورسـەلین
فـەخری گشتی کـائیناتی، سـەییدی جینن و بـەشەر
تـاقە مـەحبوبی خـوداوەنـد، رەحـمەتی بۆ عـالەمین
تۆی ئومێدی بێ ئومێدان رەهبەری رێگـەی نـەجات
رۆژی روونـاکـی هـیدایـەت مـوقتەدایـی مـوتتەقین

***

«٢»

## روو رەشی دیوانتم

رەببی هەرچـەند شـەرمەسار و روو رەشـی دیـوانـتم
ئـــافەریدەی زاتـی پـاکـی ئـەقدەسی سـوبحانتم
تـێك شکـاوە گـەر لە ژێر بـاری گـوناها، قـامەتم
خۆ بـە گـیان و دڵ بـە هـیوای بـەخشش و غـوفرانـتم
لانـــەواز و بــێ مــەلاز و بــێ نـەواو و بـێ کـەسم
دەستی بێ دەستیم بوڵەنـد کـرد چاوەڕێی ئـیحسانتم
رووی، ئـومێدم کـردە قـاپی بـارەگـاهی ئـەقدەست
چـاوەنواڕی عـەتف و جـوودوو رەحـمی بێ پـایانتم

ڕووم نیە دەس هەڵبڕم مـن بـۆ تکـای ئـەحواڵی خـۆم
چـونکە غـەرقی بـەحری پیسی بـۆگـەنی عـوسیانتم
چی بکەم؟ لای کێ بچم؟ کێ بێنمە حاجەت بۆ تکا؟
هەرچی بم خـۆ ئـوممەتێکـی شـاهی ئینس و جـانتم
بـاوەڕم پـێتـە بـە دڵ یـەزدانـی پـاکـی عـالەمی
مـــلکەچی فـــەرمان و حـــوکمی عـادڵی قـورئانتم
ئاوڕێکـم لێوە دە ڕەببی بە لوتـف و ڕەحـمی خـۆت
چـــاوەنوارِی قـــەترەێکـــی ڕەحـــمەتی پـەنهانتم
جورمی «شاهۆ» [پەلکە پووشێکە] بەرامبەر عەفوی تۆ
بـــۆیـــە داواکـاری عـــەفوی حـــەزرەتی ڕەحـــمانتم

***

«۳»

## ڕووم لە قاپی تۆیە

ڕووم لە قـاپی تـۆیـە ڕەبـبی وام لە بـەر دیـوانـتا
کـەوتوم وەك سـەگ لە سـایەی سێبـەری قـورئانتا
تـۆ پـەناهی بـێ پـەناهانیت و بـەندەی ڕوو سـیات
غـەیری تـۆ نـیمە پـەناهێ مـن لە ژێر ئـاسمانتا

سەد کە نامەی کردەوەم ڕەشتر لە ڕووی خۆمە بەڵام
سـەهلە شۆرینی لە دەریـای بێ پـەیی ئیحسانتا
بـاوەڕم وایـە بـە نـەسسی ئـایەتی «لاٰ تَـقنَطُو»
مـوئمینان نـابێ مـوعەززەب بـن لەنـا و زیـندانـتا
تۆ کە فەرمووتە ئەبەخشم گشت گوناهی موئمینین
بەندە چۆن بێ بەش ئەفەرمووی ڕێم لە نا و غوفرانتا
گەر ببەخشی جورمی «شاهۆ» هیچی کەم نابێتەوە
بـەحری ڕەحـمی بـێ پەی و ئـەلتافی بێ پـایانتا

***

«٤»

## ڕەببی تۆ پشت و پەناهی

ڕەبـبی تۆ پشت و پـەناهی مـەرحـەمەت کـە ڕەحـمەتێ
بـەندە عـەبدم تـۆ خـوامـی مـەرحـەمەت کـە ڕەحـمەتێ
شـــەرمەساری بــارەگـاتم ڕووم نـیە سـەر هـەڵبـڕم
خۆت کە بەخشندەی گوناهی مەرحەمەت کـە ڕەحـمەتێ
موشکیلاتی دیـن و دونـیام هـەر بـە لوتـفت حـەل دەبـێ
ساحێب و موشکڵ گوشامی مەرحـەمەت کـە ڕەحـمەتێ

خـۆت حـەکـیمی ئـاگـا داری ئـێش و ئـازاری منی
داروی دەردی شـیفامی مـەرحـەمەت کـە رەحـمەتێ
ماڵ و رزق و عومر و دەوڵەت عیززەت و زیللەت هەموو
هەر بە دەست خۆتە نیزامی مـەرحـەمەت کـە رەحـمەتێ
گەر دەرم کەن بچمە کوێ؟ لای کێ سکاڵای خۆم بکەم؟
مـەرجـەعی لاڵە و تکـامی مـەرحـەمەت کـە رەحـمەتێ
رووی دڵ و رۆحـم لە تـۆیـە «یـا إلـهَ العـالمَین»
رەببی خۆت مەعبودی عامی مەرحەمەت کـە رەحـمەتێ
بـەندە هیوام گـەر بـە رەحـمت بێ لە کـەس بـاکـم نیە
لابـەری جـەور و جـەفامی مـەرحـەمەت کـە رەحـمەتێ
عـەبدی زاتـی پـاکـی خـۆتـە رەببی «شـاهۆ»ی لانـەواز
باعیسی خۆشی و سـەفامی مـەرحـەمەت کـە رەحـمەتێ

***

«٥»

## موسوڵمانم

هەزاران شوکری تۆ رەببی کە کوردێکی «موسوڵمانم»
بـە تـۆ و پـێغـەمبەرانی تـۆ و کـەلامت زۆرە ئیمانم

بـە دڵ بـڕوام وەهـایە سـاحێبـی ئـەرز و سـەماواتـی
بە دەستی خۆتە گشت چەرخێ بە راستی وایە ئیزعانم
بەبێ فەرمانی تۆ نەبوە و نیە و نـابێ شـتێ بـۆ کـەس
بە ئەمری تۆیە بوون و ژین و مـان و نـووری چـاوانـم
«ئیباحی» نیم تەماعم بێ بـە نـامووسی کـەس و کـارم
لە لوتفی تۆوە دواکەوتووی رەوشتی فەخری ئینسانم
پـەنام هـێنـایە بـەر قـاپی بـوڵەنـدی زولجـەلالی تـۆ
بـەزەییت گـەر نـەیێت پـێما بـە جـارێ مـاڵی وێرانـم
ئەگەرچی روو سیا و دەفتەر سیا و بەد خوو و گوناهبارم
هەزاران تەوبە بێ رەبـبی بـبەخشە جـورم و عـوسیانم
تەڵەب کارم لە رەحمی تۆ لە رێی دینا بە سـەربەستی
نەجاتی دەی بە گورجی «قەومی دامـاوی پـەرێشـانم»
گـرفتاری دەسیسەی کـۆمـەڵی «تـلمیذ»ی شـەیتانن
بە زاهیر «مەڕ»، کەچی وەك گورگی هارکەوتوونە ناو رانم
گەلێ رێ کەوت و دەرفەت بوو لە دەسیان دا بە خۆڕایی
کەچی وەرناگرن عیبرەت بـە دڵ لەم حـاڵە حـەیرانـم
بە نـەسر و نـەزم و گـۆرانـی گـەلێ پـاڕایـەوە «شـاهۆ»
کە «دواکەوتوو» نەبن یەك بن، بەلام «بێ سوودە» ئەلحانم

***

«٦»

# فەردی تەنیای تاك

# موناجات

فـەردی تـەنیای تـاك، فـەردی تـەنیای تـاك
جـە عـەیب بـێ بـەری، جـە ئالایش پـاك
بـێ تـاتە و فـورزەند بـێ شـەریك، بـێ بـاك
بـێ یـاگـە و مـەكـان، «واقِـعُ الأفـلاك»
«مـالِكُ الـمُـلُوك»، شـەهەنشای كـەونەین
حـاكـمی مـوتڵەق «عَـلَی العـالَمِین»
ئـیجاد كـونەندەی مـەخلۆق جـە عـەدەم
ئـافەرینەندەی عـالەم جـە قـیدەم
رۆزی دەهـەندەی عـمومی زی رۆح
پـەی دەروون تـەنگان دەهـێندەی فـتوح
خـاریجی هـومووم خـەمبارانـی زار
كـاشفی غـومووم دڵانـی پـڕ خـار
رەحـم كـەر وەحـاڵ دڵەی غـەریبان
نـەجات دەهـێندەی یـوسف جـە زیندان

یــــا ڕەب وە حــــاجەت زولجـــەلالی وێت
بـــــە زات و ســـــیفات لایـــەزالی وێت
بە «ئادەم» بە «شیس» بە «نووح» بە «ئـەییوب»
بە «هوود» بە «ساڵح» بە «یەحیا» و «یەعقوب»
یا ڕەب بە «خەلیل» بە «ئیسحاق» «ئـیدریس»
یا ڕەب بە «داوود» «ذوالکفل» و «جـرجیس»
بـــە «زەکـــەریبا» و «هــارون» و «مــووسا»
بــە «ســولەیمان» و «شــوعەیب» و «عـیسا»
بـــە پــێغــەمبەران ئــەنبیای مــورسـەل
بـــە «أُولـــو العَــزم»ان بــارەگــای ئــەفزەل
دیســان بــە حـاجەت فـەخری مـورسـەلین
خـــۆشــەویستی خــاس «ربّ العــالمین»
«خــــاتَم الرُّسُــــل، هــــادِی السُّــبُل
شــــافع الذّنــــوب، رافِـــع العَـــلیل
سَـــیّدُ الْکَـــوْنَیْنِ نُـــورُ الْمَـــشْرِقَیْنِ
نَـــیِّرُ العَــــالَمِ، شَمْسَ الخَـــافِقَیْنِ
مُحَـــــمَّد أَحْمَـــد طـٰــــه وَ یٰـــاسِین
مُـــصْطَفىٰ مُـــرْسَل عَـــلَى الثَّــقَلَیْنِ

یــا ڕەب بـە «سـددیق»، بـە عـەدڵی «عـومەر»
به «ون»ی «عـوسمان»، بـه شـێری «حـەیدەر»
به «حەمزە» و «عەباس» به «تەلحە» و «زوبەیر»
بـە «سـەعد» و «سـەعید» مـوبەشیر بـە خـەیر
بـــە کــزەی ســینەی زەهــرایــی «بـــەتوول»
بـــە دوو نـــەونەمام ئـــەولادی ڕەســـوول
بـــەو نـــۆ ئـــەسحابا شـــەهیدا بـــەدری
بــە ســاحێب شــمشێر نــەکــۆ و خــەیبەری
یـــا ڕەب بـــە حـــاجەت عــاشقانی وێت
بـــــە مـــــوقەڕڕەبـــــان لامـــــەکـــــانی وێت
ئـــومێدم ئـــێدەن بـــە فـــەزڵ و ڕەحـــەم
بـــبەخشی گـــونام بـــە لوتـــف و کـــەرەم
مـــن ئـــەگـــەر جــە وێم خــەجاڵەت بــارم
جـــە کـــەردەی بـــەدی وێم شـــەرمەسارم
ســـەراپـــا غـــەرقەی بـــەحری عـــوسیانم
ســـەر کـــەردەی جـــەرگەی گـــوناهکارانـــم
دەفـــتەرم جـــە ڕووی وێم ســـیا تـــەرەن
ڕەفـــتاری بـــەدم جـــە «بـــەد» بـــەد تـــەرەن

سەد بار روو سیا و سەر ئەفکەندەی تۆم
ئومیدم بە تۆن کەمتەر بەندەی تۆم
گەر تۆ نەبەخشیم وە گەورەیی وێت
کێن ئیتر پەنام؟ تۆ بوزورگی وێت

***

## ماموّستا مەجید نژماری

ئەم شاعیر و مامۆستا بەڕێزە ناوی «عبدالمجید» باوکی ناوی «عبدالله»و نازناوی «نژماری»یە، لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە ئاوایی «نژمار»ی سەر بە ناوچەی مەریوان چاوی بە دونیا هەڵێناوە، لە ساڵی ١٣٦٤دا هەر لە دێکەی خۆیا لای مامۆستا و پێش‌نوێژی ئەو سەردەمەی ئەوێ (مامۆستا شێخ جەلال فارۆقی دەمەیەوی) دەستی بە خوێندن کرد و بۆ درێژە دان بە زانیاری خۆی بەرەو ئاواییەکانی ناوچە بەڕێ کەوت و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە مەدرەسەی «ئیمامی شافیعی» ئاوایی «دەگاشێخان»ی مەریوان لە خزمەت خوالێخۆش‌بوو مامۆستا سەیید «عطاءاللهی چۆڕی و حاجی مامۆستا مەلا ئەحمەدی رۆستەمی پلە زانستیەکانی تەواو کرد و ئیجازەی

مەلایەتی وەرگرت و بوو بە پێش‌نوێژ و مامۆستای ئاوایی «سەڵەسی»، وە تا کۆتایی ژیانی هەر لەوێ مایەوە و خزمەتی دین و موسوڵمانانی کرد، بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژی ١٣٨٦/١٢/١ لە تەمەنی ٤٢ساڵیدا بە هۆی هەڵگەڕانەوەی ئوتۆمبیل لەگەڵ دۆستی دێرینی و مامۆستای بەڕێز حاجی مامۆستا مەلا ئەسعەدی شوکری (زەلکە)، لە جادەی کرمان گیانیان لە دەست دا و بە دەستی پڕ بۆلای خوای خۆیان گەڕانەوە. ڕۆحیان شاد، پلە و پایەیان لای خوا بەرزتر. ئامین.

«١»

## سروودی: من شەهیدم...[١]

مـن شـەهیدم بـە خـوێنم ئـاڵای ئیسلام ڕەنگین ئـەکـەم
دوژمـنانی حـەق بـمرن وا هـات لەشکـری دینەکـەم
لەبـیرم نـاچێ زەحـمەتی پـێغـەمبەری ڕێبـەرم
لەیـادی نـاکـەم خـوێنی «عـومەر» جێگـە نشینەکـەم

١. ئـەم هـۆنراوەیـە بـە شێوەی سروود لەلایـەن فـەقێکانی مەدرەسەی ئیمامی شافیعی ئاوایی دەگاشێخانی ناوچەی مەریوان لە کۆڕ و مەجلیسەکانی مەولوودنامە و میعراج‌نامە و ئیجازەنامەکاندا خوێنراوەتەوە.

لە ڕێی دینا ناسرەوم شانازییە شەهید بونم
با خوێن تێکەڵ کەم لەگەڵ «عوسمان»ی «ذِیالنُّورَین»ەکەم
ئاڵای پیرۆزی ئیسلام تاکوو ئەبەد نانێمە ئەرز
سەردەکەوم یا دەمرم لە خەباتا بۆ دینەکەم
بە هەڵمەتی «حەیدەر»ی قەڵای دوژمن ئەڕوخێنم
خوێنی گەشم هەوێنە بۆ سەرکەوتنی دینەکەم
سەربازی پێغەمبەرم جیهادە پیشە و ئیشی من
جیهادە ئەسوتێنێ دڕك و خەشەڵی دینەکەم
پەیمان و بەڵێن ئەدەم بە پێغەمبەری ڕێبەرم
ڕێگەکەی ئەو بەرنەدەم بمرم بۆ بەرزی دینەکەم
من شەهیدم بە خوێنم گوڵانی ئیسلام ئا و ئەدەم
تا لەبەین ئەبەم هەموو بژاری دەوری دینەکەم
بەڵگەی سەربەرزییە پێم کاتێ ئەچم بۆلای خودا
پەیمانی پێغەمبەر و کفنە بە خوێن ڕەنگینەکەم
من شەهیدم ئەی کاروانی موسوڵمانان وەسێتە
بی پارێزن سەنگەرە بە خوێنی ئاڵ ڕەنگینەکەم
من شەهیدم خوێنەکەم تاکوو ئەبەد نابڕێتەوە
ئیفتیخارە بۆ خۆم و بۆ ڕێبەرانی دینەکەم

مـن شـەهیدم بـە مـەرگم ژیـانێکی سـەرمەدیم هـەس
هـەدیە بـۆ پـێغـەمبەرم جـل و بـەرگە خـوێنـینەکـەم
مـن شـەهیدم ئـەوا چـووم فـەرزە لەسـەر هـەموو ئـێوە
پـارێزگـاری لە قـورئان، ئـەی ڕێبـەرانـی دیـنەکـەم

***

«٢»

ئەی موحەممەد ڕەمزی هەستی «رَحمَـةً لِـلعَالَمِين»
ئـەی «امـام المُـتّقین»، ئـەی سـاحێبی دینی موبین
نوری «ربّ العـالمین» ئـەی ئـیفتیخاری مورسـەلین
ئەی ڕەسولی جینن و ئـینسان و فـریشتە، ئـەجمەعین
قەیسەر و کیسرا لە پەوڕوو کەوتنە بـەر ئـاستانەکـەت
قیبلەگاهی خـاس و عـامە خـاکی بـەر درگـانەکـەت
چـەندە شـیرینە بـەقوربان سـوننەت و قـورئانەکـەت
ئینس و جین پەروانەیە بۆ مەکتەبە زۆر جـوانـەکـەت
شـەوقی هـەستی ئـەم جـیهانە شـاهیدی «لولاك»تـە
دوژمـنی دیـنت زەلیـلی خـەنجەری بـێ بـاکـتە

ئەی موحەممەد هەمدەمو هەمڕازەکەی «روح الأمین»
ئەی شەهەنشاهی شکۆهی ئاسمان و سەرزەمین
خاکی رەوزەت سورمەیە بۆ چاوی ئەهلی فەزڵو دین
بۆنی ئەنفاست مەسیح ئاسایە بۆ تەجدیدی دین
زەمزەمی ئاوی دەمت دەرمانی دەردی کارییە
دوڕڕ و یاقووتی کەلامت زەمزەمەی بێدارییە
پەیڕەوی بەرنامەکانت عاقڵی و هۆشیارییە
تەرك و ئینکاری نیشانەی جاهیلی و بیمارییە
مەکتەب و قورئانەکەت دەستووری ژین و دینمە
جوملەی ئەمر و نەهییت تا ئەبەد تەڵقینمە
من کە قورئانم هەیە قانوونی رووسم بۆ چیە
ڕەسمی ئەمریکا و ئینگلیز و مەجووسم بۆ چیە
یا رسوڵَ الله سەر و ماڵ و مناڵمان بێ فیدات
کێ هەیە بتوانێ تاریف و سەنای تۆ گشت بکات
گەر غەوواسی فکری ئێمە بێتە نا و دەریای سەنات
نوقم و سەرگەردان ئەبێ، حەیران ئەبێ ناگاتە لات

***

«٣»

## سرودی: من که رۆڵەی موسوڵمانم[١]

مـن کـه رۆڵەی مـوسوڵمـانم رانـاوەستم له خـەبات
ئـامادەم بـە دڵ و بـە گـیان بـۆ تـێکـوشان و جـیهاد
به نووری شەمعی قورئانی رۆشن ئەکەم سەر بیسات
سـا مـوسوڵمـانان راپـەڕن لەشکـری قـورئانی هـات
براکـەی مـن ئـەی مـوسوڵمـان هـەسته جـیهاد بـەرپایه
کـاتی رەونـەقدان بـە سـەنگەری رەسـولی خـودایـه
بـە ئـیتتیحاد و یـەکـیەتی دوژمـنی دیـن ریسـوایـه
کـاتی هـەڵمـەت تـەنیا نـابی، پشـتیوانت خـودایـه
ئـێمـه روڵەی «ئـیبراهـیم» و نـەوەی «صـلاح الدّیـنین»
فـیداکـار و تـێکـۆشـەرین هـەموو سـەربازی دیـنین
ورە و ئـیرادەمـان بـەرزە ئـاواتـمان بـەدی دێنـین
بـە وشـەی «الله اکـبر» قـەڵای دوژمـن دەڕوخـێنین

---

١. ئـەم هـۆنـراوەیـە بـە شـێوەی سـروود لەلایـەن فـەقێکـانی مەدرەسەی ئیمامی شافیعی ئاوایـی دەگـاشێخـانی نـاوچەی مەریوان، له کۆڕ و مەجلیسەکانی مەولودنامە و میعراجنـامە و ئیجازەنامەکاندا خوێنراوەتەوە.

دەرسی بڕوامان لە مەکتەبی خودا خوێندووە
مودەڕڕیسمان موحەممەدە تاکوو ئەبەد زیندووە
گەرچی دوژمن درك و داڵی لە مێژەوە چاندووە
شوعلەیی دینی پێغەمبەر ئەوانی تاراندووە
ئەی برای موسوڵمانی من تاکوو کەی ژێر دەستە بین
تاکوو کەی کۆت و زەنجیر و ئەسیر و پێ بەستە بین
سەنگەری ئیسلام بە تەمای هێزی دەستی تۆیە دەی
تۆی ئەبێ «حەمزە» و «عومەر» لەو ڕۆژەدا بیر و بخەی
ئەبێ فەرمانی قورئانی بە گوێی ناحەزدا بدەی
دەسا بێ دین ئێمە هاتین بۆ کوێ گیانت دەر ئەبەی
من بە چەن چەك موسەللەحم چەن ئەسڵەحەم لە شانە
ئاواتم شەهیدییە یا ئیسلاحی ئەم جیهانە
شەرتە ئەی پێغەمبەر و ئەی هاوەڵە شیرینەکان
منیش نەسرەوم تا قورئان بێتە یاسا لە جیهان
پیشە و ئیشمان تێکۆشانە قەد لە خەبات ناسرەوین
موسوڵمانین بە وراوەی دوژمنی دین ناخڵەتین
دایە بۆ خوێنی ڕوڵەکەت لێت بێ موبارەك بادی
﴿عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ پێت ئەدا موژدەی شادی

شەرتە ئێمەیش بە خوێنی گەش ئاڵای ئیسلام مۆر بکەین
پشتی دوژمن لە زەوی دەین گەردنی پێ شۆڕ بکەین
بە خوێنی گەشمان مەرهەمی زامانی ناسۆر ئەکەین
پشتە سوور بە یارمەتی خوا قەڵای دوژمن گۆڕ ئەکەین

***

«٤»

## سروودی: شافیعی بەڵێن ئەدەم(١)

شافیعی بەڵێن ئەدەم شەرتە بە دڵ و بە گیان
ڕێبواری ڕێگەکەت بم کۆڵ نەدەم لە تێکۆشان
شافیعی دایك و بابم کردومیان بە سەربازت
جا کە وەهایە شەرتە لانەدەم لە ڕێبازت
تاکوو خوێنم تیا ماوە ڕێگەکەت شەقامم بێ
لەم ڕێگەیە ئەمرم یا ئەبڕم ڕێی پڕ هەورازت

---

١. ئەم هۆنراوەیە بە شێوەی سروود لەلایەن فەقێکانی مەدرەسەی ئیمامی شافیعی ئاوایی دەگاشێخانی ناوچەی مەریوان، لە کۆڕ و مەجلیسەکانی مەولودنامە و میعراجنامە و ئیجازەنامەکاندا خوێنراوەتەوە.

بێ باك و ترس له دوژمن ئەڵێم کە سەربازی تۆم
مادام تۆ پێشەوام بی دیارە کەوا سەربەخۆم
شافیعی گەرچی بڕینی ئەم ڕێگەیە زۆر سەختە
چونکە کار و پیشەکەت ئەکەوێتە سەر ئەستۆم
بەلام ئەوا بڕیارە دوا بەڵێن ئەدەم بە گەل
ناخەوم رادەپەرم بە گورجی، بە پەلە پەل
تێدەکۆشم بێ وچان بۆ رزگاری دین و گەل
سا موسلیمین موژدە بێ کاروانمان گەیشتە کەل
عەلەمدار موژدە ئەدات عەلەممان هەڵکراوە
بە خوێنی سووری شەهید ناوی خوای لێ نووسراوە
قانوون ئەساسی ئیسلام تێدا نەقش کراوە
حەرەس لە دەوری ئەڵێی سەوڵە هەموو وەستاوە
هەموو بە گیان و بە دڵ پارێزەری عەلەمن
بۆ چاکتر شەکانەوەی ئەو عەلەمە بە خەمن
ئەم بەڵێنەی من داومە کە گیانم بۆ ئیسلامە
دیسان نوێی ئەکەمەوە ئەو بەڵێن و کەلامە
ئەڵێین ئێمە فیداین لە ڕێگەی ئەم ئیسلامە
بێ دین بۆ واز ناهێنی، بێ شك عومرت تەمامە

بـا دوژمـن هـەر بـناڵێ وا بـاغەکـەم هـاتە بـەر
تـا ئـەبەد بـەردەوامـە، سـایەی حـەزرەتی لەسـەر
مەدرەسەی بەرزی قـورئان دەرسـی بـڕوای پـێ داوم
پـیشەم خـەباتە بـۆ دیـن تـاکـوو لە دونـیا مـاوم
ئـارەزووم بـەرزی دیـنە، وەهـا تـەعلیم کـراوم
بێ دیـن سـا گـۆڕت گـوم کـە تازە لە خـەو هـەستاوم

***

«٥»

## سروودی: مانگی «ربیع الأوّل»...[١]

مانگی «ربیع الأوّل» مانگی جەژن و شـادییە
لە دایك بوونی ڕەهـبەر بـەرهەمی ئـازادیـیە
یادی ئەو ڕۆژە بەخێر هیوای چینی مەزڵومە
﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلٍ﴾ ئامانجەکەی مـەعلومە
خێر و بێری ئەم ڕۆژە لەبۆ گشتی و عومومە

**

١. ئـەم هـۆنـراوەیـە بـە شـێوەی سـروود لەلایـەن فـەقێکـانی مەدرەسەی ئیمامی شافیعی ئـاوایـی دەگـاشێخـانی نـاوچەی مەریوان، لە کۆڕ و مەجلیسەکانی مەولوودنامە و میعراجنامە و ئیجازەنامەکاندا خوێنراوەتەوە.

بەخێر هاتیتۆ رەبیع خێرت ئەعزای داگـرتین
یادی حـەماسەكـانت دەرد و داوی لابـردین
رۆژی مێژوی كەسێكی ئازادی بۆ هاوردین

**

رۆژی لەدایك بوونت هەموو دەستی یەك ئەگرین
بـەڵێن تـازە ئـەكـەینۆ رێبـازەكـەی تـۆ بگـرین
جیهاد بۆ بەرزی ئیسلام، یا لە پێناویا ئەمرین

**

هـەموو فـیدای ئـیسلامین بـوون و مـانمان بـۆ دیـنە
پشتە سووری وەعدەی خواین پشت نابەسین بەم ژینە
موجاهیدی رێی دینین ئیمانمان زۆر بەتینە

**

ئالای پیرۆزی ئـیسلام بـە دڵ ئـەگـرم ئـەینێژم
هەرلا دوژمنی لێ بێ بە دڵ و گیان چاكتر ئێژم
لە بۆ بەرزی ئالای دین حازرم خوێن بڕێژم

**

«بووبەكر» و «عومەر» «عوسمان»، «عەلی» ئاەو مەردانە
دەرسێ وایـان پـێ داویـن نـەنوین تـا مـانمان مـانە
سەربازێ فیداكار بین بۆ ئەم ئیسلامە جوانە

**

ئەم دینە بوو وا «حەمزە» و سەدان کەس لە پێناوی
ئەبینران قوربانی بوون لە مەیدان بە خوێناوی
ئەوان وا ئەیان پاراست بۆیەکا ماوە ناوی

**

ئەوان چوون بەرە و خودا بە روو سووری و سەربەرزی
لە مێژا تۆمار کرا ئیستیعمار بەوان لەرزی
ئەمانەتیان بەجێ هێشت، خۆیان چوون بە سەربەرزی

**

شەرتە ئێمەیش تا ماوین چەکمان قەد نەنێینە ئەرز
بە ناحەزمان سەلمێنین ئیسلامە مەکتەبی بەرز
بەردەوام بێ ئەم رێگا پێوانی بۆم بووە بە فەرز

***

## پیرەمێرد

مامۆستای پایە بەرز ناوی «تۆفیق» کوڕی مەحمود ئاغایە. لە ساڵی ١٨٦٧ی زایینی لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، وە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. بۆ چۆنیەتی ژیانی ئەم بەڕێزە تەماشای پێشەکی دیوانەکەی بکەن.

## بەشێك لە هۆنراوەكانی

«ا»

خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن
هیچیان نەدیوە وا هەڵەوەڕن
ئەگینا سەیری باغێکی گوڵ کەن
تەماشایەکی بە عەقڵ و دڵ کەن
ئەو ڕەنگە جوانەی پەڕەی «هەرجایی»[١]
بە زەرەبینی تیشکی بینایی
لێی ورد ببنەوە کە ئەو سەنعەتە
کێ دەڵێ زادەی خووی تەبێعەتە؟!
گەڵای «گوڵپەسەند»[٢] کام مەقەست بڕی؟!
«پەردە عەرووسی»[٣] کێ پەردەی دڕی؟!
کێ هات «لا و لاو»ی[٤] بە دارا ئاڵان؟!
کام دەست گەردنی «وەنەوشە»ی[٥] شکان
خوایە ئەم دڵەم هێزێکی بەرێ
کە غەم لە نا و خۆی بکاتە دەرێ

---

١ و ٢ و ٣ و ۴ و ۵. ناوی گوڵن.

مــن خــۆم نــازانــم چــی بۆ مــن چاکــه؟
تــۆ بــه مــه‌یلی خــۆت دڵم ئــاوا کــه
پــایه‌ی تــۆ نــاسین ئــه‌گــه‌ر ده‌رکــه‌وێ
ئــیتر کــێ دونــیا و دیــناری ئــه‌وێ
مــن کــه دێوانــه‌ی تــۆ بــم بــه تــه‌نیا
شــه‌قێك هــه‌ڵ ئــه‌ده‌م له هــه‌ردوو دونــیا
دڵم هــه‌میشه یــادی تــۆ ئــه‌کــا
گــیان له ڕێی تــۆدا جــوست و جــۆ ده‌کا
بــه‌هه‌شت مــه‌دح ئــه‌کــه‌ن بــه نــاو و داوێ
مــن لیــقای تــۆم بــێ بــه‌هه‌شتم نــاوێ
عاشق کــه بــه‌ڕاست ده‌ستی له گیان خست
پــه‌کــی ســه‌یران و گــه‌ڕانــی خــۆی خست
دیــاره کــه یــاری ئــه‌و وه‌فــایه‌ی دی
کــامی ویســاڵی بــۆ دێنــێتــه دی
خــوایــه ئــه‌یزانــی کــه مــن تــۆم ئــه‌وێ
مــه‌عشووق چــه‌ریایه‌ی بــه تــۆ ده‌کــه‌وێ
خــوایــه نــامه‌وێ تــاعه‌تم زۆر بــێ
نــه‌وه‌کــا نــه‌فسم بــه‌وه مــه‌غروور بــێ

خـــۆم بـــە گـــوناهکار ئـــەدەمە قـــەڵەم
تۆ خۆت فـەرمووتە حـەز لە عـەفوو ئـەکـەم

***

«٢»

## ستایش

پـێغـــەمبەرەکـــەی خـــۆشـــەویستی خـــوا
خـــــاتەمی، نـــــەبیت نـــــەهاتووە لە دوا
زۆر پـێغـــەمبەر هـــات بـــەر و دوا تـێکـرا
خـــاتەمی خـــاتەم بـــە هـــیچ کـــەس نـەبڕا
بـــــەر لەوەی ئـــــادەم کـــــەوا سـەفی بـــوو
تـــۆ مـــوستەفا بـــووی بـــەڵام خـــەفی بـوو
مـــایەی خـــیلقەتی ئـــەفلاك «لَـــولاك»ە
بـە ﴿أَلَمْ نَـــشْرَحْ﴾ سـەدری تـۆ پـاکـە
﴿وَالضُّحىٰ﴾ سوێندی پڕ نووری رووتـە
﴿وَاللَّيْل﴾ بـۆ تـورڕەی سـەوادی مـووتە
نـێرگـز ﴿مَـازاغَ الْـبَصَر﴾ جوانـی کـرد
سوورمەی توور چاوی تـۆ هـەرزانـی کـرد

مانگ بە پەنجەی تۆ دوو کەرەت شەق بوو
پەرویز بە ناوی تۆ جێی پێ لەق بوو
بومەلەرزەی تۆ کەوتە دونیاوە
لەو ساوە گۆلی «ساوە» هەستاوە
﴿سُبْحَانَ الَّذِی أَسْرىٰ﴾ سەراتە
﴿قَابَ قَوْسَیْن﴾یش ﴿أَدْنیٰ﴾ جێگاتە
سوورەی ﴿وَالنَّجْم﴾ ئەدرەوشێتەوە
گوڵی ئاینت ئەگەشێتەوە
﴿إِنَّا فَتَحْنَا﴾ت تووڕڕەی بەیداغە
ئایەی ﴿مُزَّمِّل﴾ کەوای شیرداغە
خوا سڵاواتی لە دیدارت دا
ئەو نوورەی دیارە لە دیدارت دا
تۆ نەبوویتایە بە ئاگری نەمروود
نەسڵی «ئیبراهیم» نەدەبوو مەوجوود
ئەو ئیبراهیمەی تۆ نەوەی ئەوی
لە کوردستاندا دەرکەوت بڕەوی
باپیرە گەورەت فەخری کوردانە
مەڵبەندی ئەوە ئەم جێ و مەکانە

تــــوخوا هـــەر لەبـــەر دڵی ئیبراهـیم
دەردمان دەرمان کە، کە هەر تۆی حەکـیم
تـۆ و ئـەم ڕۆژەی تـۆی تیا هـاتیە دونـیا
چـــارمان کـــە هـیوای بـە تـۆیـە تـەنیا
هــــەروەك ﴿رَحْمَـــةً لِـــلْعَالَمِين﴾ ی
دیـــارە تــــەنگانەی ئــێمـــەش ئـەبینی
تـۆ خـۆت ئـەزانـی کـە کـورد دیـندارن
بـــــە ئـــاینی تـــۆ ســــەلابەت دارن
خـــۆمـــان بـــە ئـــەهلی ئـیمان ئـەناسین
کـــەچی کـــەچ ڕەویــن بــۆیـە کـەساسین
کـــە تـۆ لای خـــوا خـــاترت ئـەگـیرێ
وا بکـــــە نــــیفاقمان لەنــا و هـــەڵگـیرێ
ئــــەوسا ئــــەبینی چ ئـــوممەتێکـــن
لە ڕێی خـــــزمەتی ئـــایندا یـــــەکـــین

***

«٣»

## مەولوودی پێغەمبەر ﷺ

ئـــــیمڕۆ مـــــەولوودی پــێغـــەمبەرمانە
ئـــــەو پــــێغـــەمبەرەی کـــــە ڕەهـــبەرمانە

خوا فەرمووی ئەگەر تۆم شك نەئەبرد
چەرخی ئەفلاکم دروست نەدەکرد
بۆیەکەم ناردیە سەر ئەو زەمینە
بڵێن ﴿رَحمَةً لِلْعَالَمِين﴾ە
دیارە رەحمەتی خوا هەر وا ئەبێ
ئەم دینە چاکەی لێ پەیدا دەبێ
هەر لە رۆژ هەڵات، هەتا رۆژ ئاوا
چرای ئەم دینەی تیا هەڵکراوە
ئەگەر دینەکەی وا چاك نەبوایە
چۆن ئەم برەوەی دەخستە کایە
تفڵێکی بێ کەس، خۆی نەخوێندەوار
خودا بەو دینە کردی بە سەردار
کاتێ موعجیزەی قورئانی نواند
ئایینی هەموو میللەتی شێواند
ئاگر و ئاوی کرد بە هەرەمە
هەرچی بۆ بڵێین هێشتا هەرکەمە
خوا رێی سروشتی لە دەست خۆی ناوە
هەرچۆنی ویستی هەر وا خولقاوە
بە ئایەی عەدڵی کەوا دێرێکە
موشریکەکانی هێنایە رێگە

بۆچ فەخر نەکەین بەو پێغەمبەرە؟
که بۆ ئەنبیا هەر ئەو سەروەرە
موسوڵمان ئەبێ کردەوەی چاك بێ
موسڵمانێتی بە قسە نابێ!
که «وای أُمّتِي» ئەو هاته بەر گوێم
له شەرمەزاری نازانم له کوێم؟
حەیفه دین ئەمە و خۆمان بەدکار بین
ڕۆژی شەفاعەت لای شەرمەزار بین
با لەم رۆژەدا بە چاوێکی تەڕ
ڕۆحی مەولەوی بکەین بەرابەر
«هەورەکەی رەحمەت رووی سەمای کەرەم
سەڵات و سەلام کەی کەم، ئێستا کەم
بێنێ و بڕێژێ و بدا بە هەمدا
بەسەر مەزرەعەی رۆحی خاتەمدا
جەو مەزرەعەی نوور جۆش دا سەرەر و ژوور»
کوردستان پڕ کا له تۆفانی نوور
***

## موناجاتی حەزرەتی ئەبووبەکری سددیق رضي الله عنه

(١) جُـدْ بِـلُطْفِكَ يـا إلٰهـي مَـنْ لَـهُ زادٌ قَـلِيلُ
مُـفْلِسٌ، بِـالصِّدْقِ يَـأتِي، عِـنْدَ بٰـابِكَ يٰـا خَـليلُ
(٢) ذَنْـبُهُ ذَنْبٌ عَـظِيمٌ فَـاغْفِرِ الذَّنْبَ الْـعَظِيمُ
چـإنَّهُ شَـخْصٌ غَـريبٌ مُـذْنِبٌ عَـبْدٌ ذَلِـيلُ
(٣) مِنْهُ عِـصْيٰانٌ وَ نِسْـيٰانٌ، وَ سَهْـوٌ بَـعْدَ سَهـوٍ
مِـنْكَ إحْسٰـانٌ وَ فَـضْلٌ بَـعْدَ إعْـطٰاءٍ جَـزِيلٍ
(۴) قٰـال يـا رَبِّ ذُنُـوبِي مِـثْلَ رَمْـلٍ لا يُـعَدُّ
فَـاعْفُو عَـنِّي كـلَّ ذَنْبٍ فَـاصْفَحِ الصَّـفْحَ الْجَـمِيلَ
(۵) قُـلْ لِـنٰاري أبْـرِدِي، يٰـا رَبِّ فِي حَـقِّ كَـمٰا...
قُلْتَ: «قٰالَ يـا نٰـارُ كُـونِي» أَنْتَ فِي حَـقِّ الْخَـلِيلِ
(۶) كَيْفَ حٰـالِي يٰـا إلٰهِـي لَـيْسَ لِي خَـيْرُ الْـعَمَلِ
سُـوءُ أَعْـمٰالِي كَـثِيرٌ زٰادُ طٰـاعٰاتِي قَـلِيلُ
(٧) عٰـافِنِي مِـنْ كُـلِّ ذَنْبٍ واقْـضِ عَـنِّي حٰـاجَتِي
إنَّ لِي قَـلْباً سَـقِيماً أَنْتَ مَـنْ يَشْـفِي الْـعَلِيلَ
(٨) أَنْتَ شٰـافِي، أَنْتَ كٰـافِي، فِي مُـهِمّٰاتِ الْأُمُـورِ
أَنْتَ رَبِّي، أَنْتَ حَسْـبِي أَنْتَ لِي نِـعْمَ الْـوَكِيلُ

(٩) رَبِّ هَبْ لِي كَنْزَ فَضْلِكَ أَنْتَ وَهَّابٌ كَرِيمُ
أَعْطِنِي مَا فِي ضَمِيرِي دُلَّنِي خَيْرَ الدَّلِيلُ
(١٠) هَبْ لَنٰا مُلْكاً كَبِيراً نَجِّنٰا مِمّٰا نَخٰافُ
رَبَّنٰا إِذْ أَنْتَ قٰاضِي، وَالْمُنٰادِي جُبْرَئِيلُ
(١١) أَيْنَ مُوسىٰ؟ أَيْنَ عيسىٰ؟ أَيْنَ آدم؟ أَيْنَ نُوحُ؟
أَنْتَ يا «صدِّيق» عٰاصِي تُبْ إِلىٰ مَوْلَى الْجَلِيلِ

(١) چاکە بکە بە لوتفی خۆت ئەی خوایا، بە کەسێ کە تۆشەی کەمە و موفلیسە، بەڵام بە راستی رووی کردووەتە درگانەت ئەی خۆشەویست...
(٢) گوناهەکەی گوناهی گەورەیە ببەخشە گوناهە گەورەکەی، چوون بە راستی شەخسێکی غەریب و گوناهبار و بەندەیێکی زەلیلە...
(٣) لە بەندەوە گوناه و فەرامۆشی و لەبیر چوونەوەی پەیا پەی، لە تۆوە چاکە و بەزەیی لەدوای بەخششی زۆر و فەراوان...
(٤) ئەڵێ ئەی خوایا گوناهی من وەکوو لم و ماسە وایە ناژمێرێ، ببەخشە هەموو گوناهێکم چا و پۆشی کە لە گوناهم بە تەواوی...

(٥) بفەرموو بە ئاگر سەردەوە بێ لە دەرحەقی من هەروەکوو چۆن فەرمووت سەردەوە بە لە دەرحەقی ئیبراهیمی خەلیل...

(٦) حاڵم چۆن بێ ئەی خوای من کە کردەوەی چاکەم نیە، کردەوەی خراپەم زۆر، تۆشەی تاعەتم کەم...

(٧) عەفووم کە لە هەموو گوناهێ، پێویستیەکانم بەجێ بێنە بە راستی دڵێکی نەخۆشم هەیە، وە تۆ کەسێکی شیفای نەخۆش ئەدەی...

(٨) تۆی شیفا دەر، تۆی کافی و بەس لە کارە گرنگەکانا، تۆی خوای من، حیسابی من بە دەس تۆیە، تۆ بۆ من باشترین وەکیڵی...

(٩) خوایا خەزێنەی بەخششی خۆتم پێ بدە تۆی بەخشەندە و خاوەن کەرەم، پێم عەتاکە ئەوەی لە دڵمایە رێنماییم بکە ئەی باشترین رێ پیشاندەر...

(١٠) پێمان بدە دەسەڵاتێکی گەورە، ئەی خوای ئێمە بمان پاریزە لەوەی کە لێی ئەترسین لەو رۆژەدا کە تۆ قازیت و بانگ دەر جوبرئیلە...

(١١) کوا مووسا؟ کوا عیسا؟ کوا آدەم؟ کوا نووح؟ تۆ ئەی «صدّیق» گوناهباری بگەڕەوە بۆلای خوای گەورە...

***

# موناجاتی عارف و خواناسی کورد
# خانای قوبادی

١١۶٨ ١٠٨٣

خانای قوبادی، ئەو ئەستێرە گەشەی کە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا درەوشاوەتەوە و ئەدەرەوشێتەوە، بە پێی بەیازێکی کۆن کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٠٨ی کۆچی لە دایك بووە و لە ساڵی١١۶٨ کۆچی دوایی کردووە. لە فروعی دیندا پەیڕەوی ئیمامی شافیعی و لە ئوسوڵدا ئەشعەری بووە.

«١»

پادشای شاهان ئیقلیم هەستی
نەققاش تەسویر بوڵەندی و پەستی
میعمار تەرکیب دەوران دڵکەش
دەفتەر بەند نەوع هەفت و چار و شەش
بۆ بەشق قودرەت لاتەناهی وێت
بە شکۆی عەزیم پادشاهی وێت
جەی بەندەی عاجز شێت دێوانە
نە هیچ بابەتێ مەگێر بەهانە

پەی چێش لایەزال بێ شوبهە و مانەند
مونەززەه جە قەید چوون و چرا و چەند
غەیر جە زات تۆ نەداروون ئەندێش
هیچ ئەمرێ نیەن کەس بە دەست وێش
مەر کێن ئیختیار وە دەست وێشەن
سا خوردەگیری و بەهانە چێشەن
ئەر شێخ کوبرا، ئەر سۆفی سافەن
ئەر دانا و نادان، ئەر موو شکافەن
بێ جەزبەی تەوفێق چوون تۆ فەریاد رەس
هیچکەس نەبەردەن پەی بە مەقسەد کەس
کەسێ جە ئیبلیس ساعیتەر نەبی
چوون جەزبەی تەوفێق تۆ یاوەر نەبی
بە عەبەس بەرشی جەفا بەردەنش
تەوقێ جە لەعنەت شی نە گەردەنش
بە سەعی و کۆشش ئەر نمەبی شووم
بەرسیسای عابید کەی مەبی مەحرووم
«خانا»ی خاتر تەنگ جە عەرسەی مەحشەر
ئەگەر نەبەخشیش دەهەندەی داوەر...

وەرنـــــە بـــە زاتت جـــە لای زات تـــۆ
مـــەکـــەروون رۆی حـەشر مـن شکـات تـۆ

***

«٢»

دڵ جە غەم خەستەم، دڵ جە غەم خـەستەم
یـــا رســـولَ الله دڵ جــە غــەم خــەستەم
پشت وە بـــاد دەرد عـــیسیان شکســـتەم
مـــەعلوومەن جـە لات عـیسیانەن جـەستەم
پـــایەی عـــیسیانم جـــە حـــەد ویـــەردەن
غــەیر جــە بــەدکاری کــارێم نــەکــەردەن
بـــەو شـــا کـــە قـــەییوم قـــایم زاتــەن
مـــیزان جــە کـــۆگـــای گـــونای مـــن مـــاتەن
دۆزەخ جـــە تـــاوم شـــین و زاریشـــەن
جـــە خـــەوف خـــەتام بـــێ قـــەراریشـــەن
«وەیـــل» واوەیـلشەن، مـــەد و وە ســـەردا
نـــەوەك ئـــەو شـــوومە بـیۆ جـــە وەردا

ساعەقەی سەعید لە ناڵەش کەفتەن
لەو ساوە سەدای گونام شنەفتەن
ئەر کەسێ چوون من هەر گونا پێش بۆ
مبۆ جە مەحشەر جوابش چێش بۆ
مەر هەم لوتف تۆ سەیید موختار
پەنای عاسیان چوون من شەرمەسار
بووە وە سڕ پۆش «خانایی» خەتەر
وە تۆ مەبەخشان خەلق رۆی مەحشەر
وەرنە روو گەردان رۆی قیامەتم
شەرمەندەی تەریق رووی قیامەتم

***

## موناجاتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی رحمه الله

عارف و خوا ناسی گەورەی کورد مەولانا «خالید»ی شارەزووری لە ساڵی١١٩٣ی کۆچی مانگی لە دایك بووە. وە لە شەوی جومعە١٤ی «ذی قعدە»ی ساڵی١٢٤٢ی کۆچی مانگی بە نەخۆشی تاعون (وەبا) دونیای فانی بەجێ هێشتووە. یاخوا پلە و پایەی بەرز بێ. بۆ شەرحی حاڵی تەماشای یادی مەردان بەرگی یەکەم بکەن. ئەم موناجاتەی لەوێوە وەرگیراوە...

یــا فــەرد ئــەعزەم... یـا فـەرد ئـەعزەم!
یـا حـەی یـا قـەییوم... یـا فـەرد ئـەعزەم!
یـــا شـــنەوەندەی نـــاڵەی ســـوبح دەم!
پـــەنای بـــەندی‌یان بـــەندیخانەی غـــەم!
یـــا فـــەرازەنـــدەی چـــەرخ مـوعەللەق!
یـــا نـــیگارندەی نـــۆ تـــاق ئـــەزرەق!
یـــا بـــانی بـــونیان قـــوسوور و ئـــەیوان!
ڕیفعەت بەخش تەخت هەفت پایەی کـەیوان!
بـێ زاد و نـەمیر، بـێ خـواب و بـێ خـۆر!
نە عەرەز، نـە جـیسم، نـە رۆح، نـە جـەوهەر!
بـینای بـێ دیـدەی، شـنەوای بـێ گـۆش!
جـــە ئـــەسرار غـــەیب واقـــیف و خـــامۆش!
بێ هەمتا و بێ میسل، بێ شـەریك، بـێ بـاك!
جـــە عـــەیب مـوبەڕڕا، جـە ئـالایش پـاك
نـــەقشبەند لەوح ســـەحیفەی هـــەستی
نـەشئە بـەخش جـام بـادەی سـەرمەستی!
نـــیزام دەهـــندەی ئـــەڕواح نـــە ئـــەجسام
تـــەرکیب کـــوندەی ئـــەعزا نـــە ئـــەندام

بە ماه و خورشید خەلعەت بەخش نوور!
نمایندەی سوبح نە ئەوج دەیجوور!
بەرپاکوندەی خەیمەی بێستوون!
دەوران دەهندەی باد بێ سکوون!
جەمین پەڕ جە نوور ماه مونەووەر
نە توورڕەی گێسوو شەو نومایان کەر!
تەئلیف دهندەی چار عونسور بە هەم!
زاهیر کوندەی وجوود نە عەدەم!
فرۆزەندەی بەرق نە سینەی سەحاب!
ئولفەت دەهندەی ئایر چەنی ئاب!
شوعلە بەخش نار، پوڕتەو ئەفزای نوور!
رۆزی دەهندەی مەل و مار و موور!
فەرمان دهندەی موڵك و مەلەكووت!
شەهەنشای ئیقلیم لاهووت و ناسووت!
نەققاش نوقووش هەیوولا و سووەر!
رەزامەند جە خەیر، با خەبەر جە شەڕ!
رەهاندەی «نووح» نە تۆف تۆفان!
خەلاس کوندەی «یوسف» نە زیندان!

ڕۆی ڕەوشەن بە شەو، شەو بە ڕ و ئاوەر!
گەدایان بە شا، شا بە گەدا کەر!
جە شەڕ فیرعەون «مووسا» نەجات دەر!
ئاتەش پەی «خەلیل» وە گوڵستان کەر!
موونیس «یوونس» نە گێجا و غەم!
نە کۆی سەرانديب ڕەهنومای «ئادەم»!
هەمڕاز «یوسف» نە چاه کەنعان!
ئەنیس «یەعقووب» نە «بَیتُ الأحْزان»!
ڕەهبەر «مووسا» بە نار شەجەر!
بە دەم «عیسا» مەردە زیندە کەر!
«ناقە» بەر ئاوەر جە سەنگ خارا!
«ئەسکەندەر» جا دەر نە تەخت «دارا»!
کەرەم کەر بە لوتف بە مووسای عیمران!
ئیعجاز بەیزا و موعجیزەی سوعبان!
ڕوبایندەی تاج نە فەرق شاهان!
بەخشایندەی جاه وە ساحێب جاهان!
میفتاح ئەبواب خەزانەی غەیبی!
میشکات «ضیا»ی بەزم لاڕەیبی!

«خَـــالِق الأرْواحِ، فَـــالِقِ الإصْـــباحِ»!

«مِـــفْتاحُ النَّـــجاحِ، مِـــفْتاحُ الفَـــلاحِ»!

گـیرندەی بـەهەشت جـە دەست «شـەدداد»!

بـــەرباد کـــونندەی قـــەوم «عـاد» وە بـاد!

کـەوکەبەی «فـیرعەون» غـەرق دەریـا کـەر!

وە پـــەشەی زەعـیف «نـەمروود» فـەنا دەر!

جـا دەهـــندەی «جـــەم» جـە مـوغاك خـاك!

بـــەرارنـــدەی مـار نـە دۆش «زوحـــاك»!

نگـــوون کـــونندەی چـــەتری «فـەرەیدوون»!

«خوسرەو» خەڵتان کـەر نـە گـێجاوی هـوون!

جـام جـەم نـەدەس «جـەمشید» بـەر ئـاوەر!

کـــەللەی «کــــەیکاوس» وە تــــووتیا کـەر!

بەرهەم زەنـندەی سـوپای «سـەلم» و «تـوور»!

بـــەرباد دەهـــندەی ئـەساسەی «تـەیموور»!

مــــەششاتەی تــوغرای زوڵف دێز «لەیـل»!

ڕەهنومای «مەجنوون» نە هـەردەی دوجـەیل!

پەی «خوسرەو، شیرین» نـە ئـەرمەن ئـاوەر!

پـەی «شـیرین، فـەرهاد» وە بێستوون بـەر!

ڕەنگــڕێز کــاڵای گــوڵنــاری گــوڵان!
نــەغمەی نــەوای دەنگ نــاڵەی بــوڵبــوڵان!
تــەڕڕاز بــاڵای گــوڵ نــە چــەمەنان!
عــەنبەر بــێز زوڵف مــیشکین کــەمەنان
ســەفا دەهــندەی ســینەی دەروێشــان!
عــیلاج کــووندەی دەرد دڵ ڕێشــان!
مــیسکینان نــەواز، غــەریبان یــاد کــەر!
بــەندییان جــە بــەند مــیحنەت ئازاد کەر!
قــیبلەی عــاشقان جــە کــەعبە و جــە دەیر!
گــەردش دەهــندەی چەرخ سوبوك سەیر!
مــەبدەئی ئــیجاد کــوللی کــائینات!
ســزاوار بــە حــەمد، مەوسووف بــە سیفات!
هــەم جــە مــەساجید، هــەم جــە بتخانان،
مــوئمین و کــافر حــەمەت مــوانــان!
پــەرێ بــێ کــەسان تــۆنــی فــریادڕەس
بــاڵا دەس تــۆ نــیەن دەس کــەس
یــا ڕەب بــە حــاجەت زولجــەلالی وێت...
بــە زات و ســیفات لایــەزالی وێت...

بە موقەڕڕەبان بارەگاری عیززەت...
بە پەردەداران سەریر وەحدەت...
بە عەرش و کورسی، بە لەوح و قەڵەم...
بە مەلائیکان خاسەی موحتەرەم...
بە دەفتەر داران دیوان لاهووت...
بە زیکر تەوحید جەرگەی مەلەکووت...
بە سۆز «ئادەم» بە دیدەی نمین
ئەوڕۆ جە بەهەشت کەفت نە رووی زەمین...
بە خەلاسی «نووح» جە تۆف تۆفان...
بە شادی «خەلیل» رۆی عید قوربان...
بە سیدق «هاڕوون»، بە قورب «مووسا»...
بە پاکی «مریەم»، بە تەقوای «عیسا»...
بە راستی «هوود»، بە دۆسی «ئیدریس»...
بە نەغمەی «داوود»، بە ناڵەی «جەرجیس»...
بە ویردی «یوونس»، بە سەبری «ئەییووب»...
بە حوسن «یووسف»، بە زاری «یەعقوب»...
بە ئاوازەی زیکر ئەڕڕەی «زەکەریا»...
ئەوڕۆکە نە جەوف شەجەر شەق کریا...

بــه ئــیخلاس پــاك ســـه‌یید مــوختار...

بـــه زۆر بـــازووی «حـــه‌یده‌ر» کـــه‌ڕڕار...

بــه راســتی و ســیدق «سیددیق» ئـه‌کڕه‌م...

بـــه دیـــن دروســـتی «فـاروق» ئـه‌عزه‌م...

بــه نــیك نــامی و مـه‌زڵوومـی «عـوسمان»...

پــه‌ی شــه‌هیدی ئــه‌و شــاهیده‌ن قــورئان...

بــه حــه‌لق تـه‌شنه‌ی «حـوسه‌ین» مـه‌زڵووم...

بـــه ئــه‌ڕواح پـاك ئــه‌ئیممه‌ی مــه‌عسووم...

به سـوحوف و زه‌بـوور، تـه‌وڕات و ئـینجیل...

بــه ئـایه‌ی «قـورئان» ئـاوه‌رده‌ی «جـوبریل»...

به «ئه‌سحاب که‌هف» خواب ئالووده‌ی غار...

ئــه‌مین بـین جـه شـه‌ڕ شـه‌راره‌ی کـوففار...

بــه «قـطب الأخیار»، بـه غـه‌وسی ئـه‌عزه‌م...

بـــه «رجـــال الغَـــیب» ئـــه‌وتاد عـــالـه‌م...

بــه «بـیت المَـعمور»، «مَسـجد الأقصیٰ»...

بــه «یــه‌سریب» زه‌مـین، بـه ئـه‌رز «بـه‌تحا»...

بــه شـێخ «بــه‌سری»، بـه شـێخ «بـایه‌زید»...

به سوڵتان «جونه‌ید»، شێخ «ئه‌بوو سـه‌عید»...

بــه چــوار دەروێش مــوڵك هــیندوستان...

به «هەفت ئەوداڵان» خاسەی کوردستان...

بــه ئــەسحاب «بــەدر» حــاڵ شــەهیدان...

بــه گشت مــوریدان کــەیوان موریدان...

بــه شــەو بــێداران عــیبادەت خــانه...

بــه حــەق ئــاشنا، جـه خـەڵق بێگـانه...

بــه خــاك نشــینان بــادیەی پــەستی...

بـه جـورعه نـۆشـان بـەزم سـەرمەستی...

بـه سـیاه پـۆشـان سـەر حـەڵقـەی مـاتەم...

هــوونا و ئــەسرین مــەڕێزان نـه چـەم...

بـه قـەدەح نـۆشـان جـورعەی سەبووحی...

بــه تــۆبـه کـاران تـۆبـەی نـەسووحی...

بــه «یــاهوو یــاهوو»ی ئـەوداڵان بـەڕ...

بـه نـاڵەی پـیران وادەی سـوب سـەحەر...

بــه ســۆز سـینەی کـەفتەی دەروونـان...

بــه ئــاب دیـدەی دڵ پـڕ جـه هـوونان...

بـــه قـــەلەندەران مـــەست مـــەیخانه...

مـــەکـێشـان نـه دڵ نـەعرەی مـەستانه...

بە عیشق رەندان سەرمەست و مەدهۆش...
بە جام بادەی پیری مەی فرۆش...
بە سۆز سینەی سفتەی دەروێشان...
بە ئاب دیدەی دڵ پڕ جە رێشان...
بە دوردی کەشان بەزم ئیرادەت...
بە گۆشە گیران کونج قەناعەت...
بە بانگ حەججاج، بە ئاب زەمزەم...
بە لەحن ئینجیل، بە تەوف «حەرەم»...
بە تەئسیر سەوت قاری قورئانان...
بە سەدای ناقووس نەوای رەهبانان...[1]
بە سەحەر خێزی ساکنان دەیر...
بە دۆعای پیران عاقیبەت وە خەیر...
بە سەفای سینەی سۆفیان ساف...
بە زیکر شێخان «جامع الأوصاف»...
بە سەرگەشتەگان وادی حەیرانی...
مەکەران نە رای حەق جان فشانی...

---

١. ئەم نیوە بەیتە لە نوسخەی مەلا عەزیزی جوانڕۆییدا بەم جۆرەیە: بە سەدای ئەزان جە پەنج وەخت وانان...

بـــه ســـــەرگەدانــی کــەڵپــۆس وە پــێڵان...
نـــه بــادیەی عــیشق وێڵ وێڵ مــەگــێڵان...
بـــه ســـۆز ســـینەی ســـفته دەروونــان...
بـــه ئــاب دیــدەی دڵ پــڕ جــه هــوونان...
بـــه عـــیشق سـینەی ســاف دەروێشــان...
بـــه ســـۆز دەروون یــاهوو مــەکــێشــان...
بـــه کـــۆنـــه پـــۆشــان کـــونج خـــەرابــات...
جـــه نـــیمه شـــەوان مـــوانـــان حــاجات...
بـــه رەقس و ســەماع وەجــد ئــەهل حــاڵ...
مـــــەوینان وە چـــــەم جـــــەمین ویســــاڵ...
بـــه حـــیکمەت وانـــان ســیڕڕ ئــیلاهی...
جـــه ئــەسرار غــەیب مــەدان گــەواهــی...
بـــه تـــۆبـــه کــاران جــه گشت ویــەردە...
بـــەبێ وەفـــایی دونـــیا پـــەی بـــەردە...
بـــه عـــەدڵ شــاهان رەعــییەت پــەروەر...
کــەس جــه ســەوداشــان نــەدیەنش زەرەر...
بـــه ســـەیل ئـــەسرین ئــەبر نــەوبەهار...
بــه شــوعلەی دەروون بــەرق شــەرەر وار...

بــە ســەر ئــاوێزی بــەڕەزای بــەرزان...

بــە لەرەی ئــەندام تــووڵ قــەڵوەزان...

بــە گــۆنــای رەنگــین گــوڵان وەهــار...

بــە نــاڵەی حــەزین بــوڵبــوڵان زار...

بـــە داغ دەروون ســـوپای گــوڵاڵان...

بــەیداشــان مــاوان وێنــەی ئــەوداڵان...

بــە وەفــای لەیـلیٚ، بــە عــیشق مــەجنوون...

بــە نــاڵەی کــۆکــەن نــەپای بێستون...

بــە جــیلوەی بــتان شــۆخ مــەه جــەمین...

مــنمانان جــەماڵ جــیهان ئــافەرین...

بە غــەمزەی جادووی سورمەسای جانان...

لیــقای ســوبحانی بــە خــەڵق مــنمانان...

بــە زیکــر مــورغان بــە یــاهوو یــاهوو...

مــوانــان «یٰــا مَــنْ لَــیْسَ إِلّا هُــو»...

یــا شــا! جــە دەرگــات ئــێدمــەن رجــا

بــبەخشی گــونای بــەندەی روو ســیا

مــن کــە ســەر حــەڵقــەی گــوناهکارانــم

ســەر تــۆق جــەرگەی شــەرمەسارانــم

سەر تا پا غەریق لوجەی عیسیانم
سفتەی نائیرەی نار حیرمانم
شەرت ئەمر تۆم وەجا ناوەردەن
جە تەقسیراتم تەقسیر نەکەردەن
هەر چێوەم کەردەن جە نافەرمانی
نادانیم بیەن، تۆ وێت مزانی
ئەر مسۆچنیم، وەر بەخشیم گوناه
ڕەزام ڕەزای تۆن «اَلْحُكْمُ لِلّٰه»
ئەمجار بە لوتفت ببەخشەم گوناه
«أستغفر اللّٰه ... أستغفر اللّٰه»
جورمم بێ حەدەن، گونام بێ شومار
«رَبِّ نَجِّنِي مِنْ عَذَابِ النَّارِ»
نەکەری مەحرووم بەندەی ڕوو سیاه
بە «لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللّٰه»
بار عیسیانم کۆ کۆ بیەن جەم
«يَا غَافِرَ الذَّنْبِ فَاغْفِرْ لِي وَارْحَم»
نیازم ئێدەن یا حەی یا قەییووم
«خالید» جە دەرگات نەکەری مەحرووم

***

## «صەیدی» هەورامی

ئەم پیاوە بەرزە لەساڵی ١١٩٩ی کۆچی تا ساڵی ١٢٦٥ی کۆچی ژیاوە. ئەم زانا پایە بەرزە خەلیفەی شێخی «سراج الدّین»ی «تەوێڵە» بووە. هۆنراوەی زۆری هەیە؛ ئەمەش نموونەی سکاڵا و موناجاتی «صەیدی»یە:

### یاران دێوانە

یـــاران دێوانـــە، یـــاران دێوانـــە
ئــەبلەهکــەسێوەن، شــێت و دێوانــە
چـــی دونـــیای فـــانی بســـاز و «یـانە»
بـــە ئـــاوایش وانـــۆ مـــاوای وێرانـــە
دونـــیا مـــــەنزڵێن وێرانـــە، فـــانی
یـانەش نـەدان سـازکـەس جـە وێرانـی
یـــاران هـــەر مـەسکەن وێرانـە زێد بـۆ
«ئـەبلەها» ئـەو کـەسەن بـەوش ئومێد بۆ
هـەرکەس عـاقڵ بـۆ چـەنەش چی نیشۆ
ڕەنـجی بـێ حـاسڵ پـەی دونیای کێشۆ

هــەر ئــێد خــاستەرەن بگــنۆ نــە رایــێ
تــا یــاو و وەڵای ئــەبەد مــاوایــێ
عــاقڵانــی دەور قــەدیم ئــەیامان
یــانەی دونــیاشان وێنــەی «پــل» فــامان
هــەرچــەند بــمانی نــەو را گــوزەردا
حــاسڵش ئــێدەن بشــیش وەســەردا
ئــەر کــەسێ و نــەبۆ وێڵ و دێوانــە
وە بــانی «پــل»دا کــەی کــەردەن یــانە
دونــیا شــارێوەن چــوون قــەدیم شــاران
ســاکــنەن تــێشــدا هــەزار هــەزاران
وەلێ کــەس جــاوید چــەنەش نــەمەندەن
هــەر پــەنج ر و کــەسێ و چاگــەنە بــەندەن
نــە ئــارامــێ هــەن، نــە هــۆ و قــەرارێ
جــەی شــار بــەرمەشان هــەر ر و هــەزارێ
مــەویەران بــە جــەخت یــاران بــە پــۆلدا
گشت مــەبان پــێوار جــە خــاك و خــوڵدا
پــەیا پــەی مــەشان یــاران بــەو راوە
یــەکــێ نــمار و ســەر بــە دمــاوە

عــەقڵی تـۆ پـێســەن ئـی دونـیای فـانی
کەس تێش نـەمەندەن تـۆ چـەنەش مـانی؟!
مـەشغووڵ بـە کـا و گـڵ یـانە مـەسازی
ســـــەفەرێ ســـــەختەن دوور و درازی
شــێتـا فکـر و تـۆ، خـەیاڵت پـووچەن
خـەیاڵ هــەر سـەفەر کـارسازی کۆچـەن
وەس لیـــباسی شـوغڵ دونـیایی پـۆشـە
ڕای سـەفەر دوورەن پـەیدا کـەر تـۆشـە
گـا نـە فـیکری حیرس جـەمعی مـاڵەنـی
گــا پــەرێ مــەنسەب نـە خـەیاڵەنـی
گـا چـەنی فـورزەند شـادی و زەوقـتەن
گــا پــەرێ دیــدار یــاران شــەوقتەن
کـەللەی سـەر جـە کـار دونیا کـەر خـاڵی
کـــاتێ مـــەزانـــی شـــادی بـــە تـاڵی
ئـــەوسا مــەزانـی ئـەجەل تـۆش دا گـیر
پــاش نـیای نـە دام سـیلسیلە و زەنـجیر
دەروون پـوڕ حـەسرەت، خـاتر پـەرێشـان
دوور کەفتی جە ئەهل، جە قەوم و خوێشان

نــــە مــــاڵ نــــە فــــورزەند نــــاما بــــە کــــارت
تــــۆ مــــەندی نــــە قــــەبر کــــۆی عیسیان بارت
ئــــەوسا جــــەو دمــــا وا حــــەسرەتا بــــۆ
تــــا نــــە یــــاگــــەی نیشتەی نەبەر ئامات بۆ
کــــەردەی زوشتی وێت وەنەت بی دوچار
یا واردیش چوون وەرگ یاگەستیش چوون مار
گــــیرۆدەی کــــردار فــــیعلی زوشــــتی وێت
بــــێ تــــۆشــــە و بــــێ زاد خــــاڵی مــــوشتی وێت
عــــاسی و روو ســــیا، گــــوناهکاری وێت
گــــرفتاری قــــەبر تــــەنگ و تــــاری وێت
غــــەرقی گــــێجــــی بــــەحر ســــیاسەتی وێت
شــــەرمەندە و روو زەرد قــــیامەتی وێت
«یــــا غــــافِر الذّنب» ســــرِ پــــۆشــــی ســــەتتار
بــــویەر جــــە جورمی «صــــەیدی» خــــەتا کــــار

***

## میرزا شەفیع پاوەیی

میرزا شەفیع پاوەیی شاعیرێکی خۆش زەوقی گۆران بووە، ساڵی ١٢٠٠ی کۆچی چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، ساڵی ١٢٣٢،

دونیای فانی جێ هێشتووه. ئەمەیش هۆنراوەییێکی ئەم بەڕێزە بە شێوەی سکاڵا...

قەدیم موتڵەق، قەدیم موتڵەق
یا قایم بە زات، قەدیم موتڵەق
حەیی بێ زەواڵ، قەییوم بەرحەق
نگارندەی نەقش نۆ تاق ئەزرەق
لا مەوت بێ شەریك بینای بێ مانەند
یەکتای بێ نەزیر بێ خوێش و پەیوەند
«واجِبُ الوُجُود، لاتُحْصیٰ ثَنا»
مونەززەه جە عەیب، عاری جە خەتا
مونشی رەقەم سەنج ئینشای شادی و شەوق
بێ پەروا جە تەعن گورۆی تەحت و فەوق
بەخشەندەی موراد، بێ باك جە تانە
نازکێش زومرەی خوێش و بێگانە
بەو حەقی زاتت، بێ حەد سیفاتەن
باعیس ئیجاد کول مومکیناتەن
باجەتی دەروون شەو زیندەداران
بە تاعەت پاك تاعەت گوزاران

بــەندەی کـــەمتەرین مـــەعسیەت بـارەن
فـــریفتەی شــــەیتان شـــووم بــــەدکارەن
بـــا لوتـــف و فــەزڵت بــۆ وە دەسگـــیرم
بـــویەر نـــە گـــونام ساحێب تــەقسیرم
تـــا «يـــومَ المَـــمات» نگــەهداريـم كـــەر
عــــەلاج زامـــان شــــەرمەساریم کـــەر
مەگەر هــەم بە لوتـف چوون تـۆ رەحـیمێ
«عَـــميمُ الإحســـان»، ئـيحسان عــەميمێ
نـــاز و بـــدرێـــۆ نـــە عـــالەم پــەردەش
بـــویەر و نـــە کـــار کـــەردەی نـاکـــەردەش
وەرنــــە بـــە زاتت جـــە لای زات تـــۆ
مـــەکـــەروون رۆی حـــەشر مـن شکـات تـۆ
یا حەی کەس چوون تـۆ پــەرێ کــەس نیەن
چـوون تـۆ نـە عـالەم فــەریاد رەس نیەن
لوتـفت بــێ شـــمار، عـــەفووت عــەزیمەن
رەحـــمەتت بــێ شـۆ عــەتات عــەمیمەن
بـــێ مـــیسل و شــــەریك، تـــاك تـــەنیانی
نگـــــارندەی نــــــەقش دار دونـــیانی

رەحـمەت و بـەخشش خـەتمەن بـە نـامت
سـەر سـامەن شـاهان عـالەم جـە سـامت
قـاهیران دەور جـە قـەهرت مـاتەن
بـەڵێ راس مـاچان جـە کـێ پـەرواتـەن
عەفووت جـای ئومێد بێگـانە و خـوێشـەن
لوتـفت دڵنـەواز گـەدا و دەروێشـەن
ئـیستیدعام ئـێدەن لا شـەریك پـاك
بەشق شای ئەو رەنگ ﴿وَ مَـا أَرْسَـلْنَاكَ﴾
جـە عـەرسەی مـەحشەر مـەکـەر تـەرێقم
بـە لوتـف مـەحزت بـدەر تـەوفێقم
هـەرتا کـە زیندەم، خـەللاق مـوتڵەق
قـەییووم قـایم، قـەدیم بـەرحـەق
زوان بـە زیکـری تـۆ نـەبۆ خـامۆش
نـامت بـا جـەلام نـەبۆ فـەرامـۆش
یـا رەب ئـامانەن بـویەر جـە گـونام
غـەیر جـە تـۆ نیەن مـەلجەئو پـەنام
چـوون مـن گـونا کـار خـیلاف کـرداری
چـوون تـۆ بـەخشندە و هـەم رەحـم داری

چوون من خەجڵەت بار شەرع و تەریقەت

چوون تۆ ساحێب رەحم بانی حەقیقەت

چوون من نافەرمان ئالوودەی هەوەس

چوون تۆ پادشای فەرد و فەریاد رەس

بەخشە گونام بەخشندەی داوەر

بۆ هەر دوو دونیا فریاد رەسیم کەر

وەر نە بە زاتت جە لای زات تۆ

مەکەروون رۆی حەشر من شکات تۆ

***

## میرزا شەفیعی کولیایی

تاکی تەوانا، تاکی تەوانا

«الله»ی لا شەریك تاکی تەوانا

عەلیم و حەلیم، حەکیم و دانا

بە سیرڕ «ضَمیر» نیك و بەد زانا

دەهەندەی نیزام سەبعەی ستاران

دانندەی حیساب قەتەراتی واران

فـــایقی شـــەفەق نـــە مـــەعرەلەی داج
بـەرندەی «مـەحموود» مـورسـەل بـە میعراج
مـــەعسییەت ئـاموزز رەنـدی بـادە نـۆش
بـە تـاعەت «مَـغضوب» جامەی ریا پۆش
یـــەکـــتای لایـــەنام بـــینای لایـــەمووت
مـیزان و سـاعەت، حـەمەل تـا وە حـووت
قـــەسیمی نـــەعیم جـان ئـەفزای شـەمیم
ئـــیحیا ســـاز عـــەزمی «عِـــزامٍ رَمِـــیمٍ»
شـــاهان ئـیخراج کـەر نـە تـەختی شـاهی
ئـــاگـــا جـە ئـەحواڵ مـەهـ تـا بـە مـاهی
شـــەوق ئـــەفزای گـولان فـەسڵی رەبـیعی
بـــە مـــوفلیسان بـــەخش پـایەی رەفـیعی
وە ســـەروەران پـــۆش خـەرقەی فـەقیری
بـــە تـــیفلی رەســـان قـــەمەر نـە پـیری
ئـــیسە جـــە کـــردار کـــەردەم پـەشیمان
مشـــۆم وە غـــارەت خـــەزینەی ئـــیمان
نـــە بـەحری عـیسیان کـەشتیم شکســتەن
ئـــومێدم بـــە زات پـــاکـــی تـۆ بـەستەن

هــەم نــامەم ســیان هــەم رووم ســیاهەن
مــەغفیرەت جــە تــۆ بــە تــۆم پــەناهەن
ســیام کــەرد ســفید نـۆبـەی تـۆبـەمەن
تـۆبـەی بـە ئـیخلاس وەر جـە نـۆبـەمەن
دوخــانی یــەحمووم نــاری عــیسیانان
دڵ کـەردەن جـە رەنگ قـەترەی قـەترانـان
ئـەگـەر لوتـفی تـۆم یـاری بـۆ چـەنی
نـەبەرۆم شـەیتان بـە راگـەی هـەنی
مـەبۆم بشـۆری بـە ئـاوی تـاعەت
ڕۆشـن بـۆ شـاهید سـاعەت بـە سـاعەت
قــادر بــە ئــیعجاز زاتــی قــەدیمت
بــە نــووری حــیجاب عــەرشی عــەزیمت
بــە لیـقای بـێ عـەیب نـمانای وە تـوور
بـە سـوحوف، ئـینجیل، تـەورات و زەبـوور
بــە ئــایەی قــورئان لەزیــز و دڵکـەش
شش هەزار و شەس شش سەد، چەنی شەش
بــە پــێغــەمبەران جــە رات جـانفشان
شش پـەنجا و دوو شش یـەکـی خـەتمشان

بــــه ئـــــەولیاهان بـــــەعدی ئـــەنبیا
بـــه پـــاکـــی تـــینەت ئـــەهلی ئـــەتقیا
بـــەشقی «ئـــەبووبەکـــر» خـــەلیفەی ئـــەکبەر
جـــا داری مـــیحراب رەســـوولی ســـەروەر
رەفـــێقـــی شـــەفیق مـــەحموودی مـــوختار
«ثـــانِیَ اثْـــنَیْنِ إِذْ هُمـــا فِی الْـــغارِ»
بـــەعد ئـــەبووبەکـــر بـــە عـــیشقی «عـــومەر»
ئـــاشکارا ســـاز دیـــنی پـــێغـــەمبەر
بـــەشقی «ذی‌النّـــورین» ئـــەعلازی شـــەرەف
«جـامِعُ الأَوْراق ذاتُ اللّـــه» مـــوسحەف
بـــاجتی «حـــەیدەر» کـــەڕڕاری ســـەفدەر
قـــاتڵی گـــەوران، کـــوشندەی عـــەنتەر
بـــه دوو لۆلۆی پـــاك نـــازداری رەســـوول
جگـــەر گـــۆشـــەکـــان «فـــاتیمه»ی بـــەتوول
بـــه مـــوقەڕڕیـــبان پـــای عـــەرشی ئـــەعزەم
بـــه تـــەواف چـــیان کـــەعبەی مـــوعەززەم
بـــه بـــانگی تـــەکـــبیر غـــازیانی رەزم
رەزاشـــان بـــە عـــەزم غـــەزا مـــەبۆ جـــەزم

بە فەرموودەی ئەمر «أُقتُلُوا الْكُفّار»
سەر نە رای ئەمرت مەکەران نسار
«فی سبیل اللّهِ» نەبیدیشانەن
بە «رَوضە»ی «رِضوان» ئومیدشانەن
بە ناڵەی غەریب موبتەلا بە دەرد
بە ئاهی مەزڵووم وەقتی شەقی زەرد
بە باری لەبان یەتیمانی زار
رەنگ ئالوودەی خاك دڵ غەڵتیدەی خار
بە تابی ئەسرین دیدەی ئەسیران
بە نازکی تەبع وجوودی پیران
بە شەرمی شێخان خەڵوەت نشینان
بە سافی سادق «صِدقُ الیَقین»ان
بە یاهووی نەفس ئەبدالانی چۆڵ
تەن لوخت و عوریان یەکتای لونگ وەکۆڵ
بە ئیخلاسی خاس تۆبە دروستان
بە پاکی دامەن عیسمەت پەرستان
بە حاجەت قەدر و قورب و گردیشان
تەقسیری «شەفیع» ببەخشی پێشان

ئـــەو ســـاحێب تـــەقسیر، تـــۆ پـادشاهی
رای عـــەرزش بـــڕیـــا جـــە روو سـیاهی
غـــەرقەن نـــە عـیسیان جە رای بـەد نـەخشی
مـــەغفیرەت جـــە تـــۆن مـــەبۆ بـبەخشی
ئـــومید نـــەدەرگات پـــەی خـــەلاسییەن
ئـــافەریدەی تـــۆن ئـــەر سـەد عـاسییەن

***

## مەولەوی

ناوی «عبد الرّحیم»ی کوڕی مەلا سـەعیدە، وە لە نـەوەی مەلا «یوسف جان»ی کـوڕی مـەلا ئـەبووبەکری مـوسەنیفی چـۆڕیـیە. لە سـاڵی ١٢٢١ی هـیجری لە دیـێ «سـەرشاتە»ی تاوەگۆز لە دایك بـووە و لە سـاڵی ١٣٠٠ی هـیجریدا کـۆچـی دوایـی کـردووە. وە لە گـۆڕسـتانی «ئـەسحابە» لە نـزیکی «سـەرشاتە» ئـەسپەردە کـراوە. بـۆ زانـیاری زیـاتر تـەماشای پێشەکی دیوانی مەولەوی بکە. ئـەمەی خـوارەوە بـەشێکـە لە هۆنراوەکانی بە شێوەی موناجات...

باعیس وجوود جە مەه تا ماهی
دەلیل ئیسبات سونع ئیلاهی
«ضیا»ی بینابیم، نوور چەمانم
سەرمایەی حەیات دین و ئیمانم!
من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن
ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن
عومرم سەراپا غەرق غەفڵەتەن
زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن
بەڵام مشیۆ تۆ وە فەزڵەکەی وێت
کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت
«إغماض» کەی جە گرد نابەکاری من
جە روو سیایی و بەد کرداری من
پەی من کافییەن ئەی گرد «إنفِعال»
بۆ بە رەحم وێت بکەرەم پاماڵ
مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم
بدیە وە زەردی روخسار ئاوەردەم
هەرچەند شایستەی عەفووت نەداروون
رووی شەرمەندەگی وە دەرگات ماروون

جـه بـەحر کـەرەم بێ بەشم مەکـەر
شـــەڕ نـــەفسانی جـه راگـەم لابـەر
تـا بـــه فـــەزڵ وێت بـــوانـــیمەوە
جـه دەس هـەوای نـەفس بسـانیمەوە
بەڵکم جەی ئاخر پەی وێم فکرێ کـەم
تەدارەك پەی چەند تەزبێح، زیکرێ کەم
بـەڵام بەو شـەرتە چـەنیم قبووڵ کـەی
بەهانەی ئەسباب عەفووم وسووڵ کـەی
نـەفس بـەدکردار، بێ دیـن بـەدبەخت
شـووم سـەرگەردان خـەیاڵان سـەخت!
پـەی چێش عـادەتت وە گـوناهـکـەردەن
ژار مـــەحروومی رەحـــمەتت وەردەن!
راگـەی حـەقیقەت جـه ویـرت شیەن
یـادت پـەی مـەحبوب حـەقیقی نیەن
مـــووتەن ئـــەسڵیت نـــه خـاتر لوان
مـێخ مۆبـەتت نـه رووی خـاك کـوان؟!
دایـــیم گـــورفتار ئـارەزووی خـامی
یـەکسانەن پـەرێت نیکی و بـەد نـامی

گــا خــەریك دەرد هــەوای مــەجازی
گــا مــەشغووڵ کــەسب کیبر و نیازی
گـــا غـــەرق هـــەوای وەســڵ نــازاری
گـــا حــیرەت زەدەی روخســار یــاری
هیچ هۆشت نیەن حەق خەبەردارەن
فــەردا رۆی حــیساب مــیزان کــارەن
فکـــــرێ کــــەرەوە وادەی لواتـــەن
وەخت شــێویــای شــەوق ســەوداتەن
بـــاوەرە وە دەس زادێ پـــەی ســـەفەر
وێت نـەو سـەفەردا بێ تۆشـە مـەکـەر
وە دەرگای حەق بەر رووی پەشیمانی
عــوزر ئــاوەری کــەر کــردەی نــادانــی
بــەڵ لیـباس عـەفوو بکـەرۆت خـەڵات
جـە وەخت مـەردەن بدەرۆت نـەجات
وە نســیوت بـــۆ ســەرمایەی ئــیمان
نەوی وە ریش‌خەند سوخریەی شـەیتان
وە رۆی مـــەحشەردا بگــێڵی دڵشـــاد
جـــە قـــەید عـیسیان دڵت بـۆ ئــازاد

***

# حاجی قادر کۆیی

١٣١٤ ١٢٤٠

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە ناوی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدە کە لە دێی «گۆڕقەرەج» کە کەوتووەتە باشووری خۆر ئاوای شاری کۆیەوە لە ساڵی ١٢٤٠ی کۆچی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. لە ساڵی ١٣١٤دا لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

«مێژووی وێژەی کوردی»

## موناجات

ئـەی بـێ نـەزیر و هـەمتا هـەر تـۆی کـە بـەرقەراری
بـــێدار و بـــێ دیـــاری، بـــێدار و پـــایەداری
بـۆ بـاغی مـەردی بـاغی سـەرمایەکـەی خـەزانـی
بـۆ مـەزرەعەی فـەقیران سـەرمایەکـەی بـەهاری
بـــۆ پـــادشا نـیشانی بـۆ هـەر سـەوادی ئـەعزەم
بـێ سـەدر و شـا نشـینی بـێ پـەردە پـەردە داری
جـەبباری بـێ فـتووری، سـوڵتانی بـێ قـوسووری
ڕەززاقـی مـار و مـووری ئـا و دێری دێمـە کـاری

فەیرووزی تەختی گەردوون مەوزووعی نەقشی تۆیە
یـــاقووت و لەعـــلی ڕۆژە ئـــەستێرەکـان دوڕاری
جـێ و مـەکـانی تـۆیـە، بێ جـێ و بێ مـەکانی
لەیـل و نـەهاری تـۆیـە بـێ لەیـل و بێ نەهاری
هـەر ئـەمری تـۆ مـەدارە بـۆ کـار و بـاری عـالەم
هـەرچـەندە بێ وەزیـر و بێ سـەدر و کـار و باری
سـەحرا نـەوەردی شـەوقت خـورشید و مـاهی تـابان
دوو جـاریەن شـەو و ڕۆژ بێ مـەحمەل و عـەماری
مەعلوومە بۆچی «حاجی» مەدحت دەکا بـە کـوردی
تـا کـەس نـەڵێ بـە کـوردی نـەکـراوە مـەدحی باری

***

## موناجاتی سەیید «بهاء الدّین» شەمسی قوڕەیشی

ئەم پایە بەرزە لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی لە «سەردێ»ی پاوە لە دایك بووە. لە پاوە و بیارە و سنە خوێندوویەتی، پاشان هاتووەتە شاری سنە ژیانی لەوێ بەسەر بردووە. لە ساڵی ١٣٦٥ی کـۆچیدا لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا وەفاتی

کــردووه. شـەمس شـیعری زۆره ئـەمانە نـموونەی سکـاڵا و موناجاتەکانیەتی...

«١»

عیلمی بێ بەهره و درەختی بـێ سـەمەر مـن نـامەوێ
چاوی بـێ ئـەشك و فـوغانی بـێ ئـەسەر مـن نـامەوێ
عاشقێ کوڵمی لە ڕەنگی ئەشکی چاوی سـوور نـەبێ
ڕۆژ نــەناڵێ شـەو نـەسووتێ تـا سـەحەر مـن نـامەوێ
هەر دڵێ فـارغ لە عـیشق و هـەر سـەرێ سـەودای نـیە
ئەو لە جوملەی خەلقی ئـینسان و بـەشەر مـن نـامەوێ
پیری کامڵ، شێخی زاهید، مورشـیدی ڕێگـەی تـەریق
گـەر نـەبێ ئـاگـا لە کـەشفی بـەحر و بـەڕ مـن نـامەوێ
ماڵی دونیا غـەیری حـەسرەت عـاقیبەت سـوودی نـیە
زادی ئـیمان تـۆشـەیە، بـاقی هــەدەر مــن نــامەوێ
چا و لە موڵکی «جەم» بکە تا موڵکی دونیا جەم نەکەی
تــاجی شــاهی داکــەوێ ئــاخر لەســەر مـن نـامەوێ
مــن لە قــەبرا گــەر گــەدا بـم هـەم فـەقیر و بـێ نـەوا
گەر بە خەروار پێم ببەخشێ سیم و زەڕ مـن نـامەوێ

تۆ لە ماڵی خۆم لە ئاخر بێ نەسیب بمکەی وە دەر
ڕووت و قووت و هەم غەریب و دەربەدەر من نامەوێ
فەقری خۆم چاکە بە ئاسان تەی دەکەم ڕێگەی ڕۆیین
کۆڵی سەنگین و سەفەر ڕێگەی خەتەر من نامەوێ
بەم هەژاریمە لە مزگەوتە هەژارە گۆشەگیر
گەر بدەن «شەمسا» جیهانم سەر بە سەر من نامەوێ

***

«٢»

دوای هەفتاد ساڵ عومری ویەردە
دڵ ژەنگ قەسوەت عیسیان ئاوەردە
وە نەشئەی بادەی ئارەزو و مەستەن
هەوەس پای تەدبیر رای سەفەر بەستەن
نەزانای غافڵ ناگا و ناخەبەر
تۆشەت مێ ئاخر پی تۆشەی سەفەر
نەی ئاخر ئەووەڵ دونیا واریتەن
نیشانەی ناسۆر زام کاریتەن

کــارێ بــێ مــەعنی هــەوەس کــەردەی وێت
پــــەی یــانەی ئــاخر دەست نــەوەردەی وێت
چێشت کەرد بەدبەخت، پەی چێش بێت ئامات
ئـــــینە دونــــیاتەن ئــــانەیچە عـــوقبات
ئــــای پــــەی رۆی مـــــەحشەر یــــانە وێرانــی
پـــیر ســــەر حـــەڵقــــەی گـــونەهبارانـــی

***

«٣»

کـــاڵای شـــــووم شــــەڕ بـــڕیا وە بـــاڵات
پــــەرێ ئـــاخیرەت شــووم بــەد کــاڵات
وادەی لواتـــــــەن وەخـــــتت نــــەمەندەن
ئــــەجەل پـــــەی گـــیانت ئــارەزومەندەن
کــەردەی بــەدکەردت بــەرشیەن جــە دەس
مـــەندەن وە لوتــف فــەردی فــەریادڕەس
کــــەرەم فـــەراوان رەحـــمەتش بــێ شــۆن
چــە دەربــەس بــەخشای بــار گونای تۆن

ئەر مەیل وە بەخشای عیسیان نیەن پێش
وەعدەی شەفاعەت حەزرەت یانێ چێش؟
ئەد رووی شەفاعەت وە رووی ئەو برد
ئەو رووی رەحمەتش وە رووی ئەد کرد
بخێز و رەحمەت «لا»ی ﴿لاتَقْنَطُوا﴾
مەبەخشۆ «شەمسا» بار گوونای تۆ

***

«۴»

فاتیحی بابی نەجاتم کەس لە ئەحبابا نیە
بابی ساداتی لەتۆ موشفیقترم بابا نیە
بێ سەوادی زوڵفی تۆ فکرم لە ئادابا نیە
بێ خەیاڵی تاقی ئەبرۆت رووم لە میحرابا نیە
تا نەکەم یادی قەدی تۆ قامەتم نابێ سەحیح

**

داخڵی لەعنی خودایە هەرکەسێ خەسمی ئەوە
کافری موتڵەق کەسێکە مونکیری رەسمی ئەوە

مەتڵەبی ﴿فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ چیە، جیسمی ئەوە
سوورەتی «یاسین» لە سینم چوون «نبی» ئیسمی ئەوە
ئایەتی نوورە برۆی ئەو، چۆنی ناخوێنم فەسیح

**

ئەو کە بوو بەر خەلقی ئادەم زەڕڕەیە ئەجزا نەبوو
ئەو نەبی بوو، ئەم بە ساحێب سوورەت و ئەعزا نەبوو
ئیزنی بوو حوکمی «سولەیمان»، تا نەبوو ئیمزا نەبوو
دەستی «مووسا» تا تەمەنناى لەو نەبوو «بیضا» نەبوو
گەر نفووسی ئەو نەدەمنێ چی دەکا نەفسی «مەسیح»

**

لەعلی رووتە تۆ بڵێ «لووت» چیە، یا رووت نیە
شەکرە یاقووتی رۆحە کەی وەلی یاقووت نیە
زوڵفەکەت ئەمر و بە سەفحەی «عارض»ت وا جووت نیە
مەسرەعی زوڵفت لە میزانی عەرووسی رووت نیە
تا بڵێن ئەم شیعرە باشە سەکتەیێکە زۆر مەلیح

**

سەدکە پیرم من لە سایەی قامەتی سەروی رەوان
نەوجوانێکم وەکوو خۆم قەد نیە تازە، جوان

شـــەفقەتی تـــەرزی کـەلامی پـێمـی وت عـیلمی بـەیان
نووری شەمسی رووی نیشان دام شەرحی شەمسم بوو رەوان
هەم لە رەمزی چاوی فێر بووم عیلمی «کینایە» و «سەریح»

**

ساحیبی شەرت و وەفایە، سـادقێکـە خـۆش خـەبەر
یـەك نیگاهی قـیمەتی هـەردوو جـیهانە سـەربەسەر
جان دەکەم قوربانی چاوی مەستی ﴿مَازَاغَ الْبَصَر﴾
بـمکوژێ شـادم بـە کـوشتن گـەر بکـا گـاهێ نـەزەر
چوون بە غەمزەی چاوەکەی نابێ دڵ و جەرگم جەریح

**

سەروەری دیوانی ئەکبەر ئەو نەبێ کەس‌تر نـیە
بۆ نەجاتی رۆژی مەحشەر ئەو نەبێ کەس‌تر نیە
رۆژی عوقبا بۆ عەزابی قەهری حەق فکری چیە
هەرکەسی دوورە لە دین کەج رەوە ئەجری چیە
جسمی توعمەی ناری دوزەخ خواردنی قوبحی قەبیح

**

جێژنی قوربانە بـە قـوربان رۆژی عـەیش و شـادییە
بێ ئەدەب بووم زۆر لە خزمەت مەوقیعی ئـازادیـیە

شەمسی سەرگەردان کە وێڵی کێوو دەشت و وادییە
سەد هەزار وادی دەکا تەی ناکەوێ لەم وادییە
بۆ زیارەت خاکی یەسریب مەرقەد و سەحنی «ضَریح»

***

«٥»

عەهدی دونیا بێ سوباتە تەرکی پێمان ناکرێ
قەد لەگەڵ ئەم بێ وەفایە عەهد و پەیمان ناکرێ
باشە عەیشی بەزمی دونیا، ئەویش مردن نایەڵێ
بێ عیلاجە، قەد موداوای ئەو بە «لوقمان» ناکرێ
ناتەوانی مەکری شەیتان و گرفتاری هەوەس
لوتفی هەق یاری نەکا قەد دەفعی شەیتان ناکرێ
من کە میهمانم لە قەبری تەنگدا یا رەب ئەتۆ
کەی رەوایە خۆ عەزابی شەخسی میهمان ناکرێ
قابلی قەهر و غەزەب نیم تۆ بوزورگی و من زەعیف
غەیری عەفوو لوتف و رەحمت بۆ بوزورگان ناکرێ
رووی شەفاعەت وەر مەگێڕە یا رسولَ اللە تو ویچ
ئەی پەناهی عاسیان دەستم بە دامان ناکرێ

ئـەی تـەبیبی دەردی بـێ دەرمـان مـەکـە دەرمـان لە دەر
هــاتووین دەرمــان بکــە ئــەم دەردە دەرمــان نــاکــرێ
عــەبدێکــی نــادان گــورێزان بــێ لە مــەولا بــێتــەوە
چــۆن لە مــەولاوە بـە رەحـمەت عـەفووی نـادان نـاکـرێ
«یــا شَــفِیعَ المُــذْنِبِین» لەو رۆژەدا رۆژم رەشــە
دەردی ئــەو رۆژە چ ســـەختە بـێتـو ئـاسان نـاکـرێ
حــازرم بــۆ نـاری نـێران رووی حـوزووری تـۆم نـیە
ئـەو حـوزوورە بـۆ خـەجالەت بـاری عـیسیان نـاکـرێ
گـەر بـە لوتـفی خـۆت نـەزری کـەی «رَحمَـةً لِلعالَمِین»
یـەك نـەفەر عـاسی لە ئـوممەت جـەلبی نیران نـاکـرێ
نـاخودا گـەر حـەزرەتی نـووحە فـتووحە بـۆ نـەجات
هـەم لە مـەوج و گـێجی بـەحری غـەرقی تـووفان نـاکـرێ
مـوستەحەققی ئـەی گـەدا وەقـتی سـوئالە نیسفی شـەو
وازە دەرگـای رەحـمەتی حـەق مـەنعی ئیحسان نـاکـرێ
دەست بە دۆعـا، دڵ بـە نـاڵە، چـا و بـە گـریان تـا سـەحەر
کـەج نـەکـەی گـەردەن لە قـاپی زاتـی سـوبحان نـاکـرێ
قــاتڵی نــەفسە رکــووع و ئــیعتیدال و ئــاهی دڵ
ئــەم شکــارە بــێ کـەمان و تـیر و پـەیکان نـاکـرێ

شـــۆری ئـــەفغان و گـــرینت گـــەر نـــەبێ نـــایبێ ســـەمەر
مـــەزرەعەی ئـــەعمالی تـــۆ بـــێ رەعـــد و بـــاران نـــاکرێ
بی زەخیرەی حوببی «بووبەکر» و «عومەر» سەختە سەفەر
بێ موحەببەت «حەیدەر» و بێ عەشقی «عوسمان» ناکرێ
«شەمس» ئەگەر رێگەی نەجاتی رۆژی حەشرت پێ دەوێ
بـــێ ئـــیتاعەی ئـــەمری شـــەرع و حـــوکمی قـــورئان نـــاکرێ

***

«٦»

«عَـــلّامُ الغُـــیوب» ئـــاگـــای دەرد حـــاڵ
«سَـــتّارُ العُـــیُوب» فـــەرد بـــێ زەواڵ
هـــەرچـــی تـــۆ فـــەرمات مـــن پـــاسەم نـــەکـــەرد
ئـــەمر و نـــەهی تـــۆم هـــیچ بـــە جـــا نـــاوەرد
نـــە جـــوانـــی واتـــم هـــەوەس نـــاکـــەنان
پـــەوکی پـــەی تـــاعەت مـــن بـــێ بـــاکـــەنان
جـــە وەخت پـــیری هـــەوەس نـــەداروو
ئـــیتاعەت ئـــەمرت بـــە جـــا نـــاوەروو

بـــێخـــود وەی خـــەیاڵ جـــوانـــیم ویـــەرد
وە دەرگـــانەی تـــۆ یـــەك ر و رۆم نـــەکـــەرد
بـــەدرەقەی رەفـــێق جـــوانـــیم هـــا کـــەرد
پـــیری وە پـــیریم تـــەشریفش ئـــاوەرد
ئـــاما وە کـــۆڵم وە خـــێو دەردەوە
ســـەفای جـــوانـــیم وە یـــاد بـــەردەوە
هـــەستی جـــە سستی کـــاس بـــێ حـــەواس
کاسەی کەلەی سەر دەنگ مەد و چوون تاس
مـــەیۆ ســـەدای زەنگ قـــافڵەی ســـەفەر
نـــە گـــۆشـــم، یـــانێ عـــەزم ســـەفەر کـــەر
نـــوور بـــینایی چـــەمان بـــەردەوە
دووربـــین دیـــدەم نـــزیك کـــەردەوە
ســـفیدی ئـــاما ســـیاهی لابـــەرد
ســـیاهی جـــە دڵ ســـپیدی بـــەر کـــەرد
دەنـــدانـــم یـــەك یـــەك وە گـــاز هـــۆر کـــەندەن
گـــازم پـــەی غـــەزای زیستم نـــەمەندەن
خـــا و بـــیەن کـــرژی، زرانـــی هـــێزم
بـــڕیـــان تـــای تـــەکان پەی جـــەست و خـــێزم

شـــل بـیەن وەسـڵەی بـەند بـەندی ئـەعزام
نــەمەندەن تـــاقەت تـــوانـــای هـــۆرزام
سـەنگی کـۆڵی دەرد پشـتم خـەم کـەردەن
لارە و لەرەی ســـەر بـــارەن وە گـــەردەن
دەردان پـــیری وە بـــارم بـــیەن
تـــوانـــای ســـوجدە و رکـــووعم نـــیەن
ئـــانە جـــوانـــی و نـــەفامی و مـــەستی
ئـــینەیچە پـــیری و کـــەسەلی و سســـتی
دەیســـا کـــەرەمدار، کـــەرەم فـــەراوان
وە کـــام روو واچـــوو نـــەداروو تـــاوان
وێم کـــەردم بـــە وێم تـــاوان بـــارەنان
پـــەی عـــەزاب ســـەخەت ســـزاوارەنـــان
عـــوزرم نـــامەسمووع، قـــەولم نـــاڕەواج
تـــــەدبیرم بـــڕیـــان نـــەدار و عـــەلاج
بـــێ حـــەد جـــە ئـــەوساف پـــڕ گـــوناه وێم
روو زەرد، مـــوو ســـفید، دڵ ســـیاه وێم
بـــێ پـــەنا و ئـــومێد بـــێ کـــەس مـــەندە وێم
شـــەرمەندەی حـــوزوور خـــودا و بـــەندە وێم

نــامەی ئــەعماڵم ئــەر گــێڵی پـێشـدا
یــەك زەڕڕە خـاسی مـوشكڵ بـۆ تـێشـدا
چــێش مــەبۆ كــەری رەحــمێ وە حـاڵم
هــەر ســەر بـەستە بـۆ نـامەی ئـەعماڵم
مـن ئـیقرارم هــەن تـۆیـچ مـەعلوومەن لێت
بــا كـەس نـەزانـۆ غـەیر جـە وێم و وێت
هــەر وێت بــزانــە یــەكـتای یـەگـانە
بــا نــەبوو ریســوای خـوێش و بـێگـانە
وەعـدەت فـەرماوان جـەوڕۆ رۆی ساعەت
پــەی حــەبیب وێت ئــیزن شــەفاعەت
وەعــدەی وێت حــەقەن بـە جـا بـاوەری
«مَــقاماً مَحــمود» ئــەر عـەتا كـەری
سـا تـۆیـچ یـا رەسـول دەی بـۆ شـەرمەوە
بــەو دڵەی پــڕ ســۆز نـەرم و گـەرمەوە
دڵ جــە شــهوود و ســەر وە سـوجدەوە
چەم جە رای رەحـمەت، گـۆش وە مـوژدەوە
«ارفــع وَ امسك، اِشــفع» مــەژنەوێ
ســەر بــەرز وە مـوژدەی شـەفاعەت دەوی

بـــخرامـــێ وه ســـه‌ر عـــه‌رش ئـــه‌کـــبه‌ردا
نـــوور ئـــه‌فشانی کـــه‌رد وه رووی مـــه‌حه‌شه‌ردا
پـــــه‌رێ شـــــه‌فاعه‌ت یـــاوی وه فـــــه‌ریاد
ده‌ســـــتم وه دامــــان مـــن نـــه‌شه‌ن جـــه یـــاد
هـــه‌رچـــه‌ن گـــونه‌هبار «شـــه‌مس» روو ڕه‌شـــه‌ن
شـــه‌فاعه‌ت هـــه‌ر پـــه‌ی گـــونه‌هبار وه‌شـــه‌ن

***

## ماموّستا مه‌لا محه‌ممه‌دی «مه‌حوی»

ئه‌م عارف و خوا ناسه گه‌وره له ساڵی١٢٤٥ی کـۆچی له شاری سلێمانی له دایك بووه. له ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیدا وه‌فاتی کردووه و له خانه‌قاکه‌ی خۆیدا له سلێمانی نێژراوه. ئه‌م خوا ناسه به‌م جۆره ستایشی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام و یارانی دڵسۆزی ئه‌کات:[١]

١. هـۆنـراوه‌ی بـه‌حری نـوور ١٢٣ هـۆنـراوه‌ن، بـه‌ڵام لێره‌دا هه‌موومان نه‌هێناوه بۆ زانیاری زیاتر ئه‌توانی ته‌ماشای دیوانی مه‌حوی بکه‌ی.

«ا»

## قەسیدەی بەحری نوور

«وَ صَلَّى اللّٰه عَلىٰ» ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە
کە دەرکی غەووری ناکا «غَيْرُ عِلْمِ اللهِ سُبْحٰانَه»
«وَ صَلَّى اللّٰه عَلىٰ» ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە
کە ئەخلاقی پەسەندیدەی جەنابی حەییی مەننانە
«وَ صَلَّى اللّٰه عَلىٰ» ئەو حەزرەتەی ساحێب کەماڵاتە
کە ئەعلا موعجیزەی قوربانی بم من، نووری قورئانە
لە تاریکی شەوی کوفرا بە یەك دەم لەمعەیێکی دا
«هەزار و سێصەد و بیست و دووە»، دونیا چرا خانە
چرایەك نووری بێ چوونی مومیددی بێ دەبێ وا بێ
چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا بۆ تا ئەبەدمانە
«تَعالَى اللّٰه» بە دوو دەهبو کە هەردوو عالەمی داگرت
بنازم بەم کەماڵی عەزم و حەزم و شەوکەت و شانە
لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دونیایی تەماشا کە
کە یەك لەت نانی جۆ بۆ قووتی، یا خورما دوو سێ دانە
فەلەك جاهێ سەری خەرمانی تا عەرش ئەڵبەتە نابێ
تەنەززول کا عولووی هیممەتی بۆ دەنکە زیزانە

موهیممێ غەیری زاتی حەی لە هیممەتیا نیە ئیللا
لەبەر ئەم ئوممەتە بێ هیممەتە دائیم بە ئەحزانە
چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ «یا خَیْرَ خَلْقِ اللّٰه»
منی بێ خێری نالائیق کە جیبریلت سەنا خوانە
بەیانی گەورەیی خولقی کەسێ ئایەت لە شەئنی بێ
نە مەقدووری من و تۆیە، نە ئیشی «قِسّ» و «سَحْبان»ە[1]

***

«٢»

لە رێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاك و پێی نەنا پێما
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم چ بکەم
دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ بەرپا نەکەم چ بکەم
لە چاوانم نەما بۆ گریە نۆبەی سەجدە بەر دەریە
سیا ساڵم نەبارە، نوێژی ئیستیسقا نەکەم چ بکەم

---

١. هەرکەس ئەیەوێ تەواوی قەسیدەکە بخوێنێ و ماناکەیشی بە جوانی تێ بگات تەماشای دیوانی «مەحوی» شەرح کراوی مامۆستا عبدالکریم مودەڕڕیس بکات.

لەسەر تۆ دوشمنە دونیا، «قَضیّە»م «مانِعُ الجَمْع»ە
که تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دونیا نەکەم چ بکەم
بەجێ ماوم لە یاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل زوو بێ
بە مردن لەم قوسووری ژینە ئیستیعفا نەدەم چ بکەم
ئەوا لەیلا بە رۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا «مەحوی»
هەتا قامی قیامەت، ئاه و واوەیلا نەکەم چ بکەم

***

## ئەسعەد مەحوی

ناوی مەلا «ئەسعەد» کوڕی مەلا «خالید»ی کوڕی زانا و دانا و شاعیری گەورەی کورد شێخ «محەممەدی مەحوی»یە لە ساڵی ١٩٨٩ی ز، لە گەڕەکی چوار باغی شاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە. لە ١٩٧٦/٤/٢٥ کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی خوارەوە بەشێکە لە هۆنراوکانی ئەسعەدی مەحوی...

«١»

ئەی پەناهی بێ کەسان بۆ هەموو کەس هەر دەلیل
ئەی دەوایی جەرگی پارە مەرهەمی قەلبی عەلیل،

ئەی حەبیبی خالیقی عالەم تەڕەحوم ئەی خەلیل
تۆ شەفیع و شافیعی من مامەوە دوور و زەلیل

**

«اَلسّلام» ئەی مەنبەعی ئەسراری حەق و نووری پاك
«اَلسَّلام» ئەی گەوهەری دەریای وەحدەت دوڕری چاك
«اَلسّلام» ئەی خاوەنی میعراج و تاج و مۆری پاك
تۆ شەفیع و شافیعی من مامەوە دوور و زەلیل

**

کەی ئەبێ یا ڕەب ببینم من بە شاهەنشا بکەی
تەخت و بەختم ژووری مانگ و زوهرەیی عولیا بکەی
یەعنی «ئەسعەد» واسیل زیارەت گەهی تاها بکەی
تۆ وەسیل و واسیلی من مامەوە و دوور و زەلیل

**

وا بە دەردی عەشقەوە ریشەی دڵم بریانەوە
کەرتی جەرگم دێتە دەر ئێستە بە دەم گریانەوە
دادی کۆهی لەیلمە بەم سینەیی بریانەوە
تۆ وەسیل و واسیلی من مامەوە دوور و زەلیل

**

یا ئیلاهی دڵ سووتاوی دووری خاکی «یەسریب»م

ئارەزوویی جیلوەیەکی نووری خاکی «یەسریب»م

بۆ دەوا پێویستەکانی تۆزی خاکی «یەسریب»م

بگرە دەستم یا موحەممەد ئوممەتی تۆم و زەلیل

**

یا موحەممەد من سەگی ئەسحابی تۆم و تابیعین

ڕوو ڕەش و پیس و بەد و بەڵحەم یەقین

کوێرە «ئەسعەد»، بێ دەسە، بێ داڵدەیە هەم بێ موعین

بگرە دەستم یا موستەفا ئوممەتی تۆم و زەلیل

***

## ئەحمەدی کۆر

١٢٧٨ ١١٩٣

ئەم هۆنەرە خوا ناسە لە سەدەی سێنزەهەمی کۆچیدا ژیاوە. لە ساڵی ١١٩٣ی کۆچی لە دەور و بەری «شنۆ» لە دایك بووە لە ساڵی ١٨٥٦دا لە تەمەنی هەشتاد و پێنج ساڵی لە دێی «عەمبار» بە خاك سپێرراوە.

«ا»

دڵبـــەرا دایـــم دەنـــاڵم دەم بـــە دەم شـــام و ســـەحەر
جـــارێ نـــاپرسی لە حـــاڵم چـــا و عـــوقابی خـــۆش خـــەبەر
چـــاو عـــوقابی مـــەهـ جـــەماڵی، دوشـــمنی کـــوفر و «ضَـلال»ی
نـــووری ســـیڕڕی لایـــەزالی، کـــاشفی «شـــقُّ القَـــمَر»
کـــاشیفی قـــەمەر دوو نـــیمی، فـــاتیحی دەرگـــای نـــەعیمی
شـــافیعی «یـــــوم الألیم»ی «أَنتَ لِي نـــــورُ البَـــــصَر»
نـــووری بـــینایی دوو چـــاوم، بـــێ فـــیدات ڕۆح و هـــەناوم
هـــەڵگـــیراوە خـــورد و خـــاوم، خـــواردنـــم بـــۆتـــە زەهـــەر
خـــواردنـــم کـــیم و زوخـــاوە، ســـەبر و هـــۆشـــم لێ بـــڕاوە
ئـــاگـــری دڵ وا بـــە تـــاوە، مـــیسلی شـــەمعی نـــێو فـــەنەر
وەك فـــەنەر دڵ پـــڕ لە نـــارم، بـــاری عـــیسیان بـــۆتـــە بـــارم
ڕوو ســـیاهـ و شـــەرمەسارم، مـــن لەبـــەر «یـــوم الخَـــطَر»
مـــن لە بـــەر «یـــوم المَـــمات»م، دێ کـــە قـــابیز بـــۆ حـــەیاتم
وا خـــەجڵ بـــێ هـــۆش و مـــاتم نـــامێنـــێ هـــۆش و ســـەبر
نـــامێنـــێ هـــۆش لە ســـەعاتێ ڕۆح دەگـــاتە جـــێی نـــەهاتێ
دەفـــتەری دونـــیام دەداتـــێ، نـــامێنـــێ مـــەیلی پســـەر[1]

---

١. لە جیاتی «پسەر»، «لەسەر»یش هاتووە.

نــامێنــێ مــەیلی جــیهانم، دێتــە جــونبوش رۆح و گــیانم
گــەر لە گــیر لاچــێ زبــانم، نــێوی حــەقمان دێتــە بــەر
نــێوی حــەق دێنــم بــە زارە، تــەن گــەلێك تــەشنە و بـیمارە
دڵ هـــەمیشە ئــینتیزارە، هـــەر دەڵێ «مٰـــاءُ الْـــقَطَرْ»
ئــاخ لەبــۆ یــەك قــەترە ئــاوە، لەو دەمــەی دونــیا تــەواوە
شــاە و دەروێش تــۆپــێ جــاوە، «قَـــدْ دَخَـلْتَ فِي الْـقَبرِ»
تــا قــیامەت قـــەبرە مــاڵم، دێن مــەلاییك بــۆ ســوئالم
ڕەبــبی تۆی مـوخبیر بە حـاڵم، نـەمخەیە سـەر رێی خـەتەر
نەمخەیە سەر رێی «ضَلالَت»، لێم دەپرسن زۆر بە شـیددەت
«قــالُوا مَــنْ رَبُّكَ مَـيِّت؟» کـێت پـەرست؟ کـێتـە پـێغـەمبەر؟
کێت پەرستووە؟ کوا ئیمانت؟ مـەزهەب و دیـن و کـەلامت؟
حــەشر و مــیزان و مــەقامت؟ بــۆم بــەیان کــە ئەو خـەبەر
بــۆم بــەیان کــە سیرری قـەلبی، ئـەی خـودایـە تـۆم تـەبیبی
مـــن دەڵێم «اَللّـــهُ رَبِّـــي»، بـا خــەلاس بـم لەو خــەتەر
بــا خـــەلاس بــین لەو مــەقامە، ئــاخری دونــیا تــەمامە
جـەمعی ئـوممەت خـاس و عـامە، رێی حـەشرمان دێتـە بـەر
رێی حەشرمان لێ دەبەستن، جەمعی مەخلوق سەف دەبەستن
یـــەك هـــەزار ســـاڵ رادەوەســتن، نــاپرسن لێمــان خــەبەر

نـــاپرسن لێمـــان چ حـــاڵە، دەشـــتی مـــەحشەر دێتـــە نـــاڵە
ئـــاگـــر و بـــووڵ و زوخـــاڵە، نـــامێنـــێ حـــیلم و بـــەسەر
نـــامێنـــێ عـــیلاج و چـــارە، چـــەند هـــەزار و بـــێ ژمـــارە
بـــاب لە فـــەرزەندی بـــێزارە، ئـــەو لەبـــەر شـــین و چـــەمەر
ئـــەو لەبـــەر گـــریان و شـــینە، «قـــالُوت یٰـــا رَبِّ رَضِـــینا»
کـــوا مـــوحەممەد شـــای مـــەدینە، بـــۆچ لێمـــان نابێ خـــەبەر
بۆچ خەبەردار نابێ لێمان، سووتا دڵ و جەرگ و قەلب و ئیمان
یەك هەزار ساڵ حەشرە جێمـان، کـوا حـەبیبی رۆژی حـەشر
کـــوا حـــەبیبی کـــوللی عـــالەم «مٰـــا تَـــقَّدَم قَـــبْلَ آدَم»
پاك لە مەحشەردا بووین جەم، بووە زوخـاڵ سـەمع و بـەسەر
بووە زوخاڵ سەمع و بەسەرمان، باری عیسیان کەوتە سەرمان
چـا وکـە هـەڵنـایە لە شـەرمان، دەسـتە و ئـەژنۆ قـوڕ بـەسەر
دەســـتە و ئـــەژنۆ روو دەنـــیشن، پـــڕگـــوناهان رادەکـــێشـــن
خێر و عـیسیانمان دەکـێشـن، هـەم بـە مـیزان سـەر بـە سـەر
پـــڕ گـــوناهان دێن و چـــوونە، دەفـــتەری وان ســـەرنگوونە
«فَـــاقْرَءوُا مٰـــا تَـــفْعَلُونَ، قَـــدْ دَخَـــلْتَ فِی السَّـــقَر»
ئـــەو ســـەقەر ئـــاور گـــڕیـــنە، بـــۆ کـــوفاران زۆر بـــەتینە
دێتـــە ســـەر عـــالەم بـــە کـــینە، نـــامێنـــێ هـــۆش و خـــەبەر

نـامێنـێ هـۆش لەو سـەعاتە، دێ جـەهەننەم بـانگ دەکـاتە
کــوانــێ «تــارِكَ الصَّــلاة»ە، چـاوە ڕێی وانـە سـەقەر
جـێ و مـەقامان زەمـهەریرە، بـاسی مـەحشەر زۆر کـەسیرە
پـــێغـەمبەرمان دەسـتگیرە، چـاکـە بـیکەین مـوختەسەر
موختەسەرکەین باسی زیللەت، دەکرێ حەشری کوللی ئوممەت
یەك بە ڕەحمەت، یەك بە زەحمەت، ڕێی سیراتمان دێتـە بـەر
دێتـە بـەرمان ڕێی سـیراتـە، بـۆ گـونەهبار جـێی نـەهاتە
یـا ڕەبـی بـمدەی نـەجاتە، بـۆم شـەفیع کـە پـێغـەمبەر
بۆم شەفیع کە تۆ بـە ڕەحـمەت، نـەمخەیە تـاریك و زوڵـمەت
پـێم عـەتا کـە قـەسری جـەننەت «أَعْـطِنَا» تـووبا سـەمەر
تــۆی «شـــفیع المــذنبین» لەو دەمـەی ئـاور بـە تـینە
تـۆی پـەنای مـە شـای مـەدینە، بـۆن شـەفیع کـە پڕ هـونەر
«ئـــەحمەدی کــۆر»ی فــەقیرە، حــەق تـەعالا دەسـتگیرە
بـــاری عـیسیانت کـە بـیرە، نـەمخەیە سـەر ڕێی خـەتەر

***

«٢»

یا رسولَ الله زەلیـل و دڵ حـەزینم ڕەحـمەتێ
موستەمەند و بێ قەرار و بێ قەرینم ڕەحمەتێ

ڕاحەتی قەلب و وجوود و عززەتی نەفسم نەما

وەقتی مردن، حافیزی ئیمان و دینم ڕەحمەتێ

دادخواهی مەحشەر و پشت و پەناهی مؤمینان

هەمنشینی زاتی وەحدەت ئافەرینم ڕەحمەتێ

کائنات ﴿اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ﴾ پڕ لە نووری رووی تۆ

ئەی حەبیب و یاری ﴿رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ڕەحمەتێ

﴿اَلرَّحْمٰنِ﴾ م بێ عەتاکە پێم کەرەم کە ﴿الرَّحِيمِ﴾

﴿مَالِكِ﴾ ی دونیاو عوقبا ﴿يَوْمِ الدِّين﴾ م ڕەحمەتێ

﴿يَوْمِ الدِّين﴾ ڕۆژی جەزایە ﴿نَعْبُدُ﴾ بۆ تۆ خودایە

بمخە ڕەسەر ڕێی هیدایە ﴿نَسْتَعِين﴾ م ڕەحمەتێ

﴿إِهْدِنَا﴾ بۆ ڕێی ﴿صِرٰاطَ الْمُسْتَقِيم﴾ م تۆ خودا

بێنە سەر ڕێ ﴿صِرٰاطَ الَّـذِين﴾ م ڕەحمەتێ

من لە ﴿أَنْعَمْتَ عَلَيْهِم﴾ یا ڕەب بێ بەش نەکەی

خۆ سەگی کۆی «أَمِير الْمُرسَلِين»م ڕەحمەتێ

غەیری تۆ کێ من لە ﴿مَغْضُوبِ عَلَيْهِم﴾ لا دەدا

نەمخەیەزومرەی ﴿وَلَا الضَّالِّين﴾ ئامینم ڕەحمەتێ

ئەی خودا ڕەحمێ بە «ئەحمەد» تۆ بکەی ڕۆژی جەزا

ڕوو سیاهم ئەی «شَفيع المذنبين»م ڕەحمەتێ

***

# مامۆستا کاکە حەمەی «ناری»

١٢٩٤ ١٣٦٤

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە ناوی کاکە حەمەیە و کوڕی مەلا ئەحمەد و نازناوی «ناری»یە، بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستمان دایە لە ساڵی ١٢٩٤ی کۆچی لە دێی «کیکن»ی سەر بە شاری مەریوان هاتووەتە دونیاوە و لە ساڵی ١٣٦٤ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە جیهان ماڵ ئاوایی خواستووە و لە گۆڕستانی دێی «بێلو»دا نێژراوە.

«١»

## ستایشی پێغەمبەر ﷺ

سوورەتی «یاسین» کە وەسفی حەزرەتی لەولا ئەکا
ئەهلی دڵ مایل بە جیلوەی سوورەتی «تاها» ئەکا
خاکی بەر دەرگای قەسری گەر بە سەردا کا گەدا
هەر نەفەس نفرەت لە تاجی قەیسەر و دارا ئەکا
ئاسمان وەك موشتەری هەر دەم بە میزانی وەفا
کەسبی هەر شامێ بە یادی دەوڵەتی ئەسرا ئەکا

گەر تەسەوور کا مەسیحی تەختی عەرشی ئەعزەمی
تا ئەبەد تەرکی بەیانی ڕەفعەتی عیسا ئەکا
نووری عیشقی کەوتە سەر تووری دڵی مووسا مەگەر
وا لەسەر سینەی بە شەوقی دڵ یەدی بەیزا ئەکا
بۆ خەلیلان گەر نەسیمی گوڵشەنی لوتفت ببێ
ناری نمروودی بە سەحنەی «جَنَّةُ‌المَأْوىٰ» ئەکا
تاقی کیسڕا بۆ بە بەرقی نووری حوسنی شەق نەبێ
سەیلی حوکمی ناری فارس زایل و ڕیسوا ئەکا
ئەی حەبیبی خالقی عالەم، لە ئادەم تا بە تۆ
ئەنبیا یەك یەك بەیانی حەزرەتی والا ئەکا
نەرگسی مەستی سیاهت عەینی «ما زاغَ البَصَر»
شەمعی بێ سایەی وجوودت شەرحی «كَرَّمْنا» ئەکا
ئادەمی خاکی بەسەر زومڕەی مەلەکدا بێ گومان
تۆی سەبەب نازش بە ڕوتبەی «عَلَّمَ الأسْماء» ئەکا
کاشفی ﴿وَاللَّيْل﴾ی توڕڕەی پەرچەمی شەبڕەنگی تۆ
ئافتابی تەلعەتت تەفسیری ﴿وَالضُّحىٰ﴾ ئەکا
ئایەتی میعراجی پایەی ﴿قابَ قَوسَين﴾ت عەجەب
وەسفی ئیعزازت لە تەختی نازی ﴿أَوْ أَدْنىٰ﴾ ئەکا

عەکسی ئەلفی قامەتی ئەبرۆتە گەر ﴿نٓ وَالْقَلَمِ﴾
سیدقی مەوزوونی کەلامت کەشفی ﴿مَا أَوْحىٰ﴾ ئەکا
با وجوودی پرتەوی میهری جەماڵی ئەنوەرت
کێ خەیاڵی زیبی قەسر و سایەی «طوبی» ئەکا
سەلسەبیلی لوتفی تۆ بێ شك لە عەرسەی مەحشەرا
تەشنە لەب، قانع، لە بادە جامی ﴿أَعْطَيْنا﴾ ئەکا
چی لە دەوڵەت کا، ئەسیری بەندی عیشقی ئەحمەدی
عیشقی مەحموودی بە عاشق کەسبی ئیستیغنا ئەکا
«ناریا» وەسفی جەلالی حەزرەتی «خیر البَشر»
کەی بە سەد دەفتەر هەتا مەحشەر بەشەر ئینشا ئەکا

***

«٢»

## پێنج خشتەکی ناری لە سەر تاهیر بەگی جاف لە مەدح و ستایشی پێغەمبەر ﷺ

ئەی شەهەنشاهی شکۆهی عیززەتی روویی زەمین
گەوهەری تاجی ریسالەت، شەمسی بورجی مورسەلین

زینەتی نووری نبووەت تاجداری موڵکی دین
مەتلەعی سوبحی سەعادەت مەزهەری سیدق و یەقین
ئەی سوپا سالاری فەوجی ئەنبیاو و مورسەلین

**

ئەی شەوی ئەسرا مەلەك خوررەم لە بۆ ئاهەنگی تۆ
عەرش و کورسی بوو بە تەخت و مەسنەدی ئەو رەنگی تۆ
گوڵشەنی جەننەت خەجالەت ما لە جیلوەی رەنگی تۆ
بۆ نەوازش زاتی حەق هەم سوحبەت و هەم دەنگی تۆ
شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو، شاتری «روح الأمين»

**

پرتەوی بەدری جەماڵت شەمعی جەمعی ئەنبیا
زینەتی حوسنی کەماڵت سۆزی شەوقی ئەولیا
گەردی نەعلەینت بەڵێ رەونەق شکێنی تووتیا
میشکی تۆزی دامەنت عەتری دەماغی ئەتقیا
یەعنی بۆ تەئسیری بینش عەینی سورمەی خاکبین

**

من گەداو و بێ نەوا، تۆش خاوەنی گەنج و کەریم
من نەخۆش و بێ دەوا هەر تۆی دەوا بەخش و حەکیم

چـی لە هـەنگامی جـەزاکـەم بـێ هـەوا خـواهـ و نـەدیم
ڕوو لە کوێ کەم غەیری تۆ ئەی شافیعی زومرەی ئەسیم
من گوناهبار و خەجاڵەت، تۆش «شَفیعُ المُذنِبین»

**

با بکەم شیوەن لە داخی باخی عومری بێ سەمەر
دەسـتە ئـەژنۆ دابـنیشم وەك هـەتیوی بـێ پـدەر
با بە ئەشکی دیدە تەڕ کەم خاك و خۆڵی راگوزەر
خۆ لە قوڕ بگرم بە جارێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر
بەڵکو لوتفی شاهی لەولاك بێ نەجاتمدا لە شین

**

شـەرمەزار و سـەرفگەندە و غـافڵ و دێوانـە خـۆم
بێ شوعاعی مەعریفەت، بێ نوور و بێ پەروانە خۆم
ئەی بە ریسوایـی لە کـووچەی شـاردا ئـەفسانە خـۆم
مـوستەحەققی تـیر و تـانەی ئـاشنا و بـێگـانە خـۆم
واجبی رەحمم بەسە یا «رَحمةً لِلعالمین»

**

بـوردەباری دەسـتی نـەفسی کـافری ئـەممارە خـۆم
بێ زەخیرە و زادی رێگەی ئاخیرەت، بێچارە خـۆم

ڕووت و قووتی مەحشەر و بێ سایەو و ئاوارە خۆم
دەستە پاچە و ڕوو سیاه و عاجز و بێکارە خۆم
بێ بە فریادم لەوێدا «یا دَلیلَ الحائِرین»

**

من کە مەشهوورم بە مەحکووم و موتیعی نەفسی شووم
کەی بە ئومێد و خەیاڵی ئیعتیبار و ئابڕووم
قەت لە خەرمانی ئیتاعەت یەك قەدەم پێشۆ نەچووم
ئێستە من قانع بە خۆشەی ئایەتی ﴿لا تَقْنَطُوا﴾م
مەزرەعەی عەفوی خودا نابێ ببێ بێ خۆشە چین

**

بێ نەسیبی «کَعبةُ الله» و تەوافی خاکی خۆم
دوور و بێ بەهرەی مەدینەی خاکی عەنبەرناکی خۆم
ئەی ئەسەف مەحروومی زومرەی حەزرەتی لەولاکی خۆم
حەسرەتا مەحروومی شەهدی زیارەتی شەبباکی خۆم
بۆ نەڕێژم ئەشکی ئاڵ و ئاوی گەرم و ئاتەشین

**

کەر سەگێ دوای فەوجی خاسانی خوایی کەوتووە
یانێ دەرباری دەری ئەسحابی کەهفی گرتووە

ئەو لە جەننەتدا موقیم و من لە دۆزەخدا بووە!
ئەی حەبیبی خالیقی عالەم تەڕەحوم تا زووە
ئەو سەگی ئەسحابی کەهف و من سەگێکی تابیعین!

**

«ناریا» ئامادە بە نەزدیکە هەنگامی سەفەر
مەنزڵت دوور و درێژ و چۆڵە رێگەت پڕ خەتەر
تا بەکەی غەفڵەت نوشینی خاکی، ئەی خاکت بەسەر
روو لە «روضە»ی موستەفا کە بێژە «یا خَیرَ البَشَر»
نیمە تۆشەی رێگە جوز ئیخلاسی ئالی تاهیرین

***

## مەلا حامیدی ئاڵیجانی

مەلا حامیدی ئاڵیجانی نازناوی شیعری «حامد». کوڕی خوا لێ خۆش بوو مەلا «عبد القادر»ی ئاڵیجانییە؛ (ئاڵیجان ئاواییێکە لە نزیکی کێوی سەخناج لە نزیکی ئاوایی باینچۆ ـ ئەو کێوە بەناوبانگە بە سەخناخی باینچۆ؛ کە مەلا حامید لە شیعرەکانیدا زۆر ناوی بردووە). بو ئەوەی کە مامۆستا باشتر بناسن تکایە تەماشای کتێبی «نالەی نیمە شەو» بکەن...

«ا»

ســـاقی! هــەتاکــەی؟ ســاقی! هــەتاکــەی؟
ســـەبرم ســا وەســەن هــەنی هــەتاکــەی؟
دەروێش کــەف لە دەف، نــەیچی! دەر لەنــەی
مـــەترسن لە وەی، بـــا بــەی جـام مــەی
هــا وەخــتەن تــۆمـار عــومرم کــەران تــەی
هـــەرچـــی بـادا بـاد، هــا دێرەن ســا دەی
ســـاقی! بـــاوەرە شـــەراب گـــوڵ رەنگ
بـــنۆشـــم پــەی دەفــع خــەم دڵەی تــەنگ
ســـاقی! بـــاوەرە شـــەراب گـــوڵ گـــوڵ
بـــــنۆشـــــین پــــەرێ دەفـــع دەرد دڵ
ســـــاقی! بـــــاوەرە بـــادەی خـــولاسە
نـــۆشـــینی پـــەرێ دەفـــع غــەم خـاسە
ســـــاقی! بـــــاوەرە بـــــادە و پـــیاڵە
تـــا لێم مـــالووم بـــۆ کـــامی حـــەڵاڵە
ســـاقی! بـــدەر پـــێم پـــیاڵەی پڕ مــەی
بە عیشق ئەو کەس، کەس نیەن وەك خۆی

ساقی! باوەرە شەرا و بێ غەش
وەك قەند مەزەی خۆش، سور بێ وەك ئاتەش
ساقی! باوەرە بادەی جامەکە
بە عیشق بالآی نەونەمامەکە
ساقی! باوەرە بادە هەسەکە
بدەر پێم بە عیشق دیدە مەسەکە
ساقی! باوەرە خۆش شەراوەکە
بە شەوق بالآی پەلکە خاوەکە
«حامد» قرچیا لە نا و تاوەکە
باوەر بادەیێ وەك وەفراوەکە

***

«٢»

## وا ئەگێڕنەوە ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی مەرگیدا هۆنیویەتەوە

با بچینەوە با بچینەوە
ئازیز تۆ خودا بێ با بچینەوە
بە داخی دڵ و سۆزی سینەوە
بە ناڵەی پڕ جۆش، پڕ حەزینەوە

دەس بە دۆعا و چا و بە گرینەوە
دڵ وە ئێش زام بێ برینەوە
چوون فەڵەك لێمان کەوتە قینەوە
نەردێوەش شانا لە کەمینەوە
تا مەحشەر وە داخ یەکترینەوە
بنیشین وە بورج کەس نەدینەوە
بە سۆز دەرون ئاهێرینەوە
لە داخ فیراق ئەو شیرینەوە
لە داخ فیراق لە دەس دووری
بە سۆز دەروون کورەی ئاجۆری
«حامد» دۆعا کە مەرگ بۆ چارەمان
تەی ببۆ بسات شەو نزارەمان

***

ئەم پارچە شیعرانەم لە «دیاری بێداری» «جمال حبیب‌الله فرج» ناسراو بە بێدار وەرگرتووە. خۆا جەزای خەیری پێ عەتا بکات.

«١»

# كوردێكی موسوڵمانم

من كوردێكی بە دینم    نەوەی «صلاح الدّین»م
رزگاری ئەم میللەتەم    لە ئیسلامدا ئەبینم

**

كوردێكی موسوڵمانم    من رۆڵەی كوردستانم
خەڵاتم بانگی خوایە    بۆ گەل و نیشتمانم

**

كوردێكی بە غیرەتم    دژ بە زوڵم و زیللەتم
هەرگیز دەسبەردار نابم    لە خاك و لە میللەتم

**

من كوردێكی دڵپاكم    دەر بەدەر و بێ خاكم
هەزار جۆر ئاوارەم كەن    هەر بەندەی خوای تاكم

**

كوردێكی خاوەن هۆشم    ئاو و خاكم نافرۆشم
بۆ سەربەستی و ئازادی    تەوا و شەیدا و پەرۆشم

**

کـوردێکـی خـوا پـەرستم  کـانی بـاوەڕە هـەستم
لە سـەرکـزی و دامـاوی  بـێزار و وەڕس و پـەستم

**

کـوردێکـی مـوسوڵمـانم  سـەربازێکـی قـورئانم
بـۆ بـەرزیی پـەیامی خـوا  خـەڵاتـە مـاڵ و گـیانم

***

١٩٨٩/٧/٢٥: گەلیاران

«٢»

## موحەممەد پێغەمبەرمە

مـوحەممەد پـێغـەمبەرمە  خـوێنـی دڵ و جگـەرمە
پـێغـەمبەرێکـی وایـە  مـامۆسـتاکـەی خـوایـە
سـەرداری ئـەنبیایە  پـێشـڕەوی گشت دونیایە
بـۆ ڕەوشـتی ئـەو زاتـە  دەقـی قـورئان شـایەتە
مـوحەممەد پـێشـەوامـە  بـەرنامەکـەی ئـەو رامـە
ئـای کـە نـاوی شـیرینە!  ڕەحـمەت بـۆ عـالەمینە
بۆ تێکڕای خـەڵکی گـێتـی  هێنای موژدەی سەربەستی
مـوحەممەد پـێغـەمبەرمە  مـامۆسـتامە، رابـەرمە
بـەرە و بـەهەشتم ئـەبات  لە ئـاگـر ئـەمدا نـەجات

سەربازی پێغەمبەرم  بە ماڵ و گیان و سەرم

***

گەلیاران: ١٩٨٩/٣/٩

«٣»

## ئەی موحەممەد

ئەی موحەممەد... ئەی موحەممەد!
سەلامت لێ بێت تا ئەبەد
بەڵێ، پێغەمبەری خوایت
خۆری رووی ئاسمانی دونیایت
لە تاریکی ژینا چرایت
دڵسۆزتر لە باوك و برایت
هەر خۆت هەست و سۆز و هیوای
بۆیە دڵنیام پێشەوای
بۆیە سوورم هەتا ئەمرم
تەنها رێگاکەی تۆ بگرم
ئەی موحەممەد... ئەی موحەممەد!
ئەی دەریای رەوشتی پەسەند!

هەڵگری بانگی ئاسمانیت
هۆی سەرفیرازی ئینسانیت
هەڵبژاردەی بارەگای خوای
شانازی ئادەم و حەوای
تەنها شوێنی تۆ ئەکەوم
بە ڕێگاکەی تۆ ئەسرەوم
قوربانی قورئانەکەتم
شاگردی بەرنامەکەتم

***

١٩٨٩/٣/٩: گەلیاران

«٤»

## ئەی پێغەمبەر

ئەی پێغەمبەر... ئەی پێغەمبەر!
موژدە هێنەر و ترسێنەر!
بەڕاستی پێغەمبەری خوای
تۆ لووتکەی باوەڕ و تەقوای
تۆ پێشەنگی خوا ناسانی
هەر تۆ داڵدەی بێ کەسانی

هەڵگری ئاڵای یەکسانییت

نموونەی بەرزی ئینسانییت

رووخێنەری قەڵای ستەمی

تەنها هەر تۆ سەرکردەمی

ئەی نێرراوی خوای مەزن!

قوربانی تۆ بێ گیانی من

باست بۆ گیان و هۆش و دڵ

ئاو و هەوا و گڵە بۆ گوڵ

تۆ بووی کە خوات پێمان ناساند

تۆ تۆوی باوەڕت وەشاند

ئێمە هەموو قەرزاری تۆین

هەموومان منەتباری تۆین

لە ئاگر ئەمان پارێزی

ئای کە دڵسۆز و بەڕێزی

***

١٩٨٩/٣/١١: گەلیاران

«٥»

## پێغەمبەرەکەم

پـــێغـــەمبەرەکـــەم نـــەخوێنـدەوارە
بـــەڵام پـــەروەردەی پـــەروەردگارە
پـــێغـــەمبەرەکـــەم راسـتگۆ و ئـــەمینە
وتـــەی دەرمـــانە بـــۆ دەردی سـینە
سـەر قـافڵەی رێگـەی جیهاد کـەرانـە
خـــۆری روونـاکـی نـا و ئـەستێرانـە
داڵدەی چـــەوساوە و لانـــەوازانـــە
هان دەری خێر خوا و هیممەت بەرزانـە
پـــێغـــەمبەرەکـــەم، ئـــەو زاتـــە پـاکـە
مـــایەی شـانازی و بـوونی ئـەفلاکـە
پـــێغـــەمبەرەکـــەم هـۆی بـەختیاریمە
هـــەر بـەرنامەی ئـــەو رێی رزگـاریمە
ئەوم لە گشت کەس زیاتر خـۆش ئـەوێ
هـــەر ئـــەو رابـــەرمە لێرە یـان لەوێ
پـــێغـــەمبەرەکـــەم قـورئان رەفـتارە
جـێی شـانازییە خـوێنـدنگەی غـارە

با تێکرای دونیا هەرکون تا قوژبن
بـبیسێ دەنگی زۆر زوڵاڵی من
ئەو مامۆستامە... هەر ئەو رابەرمە
خوایە شاهید بە ئەو پێغەمبەرمە

❋❋❋

## میرزا «عبد الرّحیم»ی وەفایی، مەهابادی

ئەم هۆنەرە بە سۆزە لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی لە شاری «سابڵاخ»دا لە دایك بووە. وە لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە دەشت و چۆڵی شام کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە. «مێژووی ویژەی کوردی»

## لە هۆنراوەکانی مامۆستا «وەفایی»

«١»

ئەی دڵ وەرە هۆشیار ببە «هٰذا طَرِیقُ العاشِقِین»
مەحوی جەماڵی یار ببە «هٰذا طَرِیقُ العاشِقِین»
لەم لاوە گریەی نای و نەی، لەو لاوە خەندەی جامی مەی
ئاگر لە عالەم بەر بدەی، «هٰذا طَرِیقُ العاشِقِین»

جـاریٚ لە چـاوان بگـرە خـەو، بگـری بـە نـاڵەی نیمە شـەو
تـا بـیٚتـە دەر خـورشیدی نـەو، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
شۆری دڵ و سۆزی دەرون، زوخاوی جەرگ و مەوجی خوێن
خوێنی گەش و فـرمێسکـی روون، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
تـا دڵ نـەسوتیٚ دەم بـە دەم، فـانی نـەبیٚ سـەر تا قـەدەم
پـەروانـە قـەت نـاگـاتە شـەم، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
تا چاو و دڵ خوێنبار نەکەی، قەتعی هەموو ئـەغیار نـەکـەی
فـیکری ویسـاڵی یـار نـەکـەی، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
عـاشق دەبـیٚ مـەستانە بـیٚ، خـاکـی دەری مـەیخانە بیٚ
سـاقی لە کـن پـەیمانە بـیٚ، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
گـەر دڵ گـوشا بـادی سـەبا، شـەرحـی دڵم بۆ گـەل نـەبا
عـومری عـەزیزم چـوو بـە بـا، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
سووتا دەروونـم سـەر بـە سـەر، خـوێنین دڵە جـان و جگـەر
جـیسمێکـە بیٚ ئـیسم و ئـەسەر، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
دەیسا لەسەر عەهدی ﴿أَلَسْت﴾، جامێك لە جامان بگرە دەست
هـەرتا ئـەبەد مـەخمور و مـەست، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»
دێوانـەو و سـەودا سـەرم، کـوژراوی غـەمزەی دولبـەرم
دڵ پـڕ لە ئـێشـی نـەشتەرم، «هٰـذا طَـرِيقُ العـاشِقِين»

چـاوم بـە سـۆزی دڵ تـەڕە، دەریـایی ئـاو و ئـاورە
مـوتریب بـڵێ، سـاقی وەرە، «هٰـذا طَـرِیقُ العـاشِقِین»
پەروانە خۆی ئاوێتە بەست، فەرمووی «چرا» مەخمورو مەست؟
وەسڵم بـە سـووتان دێتـە دەست، «هٰـذا طَـرِیقُ العـاشِقِین»
بـولبـول دەنـاڵێنێ حـەزین، گـوڵ دێتـە عـیشوە و پێکـەنین
بگـری بـە سـۆزی ئـاتەشین، «هٰـذا طَـرِیقُ العـاشِقِین»
چـی وەك «وەفـایی» بـەندەیە؟ لەو بـاغی دڵ گـوڵ خـەندەیە؟
بـەو جـامە خـزری زیـندەیە؟ «هٰـذا طَـرِیقُ العـاشِقِین»

***

«٢»

یـا رسـولَ الله دەخـیلێك رووم نـیە بـێمـە حـوزوور
وەك دزان گـەردەن کـەچ و شـەرمەندە وێستاوم لە دوور
گـەرچـی سـەرمایەم نـیە خـۆ مـوستەحەققی رەحمەتم
رەنگی زەرد و روویی رەش، مووی سپی و فرمێسکی سوور
وەك لە گـۆشـەی بـێشـە... تـووشی دام و داو
تووشی نەفس و تووشی شەیتان بووم غەریب و بێ شوعوور
موستەحەققی رەحمەتم، ئەی مەستی حەق! ئەی دەستی حەق!
دەسـتی مـن بگـرە لە نـار و بـمخە نـێو دەریـایی نـوور

رۆح لە سەر لێوم، نەفەس گیرە، لە نێو خەوف و رجا
چاوەڕێی فەرمانی تۆیە، بچێتە دەر، یا بێتە ژوور!
تابی گێسووت وەقتی خەندە تابشی رووت بوو، وتم:
نەردەبانی عەرشە پایەی لامەکان مایەی حوزوور
تا خەس و خاشاکی بەر دەرگاهی تۆم بۆ دەست بدا
چم لە گوڵزاری بەهەشت و لەززەتی حوور و قوسوور!
یادی رووی تۆم کرد و ئارامی نەهێشتم نووری حەق
ئاوری تێ بەردام شوعاعی رۆژ بە تەقریبی بلوور
دەنگی بێ رەنگی سەدای هات رەنگ و دەنگم پێ نەما
باغی رۆح ئەفزا دەپشکوتن لە پووشی وشك و زوور
قُلْتَ لِي هُوَ الْوَرىٰ خَبِثْتُ نَفْسِي بِالْهَوىٰ
لَهُ مٰاءُ الْعُيُونِ، اَلنّٰادِمِ مٰاءُ طُهُوْرِ!»
رووی وەدەر نا مووی پەرێشان کرد، دڵی پێ دامەوە
یەعنی: هەر ئەمنم شەفیعی عاسیان رۆژی نشوور
تاقی ئەبرۆم دی، عەیان بوو سوجدەگای موڵك و مەلەك
تابشی رووم دی، وەدەرکەوت بارەگای نووری سدوور
ئەی شەهەنشاهی سەریری عەرش و رۆحانی غولام!
چل چرای عالەم فراز و شا نشینت ماه و هوور

شا نشینت عەرشی ئەعزەم، جیلوەگاهت فەرشی خاك
مەزهەری وەعد و وەعیدت سەوتی ریزوان، نەفخی سوور
ئەی گوڵی گوڵزاری وەحدەت، سەروی باغی ئیستیفا؟
عاریزت قەسپی! بەیانان، قامەتت وەقتی زوهوور
ئەی جەماڵت باوەشێنی شاهباڵی جوبرەئیل
جایڕوبی خاکی رێت کاکۆڵی غیلمان زوڵفی حوور
بەندەگانێ عاشقێ رووتن ستارەی میهر و ماه
ئەز خریدی خاکی پێتن عەنبەر و میسك و بخوور
خۆش نویسی موسحەفی رووت بۆ رەواجی حوسنی تۆ
خۆش خەتی کێشا بەسەر ئایاتی «تەورات» و «زەبوور»
گەر تەجەللای حەق موورادی جیلوەیی رووی تۆ نەبوو
چاوی «موسا» کەی دەبو روون بێ بە سورمەی کێوی «طور»؟!
تۆ و خەمی گێسوت کە تەشریحە لە سیڕڕی رۆژ و شەو
تۆ و خوتووتی رووت کە تەفسیرە لەسەر ئایاتی «نوور»
تۆ بێ‌یو زاتی خودا قوربان! وە هاوارم وەرە
ئەو دەمەی بێ کەس دەمێنم دەبمە لوقمەی مار و موور
دەم بە خەندە یەك دەم ئەی کەششافی سیڕڕی لامەکان
کافییە جارێك بفەرمووی بۆ «وەفایی»، یا غەفوور

***

«٣»

ئـــەی «امـــام المُـــرسلین، شمسُ الهُـــدیٰ، بحْـــرُ الهِـــمَمْ»
ئـــەی «شـــفیعُ المـــذنبین، خَـــیرُالوریٰ، مَـــولَی النِّـــعَم»
ئـــەی نـــەسیمێکـــی گـــوڵی زار و شـــوعاعێکـــی روخت
شـــەوقی رۆژ و بـــەدری تـــابان، عـــەتری گـــوڵزاری ئـــیرەم
ئـــەی لە شـــەوقی جـــەننەتی رووت ئـــەنبیاو و ئـــەولیا
رۆح لەســـەر لێون وەکـــوو پـــەروانـــە بـــۆ دیـــداری شـــەم
ئـــەی دەم و خـــەندەت دەلیـــلی دەعـــوییی بـــوون و نـــەبوون
ئـــەی بـــرۆ و بـــاڵات بـــەیانی مـــەعنییی نـــوون و قـــەڵەم
ئـــاسمان پـــیر بـــوو لە داخـــی خـــەتی رووی تـــۆ شـــەو لە رۆژ
ســـەد چـــرای هـــەڵکـــرد و نـــەیبووە ســـەوادی یـــەك رەقـــەم
تـــۆ بـــیی و تـــەشریفی «لولا» ســـیڕڕی ﴿مـــازاغَ الْـــبَصَر﴾
تـــۆ و مـــەقامی «لی مـــع اللّـــه»، تـــۆ بیی و نووری قیدەم
بـــێنـــەوام، هـــیچم نـــیە، هـــاتووم و مـــەحرووممە مـــەکـــە
قـــەت لە دەرگـــای خـــۆی گـــەدای نـــاکـــاتە دەر ساحێب کـــەرەم
[هـــیچ تـــەبیبێ رێی نـــیە دەردی دەروونـــم کـــا دەوا]
[ئـــەمڕۆ گـــەر چـــارەم نـــەکـــەی «وا حَـــسرَتا یَـــومَ النِّـــدَمْ»]

هـاتمه بـەر ئـەبرۆت نـاسووتێم لە سـایەی خـەتتی رووت
ئـایەتە: «چـی داخـڵی کـەعبەی بـوو نـایبێ تـرس و غـەم»
دەست و دامـانی خـەمی گـێسـوویی تـۆم بەو «عـارِض»ە
نـا ئـومێد نـابم کـە مـن دەسـتم لە حـەلقەی کـەعبە دەم
مـن چـلۆن مـەحرووم بـبم ئـەی «رحمـةً للـعالَمین»؟
دێ سـەدای ﴿لا تَـقْنَطُوا مِـن رَحمَـةِ اللّـه﴾ دەم بـە دەم
هـات نـەسیمی خـاکـی دەرگـای ئـاوری دەردم دامـرا
«ذُقتُ مِـن مـاءِ الحَـیاةِ شـابَنِي بَـعْدَ الْهِـرَم»
چـاوەکـانت سـەرخـۆشـن قـوربان، گـوتم: مـایل بـە چین؟
عەکسی زوڵفی خستە سەر حـەرفی مـودەووەر، یـەعنی: دەم
کـەوتمە خـاکـی دەرکـی هـاتن بمکوژن خـۆش بـەو دەمە
«قـالَ رَبِّ البَـیتِ» هـان «لا تَـقْتُلوا صَـیدَ الْحَـرَم»
زەوقی ئەبرۆی، شەوقی رووی، خستمیە نـاو زوڵف و گـوتی:
کـەعبە و رۆژی مـوناجاتە و مـەقامی مـولتەزەم
یـا رەسـوول الله دەزانـی تـۆ کـە شـەیتانە عـەدووت
هەم لە تۆ مـەعلوومە ئـەمنیش ئـوممەتی تـۆم هـەرچی هـەم
کـەی رەوایـە و غـیرەتە بـۆ تـۆ کـە «فـخر الأنـبیا»ی
دوشمنی خۆت شاد بفەرمووی، ئوممەتی خۆت دڵ بە غەم؟!

داخـــی تـۆم هــەر پـێوەیــە سـەدجار دەرمکــەی دێمــەوە
من سەگـێکـی تـۆم «وەفـایی»، روو لە دەرگـای کـێ دەکـەم؟!

***

«٤»

رۆحــم بــە فـیدات ئـەی گـوڵی گـوڵزاری مـەدینە
لوتفت هـەبێ، روو وا بکـە، مـەقسوودی مـە، دینـە
بـەو جـێگـە [بـویتە!] شـەرەف و قـورب و مـەقامت
لوتـــفت بـبێ بـمبەخشە، وەرە جـورمی مــەبینە
دەرمان مەکـە هـاتوومە، حـەکـیمی هـەموو دەردان
دەرمــان بکــە جــەرگم کــە هــەموو کـۆنـە برینە
عـــومرێکـــە دەنـاڵم بـە ئـومێدی گـوڵی زارت
جــارێکــی بـفەرموو: کــە چ هــاوارە؟ چ شــینە؟
فەرزەن هەموو دونیا مـن و عـومری «خـضر»م بـوو
بـێ جـەننەتی رووی تـۆ چ حـەیاتێکـە؟ چ ژینـە؟
ئـیحسانی گـوڵ و خـاکـی دەری پـاکـی لە چـاودا
بـۆیـێکـیە فـەلەك تـا هـەیە چـاوی لە زەمـینە

ڕەوشەن بکە چاوم بە کلی خاکی دەری خۆت
بەو عیززەتە فەرشی قەدەمت عەرشی بەرینە
زوڵفت لە دوولا شاد و گوشادن بە جەماڵت
کوا ئەهلی شیمالی؟ هەموو ئەسحابی یەمینە
مەوقووفی نیگاهێکە بفەرموو بە تەڕەحوم
ژەنگاوییە، ئاوی نییە ئاوێنەیی سینە
پابەندی ئیشارێکە، دەرێکە لە دەروونم
خودبینییو بوخل و حەسەد و نەخوەت و کینە
بەو خاڵ و خەت و سوورەتی گێسووی هەتە حەقیە
«مانی» کە پەرێشانی سەنەمخانەیی چینە
نادیدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیاو و قیامەت
جارێ بە «وەفایی» کە بڵێ کەلبی ئەمینە

***

## پێنج خشتەکی یەك
## لەسەر بەعزێ ئەشعاری کوردی

دافیعی دەرد و عەنامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ
قابیلی حەمد و سەنامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ
ڕۆشنی نوور و سەنامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ

«ڕەببی تۆ پشت و پەنامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ
بەندە عەبدم تۆ خوامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ»

**

بێ کەسم و ڕیسوا وا هاتم رووم نیە سەر هەڵ بڕم
موفلیسم، تەنها تەماتم رووم نیە سەر هەڵ بڕم
خاوەنی دەرد و نەجاتم! رووم نیە سەر هەڵ بڕم
«شەرمەساری بارەگاتم، رووم نیە سەر هەڵ بڕم
خۆت کە بەخشندەی گونامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ»

**

بەند و قەیدی هەرد و دونیام، هەر بە لوتفت حەل دەبێ
داوەکانی نەفسی ریسوام، هەر بە لوتفت حەل دەبێ
ئارەزووەکەی ڕۆحی شەیدام هەر بە لوتفت حەل دەبێ
«موشکلاتی دین و دونیام هەر بە لوتفت حەل دەبێ
ساحێب و موشکڵ گوشامی مەرحەمەتکە ڕەحمەتێ»

**

تۆ تەبیب و کردگاری دەرد و ئازاری منی
ڕۆشنایی گیانی زار و قەلبی بیماری منی
چاوەڕێتم تۆ کلیدی ڕەمزی ئەسراری منی

«خۆت حەکیمی ئاگەداری ئێش و ئازاری منی
دارویی دەرد و دەوامی، مەرحەمەتکە رەحمەتێ»

**

عیلم و عیرفان و مەقام و گەورەیی و حیشمەت هەموو
پاکی و تەقوا و نیشانی و سەروەری و قودرەت هەموو
ئابڕوو وەقر و مرووەت، راستی‌یو حورمەت هەموو
«ماڵ و رزق و عومر و دەوڵەت، عیززەت و زیللەت هەموو
هەر بە دەستی خۆتە نەزمی، مەرحەمەتکە رەحمەتێ»

**

کواکەسێ‌تر تا لەلای ئەو من تەقالای خۆم بکەم
تا مەتاڵەی کارەکان و جینس و کاڵای خۆم بکەم
زیکری دۆسی میهرەبان و یاری ئاڵای خۆم بکەم
«گەر دەرم کەن بچمە کوێ؟ لای کێ سکاڵای خۆم بکەم؟
مەرجەعی لاڵە و تکامی مەرحەمەتکە رەحمەتێ»

***

## مامۆستا حەقیقی

ناوی عەباس کوڕی عەلی پاشای کوڕی برایم ئاغای تاڵا و نازناو و شۆرەتی «حەقیقی»یە. لە ساڵی ١٢٨١ی هەتاوی لە

دێی «مەرجان ئاوا»ی دەشتی حاجی حەسەن ناوچەی مەهاباد هاتووەتە دونیاوە و لەساڵی........ لە شاری بۆکان فەوتی کردووە.

«۱»

## مەولوودنامە

سوپاسی بێ حەد بۆ زاتی بێچوون
﴿سُبْحَانَ اللّٰهِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾
«مالك الملك»ی تەنیا و بێشەریك
لە عەیب و عاران موبەڕڕا و تەریك
دانەری زەوی و حەوت ئاسمانە
بەو جێ و مەکانە خۆی بێ مەکانە
هەڵسووڕێنەری چەرخی ڕۆژ و شەو
لە عەرز و ئاسمان کێیە غەیری ئەو!
تاك و بێ هاوتا، پاك و بێ باکە
خالیقی ئاو و خاك و ئەفلاکە
سەلات و سەلام لەسەر موستەفا
ڕەسووڵی ئەکرەم، خەتمی ئەنبیا

بـــاریٚ دایـــم وەك ریٚژنـــەی بـــاران

سەدهەزار، هێندەی خیزی رووباران

جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە

روونـاکی چـاوی حەووا و ئادەمە

رەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا

«صَلّوا عَلَیْـهِ» فـەرموودەی خودا

مـــزگێنـــی هـــێنـا عـــیسای مـــوجەڕڕەد

﴿یَأْتِي مِـــنْ بَـــعْدِی اسْمُـــهُ أَحْمَـــد﴾

مـــزگێنـــی هـــێنـا و ڕۆیـــی بـــۆ فـــەلەك

لێرە بـــۆ بـــەشەر، لەویٚ بـــۆ مـــەلەك

یـــانیٚ دوای مـــن دیٚ ئـــیسم ئـــەحمەدیٚ

لەو چـــاتر نـــەبیٚ، نـــەهاتووە و نـــەدیٚ

نـــاوی «مـــوحەممەد» نـــێوبـــانگ ئـــەمینە

لەقـــــەب «رحـــــمةً للـــــعالمین»ە

تـــەنیا گـــەوهەرە لە نـــێو بـــەحر و بـــەڕ

هـــــەڵبـــــژێراوی «الله أکـــــبر»

شـــەوی زوهـــووری رەحـــمەت دەبـــاریٚ

نـــوور شـــەبەق دەدا، زوڵمـــەت دەتـــاریٚ

پێنج سەد و هەفتا مێژووی زاینی
هەڵکرا چرای دینی موبینی
هەر ئەو ساڵەی بوو حەملەی «عام الفيل»
ساڵی واقیعەی ﴿طَيْراً أَبَابِيل﴾
بە شەوی دوازدەی «ربيع الأول»
ڕۆژی دینی حەق سەرکەوت لە کەل
لە شەرق و غەرب و نێزیك و دووری
دونیا ڕووناك بوو بە قوببەی نووری
لە ڕۆژئاوا را هەتا ڕۆژهەڵات
مەلەك داوەری، شەیاتین هەڵات
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
ڕووناکی چاوی حەووا و ئادەمە
ڕەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
«صَلّوا عَلَيْهِ» فەرموودەی خودا
«جَاءَ بِالهُدىٰ فِي أُمِّ الْقُرىٰ
نُورٌ مِثْلُهُ عَيْنٌ لَمْ يَرا»
ئاوری ئاورگی گاور کوژاوە
ڕۆچوو، هەڵچۆڕا دەریاچەی ساوە

تـــەقی، درزی دا تـــاقی نـــۆشـــیروان
یـــانێ ئـــیعجازی نـــەبی نـۆشـیروان
هـــەڵبـــوو چـل‌چرا لە جـێگـەی ئـاور
گـــڕی دامـــرکا چـــۆڵە چـــرای گـاور
«عوززا» بێ عیززەت، «مەنات» بێ مەنات
«هــەبەل» بــێ بــەها نـەما قـەدری «لات»
تـــاجی لەســـەر نـــا شـــای «الوالعـــزم»ان
چـــەمان پـــەرچـەمان چـەم و خـەم نـەمان
ســـەمەك تـــا ســـەما رەقس و ســـەمایە
جـــێژنـــی مـــەولوودی «رســـوول‌الله»یـــە
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
روونـاکی چـاوی حەووا و ئادەمە
رەحمەت بنێرن بـۆ نووری هودا
«صَلّوا عَلَيْـهِ» فەرموودەی خودا
سوورەی «والشّمس»ێ قەسەم بە رووتە
﴿وَاللَّـــيْلِ إِذٰا سَـــجىٰ﴾ بـــە مـــووتە
لە نـــــێو ئـــــەنبیا دوڕڕی یـــــەتیمی
خـــودا فـــەرموویە: «خـــولقی عـــەزیمی»

شـــەفاعەتی تـــۆ بـۆ تـۆبـەی ئـادەم
قـــەڵەم لە لەوحـــی نـــووسیبوو ئـــەودەم
خـــودا نـــاخودای کـــەشتی کـردە نـووح
تـــۆ ســـەوڵت لێدا بـــە عـــالەمی رۆح
لە ئـــیبراهـــیمێ ئـــاور بـــە کـــوڵ بـــوو
نـــوورت لە بـــەینا پـــەرژینی گـــوڵ بـــوو
مـــیقاتی مـــووسا عـــەرز و کـــێوی تـــوور
جێی تۆ سیدرەیە و سـەراپـەردەی نـوور
بـــە ئـــاویدا دا مـــووسا دەســـتە گـــوڵ
پـــێشـــوازی کـــردی عـــیسا یـەك مـەنزڵ
مانگ تۆی دی حەق بوو بێژێ من نـیمە
ئەی گوت جەزای بوو کـردت دوو نـیمە
تـۆ بـووی پـێ راگـەی سکـاڵای خـەزاڵ
لەســـەر تـۆ خـەتمە مـوعجیزەی کـەماڵ
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
روونـاکی چـاوی حەووا و ئادەمە
رەحمەت بنێرن بـۆ نووری هودا
«صَلّوا عَلَیْـهِ» فەرموودەی خودا

گــوڵی بــۆنخــۆشــی بـاغی کـیبریا
روونــاکــی شــەمعی جــەمعی ئـەنبیا
شــای تـاجداران بـە تـەخت و ئـەورەنگ
نـەخشی تـایبەتی نـەققاشی یـەکڕەنگ
شـــیرەی شــیرینی ﴿شراباً طَـــهُور﴾
سوورەت رۆژی روون، نووری عەلا نوور
مەزە و تام و بۆی جۆی شیر و هـەنگوین
ســاقی کــەوسەر و تـەسنیم و مـەعین
تــەنیا گــەوهەری دەریـای کـەرامـەت
ئــاڵا هــەڵگــری رۆژی قـیامەت
چــرای «بـیتالله» نـووری مـەدینە
پــەیکی رەحــمەتنت «روح الأمـین»ە
لەبـەر تۆ فـەرمووی خودای پاك و تاك
«لَــوْلاكَ لَمـا خَــلَقْتُ الْأفْــلاكَ»
خــولقت عــەزیمە، لوتـفت عـەمیمە
تــەبعت کــەریمە، مـن خـەمی چـیمە
تــرسی مــە شـەرمە لە رۆژی ئـەژمار
خـودا بـە رەحـمە و ئـەتۆش تکـاکـار

بـــەڵام زۆر خـــێرە چـاکـەی نـهێنـی
تـۆ خـوا لای چـاکـان نـێوم نـەهێنـی
خـاکـی دەرگـاکـەت لەعـلە و پـیرۆزە
رۆحـــم فـیدات بـیّ، جـەژنە پـیرۆزە
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
رووناکی چاوی حەووا و ئادەمە
رەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
«صَلّوا عَلَيْـهِ» فەرموودەی خودا

***

«٢»

## جەژنی میعراج

ئـــەو مـانگە مـانگی «رجب الله»یـە
مـانگی مـیعراجـی رەسـول الله یـە
بیست و حەوتەم بوو جەبرەئیل ئـەمین
هـــێنـای فـەرمانی «ربّ العـالمین»
عـەرزی کـرد سـەلام یـا رسولَ الله
دەعـوەت کـراوی بـۆ خـزمەت «الله»

فەرموو خۆ ساز کە بە وەجهی لازم
بوڕاق حازره و منیش مولازم
لە خزمەتت دام تا جێگەی موجاز
هەتا نزیکی سەرا پەردەی راز
کردی حەرەکەت رەسوولی کەریم
بێ چوون و چرا بۆ عەرشی عەزیم
شەوی میعراجە و شا سواری بوڕاق
رێبواری رێگای بەرزترین تاق
رۆیی بۆ خزمەت حەزرەتی باری
لە عەرش و کورسی رەحمەت دەباری
بە شەوقی لالەی «لَیْلَةُ الْأَسْریٰ»
بوو بە چراغان سەرا و سەرسەرا
تا حایل نەبێ بۆ حوزووری حەق
پەردە لادران تەبەق دوای تەبەق
رۆحی ئەنبیا و چاکان و پاکان
بە دینی شاد بوون سڵا و لە پاکان
سەفی مەلایك چوونە پێشوازی
باڵیان رادەخست بۆ پایەندازی

هاواری کردێ هاوڕێ جەبرەئیل
یا رسولَ الله» دەخیل سەد دەخیل
ئەگەر بەولاتر بە موو تێ پەڕم
بە نووری یەزدان دەسووتێ پەڕم
شەو و شەوڕەوی شیاون لەوی
جوانی فەرمووە مەولا مەولەوی:
«چوو دیتی و گوتی و بیستی و گەڕیاوە
حەڵقەی درگاکەی هەر ئەلەریاوە»
سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
ئەتۆیان بوویە ئیمام و رەهبەر
خەڵاتی هێنا جەبریلی ئەمین
لەقەب دوای لەقەب «تاها و یاسین»
یا رەب بە حەققی رەسوولی ئەکرەم
بە «**خَیْرُ الْبَشَر**»، «**شَفِیعُ الأُمَمْ**»
یا رەب بە حەققی حەبیبی باری
بە ئال و بەیت و بە چوار یاری

له بەحری عەفووت نمێك «یەم»ێکە
کەرەم کە، لای تۆ «یەم»ێك نمێکە[١]

دەریای رەحمەتت بێ سەر و بنە
تۆ بێ نیازی، بۆ ئی وەك منە

بۆ خۆت دەزانی خەجاڵەت بارم
بە لوتفی خەفیت ئومێدەوارم

گوناهم زۆرە دەزانی رازم
تۆیی کارسازم بە تۆ دەنازم

حەکیم نەخۆشم دەردم گرانە
چارەی نەخۆشی دەوا و دەرمانە

یە ﴿لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللّٰه﴾
ئومێدەوارم، ناترسم لەولا

نەبی شەفیعە و ئەتۆ شەفیقی
یەقین دەبەخشی جورمی «حەقیقی»

بۆکان ١٣٦٤ی هەتاوی

---

١. یەم: «یَم»، عەرەبییە بە مانا دەریا.

# مەهجووری کوردستانی

ناوی سەیید «عبد الحکیم» کوڕی سەید محەممەد سەلیم، کوڕی سەیید عەلی، کوڕی سەیید میرزا، کوڕی سەیید ئاغە جان، کوڕی سەیید خەیاڵ، کوڕی سەیید گوڵشەن، کوڕی سەیید شێخ ئەحمەدی باینچۆیە لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچی لە گوندی «باینچۆ» ناوچەی «حوسەین ئاوا»ی سنە لە دایك بووە. درێژەی بە دەرس خوێندن داوە لە کوردستانی عێراق و ئێراندا، بە تایبەتی لە خزمەتی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی قدس سره دەرسی خوێندووە و لەگەڵ شێخ عوسمان «سراج الدّین»ی گەورە قدس سره عەلاقەی زۆری بووە. لە ساڵی ١٢٧٨ی کۆچی مانگیدا لە ئاوایی «گەوەنتو»ی ساراڵ کۆتایی بە ژیانی دونیای دێنێ. ڕۆحی شاد و پلە و پایەی هەر بەرز و بەزتر بێ و قەبری نوورانی...

## پارچە هەڵبەستێك لە هۆنراوەکانی ئەو بەڕێزە

## دمای تەهەجود وەقت سوب سەحەر

دەرمـــان دەردم مـــوحەممەد نـــامەن

عـــەکســی روخســـارش بـــەدری تـــەمامەن

مــــاوای شـــەریفش خـــاك حـــیجازەن
ئـــەو خـــاکـە دەرمـان دیـەی نـەسازەن
ئـــیستیدعام ئـــێدەن ئـــەوەند نـەمەردام
زیـــارەت «رَوضـــە»ی پـــاکش بکـەردام
خـــاك ئـــاسانەکـەش مـاڵام نـە دیـدەم
بـــۆ بـــنیام نـــە بـۆی ئـەو بـەرگوزیدەم
مەرهەم کـەم خـاکش پـەی شیفای زامـەت
نـە پـای هـەر سـتوون قـیام کـەم قـامەت
ســـەیر قـــەندیلان نـــوورینش کـــەردام
شـادی بـێ ئـەو وەخت ئـەگـەر بمەردام
چـــونکە پـــێم مـــەدان خـەتی ئـازادی
نامەرد بوون بەو مـەرگ نـەکـەرون شـادی
یـــــە چ حـــاڵێوەن جـــە دانش دووری
تۆ کۆ؟ «رَوضـە» کـۆ؟ لێوەی «مـەهجوری»
روو ســـیای عـــالەم خـاتی بـێ خـەبەر
شـەرمەندەی دیـوان رۆی «یَـوْمَ المَحْشَرْ»
خـەوفت بـۆ جـە نـار شـەرارەی شـەرەر
بـــار عـــیسیانت جـــە حـیساب وە دەر

هـا وەختەن دەفتەر عومرەکەی پڕ خەم
کەتەی «اَلسِّجِیل» بپێچۆ وە هەم
نەی جامەی غەفڵەت سەر باوەر وە بەر
سەجادەی حوزوور بکێشە وە سەر
نە زاویەی خەم ساکن بەر پەی وێت
پات نە زەنجیر بۆ چوون سەودای شێت
دوکان فیکرت پڕ نە قوماش بۆ
نەك ئەو قوماشە شەیتان تەماش بۆ
مامەڵەی سەودات دایم نە جۆش بۆ
هەڵاڵەی کاڵات با نە خرۆش بۆ
جە بارخانەی فەیز با سەربارت بۆ
سەد چوون مەهجوری تەڵەبکارت بۆ
روو سیای عالەم خاتی بێ خەبەر
شەرمەندەی دیوان رۆی «یَوْمَ الْمَحْشَرْ»
یە چ حاڵێوەن کەفتەنت نە سەر
یانەت وێران بۆ خاکت بۆ وە سەر
ئەگەر راس ماچی حەق نە ویرتەن
بزانە چەن کەس دامان گیرتەن

تـۆبـەی گـومڕاهـی و جـە تـاعەت دووری
ئـەوان غـەرق بـەحر شـەماڵەی نـووری
بـا نـاموست بـۆ سـەنگینەن کـارت
ویـرت جـە وێت بـۆ گـرانـەن بـارت
وێت کـەردەن تـابیع زومـڕەکـەی هـەرەج
ئـەر پـات نـە جادەی حـەقیقەت بۆ کـەج
دەخـیل هـۆشت بـۆ جـە وێت بـۆ خـەبەر
گـونای چـەن کـەست مـەنیەران وە سـەر
نـەحیف و زەعـیف سـا چـوون مـەیاری
مەر تۆ تاقەت بار چەن کەس چوون داری؟!
نـەوا بـواچـان جـە «یَـوْمَ الْأَمـانْ»
یـە «مـەهجوری»یـەن پـاسە پـێش ئامان

***

## حاجی شێخ محەممەدی حیسامی «عاشق»

کوڕی شێخ «سَعدُ الله» کوڕی حاجی شێخ «عبد الکریم» دەگاشیخانە. لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی لە دایك بووە. یەکێك بـووە لە مـورید و خـەلیفەکانی خوا لێ خۆش بوو شێخ

«حسام الدّين». وه له ساڵی ١٣٨٧ی کۆچیدا وەفاتی کردووه. ئەمەش بەشێکە لە هۆنراوەکانی...

«١»

سەلات و سەلامی حەق لەسەر فەخری بەشەر بێ
بە قەد عیلم و حیلمی رەب کوللو ئانێ با هەر بێ
لە دوای خودا گەورەتر هەر تۆی قسە موختەسەر
دەخیلێك یا پێغەمبەر رەحمەت شامل چاکر بێ
ئەمن «موور»ی بێچارە شیعرم «کولە»ی بێکارە
تۆ خودا شاهی سولەیمان با مەقبووڵی خاتر بێ
گەر کوردە، ئەگەر بوردە، گەر سافە، ئەگەر دوردە
مەقبووڵ تەوا و عالەمە مەقبوڵی تۆ ئەگەر بێ
گیان و ئەولاد و ماڵم یەکسەر دەیکەم قوربانت
یەك نەزەر کە لە حاڵم کافی دونیا و مەحشەر بێ
ئەوەندە عیسیان بارم لە حاڵی خۆم بێزارم
یا رسولَ الله چارم لەم دەرد و شور و شەڕ بێ
مەلجەئی دونیا و دینم هەر تۆی رۆحی شیرینم
مەرحەمەت کە بت بینم چاو و دڵ مونەووەر بێ

گەر بەد ڕەفتار و بەد خووم هەرچی هەم ئوممەتی تۆم
قەلبی قەلبم بە ئیکسیر، لوتفت بە سیم و زەڕ بێ
بێ یار و زۆر غەمبارم، ڕوو زەرد و شەرمەسارم
کەسی بێکەس تۆی سەردارم، فەرموو با غەم ئاخر بێ
«عاشق» تۆم و دەناڵم حەیفە بۆ فەخری عالەم
بە زوڵمی نەفس و شەیتان ها و ناوت دەر بەدەر بێ
ڕەحمەت مەقرون بە تەعزیرم «سلام اللّٰهِ الكَريم»
لەسەر شافیع موزنیبین سەوزەی باڵا عەر عەر بێ

***

«٢»

## بەیانی گەورەیی ئال و یارانی پێغەمبەر ﷺ

لەسەر گەورەی ئەسحابەی «بووبەکر»ە دوای پێغەمبەر
﴿ثَانِيَ اثْنَيْنِ﴾ یە ئەشێ «سدیق» سەروەر بێ
لەدوای ئەو گەورەتر کە فەرموویە پێغەمبەر
ئەگەر ببوایە دوای من نەبی ئەبێ «عومەر» بێ
لەسەر ڕەفێق بەهشتی «عوسمانی» «ذی‌النّورين»ە
لەسەر شاهی ویلایەت «عەلی» لەقەب حەیدەر بێ

هەم لەسەر دوو گەورەی ناس حەزرەتی «حەمزە» و «عەباس»
سـولحـی مـؤمینین دەکـا حـوسنی «حـەسـەن» ئـەگـەر بـێ
ئەوە یـەکـێ لە سیبتەین دووهـەمیان حـەزرەت «حـوسەین»
جـەدیان شـافیع مـەحشەرە، بـابیان سـاقی کـەوسەر بـێ

***

**«٣»**(١)

«اَلصُّـــبْحُ بَـــدٰا، مِـــنْ طَـــلْعَتِهِ
وَاللَّـــيْلُ دَجـــىٰ، مِـــنْ وَفْـــرَتِهِ
كٰـــامِلُ الْحَـــيٰا جٰـــامِعُ الْأَدَبْ»

سـەییدی عـەجەم، سـەرووەری عـەرەب
شـافیعی زومـرەی، عـوسیانی ئـوممەت
بـەحری مـرووەت، کـانی فـتووەت
چـا و رەش خـوماری، مـیانە ئـەزهەر
خۆش خولق و خۆش بۆ، جیسمی بێ سێبەر
شـەجیع و سـەخی، فـەقیران نـەواز
«رٰاكِبُ الْـــبُرٰاق، صٰـاحِبُ الْإِعْـجٰاز»

---

١. ئەم پارچە هەڵبەستەم لە دیوانی «نـەوبەهار» وەرگـرتووە وا دیارە تیکەڵە لە ئەشعاری مامۆستا «دهشت» و «عاشق».

ئــاهوو ســـووسمار ســلامـیان لێ کــرد
کـــێوو دار و بــەرد، ســوجدەیان لێ بــرد
بـــەردی بـێ رۆحـی بـۆ هـاتە تـەسبیح
لە نــێو دەســتیدا بـــە زبــانی فـەسیح
شکــاندی پشــتی خـوسرەوی بـێ دیـن
زەهـــری کــردە دەم شــەکـەر و شـیرین
جــەرگی قـەیسەری بـڕژانـد بـە تـەنوور
مــاری خســتە نـێو هـێلانـەی فـەغفوور
عـــەرەبی کــێشــا بـــەسەر عـەجەمدا
داری دا بـــە رۆح ئـەساسەی جـــەمدا
بـــۆ ئـێمـە هـەرگیز ســوپاس نـاکـرێت
ئـــەوزاعـی بـە کـەس قـیاس نـاکـرێت
بـــەم گشت ئـیعجازە بـەو کـول ئـیعرازە
حـــەقیە راکـــێشــێ پـای بـێ ئـەندازە
ئـــــای لەم خــــەتایە لیـــرەدا کـــردم
بـە خـوا هـەوای ئـەو بـە سەهوی بـردم
وەرنـە عـەرش و فـەرش کـەسرە بۆ شـانی
بـــیکەم بـــە جـێگـەی پـا راکـێشـانی

کەسێ ئەمینی «لِي مَعَ اللّه» بێ
میهمانی عەزیز زاتی «الله» بێ
«عَفَى اللّه عَنْكَ» دڵ نەوازی بێ
«لَعَمْرُكَ» جووقەی تاجی شاهی بێ
جوبرەئیل شاتر ئاسمانی بێ
"سی" جزمەی قورئان ئەرمەغانی بێ
فەزای لامەکان جێیێ پەروازی بێ
زاتی بێ شەریك بە هەمڕازی بێ
کەسێ کە دارای ئەو مەقامەیە
بێ ئەندازەگی بۆ ئەو کامەیە؟
گشتی هەر لایق ئەو شابازەیە
تا پا راکێشێ هەر ئەندازەیە
خۆم و گشت کەسم بین بە قوربانی
وا رەواجی دا بە موسوڵمانی
«عاشق» کۆتا کە وەسفی شای «لَوْلاك...
«لَوْلاكَ لَما خَلَقْتُ الأَفْلاك»
هەزاران سەلام «مِنْ جانِبِ اللّه»
لەسەر موحەممەد، باقی ئەنبیا

***

## شێخ عومەر «ضیاء الدّین»

ئەم زاتە لە ریزی چوار کوڕە گەورە مورشیدەکەی شێخ عوسمان «سراج الدّین»دا کوڕی سێهەمیان و برای باوك و دایکی شێخ محەممەد «بَهاء الدّین»ە. لە شەوی دووشەممە ٢٦ی «جمادی الأُولیٰ»ی ١٢٥٥دا لە دێی بیارە لە دایك بووە و لە شەوی دووشەممە ٢٢ی «شوال»ی ١٣١٨ کۆچی دوایی کردووە و لە ژوورێکا لە نزیك خانەقاوە لە بیارە بە خاك سپێرراوە.

«١»

کولاهی سیحەتم ناوێ کە عیللەت تاجی زیللەتمە
کەوای عیززەت لەبەر ناکەم کە قیللەت بەرگی رەحمەتمە
لە عەیش و نۆشی حەیوانی ئەمن چ بکەم کە ئینسانم
خەیاڵی بێ بەقا بۆچی کە زیکری یار خیللەتمە
بەشەر ئەسڵەن نەبوو ناوی، مەلەك رێگەی نەبوو قەتعەن
لە عەرشی وەحدەتا وابوو کە رەحمەت جێی مەحەببەتمە
عیبادەت بۆ کەسێ چاکە گرفتاری تەبیعەت بێ
کە من مەفتوونی جانانم چ باکی دەرد و عیللەتمە

ئـەگـەر دوڵبـەر بـڵاوێنـی هـەموو دەرد و بەڵا خـۆشـە
خودا ناکـەردە مـەیلی نـا، چ فـەرقی سـوقم و سـیحەتمە
کە دیم خوێن جارییە ئەمڕ و لە جەرگ و دڵ وەکوو سێڵاب
وتـم ئـەم شـاهیدەکـافی حـیساباتی قـیامەتمە
مەڵێ «فەوزی» لە فەهمی خۆت مەکە فکری بەتاڵ هەرگیز
ئـەوەی تـۆ تـێ دەگـەی چـاوم ئـیشاراتـێ لە خیللەتمە

***

«٢»

لە نـەشئەی فـەیزی عـیشقی فـەخری عـالەم دڵ مـوسەففایە
لە ژەنگـی مـەعسیەت شـۆڕاوە سـینەم پـڕ تـەجەللایە
لە دەس تەزویری نەفس و مەکری شەیتانی لەعین دەرچووم
عـەجەب بـاڵایـە روتـبەی عـیشقم و نـەفسم تـەوەللایە
مەقامی عـاریفان بـێ زەحـمەت و رەنج و مـەشەققەت دیـم
لە زومـرەی عـاشقانم بـۆیـە عـالەم لێم تـەبەڕڕایـە
لە هـەرچـی روو دەکـەم وەك رۆژ عـەیانە چـی رومـووزاتـە
لەتایف سەر بە سەر مـوستەغریقی زیکـری «هُـوَ اللّٰـه»یـە

لە بـــامی عـــەرشەوە پـەردەی حـیجابم لا درا یـەکســەر
ڕومـــووزاتـی حـەقایق شــوعلە بـەخشە، دڵ تـەسەللایە
لە مەیخانەی حەقیقەت بووم بە ساقی مەجلیسی ڕەنـدان
لە حـەڵقـەی دائـیرەی عـیشقا کـە بەس جـێگـەم مـوعەللایە
کەسێ شوغڵی مەحەببەت بێ ئەبێ وەسڵی بە حەق تەحقیق
سـەراحـەت پـێت دەڵێم خـاڵی لە هـەر نـوکتە و مـوعەممایە
لە موژدەی ئەم خەڵاتە خـوا بـە تـۆی دا مـوزنیبی ڕوو ڕەش
دەبێ ڕۆح کەی فیدای شوبباکی «روضە»ی ئەو شـەهەنشایە

***

## مامۆستا محەممەدی ڕەبیعی

مامۆستای بەنا و بانگ مەلا محەممەدی ڕەبیعی کوڕی خوا لێ خۆش بوو مەلا «عبدالحکیم»ە. لە ساڵی ١٣١١ هەتاویدا لە دێی «دەرە ئەسب» سەر بە شاری «دیواندەرە» لە دایك بوو، دوای چەند ساڵ خزمەت بە موسوڵمانان سـەرئەنجام لە ڕێکـەوتی ١٣٧٥/٩/١٢ی هەتاوی = ٢٠ ڕەجەبی ١٤١٧ مانگی لە شاری کرماشان بە ڕەحمەتی خودا ڕۆیشت. ـخوای لێ رازی بێ

## ئەمەش بەشێك لە هۆنراوەکانی...

«١»

دەخـــیلێك یـا رســولَ الله ئـەسیری داوی شـەیتانم
زەلیـلی نـەفسی مـەکـار و غـەریقی بـەحری عیسیانم
هەموو عومرم بە زایەع چوو لە ریگەی جەهل و نادانی
لە ئـەم جـوورم و خـەتایەی وا کـە کـردوومە پـەشیمانم
خـیلافی ئـەمری خـالیق جـەهلە، قـەت نـابێتـە دانـایی
دەلیـلم «واضِـح» و روونـە کـە دانـا نـیم و نـادانـم
گـوناهانم گـەواهـی حـاڵە کـە مـن دورِەنـدەیێ پیسم
مـوسوڵمـانی لە مـن دوورە یـەقینە غـەیرە ئـینسانم
وەلاکـین بـاوەڕم روونـە کـە «لا یَـنْفَكْ»ە ئـەو ئـوقدە
خـودا خـۆی شـاهیدی حـاڵە مـوریدی ئـەهلی ئیمانم
ئـومیدێکـم هـەیە بـۆ رۆژی ئـاخر سـەد کـە نـا ئـەهلم
لە لەوحی سەبتی ئەسمائی سەعادەت سەبتی دیوانم
مـوحەممەد «افـضل لله مـطلق» مـەکـتووبە یـەعنیٚ مـن
بە قەیدی خزمەت و ئیخلاسی خاکی دەرکی خاسانم
ئەگەر بـاری تـەعالا پـیٚ کـەرەم کـردم خـۆشـە بـۆ مـن
بـماڵم خـاك و خـۆڵیٚ دەرکـی ئـەولادت بـە مـوژگانم

لەبەر تەعزیمی ناوت رووم نیە بێژم چیە ناوم
گوناه و مەعسیەت بارم لە زومرەی شەرمەسارانم
لە دەرباری خوداوەندی «شَفِیعُ المُذنِبین»ی تۆ
لەبەر موژدە و عەتای تۆ دا عەجەب شادان و خەندانم
شەفاعەت گەر بفەرمووی بۆ منیچ حەتتا ئومیدم هەس
گوناهیشم موزاعەف بێ لە داری خولدی ریزوانم

***

«٢»

یا ئیلاهی شەرمەزار و دیدە گریانم ئەمن
من خەجاڵەت رۆژی ئەو سەر حەشر و میزانم ئەمن
یا رسولَ الله دەخیلێك چارەیی بێ چارەکان
دڵ ئەسیری داوی دەستی نەفس و شەیتانم ئەمن
رووت و قووتی رۆژی مەحشەر بێ پەنا و ئاوارە خۆم
بۆ جوابی رۆژی ئەو سەر دڵ پەرێشانم ئەمن
کەس لە دەرگای رەحمەتی تۆ نائومێد نابێ، ئیتر
ئەی شەهەنشای هەردوو عالەم خانە وێرانم ئەمن

شاهی شاهان، پیری پیران، هیممەتێ کەن بۆ فەقیر
بۆ گوناهی کردەوەی خۆم زۆر پەشیمانم ئەمن
ئاستانەی جێی موراد و مەقسەد و ئاواتمە
ئەشکی گەرم و ئاهی سەرد و سینە سووزانم ئەمن
بێ نەوا و موفلیسم من بۆ زەخیرەی ئاخیرەت
چاوەڕێی بەخشینی لوتفی پاکی یەزدانم ئەمن

***

ئەم هۆنراوە لەلایەنی جەنابی بەڕێز مامۆستا شێخ خالید، ئیمامی مزگەوتی دارۆغە لە شاری سلێمانی بە دەستمان گەیشتووە، خوا پلە و پایەیان بەرز بکاتەوە.

سەڵاوات بێ بە خوڕڕەم بێ، دەخالەت یا رسولَ الله
لەسەر تۆ بێ هەموو دەم بێ، شەفاعەت یا رسولَ الله
بە ناوی خوای بەخشندە، دەخالەت یا رسولَ الله
میهرەبانە لەبۆ بەندە، شەفاعەت یا رسولَ الله
حەمد و سەنای تەمامی، دەخالەت یا رسولَ الله
لە سەر «افضال» و «انعام»ی، شەفاعەت یا رسولَ الله

بــە ئــاڵای ئــیسمی ئــەڵڵاهت، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

بە رەفرەف حـورمەتی جـاهت، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بــە نــاوت ســەر بــەسەر وتـرا، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

بــەرامــبەر «أَعــظَم الاَسماء»، شــەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بە «جـوبریل»ی رەفـێق رێگـات، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

لە ســیدرە ئــەو لە تـۆ جـێما، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بــە جـاهی ســەییدەی کـوبرا، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

بـە حـووبی «فـاتیمە»ی زەهـرا، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بە «حەسەن» و بە «حسـەین»ت، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

دوو رووناکی عـەین و زەیـنت، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بــە ســیبتەینی کــەریمەینت، دەخــالەت یــا رســولَ اللە

بــە دوو مــانگی نــەییرەینت، شــەفاعەت یــا رسـولَ اللە

بــە ئــال و بـەیت و ئـەسحابت، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

بــە گشت ئــەولیا و ئــەقتابت، شــەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بــە یــارانــی خــاوەن قــەدرت، دەخـالەت یـا رسـولَ اللە

بە ئەسحابی غەزای «بـەدر»ت، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بــە عــەشەرەی مــوبەششەرە، دەخــالەت یـا رسـولَ اللە

بە ئەسحابی «جَیشُ العُـسرَة»، شـەفاعەت یـا رسـولَ اللە

بە ئەسحابی غەزای «ئوحود»، دەخالەت یا رسولَ الله
بە بیلالی «ئەحەد ئەحەد»، شەفاعەت یا رسولَ الله
لە تەعزیبا ئەمەی ئەوت، دەخالەت یا رسولَ الله
بەوە شکاندی شەیتان و بت، شەفاعەت یا رسولَ الله
ئەیان نایە سەر سینگی بەرد، دەخالەت یا رسولَ الله
سەد ئافەرین بۆ مەردی مەرد، شەفاعەت یا رسولَ الله
لە نا و جورم و جورح و ئێشا، دەخالەت یا رسولَ الله
بە نا و درکا ئەیان کێشا، شەفاعەت یا رسولَ الله
بە ئەسحابی غەزای «خەندەق»، دەخالەت یا رسولَ الله
بە پەیڕەوانی ڕێگای حەق، شەفاعەت یا رسولَ الله
بە «سەلمان»ی دووسەد ساڵە، دەخالەت یا رسولَ الله
کە خۆت فەرمووت ئەهلی ماڵە، شەفاعەت یا رسولَ الله
پیر و ژیر و پڕ کەماڵە، دەخالەت یا رسولَ الله
حەفری خەندەق بۆ ئەو ماڵە، شەفاعەت یا رسولَ الله
بە ئەسحاب و بە تابیعین، دەخالەت یا رسولَ الله
ڕەزای خوا لێیان ئەجمەعین، شەفاعەت یا رسولَ الله
بە عالمیان زانای شەرعین، دەخالەت یا رسولَ الله
بە ئەئیممەی موجتەهیدین، شەفاعەت یا رسولَ الله

بە «غەوس» و شاهی نەقشبەند، دەخالەت یا رسولَ الله

بە «ئەحمەد» فاروقی سەرهەند، شەفاعەت یا رسولَ الله

بە شای دەهلی و بە «مەولانا»، دەخالەت یا رسولَ الله

بە پیرانەی هەورامانە، شەفاعەت یا رسولَ الله

«سراج الدّین، بهاء الدّین، ضیاء الدّین و نجم الدّین...

علاء الدّین»ی عوسمانی و عوسمانی «علاء الدّین»

بە ئەسحابی «سراج الدّین»، دەخالەت یا رسولَ الله

«هُم شهبٌ للمجرمین»، شەفاعەت یا رسولَ الله

دەسێ بخەرە نێو دەسمان، دەخالەت یا رسولَ الله

لەگەڵ دەستی شاهی «عوسمان»، شەفاعەت یا رسولَ الله

کە حەزرەتی «شا عوسمان»ە، دەخالەت یا رسولَ الله

گەر لوتفی ئەو بێ بەسمانە، شەفاعەت یا رسولَ الله

بە یارانی «سراج الدّین»، دەخالەت یا رسولَ الله

چرای هومان لەسەر زەمین، شەفاعەت یا رسولَ الله

بە هیواتین، بە هیواتین، دەخالەت یا رسولَ الله

سەگێکی ئەهلی دەرگاتین، شەفاعەت یا رسولَ الله

بە هیواین ببیە «لوقمان»مان، دەخالەت یا رسولَ الله

نەخۆشین دەوا و دەرمانمان، شەفاعەت یا رسولَ الله

نــەجاتمان دەی لە تــەنگانە، دەخــاڵەت یــا رســوڵَ اللە

لە دەست ئەم سەگ و گورگانە، شــەفاعەت یا رسـوڵَ اللە

نــــەجاتمان دەی لەتــەنگانە، دەخــاڵەت یــا رســوڵَ اللە

لە تـــەنگانە چ تـــەنگانە، شـــەفاعەت یـــا رســـوڵَ اللە

لە ئـاستانەی تـۆ دەرکــەوتین، دەخــاڵەت یا رسـوڵَ اللە

ئێمەش کەلبی دەر ئەشکەوتین، شــەفاعەت یا رسـوڵَ اللە

برسی و رەنگ زەرد، رەش و رووتین، دەخاڵەت یا رسوڵَ اللە

ڕوو لە سفرەی رۆژی سەعات، شــەفاعەت یا رسـوڵَ اللە

هــیوامــان لێتــە شــەفاعەت، دەخــاڵەت یــا رســوڵَ اللە

لەبـۆ ئــەمڕۆ و رۆژی ســەعات، شــەفاعەت یـا رسـوڵَ اللە

***

## مامۆستا حەمدی
## ئەحمەد بەگی ساحێب قەران
## تەرجیع بەند لە ستایشی پێغەمبەرﷺ

«١»

مســـوەددەیی ســـوبحی ئــەزەلی مــوویی مــوحەممەد

خــورشیدی بــەیازی ئــەبەدی روویــی مــوحەممەد

ئەو شامەیە چەشی سەکەنەی ئەرز و سەماوات
هەڵهات کە هیلالی خەمی ئەبرۆیی موحەممەد
کاسەی سەرم کاسە خول ئەدا مەجمەری گەردوون
سەر مەستە لە نەشئەی گوڵی خۆش بۆیی موحەممەد
ئیعجازی دەم و دەستی مەسیحاو و کەلیمی
هەردوو دەم و دەست کەوتنە بازوویی موحەممەد
مەیدانی جیهان تەنگە بەبێ وادیی مەحشەر
بۆ بەرقی بۆراقی تەکا پۆیی موحەممەد
دەرناچێ نەفەس رۆژی زیارەت لە هەوادا
لاهووتی کە دێ هێرشی بۆ کۆیی موحەممەد
ئەو پەنجەیە دەریایی وشك کرد بە ئیشارەت
بۆ تەشنە کەچی جاری بووە جۆیی موحەممەد
شایستەیی نووسینە لە لەوحا وتی هاتیف
ئەم مەتلەعەیە سایقی بۆ سوویی موحەممەد
مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی موویی موحەممەد
خورشیدی بەیازی ئەبەدی روویی موحەممەد
یەك لەمعەیی ئەنوارە سەراپایی موحەممەد
ئەمسالی بە سایەش نیە ئەعزایی موحەممەد

دوو چاوی هەڵێناوە فەلەك وەك مەه و خورشید
بۆ دیدەنی دوو نێرگسی شەهلایی موحەممەد
ئەم ئەرز و سەمایە سەدەفی بەحری وجوودە
بۆ دورڕی یەتیم گەوهەری یەکتایی موحەممەد
توووبا نە چەمی قامەتی توووبا لە قیاما
بشنێتەوە ئەو وەختە کە باڵایی موحەممەد
ئەسرارە ئەمە، دوشمنی هەرگیز نەدەبوو تێر
دەیکرد بە هەموو عومری تەماشایی موحەممەد
دەردێنێ هەزاری وەکوو ئادەم لە جینانا
روخساری گەنم گوونی موستەفا موحەممەد
ئەم خەڵقە خوا بۆیە ئەکا سەوقی مەعاسی
تا دەربکەوێ قەدری تەمەننایی موحەممەد
ئەنگوشت نومای خاتەمییە فەخری ریسالەت
نەجمی کەتیفی مۆری موحەششایی موحەممەد
هاتیف دەڵێ بەم شیعرە دەکەن عالەمی باڵا
تەوسیفی جەلالی روخی زیبایی موحەممەد
مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی موویی موحەممەد
خورشیدی بەیازی ئەبەدی روویی موحەممەد

***

«٢»

یا موحەممەد روو ڕەشی دەرگانەکەی تۆم تۆبە بێ
هەرچی هەم بێ شك سەگی ئاسانەکەی تۆم تۆبە بێ
زەڕڕەیێ شوعلەی جەماڵت کائیناتی کردە نوور
هەروەکوو زەڕڕە منیش پەروانەکەی تۆم تۆبە بێ
ئەنبیا هەرکەس بە ئوممەتیانەوە وەك من ئەڵێن
ئینتیزاری هیممەتی مەردانەکەی تۆم تۆبە بی
ناسیخی جوملە و کیتاب و جامیعی جوملە و کیتاب
کافریش بم عاشقی قورئانەکەی تۆم تۆبە بێ
سەیری ئەعماڵم ئەکەم دایم فوغان و ناڵەمە
گەر موفەڕڕەح بم لەسەر پەیمانەکەی تۆم تۆبە بێ
هەر بە ئانێ کاشیفی سیڕڕی سەماوات و مەلەك
من وەکوو ئەفلاك و مەلەك حەیرانەکەی تۆم تۆبە بێ
خاتیمەت کێشا بە فەرمانی هەموو پێغەمبەران
من وەکوو مەهدی لەسەر پەیمانەکەی تۆم تۆبە بێ
چەژنی قوربانە، قەسابیش حازرە، خۆزگەم بە خۆم
خۆم و ئەولادم هەموو قوربانەکەی تۆم تۆبە بێ

بێکەس و حەیران و سەرگەردانە «حەمدی» وەك عەرەب
«اَلْاَمان»، دەستی من و دامانەکەی تۆم تۆبە بێ

***

«٣»

یا رسولَ الله زەلیل و دڵ حەزینم رەحمەتێ
موستەمەند و بێ قەرار و بێ قەرینم رەحمەتێ
راحەتی قەلب و وجوود و عیززەتی نەفسم نەما
وەختی مەرگە حافیزی ئیمان و دینم رەحمەتێ
دادخواهی مەحشەر و پشت و پەناهی موئمینان
هەمنشینی زاتی دونیا ئافەرینم رەحمەتێ
با بە ﴿بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيم﴾ دەس پێ بکەم
چونکە تینووی رەحمەتم دڵ ئاگرینم، رەحمەتێ
کائینات ﴿اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ﴾ پڕ لە نووری رووی تۆ
ئەی حەبیبی یاری ﴿رَبِّ الْعَالَمِين﴾م رەحمەتێ
ئەی وجوودت مەنبەعی ئەلتافی ﴿اَلرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ﴾
﴿مالِكِ﴾ی ئیعجازی شەمسی ﴿يَوْمِ الدِّين﴾م رەحمەتێ

قـــائیمی ﴿إِيَّـــاكَ نَـعْبُدُ﴾ بـووم بـه تـهبلیغاتی تـۆ
وا ﴿وَ إِيَّـــاكَ﴾ ئـهڵێم بـۆ ﴿نَسْـتَعِين﴾م ڕهحـمهتێ
﴿إِهْـدِنَا﴾ بـۆ ڕێی ﴿صِرَاطَ الْمُسْـتَقِيم﴾ تۆ بـی و خـودا
بـۆ ئـیرائـهی ڕێی ﴿صِرَاطَ الَّـذِين﴾م ڕهحـمهتێ
مـن له ﴿أَنْـعَمْتَ عَـلَيْهِم﴾ بـا نـهبم بـێ بـهش خـوا
خـۆ سـهگـی کـۆیـی «امـیر المـرسلین»م ڕهحـمهتێ
﴿غَـيْرِ﴾ی تۆ کـێ مـن له ﴿مَـغْضُوبِ عَـلَيْهِم﴾ لا ئـهدا
وهك ﴿وَلَاالضَّـالِين﴾ آمـین، هـیچ نـهبینم ڕهحـمهتێ
تـو خـوا غـافڵ له «حـهمدی» قـهت مـهبه ڕۆژی جـهزا
ڕوو سـیاهم، ئـهی «شـفیع المـذنبین»م ڕهحـمهتێ

***

«٤»

## ستایشی یه‌کەم خەلیفەی ئیسلام، حەزرەتی ئەبووبەکری سددیق رضي الله عنه

وریـا بـه قـهڵهم بـاسی ئـهبووبهکـری سـدیقه
ئـیمانی کـه دهریـایهکـی بـێ حـهدد و عـهمیقه
گـوڵزاری سـهفابهخشی دوو دونـیایه دیـانهت
سـددیقه کـه لهو گـوڵشـهنهدا تورفه، حـهدیقه

پیرێکی جوان مەردە لە تەسدیقی نەبی دا
ئەو عاشقە، بەو عەشقە بڵێن عەشقی حەقیقە
بازاڕی قیامەکە بکا وەزنی عەیاری
دوڕڕی یەمەنە، لەعلی بەدەخشانە، عەقیقە
پاش رەحمی خوا و لوتفی نەبی خاسە ئومێدم
بەو کاملیەیە، راجیە، ئەخلاقی شەفیقە
موئمین کە ئەمانەی هەیە باکی چیە ئاخر
گەر قەبرە، ئەگەر وەیلە، ئەگەر ناری حەریقە
فەرمان بەری پێغەمبەرە بۆ ئۆردوویی ئیسلام
یەعنی کە موشیرە ئەو و ئەم خاسە فەریقە
هەرکەس کە نەبێ باوەڕی بەم سادیقە پیرە
سەد دەفعە ئەگەر ئەهلی تەریقەت بێ، بێ تەریقە
وازیح دەڵێ ئەم شیعرە ئەوانە لەبەری کەن
بۆ پردی سیراط بەسیە، لەجێی ئەمر و وەسیقە
مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی مووی موحەممەد
خورشیدی بەیازی ئەبەدی روویی موحەممەد

***

«٥»

## ستایشی دووهەم خەلیفەی ئیسلام، حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب

ئـــەی خـــامە لە رووتـــا وەرەقت عـــەینی ســـوپەر کـــە
ڕاکـــێشـــە ئـــیتر شـــێری زوبـــان، بـــاسی عـــومەر کـــە
بـــێ پـــەردە بـــدە بـــانگی بـــیلالانە کـــە عـــومەر
مـــەردانـــە لەســـەرمانە، لە دڵ دەفـــعی خـــەتەر کـــە
تـــەعریفی جـــەوادی کـــەفی فـــارووقی ئـــەکـــەی تـــۆ
ســـەفحە لە قســـە وەك تـــەبەقی پـــڕ لە گـــوهەر کـــە
چـــا و هـــەڵبـــڕە بـــنوارە لە ئـــافاقی عـــەدڵدا
مـــیقیاسی لە خـــورشیدی درەخشـــان و قـــەمەر کـــە
بـــنوارەرە ئـــەم خـــاریقەیە مـــونکیری فـــارووق
گـــەر مـــوقتەدیری دوشـــمنت وەك شـــیعە دە کـــەر کـــە
تـــەشبیهی رم و ســـەیف و کـــەف و قـــووەتی بازووی
شوعلەی خۆر و بەرق، دەستی قەزا، حوکمی قەدەر کە
ئـــیمکانی هـــەیە هـــێنـــدە قـــەناعەت، وەرە «شـــا» بـەو
ئـــەمسالی گـــەدا نـــەفست بـــە خـــورمایێ دە دەر کـــە

تــەشبیهی بە دوو قۆڵی قەوی ئەحمەدی موڕسەل
یا قــووەتی پشت، هــێزی دڵ و بــەندی جگــەرکــە
بــەم عــەدڵ و ســەخا و هــیممەتەوە ئــەمری وەهایە
بــۆ مــەشعەلی مــەحشەر وەرە ئــەم شیعرە لەبەرکە
مســوەددەیی ســوبحی ئــەزەلی مــوویی مــوحەممەد
خـــورشیدی بــەیازی ئــەبەدی روویـــی مــوحەممەد

***

«٦»

## ستایشی سێهەم خەلیفەی ئیسلام، حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەففان

عــوسمان کــە نــەهەنگێکــە لە دەریــایی حــەیادا
کـــێوێکـــی بــە تــەمکینە لە دونــیایی وەفــادا
جــورمێکــی مــونیرە لە ســەماواتــی دیــانەت
هـــەورێکـــی مــەتیرە کــە لە ئــافاقی عــەتادا
هــێنــان و جــەمع کــردنەوەی ئــایەتی قــورئان
یـــەعنی یــەکــە جــبریلە لە بــازاڕی خــوادا

گەر موعجیزەی حەزرەتی ئەییوبە تەحەممول
پەیغەمبەرە عوسمان کە لە مەیدانی رجادا
ئیمانە ئەگەر مایەیی موئمین لە قیامەت
عوسمان بە سەرمایە لە ئیقلیمی سەنادا
ئەو حیلم و حەیا و عیلم و وەفایە کە لەوا بوو
بردوویەتییە باڵا لە مەقامی ئومەنادا
بەم بەحسە دڵ و تەبع و زوبان و قەڵەمم وەك
سەفحە هەموو غەرقە لە ئەمواجی سەفادا
عوسمان کە ئەمە عوشرە لە میعشاری سیفاتی
عوسمان کە دەکەن زیکری لە سوککانی سەمادا
نوقسانە دەڵێ گەرچی لە تەعریفی نەبیدا
ئەم شیعرە ئەما خۆشە لە تەعریفی جەلادا
مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی موویی موحەممەد
خورشیدی بەیازی ئەبەدی روویی موحەممەد

***

«٧»

## ستایشی خەلیفەی چوارەم،
## حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوو تالب

ئەو وەختە کە شمشێری شەم شێری لە دەم هات
ئەیوت کە زەفەر بۆ عەلی تا سەر بە قەدەم هات
بۆ فەتحی قەڵای خەیبەر و مەیدانی جەبەل بوو
وەك نازری قەسرێکی بەرین روو بە ئیرەم هات
ئەسبابی زەفەر خیلعەتی حەق بوو لە ئەزەلدا
بڕابوو بە بالای عەلی، بۆ ئەو بە کەرەم هات
گەرچی وەکوو یارانی ئەمیش پایەیی دین بوو
ئەمما بە عەلی خاسە وەکوو بابی کەرەم هات
خوا پێم بڵێ ڕێوی منی، من شێر دەشکێنم
ئەم سەوڵەتە بۆ شێری خوا زۆری بە کەم هات
هەڵسا کە لە چاوی عەلی لێشاوی مەحەببەت
بۆ زەبتی دڵی هیند و عەرەب، ڕۆم و عەجەم هات
ئەم جازیبەیە رەببی چ بوو تۆ بە عەلیت دا؟
تا حەددی پەرستش بە نەزەر میسلی سەنەم هات

گەر خاسە لەبەر وەسفی عەلی بۆیە بەجێیە
موشتاقی ئیجادی سوحوف و قەتعی قەڵەم هات
ئەم شاهە لەگەڵ ئەم حەشەمە ئەمری وەهایە
ئەم شیعرە بخوێنم کە لە دڵ بۆنی ئەلەم هات
مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی مووبی موحەممەد
خورشیدی بەیازی ئەبەدی روویی موحەممەد

***

## «ئارام»

ئەی رەئیسی تاجداران ساحێبی «بیتُ الحَرَم»
پەڕتەوی دینی موبین و دافیعی هەم و ئەلەم
مەدحی زاتت قەت تەوا و نابێ بە تەحریری قەڵەم

**

گەر بکەم وەسفی جەماڵت بێ حیساب و بێ ژمار
هیچ نموودێکی نیە گەر من بنووسم سەد هەزار
سەروەرم حەددم چیە قوربان بکەم مەدحت بە زار

**

ڕوو ڕەش و هەم بێ کەس و دڵ پڕ غەم و هەم قوڕ بەسەر
زامدار و دڵ بە ئێش و بێ عیلاج و بێ مەفەڕ
ڕوو لە کۆی کەم چاوەکەم ئەی شافیعی ڕۆژی خەتەر

**

من ئەسیری نەفسی شوومم پڕ هەواو و موفلیسم
بێ هەواڵ و بێ شعوورم، بێ دەواو و موفلیسم
مل کەچ و هەم دەست بەتاڵ و ناتەواو و موفلیسم

**

ئیعتیرافی پێ ئەکەم زەنب و خەتام زۆرە یەقین
لازمە سەرفی نەزەر کەی ئەی «رئیس المرسلین»
سەییئات و جورمەکانی ئەووەڵین و ئاخرین

**

دەفتەری ئەعماڵی بەد کرداری خۆم بۆ کێ بەرم
هەر لە پێ غەرقی خەتامە تا وەکوو تەوقی سەرم
موستەحەققم بۆ جەهەننەم جێمە، ئەمما سەروەرم

**

گەر لە زومرەی عاسیان و پڕ خەتادا بم لە تۆ
هەروەکوو «ئارام» خەجاڵەتبار و ریسوا بم لە تۆ
چۆن بڵێم من بێ ئومێدم، بێ ئومێد نابم لە تۆ

***

## مەلا رەحمان (جەفایی)

خوا لێ خۆش بوو مەلا «عبد الرّحمان» ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی دەگاگای ناوچەی سەرشیوی سەقز لە دایك بووە. گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٤ھ وەفاتی کردووە. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە هۆنراوەکانی بە شێوەی پاڕانەوە...

ئیلاهی وا خەجڵ ماوم بە دەستی نەفسی ئەممارە
پەنا بۆ کێ بەرم غەیری جەنابی تۆ کە سەتتارە
بە ڕێی ڕاسا نەبوو جارێ بڕۆم و تەرکی دونیا کەم
لە تۆ عەفوو لە من تۆبە، تەڵەبکارم لە تۆ چارە
گوناهی ئادەمت بەخشی لەبەر حوببی حەبیبی خۆت
«بکش بر جُرمِ ما خط عفو» تۆ بیت و ئەو یارە
زەعیف و ڕوو سیا و نادم ئەوا خۆم خستە قاپی تۆ
کە تۆ خاوەن سەخاواتی منیش بێ زاد و «ئاوارە»
بە ڕوو زەردی لە دەرگاتا بە ئومێدی عەفوو هاتم
گەدا موحتاجە بۆ تۆشەی غەنی گەردن کەچ و زارە
بە بارانی ڕەحم یا ڕەب درەختی باخی ئیمانم
خەزانی کوفری لێ لادەی کە ڕێ پڕ عەقرەب و مارە

خەتی ﴿لا تَقْنَطُوا مِن رَحْمَةِ اللّه﴾ نەویدی حەق
«جەفایی» بەستە مەغفووری کە «إِنَّ اللّه» غەففارە

***

## «آية النّبی»

حاجی شێخ محەممەد سنەیی «آیة النّبی»، کوڕی شێخ عەبدولکەریم، کوڕی حاجی محەممەد نەقشبەندی، ساڵی ١٢٦٢ھ ق، لە دایك بووە، موریدی شێخ «بهاء الدّین» محەممەد نەقشبەندی بووە. بیست و یەکی «ذی حجّە»ی ساڵی ١٣٥١ فەوتی کردووە.

یا حەی سپەردم، یا حەی سپەردم
دونیا و دین وێم بە تۆ سپەردم
هەرتاکە تاوام تاوانان کەردم
ئانە عەفوو تۆ، ئینە رووی زەردم
ئەر مەلاونیم، وەر مەتاونیم
مەقسوود هەر ئێدەن بە وێت یاونیم
وەر نە من تابیم مەینەتی دڵ رێش
تۆمێم نە کێڵان دڵ وەش کەر و پێش

مووی سیام نەپای عیسیان سفید کەرد
ڕاگەی ڕاس خاسان ها جە یادم بەرد
سیاهەی ئەعماڵ بەدیم تەمامەن
خوا سا مەرگیّ رزگاریم کامەن
ئار و عەداڵەت، حوکمت بۆ فەردا
مەشیۆ من کام خاك کەروون وە سەردا
یا رەب من بەندەی پەسەندیدەی تۆم
هەرچی هەم ئاخر ئافەریدەی تۆم
تۆ کەردی ئیجاد جە عەدەم ماوا
تاکە ﴿خَلَقْتُ الْخَلْقَ﴾ت فەرماوا
ئەرچی تاعەتم هیچ ناما جە دەس
﴿وَ لا تَقْنَطُوا﴾ ئومێدم هەن بەس
تۆ ساحێب ئیحسان من دەروێش ڕێش
ئیحسان ئەو خاسەن پەریّ ئەهل وێش
سا خۆ گەر ئەهلەن، وەگەر نائەهلەن
هەردوو جە لای تۆ موساوی و سەهلەن
بەو بدیە وە رووی بیّ ئیختیاریم
«کُنْ لَنا وَ لا تَکُنْ عَلَیْنا»

***

## «ئیمامی»

حاجی مامۆستا مەلا محەممەد ئیمامی، کوڕی حاجی مەلا خزر کوڕی سۆفی ڕەسوول، کوڕی فەقێ محەممەدی هۆمرە شاڵی، کوڕی مەلا یەحیا، کوڕی مەلا یەعقووبە. لە ساڵی١٣٤٥ی کۆچی مانگی لە گوندی «قەرەچەر» سەر بە شاری سەقز هاتۆتە دونیاوە.

چۆن نەگریەم من بەزار و شیوەنێ بینا نەکەم
ڕوو لە خاکی کەعبەتوڵڵا و یەسریب و بەتحا نەکەم
چۆن بە دیدەی ئەشکبار و چۆن بەقەلبی پڕ خەتەر
خاك و خۆڵی ڕێی مەدینە سورمەیێ بینا نەکەم
چۆن بە برژۆڵم نەماڵم دەرگەهی ڕەوزەی نەبی
چۆن ڕەهی ئەفسانە جۆیی «فاجِئاً» مولغا نەکەم
چۆن نەڕێژم ئەشکی خوێن و چۆن نەناڵێم دەم بە دەم
چۆن بە غەفڵەت دابنیشم زار و واوەیلا نەکەم
چۆن دەبێ شاد و سروور بم بێ خەبەر هەم بێ حەزەر
چۆن لە سەفحەی خاترم حوزن و ئەسەف ئینشا نەکەم
چۆن لە فکری مردن و قەبرا نەسووتێم وەك سەمەند
چۆن دەبێ شەرمێ لە حەیی دائیمی ئەعلا نەکەم

چـۆن لە دیـوانـی خـودادا رووم بـبێ بـێمـە حـوزوور
چـۆن دەبـێ فکـرێ لە ڕێگـەی ئاخیرەت پەیدا نەکەم
چۆن لە خاك و قوڕ نەنیشم، چۆن نەکەم سەیحە بە زار
چۆن بە فرمێسکی دوو چاوم سەر زەمین دەریا نەکەم
چـــۆن دەبـــێ شـەیتان و نـەفسی ئـامیرەم رازی بکـەم
چۆن ئیتاعەی حەق لە دەس دەم، یادی «یا الله» نەکەم
چـۆن بـە دایـم دانەڕێژم سەیلی خەجڵەت من لە روو
﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ﴾ چـۆن لە دڵ ئیجلا نـەکـەم
چـۆن نـەسووتێم مـن لە خـەوفی ﴿يَوْمَ تَسْوَدُّ وُجُوهٌ﴾
چـۆن لە قـەلبی سـەنگی خـارا نـەرمشێ پەیدا نەکەم
چـۆن حـەیام بێ سـەر هـەڵێنم مـن کـە بێژم یا رەحیم
قـەت لە دونـیادا بـە دڵ مـن زیکـری «یـا الله» نـەکـەم
﴿مَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ﴾ لە دڵ چـۆن دەر بکـەم
چـۆن تـەماشای فـیعلی خـۆم و سـەییئە و بێجا نەکەم
چۆن دەبێ خۆفی ئیلاه و ئەمری ئەو روو پێ نەدەم
چـۆن دەبـێ دێوانـە ئـاسا هـەی هـەی و هـەیها نەکەم
چـۆن دەبـێ مـەربووت بـە ئـەمری نـەفسی ئـەممارە ببم
چـــۆن دەبـــێ یـادی خـودا و مـوستەفا ئیلقا نـەکـەم

چۆن مەڕی تاعەت بە گورگی نەفس و شەیتانی بدەم
چۆن لە بۆ عومری بەسەر چوو ئاه و واوەیلا نەکەم
چۆن خەوی غەفڵەت لە خۆ خەم من لە دونیای بێ سەمەر
بۆ بەدەس هێنانی تاعەت قائیدێ پەیدا نەکەم
چۆن دەبێ من دەستە و ئەژنۆ دانەنیشم قوڕ بە سەر
چۆن دەبێ نامەی زەنووبم پڕ بە دڵ ئیمزا نەکەم
ئەی «ئیمامی» سەرفی عومری خۆت بکە دایم بە شین
بێژە ئەی ئیمانەکەم، دیوانەکەم، پەیمانەکەم، عوسیانەکەم

***

## لە هۆنراوەکانی مەلا «عبد الهادی»
## ئەفخەمزادەی سەرای سەقز

مەلا «عبد الهادی» ئەفخەمزادە، کوڕی خوا لێ خۆش بوو میرزا مەحموود ناسراو بە ئەفخەم مونشی، ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی مانگی، بەرامبەر بە ١٢٨٩ی هەتاوی لە «قەسەبەی بۆکان» هاتۆتە دونیا و لە.... وەفاتی کردووە.

یا رسولَ الله یا «خَیرَ البَشَر»
تکاکارەکەی مەیدانی مەحشەر
چرای ئیمانمان یاخوا بە خێر بێی

**

یا رسولَ الله نێوت چەن خۆشە
ڕوخسارت وەك گوڵ، بۆنت وەنەوشە
هیوای ژیانمان یاخوا بە خێر بێی

**

یا رسولَ الله ڕۆژی سەرزەمین
دەلیلی ڕێگەی گومڕاهانی دین
قەزات لە گیانمان یاخوا بە خێر بێی

**

یا رسولَ الله گەورەی ئەنبیای
خۆشەویستی لای خوای تەعالای
دین و دونیامان یاخوا بە خێر بێی

**

تـیشکی نـووری تـۆ دونـیای روونـاك کـرد
ڕێ و شوێنی جوانت خەڵقی زۆر چاك کرد
پشت و پەنامان یاخوا بە خێر بێی

**

یاخوا بە خێر بێی، خێرت بۆ هێنـاین
دەستووری چاکی و پاکیت بۆ داناین
پێت لەسەر چاومان، یاخوا بە خێر بێی

**

چاکە دەسمایەی هەر دوو دونـیایە
هەرکەس خراپە خـێری پـێش نـایە
تۆی پێشەوامان یاخوا بە خێر بێی

**

خێر و بەرەکەت لە ئیمان چاکتر؟
قازانج و خۆشـی لە دیـن زیـاتر؟
نیە لە لامان یاخوا بە خێر بێی

**

شادەم پێ هـێنـای کـە پـێغـەمبەری
هاتووی تا ئێمە بۆ بەهەشت بەری

حوزوور خودامان، یاخوا بە خێر بێی

**

دەوای دەردی ڕۆح خاکی بەرپێتە
کلەی چاوی دڵ تۆزی سەر ڕێتە
وایە گومانمان یاخوا بە خێر بێی

**

سەر و ماڵ پێشکەش لە ڕێی خوادا
شەرتە وەك پیاوان ببمە گیان فیدا
قوربانە ماڵمان یاخوا بە خێر بێی

**

بە نوێژ و ڕۆژوو یەکجار خۆش حاڵم
بە دڵ دەیبەخشم زەکاتی ماڵم
مایەی ئیحسانمان یاخوا بە خێر بێی

**

شادەت پێ دێنم حەج بەجێ دێنم
بۆ ڕەزای خودا خوێنم ئەڕژێنم
ئەوە نیشانمان، یاخوا بە خێر بێی

**

موسوڵمان دەبێ عەقیدەی وا بێ
ئیدی لە دوای تۆ پێغەمبەر نابێ
رسول الله مان یاخوا بە خێر بێی

**

دینت قورئانە و دەبێ بمێنێ
تا کەس لە دوای تۆ عوزری نەمێنێ
بەسە قورئانمان یاخوا بە خێر بێی

***

## «میرزا ئەسەد»

خوا لێ خۆش بوو میرزا ئەسەد بەناوبانگ بە غوڵام عەلی کوڕی بابا عیرفان، ساڵی ١٢٦٩ی کۆچی لە شاری سنە لە دایك بووە. ساڵی١٣٤٨ی هەتاوی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری بۆکان دونیای فانی بەجێ هێشتووە. ئەمەیش نموونەیەك لە هۆنراوەکانی...

یا رسولَ الله بە قورئان خاتەمی پێغەمبەری
بۆ گرۆهی موزنیب و عاسی شەفیع و ڕەهبەری

یــا رســـوڵ الله بـــه مـــەزڵوومـــی حـــوسێنـــی کـــەربەلا
گـــەرچـــی لایـــق نـــیم بـــفەرموو: جـوزوی کـەلبانی دەری
یـــا رســـوڵ الله بــه حـــوببی فـــاتیمه و هــەر دوو گـــوڵی
بگـــره دەســـتم رۆژێ گــەر ســالاری رۆژی مــەحشەری
یـا رســوڵ الله ئـــەتۆ بـــی و حـــورمەتی هـــەر چـــوار یـار
بـــێمـــه ژێر ئـاڵا له قـــیامەت هـــەر ئـــەتۆمـان لاگـــری
یـــا رســـوڵ الله چ تـــەشنەم بـــۆ جـــەماڵی رۆژی رووت
تـــەشنەگـــیم بشکـــێنـــه ئـــەو رۆژه کـــه ساقی کـەوسەری
یـا رســوڵ الله ئـــەگـــەر تـــۆ رحـــمێ دەربـــارەم نـــەکـەی
عـــومرەکـــــەم داوه بـــه بـــادا وەك گـــەڵایـــەك داوەری
یـا رســوڵ الله تـــەرەحـوم کـــه بـــه حـــاڵی مـــەرگی مـــن
مــەعلوون وه دوور نـــێم خـــاك بـــه ســـەر تـەوقی سـەری
یـــا رســـوڵ الله پـــەناهی بـــۆ وەلامـــی دوو مـــەلەك
بـــۆ عــــەزابـــی گـــۆڕ و نـــاری دۆزەخ و دەردی ســـەری
یـــا رســـوڵ الله دەخـــیله، وەخـــتی کـــێشـــانی حـــیساب
نـیمه خـــێرێ وەزنـــی بکـــرێ مـــن له چـاکـەم بێ بـەری
یـــا رســـوڵ الله چ حـــەیرانـــم لەســـەر پـــردی ســـیرات
یـــەك نـــیگاهێ کـــه له پـــردێ تـــا دەچـــم بـــۆ ئـــەوبەری

موریدی لوتفی رەسوولی دی «ئەسەد» چوون هەرچی هەی
نەوعەن وکەرهەن «غولامی» شەهسەواری خەیبەری

***

## «بێ بەش»

مەلا مەسعوود بێ بەش کوڕی حاجی مەلا «عبدالله» شەنەغییە، ساڵی ١٩٣٢ز، لە شاری «هەولێر»دا هاتووەتە دونیا، ساڵی ١٩٥٦ز، بۆ یەکەم جار تەجویدی قورئانی گۆڕیوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

ڕۆح و ماڵ و جیسم و گیانم یا رسولَ الله فیدات
مەلجەئوو پشت و پەناهم هەر ئەتۆی بۆ ڕێی نەجات
ئاخری پێغەمبەران و گەورەیی پێغەمبەران
مەنبەعی حیلم و حەیا و دەریایی عیلم و موعیجزات
باعیسی خەلقی دوو عالەم، یەعنی دونیا و ئاخیرەت
کانیی عەدڵ و عەداڵەت، مەزهەری عەزم و سوبات
غەرقی دەریای سەییئاتم پڕ لە عوسیان و گوناه
ڕوو ڕەشی ڕۆژی قیامەت مات و سەرگەردان و لات

موستەحەققی لوتفی تۆمە گەرچی عاسی و موزنیبم
شافیعیت بۆ کێیە قوربان ئەم بێ گەر من سەییئات
پادشاه و سەروەرم تۆی بەندەیی دەرگانەتم
ساکەوایە نووری دیدەم واجبە بمکەی خەڵات
«بێ بەش»یش بم دەچمە نێو فیردەوس و جەننەت بێ خەفەت
چونکە «مەسعوود»م لە سایەت کافییە بەرزی تکات

***

## مەلا ئەحمەد قازی پێنجوێنی

مەلا ئەحمەد، ساڵی ١٩٢٠ز، لە شاری پێنجوێن هاتووەتە دونیا. ساڵی ١٩٨٣ز، ڕێکەوتی ١٤٠٣ك، گیانی پاکی بە یەزدانی گەورە سپارد و لە گۆڕستانی سەیوان، لە تەنیشت خوالێ خۆش بوو شێخ مەعرووفی نۆدێدا بە خاك سپێردراوە. ڕەوانی شاد و پلەی بەرز...

سەنا و ستایش، بەبێ ژمارە
بە قەڵەم، بەدەم، دڵ و ئیشارە
بە زمانی حاڵ ئەم گشت دونیایە
هەر لەبۆ خودای تاك و تەنیایە

هـــەمیشە زیـــندوو تـــەوانـــا و زانـــا
بـــە هـــەموو چشـــتێ لە روو نـــیهانا
ژیری و زانست دەر بە گرۆی ئینسان
لەگەڵ جیاوازی نەك هەموو یەکسان
کەرەم فراوان، رەحمەت بـێ شـومار
پەردە دەر بە سەر خەتای خـەتا کـار
لە دەریـای رەحـمی بـەتایبەتی ئـەو
بـارانـــی درووود بـــە رۆژ و بـە شـەو
هەر بێ بەردەوام، نەوەك بە دەمـدەم
بۆ سەر سەروەری گشت بەنی ئـادەم
یـانێ مـوحەممەد، گـەورەی ئـەنیبا
یەکەم خۆشەویست لە هەر دوو دونیا
هەم لە سـەر ئالی ئـەو خـاوەن پـایە
لەگـــەڵ یـــارانـــی هـــەتا هـــەتایە

***

## سامالٌ

ئـــیسماعیل تـــەیموری نـازناوی «سـامالٌ»ە؛ کـوڕی «عبدالرّحمان»ە. سـالٌی١٣٣٨ی هـەتاوی لە ئـاوایـی «نـەوی

کەنی» لە ناوچەی هەوشار لە بنەماڵەی مەرحوومی حاجی شێخ مەحموودی تەیمووری لە دایك بووە. ئەوەی خوارەوە بەشێکە لە هۆنراوەکانی بە شێوەی موناجات...

خوایە بە ناوت گەورەتر ناوە
تۆ خۆت ئەزانی پەنام هێناوە
یا رەب عالمی لە ژێر بەحر و بەڕ
بە دەستی خۆتە هەموو خێر و شەڕ
ئەتۆ زاتێکی عالم و مەعبوود
کە دونیات لە جوود هێنا بە وجوود
هەر لە جن و ئینس تا مۆر و مەگەس
بێ ئیزنت هیچکەس هیچ نادات بە کەس
یۆنست ژیان لە زك ماسی‌یا
قودرەتت نواند لە رووی عاسی‌یا
تۆی پەروەردگار هەموو گیان لەبەر
تۆی بووژێنەری هەتیو بێ پدەر
دەرگای کەرەمت بۆ هەرکە وازە
لە هەردوو دونیا ئەو کەیفی سازە

خوایە ڕەحمی تۆ بێ نیهایەتە
زەڕڕەیەك لوتفت بێ کیفایەتە
هەموو گیانداران پەنایان تۆیە
هەر یەك بۆ ڕجا هەر هەوڵی خۆیە
خالقی زانا هەم پەنام ئەتۆی
ئەگەر بێ و تۆ خۆت گوناحم نەشۆی
ئەمن عەبدێکی ڕوو ڕەش و ڕەنگ زەرد
ئەبێ چی بکەم بە هەناسەی سەرد
بەد بەختم بە هۆی گوناح و ختوور
ڕێگە دەرناکەم کە بێم بۆ حوزوور
ڕۆحمم پێ بکە بەڵکوو بم ڕزگار
پارێزگارم بە لە عەزابی نار
«سمایل»یش وەکوو باقی زی ڕۆحان
سکاڵایەتی لە دەرگای سوبحان

***

## جانی

مەلا مەحموود کوڕی «عبد الرّحمان» ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی، لە گوندی ئەشخەڵ لەدایك بووە.

خــوداوەنـدا تـەرەححوم کـەی گـیرۆدەی داوی شـەیتانم
ئـەسیری نــەفسی ئــەممارە و زەلیــل و زار و عـوسیانم
گوڵی عـومرم بـە زایـع چـوو لە ڕێگـەی بـاری عـوسیانم
خــوداوەنــدا هــەزار تــۆبــە لە کـردەی خـۆم پـەشیمانم
گــوڵستانی بـەقای عـومرم بـە بـاغی بـێ سـەمەر ڕۆیـی
گوڵیشم چـوو، دڵیشـم چـوو، سـەراپا غـەرقی حـەیرانـم
وەکوو بوڵبوڵ لە بـۆنـی گـوڵ وە دوور کـەوتووم لە بـاغانا
خودا ڕۆحمێ بە حـاڵم کـەی زەلیـل و مـات و حـەیرانـم
بە ژەنگی مەعسیەت شوعلەی ڕووناکی دڵ نەما چ بکەم
سەگی دەرگاهی تۆم یـا ڕەب، عـەفوو فـەرموو گـوناهانم
بــەهار ڕۆیشت و زســتانە، بــەفر کـەوتۆتـە سـەر کـێوان
لە بــەفری نــابێ گــوڵ تـازە دەبـێ هـەر بڵێم پـەشیمانم
بە فەزڵی نەبووە وەسڵم بێ توێشـووی حـەشر و مـیزانـم
بە مووی بەفرین و بێ چاوی محەللی ڕۆحمی ڕەحـمانم
دڵم خـۆشـە بـە فـەرموودەی خـودا مـەکـتووبی قـورئانە
﴿لَا تَـقنَطُوا﴾ بـۆ ئـیسلامە بـە حـەمدیللا مـوسوڵمـانم
خەجاڵەتبار و شەرمەندەی تۆ «جانی»، غەرقی عـوسیانم
مــەدەد یــا شــافیعی مـەحشەر شـەفیعی ڕۆژی دیـوانـم

***

## له هۆنراوه‌كانی خه‌لیفه محه‌ممه‌د ره‌شید خه‌ڵوه‌تی

یـــا رســـولَ الله ئـــه‌من زار و غـــه‌مین و دڵ حـــه‌زین
تۆی حه‌بیبی خالقی عه‌رش و سـه‌ماء و سـه‌ر زه‌مـین
رووی شه‌فاعه‌ت وه‌ر مه‌گێڕه لێم، گوناهبار و زه‌عیف
تــۆ پـه‌ناهی مـوزنیبانی هـه‌م ره‌ئـووف و هـه‌م ئـه‌مین
مــن كــه بــارم زۆر گـرانـه یـه‌عنی بـاری مـه‌عسیه‌ت
بـــێ بـــه هـاوارم بگـــه ئـــه‌ی «رَحمَـــةً لِـــلعالَمِین»
رووم له ده‌رگانه‌ی ئه‌تۆیه گه‌ر ده‌رمكه‌ی سه‌د كه‌ڕه‌ت
دێمــه‌وه چـاره‌م نـیه ئـه‌ی سـاحێبی تـاج و نگـین
من خـه‌جاڵه‌تبار و عـاسی ئـۆمـمه‌تێكـی شـه‌رمه‌سار
تــۆ بكـه ره‌حـمێ بـه حـاڵم ئـه‌ی «شـفیع المـذنبین»
رووت و قووت و بێ نه‌وا، بێ زاد و تۆشه‌ی ئاخیره‌ت
ڕوو سـیاه و سـه‌رفگه‌نده، خـاوه‌نی گـریان و شـین

***

## خادیم

ساڵی١٨٩٥ی زایینی له شاره خنجیلانه‌كه‌ی «كـۆیـه» له دایك بووه. له ١٩٧١/١/٥دا وه‌فاتی كردووه.

وەك فەڵەك بۆ عیشقی تۆ سەرگەشتەو و حەیرانە رۆژ
بۆ جەماڵ و حوسنی تۆ هەر رۆژە سەرگەردانە رۆژ
ئیقتیباسی نووری خۆی کردووە لە نووری روویی تۆ
چونکە لەو رۆژە کە رۆژە بۆ تۆ سەرگەردانە رۆژ
وا لە رێگەی عیشقی تۆ ئەو کاری هەر نەسرەوتنە
جان فیدا و سەربازە بۆ تۆ کاری سەر دانانە رۆژ
شەو کە دی جیلوەی جەماڵ و شوعلەیی شەمعی روخت
رۆژ و شەو بۆ شەمعی تۆ دەڕوانێ وەك پەروانە رۆژ
عەینی ئەم تەئسیرە ئیکسیرە کە تەئسیری لە خاك
وا کە ئەیکاتە تەڵاو و گەوهەری یەکدانە رۆژ
خورڕەمی بەخشی درەخت و نەشئەزا بۆ سەبزە زار
شیرینی بەخشی حەلاوەت میوەیی باغانە رۆژ
ماهێ دوو هەفتە ئەچێتە ژێر خسووف و تیرەگی
گەر بزر بێ روو بە رووی ئەو شوعلەیی تابانە رۆژ
خۆشی گەر بێت و بزر کا جیلوەیی مەهتابی یار
دەچنە ژێر پەردەی کسووفا دوور لە رووی جانانە رۆژ
مەتڵەبی هەر یارە ئەم هات و چووە و سوورانەوەی
بۆ ئیتاعەت وا کەمەر بەر بەر زەدەی دامانە رۆژ

مەشقی عیشقی کرد لە ڕۆژا کەوتە دەشت مەجنوون ئەگەر
بۆ هەموو شام و سەحەر ئەیدی لەسەر شاخانە ڕۆژ
بۆ تەوافی کۆیی تۆ سەرگەشتەیە و دێت و دەچێ
سەوڵەجانی عیشقی تۆ بوو گۆیی ئەم مەیدانە ڕۆژ
هەر وەکوو پەڕگارە دەوری دائیمی بۆ تەحت و فەوق
نوقتەیی مەقسەد دەهانی یارە وا دەورانە ڕۆژ
هەر ئەڵێن وەعدەی ویساڵی پێ دراوە کاتێ غەرب
خوێن لە چاوانی دەبارێ دائیما گریانە ڕۆژ
چوون لە ئاوا بوونی ڕەنگی لالە دەگرێ جورمی ئەو
وەك برینی جەرگی عاشق خوێنی تا دامانە ڕۆژ
وەعدەیی میعراجیان زانیوە هەردوو ڕۆژ و شەو
بۆیە وەك حاجی لە سەعیا هەروەلەی دەورانە ڕۆژ
شەو لەبەر عیجز و نیازی بەهرەمەند بەم لوتفە بوو
بێ نەسیب ماوە لە فەیزی سوحبەتی جانانە ڕۆژ
شەو چ شەو مێشکی خەتایی ڕەنگ و بۆی لێ وەردەگرت
ژێری هەر گۆشەی لە دامەن ئەو شەوە پەنهانە ڕۆژ
شەو چ شەو میعراجی شاهی ئەنبیا و وەعدەی ویساڵ
تا قیامەت بۆ شەوی وا بەندەیی ئیحسانە ڕۆژ

شـەوچ شـەو ئاوس بـە سـەنجیەی سـەعادەت بـۆ هـەزار
هەر ئەبێ ڕۆژ چاکری بێ گـەرچی خـۆی سـوڵتـانە ڕۆژ
ئـــەر خـیتابی «رَحمـــةً لِـــلعالَمِین» بـوو ڕوو بـە ڕووت
شـــەو لە دووری تــۆ دەنــاڵم چـاوی مــن گــریانە ڕۆژ
تــەشنە لێوێکـم ئـەتۆی سـەرچـاوەیی ئـاوی حـەیات
لوتـــفی تـۆ فـەییازە بـۆ شـەو خـاوەنی ئـیحسانە ڕۆژ
یـاخوا بـڕژێنـە سـەر خـۆی و سـەحابە و ئال و بـەیت
نـووری خـۆت و هـەم سـەلاتت تـا وەکـوو تـابانە ڕۆژ
مـــن سـەگـی دەرگـاهتم هـەم خـادیمی یـارانـی تـۆ
بـــەندەیی ئـیحسانتم قـــوربان هـــەتا ئـــەعیانە ڕۆژ

***

## شێخ محەممەدی خاڵ

شـێخ مـحەممەدی خـاڵ، کـوڕی شـێخ عـەلی، لە بـنەماڵەی بەناوبانگی «خاڵ»ە؛ ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی لە دایك بووە و لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە.

«١»

قـوربانی نـاوت، نـاوت چـەن خـۆشـە
ئــارەقت گــوڵاو، بــۆنت وەنــەوشە
نــێرگــز ئـارەقی ئـەندامـی تـۆیـە
بـۆیـە پـەسەندە ئـەو ڕەنگ و بـۆیـە
نــاوت بـــوەتە بـــەستەی فـــریشتە
کــلیلی دەرگــای بــاغی بـەهەشتە
لە ژێر بــارەگــای خـــوا نـووسراوە
فـــــوروستادەییت پــێ ســپێرراوە
بــە نــاوی تــۆوە چــرا هــەڵ کـرا
لە دوور، لە نــزیك ڕێی پــێ دەر کـرا
خـوا ناوی کـردوی بە هـاوناوی خـۆی
مـایەی بـوڵەنـدی نـاوی خـوا تـۆی
ئــەی پــێغـەمبەری شـیرین کـردەوە
کـەعبەت لە ژەنگـی بت پـاك کـردەوە
بــەبۆنــەی تــۆوە چـرا هــەڵ کـرا
مــایەی ژیــانە بــۆ هــەردوو دونـیا

خـــوا فـــەرموویە قـــورئانی قـــەدیم
﴿إِنَّكَ لَـــعَلىٰ خُـــلُقٍ عَـــظِيم﴾
کـــە لەدایك بـوو پـێغـەمبەری خـوا
هـەر بـە بۆنـەکـەی رونـاك بـوو دونـیا
﴿إِنّـــا فَـــتَحْنا﴾ کـە سوورەی فـەتحە
سـەرتا پـا بـۆ تـۆ سـەربەرزی و مـەدحە
لە مەککـەدا بـوو بـێ بـاوك و بـێ کـەس
بۆ مەککە و کەعبە بـوو بـە فـەریاد رەس
لە مـــەککـەدا بـوو بـێ بـاوك و بـرا
بـۆ مـەککـە و کـەعبە بـوو بە کـارەبا
مەککـەت لە دەستی بەدکار سـەندەوە
بـــەوە ئـــاینی خـۆت هـەڵسـاندەوە
هـەر خـۆم بـە قـوربان شـاهی مـەدینە
سـەرتا پـا بـاڵای شـوعلەی نـوورینە
هەر خـۆم بە قـوربان خـاوێنـی هـەستی
مانگی دوو لەت کرد بە پەنجەی دەستی
رێنـــمونی کـــەر کـــە هـــاتە دونـــیا
دونـــیا روونـــاك بـوو وێنـەی کـارەبا

مەئیوسمان نەکەی تۆ لە قیامەت
سەربەرزیت، بۆمان بکەی شەفاعەت
هەزاران دروود، هەزاران سەلام
لەسەر موحەممەد «عَلَیْهِ السَّلام»

***

«٢»

خودایا زۆر ستایش بۆ سروشتی پاکی پێغەمبەر
کۆ بوو پایندەی ئەم ئایینە، ئەحکامی ئەوە رەهبەر
بە گەنجی پێشەوای قەومێکی زۆر مەشهوور ناودار بوو
بەبێ خوێندن ئەوی فەرمووی، نموونەی بەرزی گوفتار بوو
ئەوی ئەیدی بە دڵ ئەیوت، ئەمە جێی باوەڕە راستە
ئیمامی شافیعی فەرموویە: وا خولقاوە خۆ خواستە
بە دەستی ئەو نرایە قوڵفی کەعبە بەردەکەی جەننەت
بەوە پایەی بڵەند بوو، وەك مووفەڕك ماچی ئەکەن ئوممەت
بە دەستووری حەکیمی هەرچی فەرموویە دەوای دەردە
لە ئەوروپاش ئەڵێن «طبّ النّبی» باوە سەراووردە

ئەگەر ئەو خووی بەدەی کچ کوشتنەت تۆ هەڵنەگرتایە
دەبوو ئافرەت نەمایە، بۆ ریسالەت تۆش نەبوویتایە

***

«٣»

ئەی شەهنشاهی ئاسمان و زەمین
ناوی تۆ لای خوا «ڕەسوولی ئەمین»
روتبەیەکی ترت کە «**لولاك**»ە
پایەی بەرزی داوە بەم خاکە
ئەو شەوە چوویتە «**مَسجِدُ الأَقْصى**»
شاهیدی نەسسی «**لَیْلَةُ الأَسْرا**»
بە دوو قۆڵی «مهاجر» و «انصار»
شەرق و غەرب بوو بە مەتلەعی ئەنوار
حەرەکەت بوو بە مایەی بەرەکەت
ئەی سەری ئوممەتت فیدای سەرەکەت

***

## حیلمی

شێخ محەممەدی شێخ حسەین بەناوبانگە بە «حیلمی»، ساڵی ١٩٠٩ی زاینی لە قەزای هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە. لە رۆژی ١٩٨٥/٣/١٠ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گوڵانی هەڵەبجە نێژراوە.

یا رەب روو رەشم من گوناهبارم
لە حوزووری تۆ زۆر شەرمەزارم
زاتی پێغەمبەر ئەگاتە فریام
چونکە عەبدی تۆم ئومێدەوارم
کەرەمت زۆرە بۆ ئوممەتی خۆت
گەورە، فەریادڕەس، بگە هاوارم
هەر تۆ شافیعی لە رۆژی مەحشەر
لە رەحمەتی تۆ منیش بەشدارم
نائومێد نابم ئافەریدەی تۆم
هەر زاتی حەقە ویردی سەر زارم
«حیلمی» فەقیر و پیر و ئوفتادە
کەوتووم لە ماڵۆکز و هەژارم

***

# مەلا ساڵحی حەریق

مەلا ساڵح کوڕی مەلا «نصرالله»ی زێویەیە. شاعیری سۆفی و غەزەل وێژی بە بەهرە، دوای نالی و مەحوییە. ساڵی ١٨٥١ی زایینی لە گوندی زێویـە لە دایك بـووە. وە لە سـاڵی١٩٠٧ز، وەفاتی کردووە.

بەو نوورە کـە زاهـیر بـوو لە سـەر رووی مـوحەممەد
عالەم هـەموو ئاشوفتە بـوو وەك مـووی مـوحەممەد
مـەخجوول و سـەرئەفکەندەیە نـەسرین و بـەنەوشە
بۆ مـووی سـەمەن بۆی دوو گـێسـووی مـوحەممەد
مـەجزووبە هـەموو کـەس بـە رمـووز بـە ئیشارە
مـەجبوورە لە دەس سـاعید و بـازووی مـوحەممەد
سـەروی چـەمەنیش پـێ لە گوڵ و خـاری غـەمایە
لەرزیـانە لە حـەسرەت قـەدی دڵجـووی مـوحەممەد
لالەش وەکـوو مـن سـینەی پڕ حـەسرەت و داغـە
تـا دیـویەتی روخسـاری گـوڵبـۆی مـوحەممەد
زاهـید وەرە پـێش تـۆ سـەری ئـیمانی زەعـیفت
ڕوویـێ کـە لە مـیحرابی دوو ئـەبرۆی مـوحەممەد

بــورهانە لە ســەر نــەفی و مــونافات شــەوورۆژ
مــوویێ کــە پــەرێشــانە لەســەر رووی مـوحەممەد
رۆح و دڵ و دیــنت هــەیە هــەرسێکــی «حـەریق»ی
خەرجی کە لە رێی وەسف و سەنا جووی موحەممەد

***

## دەربەدەر

مامۆستا مەلا محەممەد عەزیزی بەردە رەشـی نـاسراو بـە «دەر بە دەر» کوڕی مامۆستا مەلا «عبد القادر» و سەیید ئامینە خانم، ساڵی ۱۳۲۵ی کۆچی مانگی هاتووەتە دونیا.

نــیمە تــوێشــوو یــا ئــیلاهی، غــەرقی عـیسیانم ئـەمن
تــۆم پــەناهی ئــەی ئــیلاهی، دیــدە گـریانم ئـەمن
دەفــتەری کــردار و گــوفتەم، دێڕی ســووری لێ درا
ژەنگــی دڵ زەنگــی خــەتایە، دیــلی شــەیتانم ئــەمن
تــێپــەڕی عــومرم لە پــەنجا، ئــێستە هـەر دیـلی هـەوام
نەوسە ئامیر، دووی لە دێی حەق، مەستی دەورانم ئەمن
زۆر گــەڕاوم لای ئــەم و ئــەو دەردی دڵ پــڕ ئــێشــترە
بــوومە بــەندەی زۆر و پــارە، دۆڵە دێوانــم ئـەمن

دێن دەڵێن: دەرمـانی دەردت بـەس لەلای پـیری مـەیە
پـیری تـۆ یـا ئـەو! دە کـامە؟ وێڵی یـەکسـانم ئـەمن
ئـی وەکـوو مـن کـێ پـەنادا، عـاجز و بـێچـارە ئـەو
ئەی وەکوو من چـی ببەخشێ؟! وێڵ و حـەیرانـم ئـەمن
دەشت و دەریـــاو و کـــەژ و کـــێوو ســـەما
جگ لە تـۆ کـێیـان خـودایـە؟! دڵ بـە ئـیمانم ئـەمن
جگ لە موڵکت روو لە چی کەم، روو لە کێ کەم، جگ لە تۆ؟!
هۆی نەبوو، بوونی هەموو تۆ، بـەس بە ویـژدانـم ئـەمن
کـــێیـــە کـڕنـووشێ نـەبا؟ بـۆ زاتـی تـۆ «یـا ربّـنا»
وا لە نـــێو گـــێژی وجـــوودا نـوقم و وەیـلانم ئـەمن
زەڕڕەیـــێکـــم لە جـیهانە، تـۆ بـەدیت هـێنـاوە مـن
زەڕڕەیـــێ لوتـفت کـەرەم کـە، خـانە وێرانـم ئـەمن
گەر کەرەم کەی عەفوو بـەخشش، پێم ببەخشی ئیهتیدا
دێمـە زومـرەی چـاکـەکـانت، تـاجی شـایانم ئـەمن
گـەر نـەبێ هیوا بە لوتـفت، ئـەی لە ئـەو بـەد بـەختیە
تـــۆی پـــەناهی بـــێ پـەنایان، دڵ بـە گـریانم ئـەمن
«دەر بە دەر» دەگری دەناڵێ چوون لە دەستی دا هەموو...
چاکـە، ئـێستاش هـاتە دەرگـات، چـاك پـەشیمانم ئـەمن

***

# زاری

مەلا کەریم «صائب»، ناسراو بە «زاری»،ساڵی ۱۲۷۹ی هەتاوی لە ئاوایی «ئاڵکەڵوو» لە دایك بووە و لە ڕۆژی ۱۳۶۰/۲/۲۸ی هەتاوی لە ۸۱ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

بڕێژە ڕەحمەت خودا پڕ هەرچی دەشت و دەرە
سەر ئەو ڕەسوولەی کە شافیع ڕۆژەکەی مەحشەرە
ئەم جێژنە جێژنی لەدایک بوونی پێغەمبەرە
جەژنی زهووری جەماڵی ساحێبی کەوسەرە
ئەی ئارەزوومەندەکان بە بیستنی وەسفی ئەو
گوێ بگرن و دڵ بدەن بە مەدحی ئەو سەروەرە
نووری خودا بوو کە هات عالەمی وا گرتە بەر
شوعاعی نووری ئەوە هەرچی کە شوعلەوەرە
وەختێ کە ڕۆژی جەماڵی هاتە دونیا درا...
...بە بەحر و بەڕ موژدە، لەو سوڵتانە موعتەبەرە
کاهینەکانی عەرەب وتیان لە دایك بووە
ئەمشەو ڕەسولێ دەکا بتخانە بە مەسخەرە
سوڵتانی میعراجە، ساحێب تاجە هاتووە دەچێ
بۆ عەرشی ئەعلا دێنێ لەوێ ئەوەی خەبەرە

«طـٰـهٰ» و «یـاسین»ە، نـوورە، رەحـمەتە، سـەفوەتە

مەحموودە، مـوختارە، موستەفایە، نـەسرەت دەرە

شەفیعە، سـەرداره، گـەورەی هـەر دوو دونـیا ئـەوە

ئـیمامی پـێغـەمبەرانـە، تـاهیر و ئـەتهەرە

ئەتباع و ئەسحابی پاك و چاكـی ئـەو یـەك بـە یـەك

لە خـۆفـی رۆژی جـەزابـێ تـرس و دەردی سـەرە

هەرکەس داوێنی خۆی و ئال و ئـەسحابی بگـرێ

بـێ شك نـەجاتی دەبـێ لە زەحـمەت و خـەتەرە

رۆژی یـەقینە، تـلووعی داوە «زاری» وەرە

داوێنی بگـرە بـە دەست، بـە رەحـم و غـەم لابـەرە

***

## میرزا محەممەد ئەمین شنۆیی

شـاعیری نـاوداری میرخـاس و سـۆفـی سیفەت، مـیرزا محەممەد ئـەمین کـوڕی حـاجی ئیبراهیم کـوڕی مـحەممەد خەلیل ناسراو بە «ئەمین شنۆیی»، لە سـاڵی ١٢٦٨ی هـەتاوی (١٨٨٩ز) لە شاری شـنۆ لە دایك بـووە. وە لە سـاڵی ١٣٣٣ی هەتاوی (١٩٥٤ز) هـەر لە شـاری شـنۆ دونـیای فـانی بـەجێ

هێشتووە. ڕۆحی شاد. ئەمەش چەند پارچەیەك لە هۆنراوەکانی:

«١»

«یا شفیع المذنبین» تۆ چارەیی کارم بکە
زۆر پەرێشانم عیلاجی قەلبی بیمارم بکە
مەرهەمێکی لەو دەروونی وا برینداری بکە
ڕۆحمێکی بەو زیللەت و بەو چاوی خوێن بارم بکە
پێم کەرەم کە جامی عەیش و مەست و خومارم بکە

**

عاسی و دەرماندە و زار و زەلیلم دڵ و غەم
عومرەکەم رابورد بە لەهوو لەعبی دونیا بیش و کەم
ڕۆژێکی روونم نەدی غەیری غەم و دەرد و ئەلەم
گەرچی زۆر ساحێب گوناهم ئوممەتی تۆم هەرچی هەم
هەر بە خۆت ڕۆحمێ بە ئاه و ناڵەیی زارم بکە

**

وەختێ عیزرائیل دێ بۆ قەسدی قەبزی گیانی من
لەشکری ئیبلیس دێ بۆ غارەتی ئیمانی من

دێ سـەدایـی گـریە و شـیوەن لە فـەرزەندانـی مـن
ئەی نیساری خاکی بەر پێت سەد هەزار وەك گیانی من
زوو بگە هاواری من، لەو وەزعە قوتارم بکە

**

دوو مەلائیك دێنە سەر من، وەك لە قەبری تەنگ و تار
بـۆ سـوئالێ لێم دەپرسن، وا بـە شـیددەت ئاشکار
مـن غـەریب و عـاجز و تـەنها و بێ ئـەحباب و یـار
یـا رسـولَ الله تـۆ بـمکەی لەو عـەزابـەی رەسـتگار
شادمانی فەیزی لوتفی شاهی غەففارم بکە

**

تۆ «شفیع المـذنبین»ی رۆژی مـیزان و حـیساب
«رَحمَةً لِـلعالَمِین»ی سـاحێبـی وەحـی و کـیتاب
من ئەمینی روو سیاگەر موستەحەقم بۆ عەزاب
ئوممەتی تۆمە زەلیلم ئەی شەهی عالی جەناب
تۆ پەناهی عاسیانی چارەیی کارم بکە

***

«٢»

## پاڕانەوە لە کاتی ئاوارەییدا

زۆر پەشێو و بێ قەرارم یا رەسول‌الله دەخیل
سەرفگەندە و شەرمەزارم یا رەسول‌الله دەخیل
نیمە سەرمایە و ئەسیرم من لە دەستی نەفسی شووم
وا لەسەرکەند و زەواڵم یا رەسول‌الله دەخیل
هەرچی فیکری لێ دەکەم تۆشەم نیە بۆ رێی نەجات
رێم نیشان دە بۆم رووناك کە یا رەسول‌الله دەخیل
موو سپی بوو، چاو زەعیف بوو، قەدر و قودرەت وا برا
هەر ئەتۆی پشت و پەناهم یا رەسول‌الله دەخیل
عومری جوانیم وا بەخت کرد، نەم بوو یەك خاڵی سپی
چی بکەم قوربان دەخیلەك، یا رەسول‌الله دەخیل
من زەعیفم، من نەحیفم، دڵ رەقم، زۆر چارەڕەش
تۆش حەبیبی و هەم تەبیبی، یا رەسول‌الله دەخیل
عومری کامڵ دێت و دەڕوا، هیچ نیە فیکر و شوعوور
داد و بێداد و پەنام دە، یا رەسول‌الله دەخیل
موو سپیمە، دڵ رەشم، ئەمما هەموو دەم هەر دەڵێم
«رَبَّنَا احْشُرْنَا» لەگەڵ تۆ، یا رەسول‌الله دەخیل

مـن دەنـاڵێنـم دەگـریەم هـەر لەبـۆ ئـەحواڵی خـۆم
چونکە بۆ خـۆم خـۆم دەنـاسم، یا رەسـول‌الله دەخـیل
خـۆم نـەناسیوە دەنـا دەبوا بـە فـەرموودەی رەسـوول
خـوام بـناسیبا بـەڕاسـتی، یـا رەسـول‌الله دەخـیل
﴿لَا تَـقْنَطُوا مِـنْ رَحْمَـتِي﴾ کـەلامی حـەق خـۆیـەتی
مـوژدەی عـەفوە «شَـفِیعاً»، یـا رەسـول‌الله دەخـیل
«أَنْتَ رَبِّي، أَنْتَ حَسْـبِي» بـار الهـا تـۆی «صـمَد»
تـۆش ئـەمین و مـوقتەدامـی، یا رەسـول‌الله دەخـیل

***

«٣»

## هۆنراوەیەك بۆ شێخی «علاءالدین» حوسەینی نەقشبەندی رحمه الله

ئـەتۆی ئـەو سـەییدی عـالی نـەسەب پیر و جـوانـی مـن
ئـەتۆی شـاهزادەیـی هـادی نـەسەب شـاهی خـەلانی مـن
ئەتۆی حاجی «عـلاءالدیـن» لەقـەب شـێخی زەمـانی مـن
ئەتۆی ئەو خۆش روویی پڕ خەندە لەب شیرین زمانی مـن
فیدایی لەفزی خۆشت بێ سەر و ئەولاد و گیانی من

**

له دونیا ئەی گوڵی یەکتا ئەگەر «دارالصّفا»[١] جێتە
له حەشری «جنّة المأویٰ» بە ڕۆحمی حەق لەسەر ڕێتە
ئەوەی مونکیر بە تۆبێ بێ شعوور، جاهیل و شێتە
ئەتۆ لوقمانی دەردانی دەواو دەرمانێکی پێتە
بدە ڕەنجوور و بیماران و حەکیمی حاڵ زانی من

**

عەوام و جاهیلی وەك من بە زاهیر هەر ئەتۆی دیوە
ئەوەی امیل نەبێ، یا خۆی نەناسێ تۆی نەناسیوە
له پێشی کیمیای هیممەت کە ئاسن هەروەکوو زیوە
نەزەر سائیلی دەرگاهت گەلێك بێ نان و بێ شێوە
له خوانی فەیزی خۆت قوربان بدە لوقمەك نیشانی من

**

زەلیلی نەفسی ئەممارە، ئەسیری داوی شەیتانم
گوناهکار و گرانبار و گرفتار و پەرێشانم
کە ڕووم بۆ دەرکی تۆ هێنا له کردەی خۆ پەشیمانم
ئەتۆ بی مەرقەدی شێخ «هادیالدین» بیکە دەرمانم

---

١. «دارالصّفا» له دیده و بۆچوونی ئەدیب و شاعیراندا بە «خەلان» دەگوترا، هەروەك «دارالامان» بە زینووی شێخ دەگوترا.

نەخۆشی دەردی عوسیانم، تەبیبی میرەبانی من

**

لە هیجرانی گوڵی روویەت وەکوو بولبول بە هاوارم
فەقیرێکی «شنۆ»ییمە، «ئەمین»ی بێ کەس و کارم
بە تیری عیشقی تۆ سوڵتان «علاءالدین» برینداررم
نە تەنیا هەر لە دونیایی بە دامی تۆ گرفتارم
دە ژێر خاکیش هەتا دەڕزێ وجوودی ناتەواوی من

***

«٤»

## بۆ سەماحەتی شێخ «علاءالدین» حوسەینی نەقشبەندیﷺ لە کاتی زیارەت کردنیدا لە دێی «خەلان»

ئەی بلووری گەردنت ئاوێنەیی قودرەت میسال
پەرتەوی عیشقت لە قەلبی عاشقان بەرقی شیمال
ئیسمی پاکت سەیقەلی ژەنگی دڵی پڕ قیل و قال
رەوشەنی چەشمی موریدان، شێخی عەلائی شێخ جەلال
هیممەتێکم بۆ بکەی ئەی یادگاری شێخ کەمال

**

دڵ لە دووری رویی شەمعت شەو وەکوو پەروانەیە
سەبر و ئارامی نەماوە بێ هۆش و دێوانەیە
تا ئەتۆی دیوە لە قەوم و خوێشی خۆی بێگانەیە
هەروەکوو مەجنوون لە داخت کێو و سەحرای لانەیە
مەسکەنی بۆتە چیا و دەشت و هاموون جیبال

**

رووم لەبۆ دەرکی تۆ هێنا ئەی شەهی «دارالصّفا»
چونکە قوربان زۆر لە خۆمم کردووە جەور و جەفا
هیممەتێکم بۆ بکە تۆ لەم جیهانی بێ وەفا
گەرچی دەردی من گرانە بۆم بخوازە یەك شەفا
با شەو و رۆژێ دڵی من بەس بکاتن نالە ناڵ

**

خانەدانی ئێوە قوربان فەیز بەخشی خاس و عام
مەرقەدی شێخ «هادیَ الدّین» نووری دڵهایی زولام
مەقسەدی عالەم لە خزمەت ئێوە حاسڵ بوو تەمام
جارەکی بۆ منی فەقیریش زوو مویەسسەر کەن مەرام
تا نەمردوومە ببینم شادیی شەوقی ویسال

**

گەر «ئەمین» ئەوڕۆکە قوربان زۆر گوناهکارە، ئەسیم
چاوی تێ بڕیوە دە لوتفی ئەغنیایان وەك یەتیم
بۆم تەمەنناکە لە خزمەت خالیقی حەیی کەریم
بەڵکە ڕەحمێکی بکا پێم واحیدی فەردی عەزیم
دڵ مونەووەربێ بە نووری ڕوئیەتی ماهی جەمال

***

لە هۆنراوەکای مامۆستا مەلا مەحموودی کاڵی، مامۆستا و مودەڕڕیسی ئاوایی نگڵ، سەر بە شاری سنە.

حەمد و سەنا بێ بۆ پەروەردگار
هەڵسووڕێنەری چەرخی ڕۆژگار
دروود بێ وێنەی بارانی بەهار
بە تا و بۆ ڕۆحی ڕەسوولی نازدار
ئەنجا سەروازکا لەوۆ بۆ یاران
یارانی بەرزی نا و داری مەیدان
تێکۆشەرانی ڕێی ڕاستی ئایین
«رَضِيَ اللّٰهُ عَنهُم أجمَعِين»

***

# مەلا محەممەد ساڵحی «فخرالعلما»

مامۆستا یەکێکە لە دۆستەکانی مەولەوی. مەلا محەممەد ساڵح، کوڕی شێخ محەممەدی..... کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەیی یە کە بە شێخ ئەحمەدی عەللامە بەناوبانگ بووە. باوك و باپیری ئەم بەڕێزە لە شێخ مەحموود بەرەو خوار وڵاتی خۆیانیان بەجێ هێشتووە و لە دێی «دەژن» لە نزیکی ئاویی «پاڵنگان» نیشتەجێ بوون، ئەم زاتە پاش ئیجازە وەرگرتن روو ئەکاتە شاری سنە و لەوێ دائەنیشێ و خەریکی تەدریس و وانەبێژی بووە، وە لەپاڵ دەرسەکانیدا شیعریشی داناوە، ئەمە نموونەی بەشێکە لە هۆنراوەکانی...[١]

ئـــــازیزم بـــــەستەن، ئـــازیزم بـــەستەن
جـــەوساوە نـــە رات زونـــــارم بـــەستەن
شـــیشەی نـــام و نـــەنگ تـــەقوام شکـــەستەن
ئـــەعزام جـــە بـادەی مـــەیل تـــۆ مـــەستەن
«اذان»م ســــەدای بـــاڵاتـــەن
«قَـــامت»م زیکـــر بـــاڵای ئـــاڵاتـــەن

---

١. بۆ باشتر ئاگاداری لە ژیان و بەرزی ئەم زاتە بروانە کتێبی «یادی مەردان» دانراوی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕڕیس.

تـــا وه زوڵف و رووی تــۆ تـــه‌ماشامه‌ن
ئـــه‌دای نـــمای فـــه‌رز ســوبح و عــیشامه‌ن
ســه‌ججاده‌م وه هــوون زامت ره‌نگ کــه‌ردن
ســوجده‌م وه مــیحراب ئه‌برۆی تۆ به‌رده‌ن
ئـــــه‌دای زه‌کــــاتم: نــیسار رۆحـــه‌ن
وه خـــاك پـــای تــۆم هـــه‌زار فـتووحه‌ن
حـه‌ججم، تـه‌وافـم ئـه‌ر شـه‌وه‌ن ئه‌ر رۆن
هـــه‌وای گــه‌شت ده‌ور ئـاسانه‌کـه‌ی تـۆن
تـــه‌پڵ ریســـوایـــیم وه هـــه‌رجـــا ژنـیا
نـــامه‌ی بـــه‌دنامیم پـــه‌ی هــه‌رکه‌س ونـیا
پـــه‌رده‌ی ئـــابڕووم ســـه‌د جـــار دڕیـاوه
تـــاسم نـــه بـــازاڕ عـــالەم زڕیـــاوه
هـــوونم چ حـــاکـــم، چ قـازی، چ شـێخ
واجب مـــــزانـــــان بـــڕێزان وه تـــێخ
ئـــازیز ســـا وه ره‌غـــم قـــه‌ول خـاس و عـام
جـــه تـــاو تـــانه‌ی مـــه‌ردم ئـــه‌ییام
شه‌رت بۆ، کامین شه‌رت؟! شه‌رت هه‌ر جاران
شـــه‌رت عـــاشقان جـــانفیدای یـــاران

تــا زەڕڕێ جــە تــەن مــانۆم نــەفەسێ
گۆش نەدەم وە حەرف واتەی هیچ کەسێ
تــا ڕۆی ڕەســتاخێز ســاعەتم نــەبۆ
غــەیر جــە دیــن تــۆ تــاعەتم نــەبۆ
کەی مەیل، کەی مۆبەت، کەی سۆزش دڵ
هــەر ڕۆ زیــاد کــەم تــا ســای ســەرای گڵ
حــەرفێن واتــەنم، عــەهدێن کــەردەنم
شــەرتەن وەفــای وێم وە گــڵ بــەردەنم
ئــەر عــالەم تــەمام وەنــەم بیان جــەم
بــەند بــەند ئــەعزام جیا کــەن جــە هــەم
ڕەگ ڕەگ بــمپێکــان وە قــەنارەوە
ئــاوێزانــم کــەن وە ســێدارەوە
جــاڕ بــدەن وە نــاو کــووچەی شــارانــدا
وە عــیبرەتم کــەن وە بــازاڕانــدا
شــەرت بۆ هــەر ساعەت مــەیلت زیاد کــەم
خــاتر هــەر وە عــەشق باڵاکــەت شاد کــەم
تــەرک وەفــا و مــەیل جــینن و بــەشەر کــەم
وە مــەیل تــۆوە ڕوو ئــەو مــەحشەر کــەم

سا ئازیز، قوربان، دیده و حەیاتم
بتم، بادەکەم، لاتم، مەناتم!
رۆحەکەم، حوورم، باغم، بەهەشتم
ئارەزووی دونیا و قیامەت گشتم
قوربان تۆیچ بە عەشق ئەوەڵ جارینت
بەشق سۆز عەشق گەرم پارینت
بزان گیان‌فیدام، ئیمتیحان تاکەی!
وێنەی مەن عاشق سەرگەردان تاکەی!

***

## ویسالی

محەممەدی ویسالی کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ تەهای شێخ عەزیزی عومەری شێخ «عبد اللّطیف»ی مەردۆخی لە شێخەکانی قەرەداغە. لە گوندی تەکیە لە ١٩٠٢/٣/٢٢ی زایینی هاتۆتە دونیاوە. لە رۆژی ١٩٧٣/١٠/٢٩ز، کۆچی دوایی کردووە و لە سولێمانی نێژراوە.

بە شوعلەی جەبهەیی ئادەم، بە نووری سەییدی عالەم
بە حاڵی عەبدی موحتاجم، نزوولی رەحمەتت ئەرحەم

ئەگەر رەحمێ نەکەی یا رەب بە غایەت دڵ پەرێشانین
هەموو هەر چاوەڕێی سروەی نەسیمی رەحمەتین هەر دەم
ببارێنە بە سەرمانا لە هەوری رەحمەتت رەحمەت
بە حەققی ئال و ئەولاد و سەحابەی سەییدی ئەکرەم
دەروون و دڵ برینداریـن، بە تیری میحنەتی دەوران
لەبۆ چاك بوونەوەی هەردوو ئەبێ هەر خوا بدا مەرهەم
بەبێ بارانی داماوین، بە جورمی پڕ داگیراوین
لە بەندی میحنەتا ماوین، خودا رەحمێ نەکا چ بکەم
ئومێدم وایە بڕژێنێ خودا رەحمەت بە رەحمی خۆی
بەسەرمانا، لە دڵمانا، نەمێنێ هیچ غەم و ماتەم
بحووری رەحمەتی رەحمان عەمیق و پان و بێ سامان
چلۆن مەحرووم ئەبین؟ نابین! لە رەحمی خوا وەکوو بەلحەم
خودا هەرچی موقەددەر کرد، بەڵێ هەروا ئەبێ یاران
بە تەدبیری عەبد تەقدیر موغەییەر نابێ زۆر و کەم
وەلێ پاڕانەوە شەرتە لە قاپی حەق وەکوو ئادەم
کە شایەد بنوێنێ رەحمەت لەگەڵمان خالقی عالەم
خەجاڵەتبار و روو زەردین، بە قەسوەت دڵ وەکوو بەردین
بە غایەت سست و نامەردین، بە رەحمی خۆت خوا ئەرحەم

مەگەر هەر قوڕ بە سەردا کەین، لە قاپی حەق بە روو زەردی
لە جورمی ئێمەیە دونیا، بووە تاریك بە تۆز و غەم
بەبێ توێشووی عەمەڵ چی بکەین ئەبێ یا رەب لە مەحشەردا
چلۆن روومان بێ روو کەینە قاپی حەزرەتی خاتەم
وەکوو من روو رەش و موجریم لە دونیا نابینێ هیچکەس
مەگەر راحیم بکا رەحمێ وە ئیللا جێگەمە حەوتەم
خودا بۆ مەرهەمی داناوە «**جَنَّةُ المأوىٰ**»
ئەمین بن نیعمەت خودا نایدا بە نامەحرەم
«ویسالی» خاتیمەی بێنە بەیانی زیللەتی ئەحواڵ
نەتیجە خالق ئەیزانێ «**فَصَلِّ أَنْتَ لَاتَعْلَم**»

***

## لە هۆنراوەکانی سەفوەت

**«١»**

**سەلام...**

سەلام لەسەر تۆ یا رسولَ الله

سەلام لەسەر تۆ یا حبیب الله

سەلام لەسەر تۆ یا نەبی رەحمەت
سەلام لەسەر تۆ شافیعی ئوممەت
سەلام لەسەر تۆ بەشیر و نەزیر
سەلام لەسەر تۆ زاهیر و زەهیر
سەلام لەسەر تۆ رەسوولی کەریم
تۆی لەسەر خولق و رەوشتی عەزیم
سەلام لەسەر تۆ میسباحی زەلام
ئەی پێغەمبەری خوایی عەللام
سەلامت لەسەر خاوەن موعجیزات
سەلامت لەسەر ساحێب کەرامات
سەلامت لەسەر خاوەن بەراهین
خاوەن دینی راست موعجیزەی موبین
شەهادەت ئەدەم گەیانتە ئوممەت
ریسالەتی خوا لەگەڵ ئەمانەت
ئامۆژگاریت کرد یەکسەر بۆ ئوممەت
لاتدا لەسەریان غەم و مەشەققەت
غەزات کرد لە رێی «ربّ العَالَمین»
خوایە ریشت کرد هەتا هات یەقین

سـەلامت لەسـەر خـاوەنی ئـەنوار
سـەلامت لەسـەر سـاحێبی مـەنار
لە نوورت مانگ و ڕۆژ بوون پڕ لە نـوور
لە نوورت عەرش و لەوح کردی زهـوور

***

«٢»

## اَلسَّلام

«اَلسّلام» ئەی هاتە دەنگ بۆت بەرد و دار[١]
«اَلسّـلام» ئـەی نـووری عـەرشی کـردگار
«اَلسّـلام» ئـەی زیـنەتی مـوڵکـی خـوا
«اَلسّـلام» ئـەی سـەروەر و ئـەی پێشـەوا
«اَلسّـلام» ئـەی خـاوەنی «عِـلمُ اليَـقِين»
«اَلسّلام» ئەی کێوی عیلم و حیلم و دیـن
خـاوەنی نـاڵایـی مـەحشەر «اَلسّـلام»
حـەوزی کـەوسەر تـایبەتیتە «اَلسّـلام»

---

١. مـەبەست لە بـەردو دار، ئـەو بـەردانـەی لە دەسـتی پێغـەمبەردا ﷺ تـەسبیحاتیان دەکـرد، داریش مـەبەستی ئـەو دارەیە کە لە بەردەم پێغەمبەرا ﷺ شاهێدی دا.

«اَلسّلام» پێغەمبەری رەحمەت ئەتۆی
«اَلسّلام» ئەی شافیعی ئوممەت ئەتۆی
«اَلسّلام» ئەی تۆ بەشیر و تۆ نەزیر
«اَلسّلام» ئەی زاهیر و ئەی تۆ زەهیر
«اَلسّلام» ئەی ساحێبی خولقی عەزیم
«اَلسّلام» ئەی خاوەنی لوتفی عەمیم
«اَلسّلام» ئەی نووری تاریکی و زەلەم
«اَلسّلام» ئەی رەحمەتی بۆ گشت ئەنام
«اَلسّلام» ئەی سەییدی بۆ مورسەلین
«اَلسّلام» پشت و پەناهی موئمینن

***

**«٣»**

## بۆ پێغەمبەرﷺ

بە جەژنی مەولوودی زاتیّ ئەنازم
لە سایەی لوتفی ئەودا سەرفەرازم
نەوەك ئەو لوتفە تەنیا بۆ من و بەس
نیگاهێکی نەجاتە بۆ هەموو کەس

ڕەســوولێ هـاتە ڕوو ڕۆژێ بـوو عـالەم...
بە جارێ نوقمی دەریـای جـەهل و مـاتەم
چ زاتـێ؟ ڕۆژی عـیرفان، نـووری یـەزدان
ســـەنا خــوانــی ئــەوە ئـایاتی قــورئان
زەمـین پـڕ شـیرك و کـوفر و بت پـەرستی
دەمـار و دەعـیەو و کـین، خـوویی پـەستی
هەموو جەردە و دڕنـدە و جـانەوەر بـوون
لە مــەردی پـیاوەتیدا بـێ هــونەر بــوون
بـــە تـــەنیا ڕاپـــەڕی ئـــەو مـیهرەبانە
بـە هـێزی ئیزەدی لە ڕووی ئـەم جـیهانە
لەگــەڵ ئــەهلی حـیجازی پـاك بـونیاد
بـە قــورئان و حــەدیسی کـەوتە ئیرشـاد
لەگەڵ پاکـان بـە نـووری وەعـزی قـورئان
لەگەڵ سەرکەش بە مەودای تێغی بوڕڕان
هەتاکوو خەڵقـی خستە سـەر حـەقیقەت
دروستی کرد لە جـەردە قـەوم و ئـوممەت
وڵاتـــی کــردە چـــی؟! کــردیە حـیجازێ
هــەتا مــەحشەر کــە ئینسان پـێی بـنازێ

له جێی زۆر و درۆ، عەدڵ و مەحەببەت
له جێگەی بوغز و کین دانیشت سەداقەت
هەتا ئیسلام گەیشتە ئەوجی ئەفلاك
بە هێز و هیممەتی سوڵتانی لەولاك
موحەممەد شا گوڵی گوڵزاری وەحدەت
موحەممەد سەروی بوستانی مەحەببەت
له سایەی ئەهلی کوفرا بووی نەجاتێ
بە حاڵی ئوممەتی خۆت ئیلتیفاتێ
ببارێنە خوا بارانی رەحمەت
لەسەر خۆی و سەحابە و ئال و ئوممەت

***

## شێخ لەتیف

یەکێکە له شاعیرە ناودارەکانی ناوچەی کەرکووك له ساڵی ١٩٠٥ له دێی چەڵکانەی ناوچەی «قەرە حەسەن»ی کەرکوك له دایك بووە. له ساڵی ١٩٨٦ له کەرکوك کۆچی دوایی کردووە. ئەمەیش بەشێك له شیعرەکانی...

«١»

## ئەی رەئیسی جەمعی مەخلووق

ئەی رەئیسی جەمعی مەخلووق شاهی شاهانم وەرە
ئەی ئەمیری هەردوو دونیا مەردی مەیدانم وەرە
من گوناهبار و خەجاڵەت روو رەشی رۆژی جەزام
خاوەنی عیزز و شەرەف، تۆی رۆح بە قوربانم وەرە

**

خاتری روخساری نوورینی جەنابت خوای مەزن
ئەرز و ئاسمانی دروست کرد چا و بە گریانم
من ئەزانم کردەوەی چاکەم نیە سا چی بکەم
ڕەحمەتێ فەرموو گەدام بۆ ماڵی وێرانم وەرە

**

من ئەوەندە هەوڵ ئەدەم نەفسم لە دەستم دەرچووە
چی لە مەیلی نەفسی بەدکەم جانی جانانم وەرە
گەر لەمەولا خوا بە خۆی رەحمێ بکاتە حاڵی من
نەفسی بەدکارم ئەکوژرێ دڵ بە قوربانم وەرە

**

هەروەکو سیروان لە چاوم ئا و ئەچۆڕێ بێ وچان

ڕوو ڕەشی دونیا و قیامەت دەستە دامانم وەرە

«لوتفی» بەس شیوەن بکە بۆت ناگیرێ نەفسی بەدت

شاهی «لولاك» بێتە ئیمداد نووری ئیمانم وەرە

***

«٢»

## یا رسولَ اللّٰه(١)

یا رسولَ الله دەخیلە روو رەش و نامە سیام

غەیری تۆ هیچ کەس نیە بۆ من ببێ پشت و پەنام

روو رەشی دەرگاهی تۆم هاتوومە بەر دەرگانەکەت

عاجز و ریسوای گوناهم خاکە ساری رووی جەزام

زۆر پەشیمانم ئەگەرچی پارە ناکا داد و شین

عومری گەنجیم رابوارد گشتی بە بێ هۆشی و نەفام

تازە چی بکەم روو لە کوێ کەم کێ بەیاد کەم غەیری تۆ

چاوەڕێی لوتفت ئەکەم وەستاوە مەه هەروەك خەدام

---

١. لە ساڵی ١٩٦٧ کاتێ چووە بۆ تەوافی کەعبە ئەم غەزەلەی وتووە.

سەری خۆم هەڵ گرت و هاتم بۆ دەخالەت بۆ رجا
مل کەچ و روو زەرد و مەئیوسم ئەتۆی «خَیر الأنام»
تەرکی فەرز و سوننەتم زۆرە چ فایدە چوو لە دەس
خۆم بە نەسڵی تۆ ئەزانم ئەی حەبیبی لایەنام
«لوتفی» دەردی زۆر گرانە ئەی «شفیع المذنبین»
ڕوویی لوتفت سا نیشان دە زۆر زەلیل و بێ نەوام

***

«٣»

## شای «خیرالبشر» موحەممەدی موستەفا

شای «خیر البشر» فەخری کائینات
مەنبەعی ئەوساف و زومرەی مومکینات
ئەسدەقی موتلەق «بِالْحَق» و بە حەق
بە یەدی ئیعجاز قەمەر کەردی شەق
رەفرەفی بوراقت تا بە لامەکان
چەند هەزار ساڵ راه تەی بێ بە یەك ئان
جبریلی مەخلووق رەسول خەللاق
شافی موزنیبان، وافی جە میساق

تـــاوسی قـــودسی ئـــەنوار قـــودرەت
مـــەللاح لوجـــجەی نـــوور مـــەعریفەت
جـــە قـــەترەی جـــەناح نـــوورت ئـــەنبیا
جە زەڕڕەی پـڕتـەو حـوسنت مـیهر و مـاه
ئـــەزەل نـــوور تـــۆ، تـــۆ «ضـــیا»ی زاتـــی
ئـــەبەد خـــاك و تـــۆ ئـــابی حـــەیاتی
تـــوحفەی ئـــەزەل و ســـیڕڕی ســـوبحانی
حـــەبیب مـــەحبوب حـــەییی رەبـــبانی
پەی نوورت سوجدەی ئادەم کەرد مـەلەك
شـەیدای عـیشقی تـۆن نـۆ کـاخی فـەلەك
پـــەی تـەسدیقی تـۆ حـەق پـەخشان گـەوا
﴿إِنْ هُـوَ إِلَّا وَحْـيٌ﴾ «جـــە» ﴿يُـوحىٰ﴾
دەســـتم دامـــانت ســـەییدی ســـەروەر
نیسیانم نـەکـەی جـە سـەحرای مـەحشەر
ئـــەو ئـــەلتاف وێت وەنـــەم نـــەنمانی
نـــەبی بـــە شـــەفیع عـــەبد عـــیسیانی
مـــەسدوودەن تـــەریق پـــرد سـیڕاتـــم
نـــــار جـــەحیمەن ســـزای ســـیفاتم

بـەڵ جـە سـایەی تـۆ «عـزیز الغـفّار»
عەفووم کەر بە لوتف رەهـام کـەر جـە نـار
رەحمێ کەر بە حـاڵ وەخـتم بـێ وەخـتەن
ئـــەعزام مـــوقەییەد عـــەزاب ســـەختەن
بـــناڵ نـــە دەرگـــاش «فـــەقێ» دڵ فگـــار
تـــا مـــەدۆت نـــەجات دارای جـــیهاندار

***

## «ابن الحاج»

«ابن الحاج»، ناوی مەلا محەممەد، کوڕی حاجی حسـەین خەلکی دێی «سـنجوێ»ی نـاوچەی سـەردەشتە. بـە تـەواوی سەرەتای ژیانی ئەم زانا پایە بەرزە نەزانراوە بەڵام بەڵگە نیشان ئەدات کە دوو سەد و ئەوندە ساڵ لەمەو بەر بووە. «ابن الحاج» یەکەم کەسێکە لە ناوچەی سلێمانیدا کـوردی نـوسینی فـێری فەقێیان کردبێ. بێتوشی و شێخ مارفی نۆدێیی، یەکەم کەسێکن لەو نـــاوچەیەدا بـــە کـــوردی شـــتیان نـــووسیبێ؛ وە زۆری خوێندونیان لای «ابن الحاج» بووە.

«١»

## لە مەدحی پێغەمبەرﷺ

یـا رسـولَ الله ئـەمانەت بـێ، ئـەمانەت سـەد ئـەمان
ئەو دەمەی قابیز کە دێ بۆ قەبزی رۆح و نەزعی جان
حیفزی ئیمانم بکەی ئـەی حـافیزی هـەردوو جـیهان
نەك بە مەکر و حـیلە دوشـمن پـێم بـدا دەردی گـران
مەوقیعێکی وا هەیە هۆش نیە و نوتق و زوبان

**

سەر بە قوربانی قـەدەمت بـێ بـە جـیسم و جـانەوە
چا و فیدای خاکی بەری پێت بێ بە فـرمێسکـانەوە
تەن بە پێشکەش قەدی سەروت بێ بە ئەعزاکانەوە
ڕووم نـیە بـێمـە حـوزورت بـەم هـەموو عـیسیانەوە
رەئفەتت بێ، رەحمەتت بێ، ئەی پەناهی عاسیان

**

بورجی قەلعەی دڵ بە توولی میحنەتی غەم تێك چـووە
بـــازی تـــالیع رۆیـــی زاغـــی نـەگـبەتی لێ نـیشووە
حوببی دونیا زۆری سەند، عـیشقی دیـانەت کـەم بـووە
ئـاگـری بـێ تـاعەتی ئـەمڕ و بـڵێســەی سـەندووە

پێم کەرەم کە یەك قەدەح ئابی هیدایەت ئەلئەمان

**

یا رسولَ الله دەخیلت بم، دەخیلت بم، دەخیل...

تـۆی دەوا بـەخشی بـرینان و مـنم زار و عـەلیل

تۆی دەوا بەخشی برینان و مـنم عـەبدی زەلیـل

دەفـــــعەیێ بــــۆم بـــنێرە یـــەك... دەلیـــل

هەر ئەتۆی هادی لەبۆ ئوممەت دەکەی دەفعی غەمان

**

یـا رسـولَ الله بـە سـەد ئـەحبابەوە قـوربانی تـۆم

بـاوەڕت بـێ کـەمترین کـەلبی هـەموو یـارانـی تـۆم

هەروەکوو مەجنوونەکەی شەیدا وەها حەیرانی تۆم

عەرزی هەر وایە «محەممەد» ئەی بەڵا گەردانی تۆم

مولتەفیت بە بۆ تەرەف بەندەی غەریبی نیشان

***

«٢»

ئەی موقتەدای خـاس و عـام بـەشمان دە لەو «دارالسّـلام»

بـاعیس بـە لوتـفت دڵنـیام هاوار لە خۆم چەند روو سیام

**

ئەی مورشیدی جینن و بەشەر ئەی کاشیفی «شَقُّ القَمَر»
ئەی شافیعی «یَوم الخَطَر» هاوار لە خۆم چەند روو سیام

**

ئەی ساحیبی فەتح و زەفەر ئەی مەخزەنی فەیزی هونەر
ئەی باعیسی نوور و بەسەر هاوار لە خۆم چەند روو سیام

**

ئەی شەمعی جەمعی ئەنبیا ئەی تاجی فەرقی ئەولیا
ئەی نووری قەلبی ئەشقیا هاوار لە خۆم چەند روو سیام

**

«یا إبنَ عَبدِ اللّٰه» دەخیل «یَومَ الحِساب» نەمکەی زەلیل
شافیع بە لای حەیی جەلیل هاوار لە خۆم چەند روو سیام

لە کۆتاییدا «ابن الحاج» دەڵێ:

ئەی نووری قەلبی ئینس و جان ئەی باعیسی خەلقی جیهان
ئەی عاریجی حەوت ئاسمان هاوار لە خۆم چەند روو سیام

**

ئێستا «محەممەد»[1] پیر بووە تۆبەی لە عسیان کردووە
نەفس و هەواکەی مردووە هاوار لە خۆم چەند روو سیام

***

---

١. شاعیر مەبەستی خۆیەتی.

«٣»

## یا رسولَ اللّٰه

یـا رسـولَ الله دەخـیلەن سـەروەری دونیاو و دیـن
پـێشـەوا و خـەتمی عـموومی ئـەنبیاو و مـوڕسـەلین
فـەخری گشـتی کـائیناتی سـەییدی جـینن و بـەشەر
تـاقە مـەحبووبی خـواوەنـد رەحـمەتی بۆ عـالەمین
تۆی نومێدی بێ ئومێدان و رەهبەری رێگەی نەجات
ڕۆژی روونـاکـی هـیدایـەت مـوقتەدایـی مـوتتەقین

***

## «قاضی»

لە هۆنراوەکانی «قاضی» کەریم کوڕی قازی «عبد العَظیم» «توتوندەر»ییە. ئەمە قەسیدەی کوردییە پێویستە هەروەك قەسیدەی بوردیە ئەم شیعرەی یەکەم بەشوێن هەر شیعرێکدا دووبارە بکرێتەوە...

«١»

(خـوا بـڕژێنـە سـەڵەوات لە حـەوت تـەبەق سـەماوات
بـۆ رۆح فـەخری کـائینات وێستانی نـەبێ قـەتعا)

بــه نــاوی ئــەو خــالیقەی بــەرزە لەســەر مــاسیوا
هــەزار و یــەك نــاوی هــەس بــێجگــە لە نــاوی «الله»
بــه لەفــزی ﴿کُــنْ فَــیَکُونْ﴾ دونیای هێناوەتە بــوون
هــەمووی ئــەباتە نــەبوون رۆح لە لاشــە لا ئــەبا
ســەد و بــیست و چــوار هــەزار پــێغــەبەری بــا هــونەر
هــەروەك داری پــڕ ســەمەر نــاردی بــۆ خــەڵکی دونیا
بــارێتــە ســەریان ســەلام لە خــالیقی لایــەنام
هــەتاکــە قــامی قــیام بــه رۆژ و هــەم بــه شــەودا
لە هــەموویان گــەورەتر مــوحەممەد «خــیر البَــشر»
هــەروەکــوو مــانگی بــەدر شــەوقی خســتە نــێو دونــیا
بــه هــاتنی مــوستەفا دونــیای پــڕ جــەور و جــەفا
نــەجاتی بــوو لە زوڵمــەت پــڕ بــوو لە ســوڵح و ســەفا
چــوون پــێغــەمبەر جــامیعە تــا نــەفخی ســوور لامــیعە
قــورئانەکــەی نــافیعە تــا ئــاخر رۆژی دونــیا
قــورئان قــانوونی دیــنە، یــاسای رزگــاری و ژیــنە
دەســتوراتــی مــەتینە بــۆ دیــنە هــەم بــۆ دونــیا
لە ئــەلتافی ســوبحانی رەســول خــۆی و قــورئانی
بــەسە بــۆ هــەر ئــینسانێ هــەرتا دونــیا بــێ فــەنا

ئـەو قـورئانە بـێ وێنـە ئـەوەڵ «بـێ» ئـاخر «سـین»ە
یـانێ بـەس بـۆ ئـەم دیـنە هـەتا هـەتایە هـەتا
خـوایـا بـڕژێنـە سـەڵەوات لە حـەوت تـەبەق سـەماوات
بـە ڕۆح فـەخری کـائینات وێسـتانی نـەبێ قـەتعا
دایـم لە هـەوری ڕەحـمەت لە بـەحرێکـی شـەفەقەت
سـەڵواتـێکـی بـێ غـەفڵەت لەسـەر ڕۆحـی موستەفا
سـەڵوات وەك وەشتی بەهار وەها بە خوڕ بێتـە خوار
دونـیا بـبێ بـە گـوڵزار لە یـومنی «خَـیرِ الوَریٰ»
زەوی وەهـابنازێ ئـاسمان ئـاوات بـخوازێ
«قـاضی» خـاتە دڵخـوازێ ئـاوات بـبڕێ لە دڵیـا
سـەڵوات بـە خـوڕ بـبارێ خـاستر لە هـەر بـەهارێ
دونـیا بگـرێ بـە جـارێ ڕەسـول حـەزی پـێ بکـا
مـەشعەلی دیـن هـەڵگرسێ کـافر هـەموو بـترسێ
مـەردوم خـوابـپەرستێ ڕەحـمەت بـاری لە عـەرشا
سـەد هـەزار سـەڵەوات بـۆ خـاونی موعجیزات
بـۆ ڕۆح فـەخری کـائینات بـۆ هـەموو دەردێ دەوا
تـا و لەسـەر تـا و بـبارێ خـاستر لە هـەر بـەهارێ
سـەڵەواتـێ شـەوق دارێ وا بـێ کـە شـەیتان ڕاکـا

چـاوگەی زەویـن هـەڵ قـوڵێ بـخوێنـێ هـەر بوڵبوڵێ
وا بـێ خـۆش بـێ هـەر دڵێ بـە غـونچە و بە گوڵباخا
سەڵەوات بارێ بە چین چین، سـەڵەواتـی جـوان و شیرین
مـەدینە وا بـی نـوورین حـەسرەت بـا بـە دڵ تـووردا
سـەڵەوات بـارێ تـۆفـانی لە بـارگای سـوبحانی
بـۆ حـەبیبی رەبـبانی سـەروەری هـەردوو دونـیا
شـەپۆل بـدا شـەتاوی، لاوفـا و بکـات گـوڵاوی
پـڕ کـات هـەموو گـۆلاوی، رێکـی بـخاتە بـەرپا
مـەدینە وا مـەلا و کـا لە «روضـە»کـە کـەلا و کـا
لە سـەحابە سـەرا و کـا بـۆ ئـوممەتی بـێنـەوا
سـەڵەوات و سـەلام لەسـەر چـراکـەی رۆژی مـەحشەر
پـێغـەمبەری بـێ سـێبـەر رەهـبەری دیـن و دونـیا
سـەڵەوات لەسـەر مـوستەفا مـەنبەعی سـیدق و سـەفا
مـەخزەنی عـیلم و کـەرەم مـەعدەنی مـیهر و وەفـا
سـەڵەوات وەهـا بـێتـە خـوار لەسـەر «رَوضـە»یـی مـوختار
مـەدینە کـا بـە گـوڵزار شـەوقی هـەستێرە گـوم کـا
ئەی خوا یەسریب چەند خۆشە بۆ شـەفای ئـەم نـاخۆشـە
خـۆم خـەمە پـای وەنـەوشە ئـاوات بـڕێ لە دڵما

سەڵەوات باریٚ بە خوڕڕەم، سەڵەواتیٚکی موکەڕڕەم
داخا درگای جەهەننەم دەرچین هەموو لە خەوفا
هەروەك لاسامەی بەهار بە کیٚوو دەشت و کەنار
عالەم بکاتە گوڵزار لە «عُلیا» تا بە «سُفلیٰ»
سەڵەوات بە تا و بباریٚ خوڕڕەم بکا بە جاریٚ
لابا خاشاك و خاریٚ، نەمیٚنیٚ جەهل و جەفا
بەحری سەڵەوات بباری، هیرش بکات بەجاری
عالم کابە گولزاری عتری چی بە دونیا دا
سەڵەوات وەکوو ئابینە، لەم دەرونە بیٚ تینە
خۆش حاڵ کا ئەو ئەمینە، گوڵ هەڵسیٚ چین بە چینا
لە بارگای کیبریا، سەڵەواتی بیٚ مونتەها
باریٚ بە ڕۆح موستەفا هەتا دونیا بیٚ فەنا
حەز و ئازە نەزمی من، بۆ سەڵواتە جەزمی من
پیٚغەمبەرە عەزمی من تا رۆژ ئەدا بە ئەرزا
هەم رەحمەتی حەق لەسەر حەزرەت «بوبەکر» و «عومەر»
«عوسمان، ذی النّورین» و هەم «عەلی مُرتضیٰ»
ئەو یار و یاوەرەی وا رازیە لیٚیان خوا
بیٚ غەرەز و بیٚ هەوا چوونە ریزی عورەفا

خـاو و خـێزانـی حـەزرەت ئـەهلی فـەوزی و سـەعادەت
پـاکـن بـە حـوکمی ئـایەت لەلای دڵی پـڕ بـەها
هـەرکەس تـابیع ئـەوانـە پـەسەندی ڕێی قـورئانە
دەر ئـەچێ لەم جـیهانە ڕۆحـی بـۆ عـەرشی ئـەعلا
سـی و نـۆیـە شـیعری مـن، پـێغـەمبەرە فـیکری مـن
هـەر سـەڵواتـە زیکـری مـن تـا گـیان لە لاشـە ئـەڕوا
﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾

لە گۆڤاری «سروە» وەرگیراوە

***

«٢»

## لە هۆنراوەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی

ئەی نەفس هەوای مناڵیت تاکەی ئەبێ لەسەر بێ
تاکەی درەختی ژینت لە چاکە بێ سەمەر بێ
بۆ شاری کۆچی دوایی ئەتۆ کە ڕێت لەبەر بێ
هێزت کە زۆری چووبێ باقی لەسەر سەفەر بێ
نامەت ئەبێ ئەوەن بۆ بێ خێر و پڕ لە شەڕ بێ

**

بـۆ جـەمعی زادی چـاکـە بـە ئاشکرا و نـیهانی
لە مەزرەعەی عیبادەت چەند کەس بە رەنجی شانی
کـاروانـی بـێ وچـانی بـۆ رۆژی دوایـی هـانی
ئـەوەش بـە دەس بـەتاڵی وەك تـۆ بـە نـاتەوانـی
رێ گرنە بەر ئەبێ هەر داماو و قوڕ بەسەر بێ

**

بـەرگی درەخـتی ژیـنم ئـەونەی نـەماوە پـێوە
بـەریدی بـای خـەزانـی نـەمامم وا بـە رێوە
ئاخر بە تەمەڵی چۆن ئەی نەفسی بەد، لە جێوە
مومکین ئەبێ بڕینی ئـەو شـیوو دەشت و کـێوە
رێیێ کە چەند هەزار ساڵ بە توول و پڕ خەتەر بێ

**

رێیەك زەخیرە خوازە من بەم خـەتاوە چـی بکـەم
بە باری بەد رەوشـتی و کـوللێ ریـاوە چـی بکـەم
بە رووی زەبوون و زەرد و نامەی سیاوە چی بکەم
بۆ کەسبی تۆشـە تـازە عـومرم نـەماوە چـی بکـەم
چی بکەم بە رووت و قووتی کە کاتی چوونە دەر بێ

**

خوایە بە جاهی زاتێك کە شاهی ئەنبیایە
کە نووری هەردوو چاوی گرۆهی ئەولیایە
شەهێ کە خۆشەویستی جەنابی کیبریایە
رجای کە بۆ نەجاتی ئینسان و جن هیوایە
رۆژێ کە رۆژ ئەوەندەی میلێ لەسەر بەشەر بێ

**

خۆش بە لە گشت گوناهم لە غەفڵەت و قوسوورم
بەسە هەڵ بێنە جێ بۆم هیوای بە نرخ و دوورم
رووناك کە و شاد کە سینەی تاریك و بێ سروورم
دڵ وا لە جیلوەدا بێ لە پرتەوی حوزوورم
کە شەوقی سەد بەرابەر بە شوعلەیی قەمەر بێ

***

## شیعری خوا لێ خۆش بوو حاجی مەلا «عبد المجید» لە شاری سەقز

ئەی شاهی «مکّە» حاکمەکەی شاری «مَدینە»
ئەی رەحمەتی حەق گوڵشەنی گوڵزاری مەدینە

قـوربانت ئـەبم ئـەی گـوڵی گـوڵزاری مـەدینە
رحـمێ بکـە بـەم حـاڵەت و بـەم قـەلبە حـەزینە
ڕۆژێ بــبێ زیــارەتی ڕەوزەت بـە نـەسیبم
ئـەی گــرمە تـەڵا ڕووی ئـەو خــاك و زمـینە
ئــەم تـۆزە لە ڕێداکـە دەنـیشێ لە وجـوودم
دەرمـانی غــەم و مــەرهەمی سـەدگۆنـە بـرینە
دە بەو عەترە سەبا بۆنـی هێنـاوە بـە سـەوقات
لەو سـاتەوە ئــەم مـەنزڵە وەك خـولدی بـەرینە
سـەد مـەرتەبە قـوربانی غـوباری قـەدەمت بـم
یەك لەحزە بـە چـاوی کـەڕەم ئـەم عـەبدە ببینە
«قودسی» بووەتە خادیم و مادیح لە حوزوورت
ئەی غەوسی «سەقەلەین» تەڵەبم کـە لە مـەدینە
گۆڤاری «سروە»

***

## دەهشـەت

شێخ «جلال الدّین» نەقشبندی مـوتەخەللیس بـە «دەهشـەت» کوڕی مەرحووم حاجی شێخ مـحەممەد عـارف سـەقزییە. لە

ساڵی١٢٦٥ هـ ق هاتووەتە دونیاوە و لە ساڵی ١٣٣٣ هـ ش بەرابەر بە ساڵی ١٣٧٤ هـ ق لە شاری سەقز فەوتی کردووە. ئەمەش نموونەی هۆنراوەکانی...

## قەسیدەی ئەحمەدیە[١]

سەلات و سەلامی حەق لەسەر رۆحی پێغەمبەر
«محمّد المُصطفی» شافیعی رۆژی مەحشەر
شوکرانە و حەمد و سەنا بۆ خالیقی بێ هەمتا
دروود و رەحمەتی حەق پێشکەشە بە پێغەمبەر
«مەحمود، موحەممەد، ئەحمەد» خەتمی پێغەمبەرانە
«تەورات» و «ئینجیل» هەردوو هاتنیان داوە خەبەر
بۆ هەر خاوەن ئیمانێ پێویستە کە بیزانێ
مەقام و روتبە و پایە و شەخسیەتی پێغەمبەر
نا و باوکی «عبداللە»یە، باوای «عَبْدُ المُطلّب»
ئامینە کچی «وەهەب» هەیە دایکی پێغەمبەر

١. ئەم قەسیدە لەلایانی حاجی مەحمودی ئەحمەدیەوە دانیشتووی شاری سنە بەڕێوەبەری ئینتیشاراتی مەسعوود بە دەسمان گەیشتووە. سوپاسی دەکەین.

لە قـــەبیلەی «قـــورەیش»ە نـــەتەوەی «ئـــیسماعیل»ە
لە نـــەسڵی «ئـیبراهـیم»ە ئـەحمەدی **«خــیر البــشر»**
ســاڵی «پـانسەد و حـەفتاد» لە پاش مـەولوودی «عـیسا»
لە مـــەککـــە هـــاتە دونـــیا بـــۆ رێنـــمایی بـەشەر
حـەزرەت بـەر لە تـەوەللود بـاوکی دەرچـوو لە دونـیا
لە کـاتی فـەوتی دایکـی «شـەش» ساڵە بـوو پێغـەمبەر
هـــەتیو بـــوو لەلای «عـبد المـطلّب» و «ابـو طـالب»
پـەز و وشتری ئـەچەران دوو جـاریش چـوو بۆ سـەفەر
چوون دەورەی جەهالەت بوو هیچ مەکـتەبێ نـەچوو بـوو
لە عـــالەم دانـــاتر بـــوو رەســـولی خـــاوەن نـــەزەر
لە بـیست و پـەنج ســاڵەدا بـەناوبانگ بـوو بـە ئـەمین
حـەزرەت «خـەدیجە»ی کـوبڕای هـەڵبـژاردا بـە هـەمسەر
چـل ســاڵ لە عـومری بگـرد جـبریل هـاتە خـزمەتی
بـــە ئـــەمری پـــەروەردگار قـــورئانی هـاوردە ســەر
عـــەرزی کـــرد مـن جـبریلم تـۆ ئـاخرین پـێغـەمبەر
ئـــەبێ قـــیام کـــەی لەســـەر بت و بـتخانەی کـەفەر
رەواج بـــە یـــەك خـــودایـی لابـە شـیرك و گـومڕاهـی
بـــێرا عـــەدڵ و ئـــاگـــاهی دونـــیا بکـە بـەختەوەر

بـــەخ بـــەخ لەو شـــەجاعەتە، لە ئـــەو دڵ و جـــورئەتە
بە سێسەد و شـەست بتی مـەککـە بـەی زەنگی خـەتەر
لە پـــەنجا و ســـێ ســاڵیــدا بــۆ رەواجــی ئــەم دیــنە
کـــۆچـــی کـــرد بـــۆ مــەدینە ســالاری رۆژی مــەحشەر
لە پاش سێ سال لە هیجرەت بە دەستوور ئەو حـەزرەت
مـــوهاجرین و ئـــەنسار هـــەر وەك شـێرانـــی ئـــەژدەر
سـێســـەد و ســێزدە نـــەفەر بـــوون یـــارانـــی پـــێغـــەمبەر
مـــوشریکین بـــوون لە «بـــەدر»ا بـــیشتر لە هـــەزار نـــەفەر
بـــەخ بـــەخ لەم پـــێغـــەمبەرە لەم فـــەرماندەی لەشکـــەرە
پـــیرۆز بـــێ ســـێســـەد نـــەفەر لەســـەر یـــەك هـــەزار نـــەفەر
بـــازهەم رەســـولی رەهـبەر لە «خـەندەق» و لە «خـەیبەر»
«حونەین»، «تەبووك» و «ئوحود» بـوو غـاڵب و مـوزەففەر
حەزرەت وا بوو پێش کەوتی، هەشت ساڵ چوو لە هیجرەتی
شاری مـەککـەی گـرتە دەس حیجازی گـرت سـەراسـەر
لە پـاش ئـەو فـەتح و زەفـەر ئـەحمەدی «خـیر البـشر»
نامەی هـەنارد بـۆ «مـوقەوقەس» و بـۆ «کـیسرا، قـەیسەر»
بـە مـاوەی بیست و سێ سـاڵ ئیسلام گـەیشتە کـەماڵ
لە شـەست و سـێ سـاڵیـدا ریـحلەتی کـرد پـێغـەمبەر

مـــەرقەدی پـــاکـــی هـــەیە لە مـەدینەی مـونەووەر
لەبـەر پـایا مـەدفوونن حـەزرەت «سـدیق» و «عـومەر»
ئـەو قـورئانە بـێ وێنـە ئـەووەل «بـێ» ئاخر «سـین»ە
یـانێ بـەسە ئـەم دینە بـۆ نـەوعی جینن و بـەشەر
ئـــەو یـــاسا مـــوعتەبەرە بـــێ تـــەوزێح و تـەبسەرە
هـــەزار و چـــوار ســـەد ســاڵە قـانونێکـە مـوعتەبەر
ئـــەگـەر قـانوونی قـورئان بـاش ئـیجرا بکـا ئـینسان
گشت کـەسێ رزگـار ئـەبێ لە دونـیا هـەم لە مـەحشەر
دەســـتووری ئـــەو قـــورئانە، بـۆ گشت دەور و زەمـانە
چـــوون حـــوکمی ئـاسمانە بـوتڵانـی نـاییتە ســەر
ئـــەو خـــاوەنی قـــورئانە، گـەورەی جـینن و ئـینسانە
خـــەتمی پـــێغـــەمبەرانـە شـافیعی رۆژی مـەحشەر
بـــەرنامەی گشت رەســـولان لە ئـــادەم تـا بـە عـیسا
مـەکـتەب و دەبسـتان بـوون بـۆ دانشگـای پێغـەمبەر
لە شـەڕ بـەدر و حـونەین‌دا مـەلەك هـات بۆ ئیمدادی
بۆ شـەئنی ئـەو کـافییە سـوورەی «وَالضُّـحىٰ»و «کَـوْثَر»
لە فـام و دەرك و ژیـری، لە عـیلم و حـیلم و حـیکمەت
وێنـــەی ئـەو پـەیدا نـابێ هـەرگیز لە نـەوعی بـەشەر

فــەرمووی گــەلی مــوسوڵمــان هــەموویان خزم و بـران
لە حــــوقووقی کــۆمــەڵدا گشت مــوساوی و بــەرابــەر
فــەرمووی ئــاغەی قــورەیشــی لەگەڵ سیای حەبەشی
بــێ تــەفاوەتن مــەگــەر بــە تــەقوا و عــیلم و هــونەر
خوایە رەزای تۆ لەسەر «سدیق» و حەزرەت «عومەر»
«عــوسمان»ی «ذی النّورین» و «عــەلی» زاوای پێغەمبەر
هــەم بــۆ ئــال و ئــەسحابی ئــەهل و بــەیت و تــابیعین
هـــەم پـەیڕەوانـی ئـەوان هــەرتاکــە رۆژی مــەحشەر

«سُبْحانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَ سَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعالَمِينَ»

***

## لە هۆنراوەکانی شێخ حامد حسامی
## دانیشتووی شاری سنە
## لە وەسفی حەزرەتی موحەممەددا ﷺ

هــێنــەری ئــایەی قــورئان، جــوبرەئیلی ئــەمینە
بــڕژێ وەك بــاران ســەڵات، بــۆ ســوڵتانی مــەدینە

شافیعی زومرەی ئەسیم تۆی شەفا بەخش و حەکیم
قاڵ: ﴿خُلُقٍ عَظِيم﴾ ئەو خولقە چەند شیرینە
قابل وەسفی تۆم نیە، من چلۆن مەدحت بکەم
قورئان وەسفی تۆ دەکا، ئەی سالاری مەدینە
بەھ بەھ لە بورژی کە دات شەکرە قسە و کەلامت
سەڵوات ئەدەن لە نامت، هەم لە سەما و زەمینە
﴿وَرَفَعْنَالَكَ ذِكْرَكَ﴾ رەمزی تۆ نیشان ئەدا
باڵا عەر عەر، بێ سێبەر، چا و خومار و مشکینە
مانگ و خورشید بێ نوورە، لە دیدەنی جەماڵت
هەم بۆ حوسن و کەماڵت، پێشەواکەی ئەم دینە
عارەقی رووت موعەتتەر، خۆشە وەك ئاوی کەوسەر
پیشانیت شەمس و قەمەر، دڵبەر و دڵ تەزێنە
ماهی من لابا نیقاب، ماهی تابان چی دەکا
خۆر ئاسایە جەماڵی، لە شارەکەی مەدینە
دندان دوڕڕ و مەرجانە، وەك نووری درەخشانە
نیگای قەسری جینانە، سەڕڕاف قەلبی حەزینە
لە مەککە غاری حیڕا، جبریل پەیامی هێنا
پڕ بوو لە نووری عیرفان «ما شاء الله» چەن نوورینە

روو مەکە سەیری باخ و حوور و غیلمان و پەری
ڕوو کە بورجی ریسالەت، ئەو «خَتمُ الْمُرسَلِينَ»ە
هیوا داران ئینس و جین، بە فەیز و بە ئیحسانت
﴿قابَ قَوْسَيْنْ﴾ مەقامت لەقەب «طٰهٰ» و «یاسين»ە
وەك تەیری بێ پەڕ و باڵ، بڕزاوین، بووینە زوخاڵ
بە فیدات بێ گیان و ماڵ، قیبلە نمای ئەم دینە
وەك پەروانەی ئاوارە، دڵ لە عیشقی ئەو یارە
بێ سەبر و بێ قەرارە، توخوا دڵمان مەشکێنە
موستەحەققی رەحمەتە، «حامد» کەلبی دەرگاتە
لوتفەکەی تۆی ئاواتە، ئاواتەکەم بە تینە
لە دیوانی نەوبەهار وەرگیراوە

***

## هۆنراوەکانی حاجی مامۆستا مەلا بورهان عالی

پێشەوایە پیشەوایە ئەحمەدی ساحێب سەفا
پایەدار بێ، پایەدار بێ شەرعی پاکی موستەفا
ئەی گوڵاڵەی نووری ئیمان تیشکی رۆژی ئیقتیدا
پاسەوانی سیدق و راستی باخەوانی ئیهتیدا

ئـەی دڵا تـاکـەی ئـەناڵی بـۆچ نـیتە سـەبر و قـەرار
لەیـلەکـەت دیـارە و ئـەزانـێ بـەس بکـە گـریان و زار
بێژە یـا دۆسـتی خـودا مـن ئـوممەتی تـۆم سـەد فـوغان
نـیمە تـۆشـەی رێگـە بـۆیـە دێمـە خـزمەت تـۆ ئـەمان
نووری سینەت شەرحی ﴿نَشْرَحْ﴾ ناوی بەرزت دیارییە
بـۆیـە جـەرگ و قـەلبی خـوێنـینم سکـاڵای کـارییە
ئـەی پـەناهی عـاسیان و ئـەی سـەرۆکـی ئـەنبیا
مـایەیی شـادی و مـەسەرڕەت بـۆ گـرۆهـی ئـەولیا
خـاکـی نـەعلەینت بـەڕاسـتی سـورمەیە بۆ ئـەسفیا
گـەرد و تـۆزی رێگـەکـەت رەونـەق شکـێنی تـووتیا
چاوەکانت بـوون بـە بـاعیس نـوور و رۆشـنایی و «ضیا»
هـیممەتت گـەورەس حـەبیبم بـۆیـە وا بـووم دڵـنیا
هـەر بـە هـیوای تـۆ ئـەنازم یـا «شـفیع المـذنبین»
چـونکە تـۆی مـورشید لەبۆ من رۆژی نـاڵیـن و گـرین
بـۆ بـەرابـەرکێ لەگـەڵ تـۆ سـەد هـەزاران خـوێنـەوار
ساکت و مات بـوون بـە جـارێ عـاجز و هـەم بێ قـەرار
شاهەکـەی عـورب و عـەجەم بـۆچ نـانوێنـی رەحـمەتت
ئـیلتیفات کـە ئـەی سـەرۆکـم دەیسـا خـۆت و غـیرەتت

ئـەی بـە قـوربانی گـڵۆپـی پڕ لە شـەوقی مـەنهەجت
خـۆم فـیدا بـم بـۆ بـوڵەنـدی و ئیعتیزازی مـەکتەبت
فریشتەکان هـەرکات بـە دایـم دێنـە خـزمەت ماڵەکـەت
شـاعیران مـات و پـەشێون دەی لە وەسفی خـاڵەکـەت
بـاسی سـەر زوانـی مـەلایك نـەعتی لێوە ئـاڵەکـەت
گشت سەرۆکان مات و مەدهۆشـن لە هـاتن سـاڵەکـەت
بەسیە «عالی» وەسفی شـاهی ئینس و جـینن و عـالەمین
چونکە تۆ پەیڕە و ئەوی، نات بێ خەفەت، بت بێ یەقین

***

## موحەممەد سەعید مەجیدی دانیشتووی شاری سنە

«١»

## پێنج خشتەکی «موحەممەد سەعید مەجیدی» لەسەر شیعری «شێخ شهاب الدّین» کاکۆ زەکەریایی.

جە بەر دەرگاهی ئیعزازش نەو دیار گاهێ نەهانی
لەو عالەمی بێ مونتەها، دونیا دونیایێ عیرفانی
فکر و هۆشم نە دڵ بڕیا جە بێ سەبری و حەیرانی

«جه ماڵێوەم دیەن یاران تەعالا سونع رەببانی
مەلایك پا پەری زادەن بە وێنەی شکڵ ئینسانی»

**

باڵا نەمامی چوون رەعنا، گەردەن بلووری چوون مینا
فریشتە خوو، مەلەك ئاسا، دوو گێسووش موشکین و سیا
مووسا هەیبەت و با حەیا، عیسا دەم، شناسی ئەنبیا
«یەدەینش چوون یەدی بەیزا، دوو ئەبرۆش نەقشی ﴿بِسْمِ اللّٰه﴾
دوو دیدەش نەرگس شەهلا ﴿وَ مَا زَاغَ الْبَصَر﴾، خوانی»

**

زاهیر جیسمەن، باتین نوورەن، وەڵڵا نوورەن عەلا نوورەن
بە ئیعزازی مەقامی وێش ئیمانی «بیت المعمور»ەن
بە ئەنواری جەماڵ وێش مەهتابی شەوی دەیجوورەن
«بە عاریز مەشعەلی نوورەن، بە باڵا شەمعی کافوورەن
جەبینش مەتلەعی نوورەن پەرێ ئەفواجی نوورانی»

**

بە ئەبر و هیلالی ماهەن بە گێسوو موشکی سیاهەن
بە غەمزەی چاوی مەستانە، پەرێ عالەم رانماهەن
جە دیوان و رۆژی جەزا شافیعی ئەهلی گوناهەن

بە گۆنا یۆسفی چاهەن، بە خەت خزر و بە رۆح ماهەن
بە لەب عیسای مەسیحاهەن مەبەخشۆ ئاوی حەیوانی»

**

لەبەر حوسنی ئەو زیبا روویان سەر ئەفکەندەن
جە شیرینی شەمائیلش، «ئەرمەن» و «میسر» شەرمەندەن
سەروی بۆستان نە سەر راهش، خەمیدە و ئوفتادە و کەفتەن
«بە دەندان شەککەر و قەندەن، بە باڵا شۆخی دڵبەندەن
هەزار دڵ پەیش ئەرامەندەن یەکێ چوون پیری کەنعانی»

**

ئەسوەد و ئەحمەر و ئەسفەر، ئەمواجی بێ کەرانانەن
ئەبیەز و ئەسمەر و ئەخزەر، جە بارەگاهش حەیرانەن
فورس و کورد و عورب و عەجەم، لە پێشگاهی ئەو یەکسانەن
«جە دەفتەرخانەیی شاهیش، هەزاران سەد هەزارانەن
نیەن مەیلیش جە کەس پەرسۆ عێراقی یا خوراسانی»

**

قەد و قامەت بلوورینش، مەلەك شێوە کێسا بۆ شەن
لە هەر مەکان و زەماندا، هەستی مەستی عەتر و بۆشەن
«سەعید»ی بێ نەوا هەردەم ئارەزووی دیداری تۆشەن

«دوو موشکین قەوسی ئەبرۆشەن، ریدایی دڵبەریش دۆشەن
«شەهاب»ش پەی سیا پۆشـەن خـودا وینووش بـە ئـاسانی»

***

«٢»

ئــەی ئـامینە مـوژدە بـێ بـاری تـۆ پـیغەمبەرە
خـۆشـەویستی عـالەمە، شـافیع رۆژی مـەحشەرە
سـەروەری کـائیناتە، تـایبەتی رووی بسـاتە
دەلیـای ئـاوی حـەیاتە، سـاقی چاوی کـەوسەرە
رابـەری دونـیا و دیـنە، هـاوەڵ «روح الأمـین»ە
زوبـدەی سیدق و یـەقینە، لەبۆ هـەموو سـەروەرە
شـاهید پـێغـەمبەرانـە، مـوعەللیمی قـورئانە
دیـنی گـەورەی ئـەدیانە، لەلای «الله» داوەرە
بـە فـەرمانی ئـیلاهی بـۆ هـەموو کـەس پـەناهی
لابـەر کـوفر و گـومڕاهـی، نـەجات دەری بـەشەرە
رێبـوار شـەوی ئەسڕایە، مێمـان زاتـی خـودایە
مـەقسەد ئـەعلا سـەمایە، جـوبرەئیلی رابـەرە

بــوڕاق ســوار مـیعراجـه، عـالەم بـه ئـەو مـوحتاجه
بەخ بـەخ لەو تـەخت و تـاجه دوژمـنی دەر بـەدەره
ئـامینه تـۆ زۆر پـاکـی دایکـی شـاهی لەولاکـی
بـۆیـه ئـاوا بـێ بـاکـی، رۆڵەت کـانی گـەوهەره
وەختێ به ئەمری یەزدان، سـەردەربێرێ له مـەیدان
هـەر ئـەوه خـاوەن فـەرمان نـه کیسرا، نـه قـەیسره
زووکــه رۆڵەی مــوسوڵمـان ئامادە بـه بـۆ مـەیدان
چوون «علی» شاهی مەردان، سەڵوات بۆ پێغەمبەره
«سەعید» بـۆ رۆژی جـەزا، له ئـەو سـارا و لەو فـەزا
مـەترسه، مـەگـره عـەزا، نـووری ئـەحمەد ئـەنوەره

***

## میرزای هەورامی

«١»

## مانگی مەککە ﷺ

ئەی ئاغەکـەی دونـیا و دیـن بـــەخێر بـــی، بـۆ مــەدینه
گـــیان و ئـــەولاد و مـــاڵم قـــوربان شـێوەی شـیرینه

**

له کێو «ثَنِیّات الْوِداع» مانگی مەککەم، لێ هەڵهات
ئەی شاسواری میعراج ئەی شافیعی عەرەسات

**

پێغەمبەری شیرینی بۆ ئوممەتان ئەمینی
سەرگەورەی هەر دو عالەم پێشەوای سەرزەمینی

**

چاومان خاکی بەر پێتە نەفامان، قینیان لێتە
ژن و پیاوی مەدینە قوربان ئەو نوورەی پێتە

**

دەنگی خوات هاورد بۆمان ئەی فەخری ئاخر زەمان
«جِئتَ بِالأَمرِ المُطاع» تۆ بویتە مایەی ئیمان

**

کۆچی خاوەن شکۆیە دەرچێ هەرکەس نامۆیە
کۆچی خێرت بە خێر بێ مەدینە شاری تۆیە

**

تۆ «نوورٌ عَلیٰ نوور»ی هەر تۆ مایەی سرووری
خودایا چ بکەم لە دووری ئاخ بۆ وەسڵ و حوزووری

**

هـــەزاران و هـــەزاران ســەلامی خـودای مـیهرەبان
لەســەر تـۆ، ئـەسحابی تـۆ کـە بـۆ عـالەم «پێشـەوا»ن

«٢»

## ئۆخەی کە تۆی سەردارم

«صَلٰوةُ رَبِّ ما سٰارَ القَمَر
عَلَى النَّبِيِّ، سَيِّدِ البَشَرِ»
مـەئمووری مـوژدە و بـەشارەی عـالەم
سـەر حـەڵقـەی خـاسان ئـەولادی ئادەم
مـوفەسسیری حـەق ئـایاتی قـورئان
شـەوڕەوی مـیعراج، بـۆ لای لامـەکـان
کـەرەمدار وێنـەی «ڕۆژ»ی بـەهاران
چـرای ڕەهـنوما، بـۆ جـەمعی بـەشەر
«صَلٰوةُ رَبِّ ما سٰارَ القَمَر
عَلَى النَّبِيِّ، سَيِّدِ البَشَرِ»
مـاڵ لە مـەدینە و دایـم لە لامـان
ئەوە دەسگیر و شەفاعەت خوامـان

باوانی ئوممەت لە روی سەرزەمین
ڕەهنومای ڕێگە و ڕێی «**حَقُّ اليَقِين**»
لە قەبر و حەشر و لە پردی «صِراط»
دڵسۆزی ئوممەت بۆ جێگەی خەتەر
**«صَلٰوةُ رَبِّي مٰا سٰارَ القَمَر**
**عَلَى النَّبِيِّ، سيِّدِ البَشَرِ»**
نازیمی نەزمی کەعبە و یاری حەق
چاوەزاری تۆ سوورەی «**الفَلَق**»
﴿**إِنّٰا فَتَحْنٰا**﴾ی خۆت و یارانت
عینوانی غەیبی نەجمی سەر شانت
سوورەی «**وَالنَّجم**» و سوورەی «**وَالضُّحىٰ**»
تەفسیری؟ مەگەر هەر دانای داوەر
**«صَلٰوةُ رَبِّي مٰا سٰارَ القَمَر**
**عَلَى النَّبِيِّ، سيِّدِ البَشَرِ»**
بە ماڵ و بە حاڵ، بە کۆچ و بە جەنگ
گەیانت دەنگی خالیقی بێ ڕەنگ
شاخانی «حیجاز»، بە فەخری تەمام
ئەبوون بە ئاڵتون، بۆ «**فخر الانام**»

قــەبوڵی نــەکــرد زیــنەتی دونــیا
«صَـــلِّ عِـــلَیهِ اَللّٰــه أکــبَر»
«صَلٰوةُ رَبِّ مٰا سٰارَ القَمَر
عَلَی النَّبِیِّ، سیِّدِ البَشَرِ»
یــا رەبــی ئـۆخــەی کــە تـۆی ســەردارم
ســـەر قـــافڵەی بـــەڵەد، نـــوور و ئـــەنوارم
گـــیانم بـــــە فـــیدای، هـــەوادارانت
لە ئـــــاڵ و ئـــــــەسحاب، لە یـــاوەرانت
«شَـیخَین» و «صِـهرَین»، کـۆچـەر و یـاوەر
«بووبەکر» و «عومەر»، «عوسمان» و «حەیدەر»
«صَلٰوةُ رَبِّ مٰا سٰارَ القَمَر
عَلَی النَّبِیِّ، سیِّدِ البَشَرِ»
یــا رســولَ الله، تــۆی حــاڵ زانــی مـن
لە دوای خــودا تــۆی، پشــتیوانــی مـن
«آناً فآناً» رەحــــمەت پـــەیا پـــەی
لەسەر رۆحی تۆ، لای حەی لەبۆ حـەی
هـەتا مـانگ و رۆژ وان لە هـات و چـوو
ڕەحمەت لەو دڵەی ناوی تۆی وا لەسەر

«صَلوةُ رَبِّي ما سارَ القَمَر
عَلَى النَّبِيِّ، سيِّدِ البَشَرِ»

«میرزای هەورامی»

***

**ئەم پارچە هەڵبەستەم لە کتێبی «وتار و وتار بێژ» نووسینی «عومەر ئەحمەد نظامی» پێش نوێژی مزگەوتی «بێخود» لە سلێمانی وەرگرتووە...**

یا رسولَ الله بەرەو رووت هاتم
کوردێکی زەبوون شکستە و ماتم
ساڵەهای ساڵە ئاواتم تۆیە
کڵپەی دەروونم دیداری تۆیە
وا ئەمڕ و بوومە میوان مەزارت
راز و نیازم هێنایە دیارت
سەلامی سەدان کەسی کوردستان
هەڵم گرتووە بە دڵ و بە گیان
سڵا و دیاریمە لە کوردانەوە
هەموو برایان بە خوشکانەوە

کڵپەی دەروونیان هەموو بۆ ناردووی
شەفاعەت خوازن بۆ سبەی ئەدووی
یــا رســولَ الله شــەیدای دیــدارم
ئـــەمانەتباری کــوردی هــەژارم
لێمــان وەرگــرە هــانا و هــاوارمــان
لە ڕۆژی ســەختا تــۆی تکــاکــارمان
یــا رســولَ الله مــن مــیوانــی تــۆم
میوانی خانە و ڕەوزەی جـوانـی تـۆم
یــا رســولَ الله ســاڵەهــای ســاڵە
چیرۆك خـوانـی تـۆم بـە ئـاه و نـاڵە
ســیرەتی پــاکت رادەگــەیێنــم
کــار و فــەرمانت بــەجی دەهــێنــم
ئــومێدەوارم نــازم وەرگــری
شــەفاعەت خــوازم رازم وەرگــری
بۆ خۆم، بۆ دایکم، بۆ باوك و کـەسم
ڕۆژی قــیامەت تــۆی فـریاد ڕەسـم
دەســتە بـارەی مـن هـەزاران سـەلام
لە دیـاری پـاکت «یـا خـیرَ الأنـام»

داوام وەهـــایە لێمـــی وەرگـــری
جـوابیش بفەرموو «یـاخیرَ البَری»
دۆعـــا بـفەرموو بـۆ کـوردستانت
نـەوەی «سـەلاح» و رۆڵەی چـاوانت
بـەڵکـوو ئـەمجارەش رزگـارمان بـبێ
لە دەســتی ستەم قـوتارمان بـبێ

***

## مامۆستا «عبداللە»ی کاتب

### «١»

### موناجات

بەشێ لە موناجاتە بە سۆزەکانی مـامۆسـتا مـەلا «عـبداللە»ی فـەنایی، گـەورە پیاوی تـەریقەتی نـەقشبەندی و نـووسەری حەزرەتی شێخ «محەممەد عوسمان سراج الدّین»ی دووهەم...

لە ســایەی رێزە خـۆری بـابی خـاسانت، خـوداوەنـدا
لە «فـیرقەی نـاجیە» تـەردم مـەفەرموو، تـۆ کـە رەحـمانی
مـنیش ئـیقرار ئـەکـەم یـا رەب لە بـابی قـوبحی ئـەعمالا
گەلێ روو چووم و نەمفامی لە حەد دەرچووم و نـەمزانـی!

لە چاکە بێ بەش و مەحرووم بە باری مەعسیەت کەوتووم
لە ماڵی غەفڵەتا خەوتووم بە سەر شۆڕی و پەشیمانی!
بناغەی کاخی ئەعمالم بە حیلەی نەفسی سەرکێشم
لە جێ دەرچوو، شکا، شەق بوو، دەر و دیوار و هەیوانی!
لە بێ ئەمریت ئەوەند ئیفرات و تەفریتم لە ژینا کرد
نیە دەسمایە بۆ ئاخر مەگەر عوزری پەشیمانی!
ئەگەر لافاوی جوودت بێ بە سەر کۆ کۆی قەبایحدا
سەری دەرزی چ تەئسیرێك ئەکاتە مەوج و تۆفانی؟!
بە جاهی واسیتەی خەلق و وجوودی عالەمی «مومکین»
کە هەر ئەو سەروەری عامە و گوزیدەی نەسڵی عەدنانی
کە بەو بوو رەفعەتی ئەفلاك و ئەنجوم بەو مونەووەر بوون
لە سایەی نووری ئەو نەوعی مەلائیك بوون بە نوورانی
لە پرسینی ﴿أَلَستُ﴾، بەو بوو کە فەوجی عالەمی ئەرواح
﴿بَلىٰ﴾ بوو بەختەوەر جوابی «نَعَمْ» بۆ قاسی‌یو جانی
بە رۆحی ئەو پەناگایە، بە تەشریفاتی ئەو شایە
کە ئەو مەدعوو بە ئەسرایە، لە نیوەی شەو بە پەنهانی
زەوی نەیما جم و جوڵی، کە زانی ئەو بە سەریا دێ
فەلەك هەر چاوەڕوانی بوو لە بۆ میعراجی جیسمانی

ئەگەر مەهدی زەوی، نازیش بە سەر حەوتەم فەلەك دا کا
کە ئەو زاتەی لە باوەش گرت، لە حاڵی بەرزەخ و ژیانی
رەوایە تا بەرە و مەحشەر مەدینەی خۆی بەجێ دێڵێ
بنازێ بەو شەفیعە، بۆ کەماڵی مەرتەبە و شانی
هەتا تەیی سەما ئەکرێ ئەنازێ بەو شەوە گەردوون
کە ئەو شا سوارە بۆ دەعوەت سەعاتێ بوو بە بە میوانی
بە سەرگەرمی مەلەك، شەوقی فەلەك بۆ کاتی تەشریفی
بە ئیعجاز و بە تەکریمی حوزوور و «وَحی»ی قورئانی
بە سەیری رەفرەفی، بۆ ئەوجی ئەفلاك و سەماواتت
بە نووری سیرڕی ﴿أَوْ أَدْنىٰ﴾، مەقامی قوربی سوبحانی
بە جاهی مەرتەبەی سەدری ریسالەت عازیمی سیدرە
بە ﴿مَازَاغَ البَصَر﴾، یەعنی بە دیدەی چاوی فەتتانی
بە خورشیدی سەمای بورجی ریسالەت، خاتەمی مورسەل
بە شەمعی مەجلیسی دەستە و گرۆی ئەفواجی رۆحانی
کە بەو شا باڵە «روح القدس» مەجالی سەیری لێ بەسرا
بە تەنها بۆ حوزوور ئەو چوو، رەوا بوو عەرز و فەرمانی
بە نوقتەی مەرکەزی کەنزی علوومی زاهیر و باتین
کە بەو بوو فەتحی ئەبوابی تەریقە و رەسمی عیرفانی

بــه جــاهی ئـەو حـەبیبه و حـورمەت و نـازی له دەرگـاتا
بــه حـــەققی ئـەو تـەبیبه و زیـنەت و ئـیکسیری ئـینسانی
به جاهی ئەو کەسەی فەخری بەشەر، هادی سوبول، ئەو بوو
هەر ئـەو شـەهدی دەم و دەسـتی شـیفایه بـۆ پـەرێشـانی
به جـاهی ئـەو کـەسەی پشت و پـەنای ئـەبرار و ئـەشراره
ئومێد و واسـیتەی ئـوممەت له تـرسی حـەشر و مـیزانـی
کـه بـەو بـوو تـەوبەیی ئـادەم قـبووڵ و حـیفزی ئـیبراهـیم
بــه ئـەو بـوو سـەبری ئـەییوب و نـەجاتی ئـادەمی سـانی
به ئەو بوو بینشی یەعقووب و یووسف بەو خەلاسی بـوو
له دەس کەیدی زوڵەیخا، هەم له رەنجی حەپس و زیندانی
به ئەو بوو ئولفەتی یوونس، بـه ئـەو بـوو رەفـعەتی عـیسا
وەکـــوو بـەو بـوو تـەجەللا بـۆ «کـلیمُ اللّـه»ی عـیمرانـی
بــه ئـەو بـوو ئـاگـری فـارس کـوژاوە و وشك بـوو سـاوە
شـــەقی بـــرد تـاقی کـیسرا، کـەوتە لەرزە بـان و هـەیوانـی
به ئەو بوو زوڵمەتی کـوفر و بت و خـاج و سـەنەم لاچـوو
شکـــا بـــازاڕی نـاباری دەسـیسە و کـەیدی شـەیتانی
که ئـالای دیـنی حـەق هـات و سـەری کـێشا بـه دونـیادا
له سایەی ئەو بوو رۆشن بوو چرای نـووری مـوسوڵمـانی

به نووری ئەو سەفا کەوتە دەروونی کۆمەڵی ئەسحاب
بڕا جەرگی عەدوو گشتی بە تێغی تیپی یارانی
خوداوەندا: بە حەققی تینەتی ئەو یارە، دووبارە
بە خەتمی دائیرەی موڕسەل، بە مۆر و خاتەمی شانی
بە شەرحی سەدر و سینەی پاکی وەك مینا بەبێ گەردی
بە حوسنی سیرەت و شێوەی جەماڵی بەدری تابانی
بە جاهی حورمەت و وەقری، بە ڕێز و مەنزڵەی فەقری
فیدای ئەو فەقرە بێ سەد حیشمەت و موڵکی سولەیمانی
بە سیدق و راستی سیددیق و عەڵی حەزرەتی فارووق
بە «ذي‌النّورين» عوسمان و عەلی‌یو شێری بوڕڕانی
بە پاکی «أُمَّهاتُ المُؤمِنين» و فاتیمەی زەهرا
بە دوو سیبتەی موکەڕڕەم، تازە لالە و سەروی بوستانی
بە سەحبی سەف شکێن و یاری ئەو سەردارە نازارە
بە دەنگی هەلهەلە و شەوقی دڵ و جۆشی سەنا خوانی
بە خوێن و بەرگی خوێنینی شەهیدانی حونەین و بەدر
بە عەبباس و بە حەمزە و جەعفەر و سەلمان و حەسسانی
بە راسی تابیعین و تابیعینی ئەو بوزورگانە
کە هەریەك بۆ رەزامەندیت دەری کرد گۆ لە مەیدانی

بــه شــاهی نــەقشەبەند و خــواجــەکــانی «نــقشبندیّه»
ســـوپا ســالاری تــەوحید و تــەریقی ســەیری پــەنهانی
بە پیرانــی تــەریقەی سوهرەوەردی و قادری و چەشتی
به «نـجم الدّیـن»ی کـوبرا و بـە جاهی غـەوسی گـەیلانی
بە حەققی پورتــەوی فـەیزی «مُـجدّیاد» بـۆ تـەریق و دیـن
مـــەداری رەمــز و تــەحقیق و ئـیمام و قــوتبی رەبــبانی
بە عەشقی شاهی دەهلی و رەنجی مـەولانایی کـوردستان
جــەنابی «ذی الجــناحین» و کــنووزی نــووری عـیرفانی
بە شێخ عوسمان «سراج الدّین»، وەفاو و «بُوالبَهاء» ئەحمەد
«ضیاء الدّین» و «نجم الدّین»، «علاء الدّین»ی «عوسمانی»
بە شێخــی ئینس و جین، ئـەمڕ و تـەبیبی زاهیر و باتین
بــە پــیری دەســتگیر و نــائیبی فــەخری بـەشەر، یانی:
بــە شــاهی جــێ نشـینی خــانەدان و خـاوەنی تـەمکین
نــەهالی بــەرگوزیدە و نــووری دیـدەی ئالی عـوسمانی
وەسیلە و فەخری ئێمە، قوتبی ئەعزەم، مەتبەعی «سادِس»
مــەدار و رهــبەری عــالەم، «سِـراج الدّیـن»ەکـەی سانی
بـــبەخشە عـــەبدی بــێچــارە و قــەساوەتبار بــێکــارە
ئــەسیری نــەفسی ئــەممارە و رەزیـلە و تـەیقی ئینسانی

بە ژەنگی مەعسیەت گۆڕا دەروون و دڵ، کە فەوتاوە!
بە رەحمی تۆ نەبێ نابێ عەلاجی دەرد و دەرمانی
چ خۆشە لەززەتی عەفووت لە تەنگانەی پلەی ئاخر
بە یادی تۆ لە لەش دەرچێ پەپوولەی رۆحی ئینسانی
گەدایی بێ نەوا روو کاتە دەرماڵی کەریمانت
گەلێ دوورە لە جوودی تۆ بە نەومیدی گەدا رانی
«فەنایی» روو لە کوێ کا، غەیری ئاسانەی کەریمی تۆ؟
بە رەحمی واسیعت رەحمێ لەگەڵ مەرگی بە ئاسانی

***

«٢»

لەبەر قاپیی دەری مەیخانە جێگەم کەن کە جێ بگرم
لەوێ چاتر ئەمن جێگە گومان نابەم کە لێی بمرم(١)

---

١. مامۆستا فەنایی کە بۆ دوا جار لە مانگی «ئاب»ی ٢٠٠٤ی زایینیدا داخڵی خەستەخانەی «رزگاری» بوو لە شاری هەولێر، بۆ ماوەی دوو هەفتە تیایدا مایەوە، لەو ماوەیەدا ئەم پارچە هۆنراوەی نووسیوە، کە دوا هۆنراوەیەتی لە ژیانیدا. وە لە ناوەرۆکی هۆنراوەکەدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێ کە پێش‌بینی نزیك بوونەوەی وەفاتی خۆی کردبێ، بۆیە بەو شێوەیە لە خوا ئەپاڕێتەوەو داوای لێ ئەکات کە لە نزیکی مورشیدەکەیدا وەفات بکات و بنێژرێت.

به یادی پیری مه‌یخانه، ئه‌گه‌ر جێگه‌م له‌وێ بدرێ
حه‌یاتیشم مه‌ماته، وا ئه‌زانم هه‌مده‌می خدرم
خودا خۆت عالمی، له‌یلم له‌کوێ ته‌سلیمی ته‌قدیر بوو
به‌لوتفی خۆت که‌ره‌م فه‌رموو، ده‌با ئه‌منیش له‌وێ بمرم
که تۆ خۆت قادری، ئێره و ئه‌وێ بێ فه‌رق و یه‌کسانه
به‌ڵام بۆ من نزیکی ئه‌و په‌نایه و دامه‌نی ئه‌گرم
له‌گۆڕیش هه‌مده‌م و هه‌مڕاهی ده‌شتی مه‌حشه‌ری ئه‌وبم
له خزمه‌ت زاتی ئه‌ودا بم له ساحه‌ی پڕ خه‌می نه‌شرم
هه‌تا دونیا به دونیاو و قیامه‌ت را ئه‌بێ، یا ره‌ب
له‌سه‌ر ئه‌و عه‌هد و په‌یمانه، له ده‌وری قه‌بره‌که‌ی بمرم
که من ته‌رکی هه‌موو یار و دیاری خۆم له‌به‌ر ئه‌و کرد
خودا ئێسته‌ش قه‌زا وا بێ بچم له‌و شوێنه‌دا بمرم
هه‌موو عومرم به‌هۆی ئه‌و سه‌رف و ته‌رکی یادی یاران کرد
نه‌با به‌ختی ره‌شم یاری نه‌کا، هه‌ر لێره‌دا بمرم
که کۆچی کرد و رۆیی له‌یله‌که‌م، شێوا هه‌موو هێزم
وه‌کوو بازاڕی «له‌نگه» ئاگری تێ چوو دڵ و فکرم(١)

---

١- مه‌به‌ستی شاعیر له «بازاری له‌نگه»، بازاڕی کۆنه فرۆشه‌کانی شاری هه‌ولێره، که تا ئێستا "سێ" جار ئاگری تێ چووه‌و زه‌ره‌رو زیانێکی زۆری ماددی گه‌یاندووه. وه ئه‌وه‌ی جێی سه‌ر سوڕمانه ئه‌وه‌یه که تا ئێستاش هۆکاری راسته‌قینه‌ی ئه‌م ئاگره نه‌زانراوه.

کە بڕیارم وەها دابوو لە پێش ئەو ئۆغری خێر کـەم
کەچی وا ئۆغرم شەڕ بوو، لە هەر قاپی و دەرێ بمرم
شەها فەرقی نیە بۆ تۆ لە هەرکوێ هـەڵکـەنن گـۆڕم
نیشانەی سەعدە بۆ من، گەر لە خزمەت ئێوەدا بمرم
بـە سـۆز و لوتـفی پـیرانـە بـلاوێنـە «فـەنایی» تـۆ
دەسا هیممەت بفەرموو با بە دڵ من دامەنت بگـرم

***

## شاکەلی

شاعیری دڵ گەرم و عاشق کـە ژیـانی خـۆی بـۆ خـزمەتی وڵات و خاکەکەی خۆی تـەرخـان کـردووە شـێخ ئـەحمەدی شاکەلییە. لە ساڵی ١٩٠٢دا هاتووەتە دونیاوە. لە ١٩٨٢/٢/١٤دا لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کوچێ دوایی کردووە و لە گـۆڕسـتانەکـەی شێخ سەعیدا بە خاك سپێرراوە. «ئەم هۆنراوانە لە دیوانەکـەی وەرگیراون»...

«١»

## «قەسیدەی هاشمی»

ئەی شەفیعی دەشتی مەحشەر، فەیز بەخشی موڕسەلین
گۆشەیی چاوت لە من بێ «رَحْمَةً لِلْعَالَمِين»
مەعدەنی عیلم و حەقیقەت، مەخزەنی سەبرو و سەفا
ئەی شەهنشاهی دوو عالەم، سەروەری دونیاو و دین
ئەی شەهەنشاهی ﴿لَعَمْرُكَ﴾ ﴿قَابَ قَوْسَيْنِ﴾ت مەقام
بەرلە ﴿مَا زَاغَ الْبَصَرُ﴾ جێما لە ڕێ «روحُ الأمين»
ڕۆحی من قوربانی ڕێگە و خاکی بەر پێتە و مەقام
تۆ مەقامی ﴿لِي مَعَ اللَّهِ﴾ی کە دەرم دێنی لە شین
شین و گریانم لەبەر زۆری گوناهو غەفلەتە
بۆ رجای عەفوی ئێمە ورد و گەورە هیچێ نین
تۆ رەئیسی شافیعین و من ئەنیسی موفلیسین
ڕەحمەتێ کە ئەی جەلیسی ساحێبی عەرشی بەرین
ئاخری ڕۆژی ژیانە و سووەی ئەعمالم درێژ
لوتفی تۆیە گەر نەجاتم بێ لەدەس «بِئْسَ الْقَرِين»
یا رسول الله دەخیلە رەهبەری دونیاو و دین
پادشاهی لەشکری دڵ، شافیعی ڕۆژی یەقین

پاسەوانی ئاستانت ساکنانی ئاسمان
سایەبانی تۆ ئەکا بەو شا پەڕەی «روحُ الأمین»
کاتی رەحمە و شەفەقەتە، موحتاجی رەحمی ئەتۆن
دەست و پا بەستەی کەمەندی مەکری شەیتانی لەعین
دەستی زامارم کە سێ ساڵە ئەسیری بەستنە
تازە دەخوازێ لە ئیعجازت دەوایێ بۆ برین
تۆ خودا هیچم نیە تاعات و ئەعماڵی قەبوڵ
هیممەتێ، بەڵکوو لەمەولا ببمە بەندەی موخلیسین
هەر لەو رۆژ ئاواوە بەندەی غەفڵەت و بەندەی خەوم
بێ بەشی نیوەی شەو و بێ شۆری فەخری ساڵحین
شەرمەنەی رۆژی جەزام و سەرفگەندەی بارەگا
بۆ جەنابی فەخری عالەم چونکە مایەی زەحمەتین
«شاکەلی» شێواوە شێوەی بەندەگی و ئازادەگیت
کاتی مەرگە، روو کەرە دەرگای «فَخْرَ المُرسَلِین»

***

«٢»

حاجی لەپاش کەعبە روو کە لە شاری دوڵبەر
تا سەرفەراز و بێ غەم روو کەی لە دەشتی مەحشەر

حـیرەت ئـەکـەم لەوانـە، ئـەچنە تـەوافـی خـانە

نـارۆنـە ئـاستانەی «خَــيْرَ الوَرىٰ»ی پـێغـەمبەر

کـە خـواهـیشت خـودایـە، لەم عـەمرەو و سـەفایە

مەقسوودت موستەفایە، خالق، لە حـەجی ئـەکـبەر

«لَوْلاكَ» و هەم «لَعُمْرَكَ» دوو شـاهیدن تـەبەڕڕوك

بـەس بـۆ جـەنابی ئـەو بـوو ئـەوەی کـرا مـوقەددەر

روو کـــە لە ریـــێ مـــەدینە رێگـایێ تـر مـەبینە

ئەم رێگە رەسمی دینە گـەر پـێم ئـەکـەی تـۆ بـاوەڕ

بـە سـۆزی پـڕ لە سـینە ئـاهێ لە دڵ دەر بـێنـە

دەروونت هەڵگرێنێ خۆشتر لە «نار»ی مـەجمەر(١)

ئەم مانگە تەرکی خەو کە، بە شەو لە خەو تۆ رەو کە

دڵ پـڕ لە شـەوقی ئـەو کـە دەمت «اللّـه أكـبر»

کە چوویتە ماڵی مەککە، عـەزمی مـەدینە جـەم کـە

تـــەحقیقی دیـــنی تـــیایە مـــەدینەیی مـونەووەر

دیـــنی مـوبینی تـیایە، ئـەسڵ لەوایـە مـوغمەر

یەعنی شەفیعی مـەحشەر نووری خـودا پـێغـەمبەر

---

١. مەجمەر: کوورە، ئاگردان.

ئەرز و سەما موسەببەب، بۆ ئەو کرا موسەووەر[١]

***

«٣»

یـــا رســـوڵ الله ئـــەگـــەرچـــی روو رەشـــی دیـــوانـــی تـــۆم
گـــەر نـــەبم خـــۆ هـــیچ نـــەبێ ڕێزە خـــۆری خـــوانـــی تـــۆم
مـــن کـــە روو زەرد و زەعـــیف و زامـــداری غـــەفڵەتـــم
نـــاتەواوم، نـــاڕەوایـــە، چـــۆن بـــڵێم قـــوربانی تـــۆم
تـــۆ رەئـــووف و مـــونعیم و مـــن مـــوفلیس و بـــێ زادی رێ
ڕێبـــوارێکـــی هـــیلاکـــم هـــەر ئـــەڵێم مـــیوانـــی تـــۆم
ئـــەی شـــەفیعی مـــوزنیبین مـــوحتاجی شـــێوی ئـــەمشەوم
بـــێ دەس و بـــێ کـــەس ئـــەمێنم، چاوەڕێی ئیحسانی تـــۆم
یـــا رســـوڵ الله چ خـــۆشـــە ســـەر قـــەدەم کـــەم تا حـــوزوور
گـــەر بـــژیم دووبـــارە ژیـــن و بشـــمرم قـــوربانی تـــۆم
کـــەس نـــیە وەك مـــن لە دەشـــتی مـــەحشەرا وێڵ و مـــەلوول
ڕوو رەشـــی رۆژی جـــەزام و شـــەرمەنەی یـــارانـــی تـــۆم

---

١. ئەم هۆنراوەیە تەواو نیە، لەبەر درێژی هەمووەمان نەهێناوە، ئەگەر پێتان خۆشە هۆنراوەکان بە تـەواوی ببینن سەرێك لە دیوانەکەی مامۆستا شاکەلی بدەن.

ئـەی فـیدای ئـەو خـاکـە بم یارانـی تۆی پێدا ئەچوون
گیان فیدای «سددیق» و «فاروق» و «عەلی» و «عوسمان»ی تۆم
ئـاخ لە نـاخی کـاخی جـەهلا حـەپسی تـاریکی و خـەتام
چـاوە چـاوی نـووری عـیلم و پـرتـەوی عـیرفانی تـۆم
تـۆ خـودا رۆژی جـەزا کـاتی رەجـا، ئـەی مـولتەجا
«شاکـەلی» بـێ بـەش مـەکـە، حـەیفە کـە سـەرگەردانـی تـۆم

***

## لە هۆنراوەکانی مامۆستا مەلا محەممەد خاکی

خسووس ئەو «سددیق» کردارە، دەروون گـەنجینەی ئـەسرارە
کـە ﴿ثَانِيَ اثْنَيْنِ فِي الْغَارِ﴾ە کـە «شـيخُ الصُّـبح»ی هـەموانـە
بـەوی فـەرموو خـودا رازیـم لەو، ئـەر رازی لە مـن بـێ ئـەو
تـەجەللی خستیە چـەرخـە، وەکـوو ئـەم چـەرخـی گـەردانـە
حـەدیسە: گـەر خـەلیلێکـم بـە غـەیرەز رەب بگـرتایە
«ئەبووبەکر»م ئـەگـرت، ئـەلحەق غـەیرە لەم روتـبە حـەیرانـە
جـیرانـێکـی شکـاتی کـرد لە خـزمەت فـەخری عـالەمدا
کـە بـۆنـی گـۆشتی بـرژا و دێ هـەموو شـەو لەم دەر و بـانە

لە خـــانەی حـــەزرەتی ســـددیقەوە دێ غـــالیبا ئـــەم بــۆ
دراوســـێ بـــێ بـــە شـــین ئـــێمـــە ئـەمە کـەی دەئبی جیرانـە
کە «فخر المرسلین» بۆی وەردی سەدری پاکی کرد فەرمووی:
ئـەمە بـۆی «خَشْـــیَةُ اللّـــە»یـــە، ئـەمە بـۆی قـەلبی بـریانە
مەگەر نەت بیستووە ئەم قەولە کە فەرمووی موخبیری سادق
شـــەوی ئـــیسرا ئـــەبووبەکـــرم ئـــەدی لەو ئـاسمانانە
ئـــەمینی بـــوو لە هـــەر ڕێ، جـــەلیسی بـــوو لە هـــەر جـــێێ
مـــەسەلیان «فی المَـــثل» بیلێم، ئـەم ئاسەف ئـەو سولەیمانە
کـەسێ سـددیقی ئـەکـبەر بـێ، مـەهین یـاری پـێغـەمبەر بـێ
ئـــەبێ پـــێ ئـــەفسەری ســـەر بـــێ، لە کـــن دانـاو و فـەرزانە

***

## تکا و نزا لە خزمەت سالاری مەدەنیدا[١]

یـا مـوحەممەد هـاتووم تـا خـۆم خـەمە ئاسانەکـەت
بێمـە ژێری گـومبەزی بـەرزی وەکـوو ئـاسمانەکـەت
تــۆ ڕەســوولێکــی «کَـریمُ الطَّـبع» و عـالی هـیممەتی
من گەدای دەرماڵی تـۆم و چـاوەڕێی ئـیحسانەکـەت

---

١. ئەم شیعرە لە گـۆڤاری... وەرگیراوە کـە بـە داخـەوە نـاوی شاعیرەکەمان بۆ ئاشکرا نەبوو.

مـن بـه گـیان و دڵ تـەاوفـم کـردووە ماڵی خـودا

هاتووم تا زیارەتیٚ کەم، قەبرە پاك و جوانەکەت

نـەفس و شـەیتانی لەعـینم بـەرەدەباران کـردووە

تـا دڵێکـی پاك و خـاوێن بێرمـە دەرك و بانەکـەت

من بە ئاوی پاکی زەمزەم سەدکەڕەت خۆم شۆردووە

تـاکـوو لاوا چـڵکـی تـاوان رۆڵە پڕ تـاوانەکـەت

مـن لە خـاکـی پـاکـی «بـەتحا»، بۆ مـەدینە هـاتووم

تا قەبووڵم کەی بە تۆزی ژێری پێی دەروانەکەت

خۆشە پێم گەر تۆ بدەی ئیزنم، ئەمن گسگی بدەم

تۆز و گەرد و خار و خاشاکی سەرای میوانەکەت

زیارەتی غاری حیرام کرد، شاخ و داخ و هەرد و بەرد

ئەی سەر و ماڵی ئەمن قوربانی خەڵوەتخانەکەت

نەرم و نۆڵ بوو لای ئەمن، هەروەك حەریر و پەرنیان

ئەی ئەمن قوربانی جێگای «إقـرَأ»ی قورئانەکەت

ئـەی «شـفیع المـذنبین»، ئیزنی بە تۆ داوە خـودا

تا تکای ئوممەت بکەی لای حەزرەتی رەحمانەکەت

سا تکای بەخشینی من کە، شافیعی رۆژی جەزا

لێم ببووریٚ رۆژی مەحشەر، خالیقی مەننانەکەت

یـا رەسـوول‌الله دەزانـی «بـاقر»یش شـەرمەندەیە
یـادی کـە ئـەوکاتە وا بـەرپا ئـەویٚ دیـوانەکـەت

***

## لوقمان پەرستش

**«١»**

### دەریشم کەی هەر دێمەوە

ئەگەر سەدجار لە دەرگانەت دەریشم کەی هەر دێمەوە
ئەوینم تۆی، ئەی خوای من، دەریشم کەی هەر دێمەوە
تۆ خوامی، تۆ پەنامی، تۆی سۆزێکی هەناوی من
تۆ هەناوی رازی دڵمی، دەریشم کەی هەر دێمەوە
بیٚ پەناهان سەر کزانە دەست بە سینەی بارەگاتن
بۆ هەمیشە دەست بەسینەم، دەریشم کەی هەر دێمەوە
سەگی دەرگا چونکە فێری سفرە و خوانی رەحمی تۆیە
من سەگێك لە دەرگانەت، دەریشم کەی هەر دێمەوە
تۆی هومێدی لیٚ قەوماوان، رایێك بزەی خۆتم پیٚبە
لە شەوەزەنگ هاتووم بۆلات، دەریشم کەی هەر دێمەوە

لە ئـاسمان و مـانگ و خـۆرا جـوانێك نیە بی‌پەرستم

غەیری جوانی ناوت خـوا، دەریشـم کـەی هـەر دێمـەوە

تۆ ئەو کـەسەی نـاوی جـوانت حـەسانەوەی ژانـی دڵمـە

ژانـــی دڵم زۆرە خـوا، دەریشـم کـەی هـەر دێمـەوە

یـادی تـۆیـە دەرمـانی مـن، ئـەی تـەبیبی دەردەکـەم

بۆ عیلاجی دەردم هـاتووم، دەریشـم کـەی هـەر دێمـەوە

هـەر دێمـەوە، چـونکە ئـەتۆ بـۆ هـەمیشە لەنـاو دڵمـای

بۆ هەمیشەی زیکر و فیکرم، دەریشم کەی هـەر دێمـەوە

بـۆ دونـیا و لەپـاش مـەرگیش لە کـاتی پـرسیاری گـۆڕ

لە مەحشەرا بۆ حوزوورت، دەریشـم کـەی هـەر دێمـەوە

«هـێمـن»م ئـەناڵێنـم، لەبـەر قـاپیت هـاوار ئـەکـەم

ئەگەر سەد جار لە دەرگانەت دەریشم کەی هەر دێمـەوە

«٢»

## بۆ پێغەمبەر ﷺ

هـەتاکـوو ئـاسمان ئـەستێرەی مـابن

هـەتاکـوو چـیاکـان سـێرەی سـەفا بـن

هـــەتا پـــاییز بــێ و گــەڵام وەرێنـێ

هــەتا پــەری رۆح، گــیانم دەردێنــێ
هـــەتا بـــبارێ بـــارانـــی بـــەهار
هـــەتاکـــوو بـــژیم لەکـــۆنـە هـەوار
هـــەتا زوبـــانم بـــیهێنـــێ گــوفتار
سـەڵوات بێ لەسـەر رەسـوولی نـازدار
هـــەتا بـــێستانان گـــوڵان دەربکـــەن
هــەتاکــوێستانان وێنـەیان دەرخــەن
هـــەتا بـــولبولی بـــێستان بـخوێنـێ
دڵی عـــاشق و مـــەستان بـــدوێنـــێ
ســەڵاتــم ئــەکـەم بە چەپکەیێ گـوڵ
زەنـــوێری ئـــەکەم بـــە فـــرمێسکـی دڵ
هـــەڵی دەقـــوڵێنـــم لە دڵی لەکــوڵ
ئـــاوی بـــۆ دێنـــم بـــە دیـــدە و بـــە دڵ

***

لەگوڵ پرسیم لەبەر چـی زۆر جـوانـی؟
بـــە رەنگـــی ســوورەوە و شـادمانی؟
بە نـەرمێك و بـە شـەرمێ دای جـوابـم

وتــی: بـێ پـێت بـڵێم، بـا تـۆش بـزانـی
لەبەرعەشقی موحەممەد سوورە ڕەنگم
بدەن سەڵوات بە ڕوخساری موحەممەد

**

لە بــاڵنــدەی ســەحەر پـرسیم: بـراکـەم
بر خـۆش دەنگـەکـە و ئـاگـر نـەواکـەم
لەبەر چی هەر گەرمە نەغمەی بەیانیت؟
وتــی: بــا پـێت بـڵێم دەردت دەوا کـەم
لەبەر نـاوی مـوحەممەد گـەرمە دەنگـم
بدەن سەڵوات بـە دیـداری مـوحەممەد

**

لە مانگ پرسیم بۆ ئەم شەوگارە وێڵیت؟
دەی هــەیە تـۆ دەمـی جیهان ئـەهێڵی
هیلالی یـا چـواردەی؟ بـۆچـی ئـاوای؟
وتی: با پێت بـڵێم نـەیێژی هـەرزە گـێڵی
کە من عەبداڵەکەی عـەشقی ڕەسـوولم
بدەن سەڵوات بە ڕوخساری موحەممەد

**

له خۆر پرسیم: شه‌که‌ت نابی له کارت؟
له سێره‌ی هاتووچوونی جار به جارت؟
ئه‌سووتی تۆ که نوورت دای له کێوان
وتــی: «شــارۆخ» بـه گیانی تـاقه یـارت
کــه ســووتاوم له تـاوی فـه‌خری عـاله‌م
بده‌ن سه‌ڵوات بـه دیـداری مـوحه‌مه‌د

***

# ناوەرۆك

## بەشی كوردی


١. نامی ........................ ٥
١. ئەی پێغەمبەری رەهبەری ئیسلام.............. ٩
٢. بە فەیزی بێ ئینتیها ..................... ١٢
٣. ئەی پێغەمبەری خۆش خولق و رەوشت .......... ١٥
٤. یا رەسول‌الله گیانم بە فیدات ................. ١٧
٥. رەببی لە عەرشی وەفا بڕژێنە سەیلی سەفا ........ ٢١
٦. یا رەببی هەتا بەحری كەرەم ماوە لە بەریا........... ٢٢
٧. یا محمّد المصطفی ...................... ٢٥
٨. ئەی كانی كەرەم سەروەری دیوانی مەحەببەت .... ٢٧
٩. رەببی بنێرە سەلاوات ..................... ٢٩
١٠. من میۆانی تۆم ....................... ٣٢

۱۱. شیرین گوڵەکەم ................ ۳۶
۱۲. و صلّی الله علی نووری بە دینی‌یو بە ئیمانی ..... ۳۹
۱۳. ئەی سەردارەکەی عەجەم و عەرەب ........... ۴۱
۱۴. ئەی نووری موبین سیراجی وەهاج............ ۴۸
۱۵. برێژە رەحمەت خوا هەتا قیامەت لەسەر ........ ۴۹
**۲. نەقیب** ..................... ۵۱
۱۶. وَصلّی الله علی زاتێ................. ۵۱
**۳. سافی** ....................... ۵۲
۱۷. ئەی سەییدی سەرداری من .............. ۵۲
**۴. زەندسەلیمی** .................. ۵۴
۱۸. صلاة الله سلامُ الله .................. ۵۴
۱۹. یا نەبی سەلام علیك................... ۵۶
۲۰. یا رەسوول‌الله لە رێتا رۆح و گیان ئیسار ئەکەم.... ۵۸
**۵. پەژارە**...................... ۶۰
۲۱. مانگی مەولودت گوڵزاری ژینە............. ۶۰
**۶. قانع** ....................... ۶۲
۲۲. یا موحەممەد لێو بە بار و دڵ بە بوریانم مەکە .... ۶۲

٢٣. یا رسولَ الله غەریقی گێژی عیسیانم مەدەد....... ٦٤
٢٤. قەڵەم! قوربانی نووکت بم دەبێرە فەسحەت و گوفتار
................................ ٦٥
**٧. عوسمان سراج الدین** .................. ٦٧
٢٥. یا رەسوول‌الله زەلیلم سا بە قوربان هیممەتێ..... ٦٧
٢٦. غوڵامی دەرگەی تۆم.......................... ٦٩
٢٧. فیدای خاکی بەری پێت ..................... ٧٠
**٧. محەممەد سەعید نەقشبەندی** .................. ٧١
٢٨. رەحمی تۆ دەریایە من تینووم بە یەك قەترە دەسا . ٧١
**٨. بێخود** ............................... ٧٢
٢٩. لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من ........... ٧٣
٣٠. ئەگەر شاهم وەگەر شاهین و بازم............. ٧٦
٣١. شەها بە غیرەتت قەسەم..................... ٧٨
٣٢. ئەی ساحەتی سەد جەننەت.................... ٨١
**٩. سەلام حەیدەری**......................... ٨٢
٣٣. دەنگی زەنگی فودسیان دێ.................. ٨٢
**١٠. تاهیر بەگی جاف** ...................... ٨٧

٣٤. مەتلەعی سوبحی سەعادەت ........ ٨٧
١١. شهاب الدین کاکۆ زەکەریایی ........ ٨٨
٣٥. جەمالێوەم دیەن یاران ........ ٨٩
١٢. ئامینە خاتوون ........ ٩٠
٣٦. موالي یا موالي یا موالي ........ ٩٠
١٣. تاهیر هاشمی ........ ٩٢
٣٧. یا رسولَ‌الله حەزین و تێ‌شکاوم رەحمەتێ ........ ٩٢
٣٨. ئەی چرای گۆشەی دڵی ئەربابی عیرفان ........ ٩٣
١٤. مەسعوود تەم‌تەمی ........ ٩٤
٣٩. یا رسولَ‌الله «سیّدی» سادات ........ ٩٥
١٥. سدیق نوورمحەممەدی ........ ٩٦
٤٠. برای کوردی شیرینم ........ ٩٦
١٦. شاهۆ ........ ٩٨
٤٠. پەنام هێنایە بەر قاپیت ........ ٩٩
٤٢. رەببی هەرچەند شەرمەسارم ........ ١٠٠
٤٣. رووم لە قاپی تۆیە رەببی ........ ١٠١
٤٤. رەببی تۆ پشت و پەنامی ........ ١٠٢

٤٥. هەزاران شوکری تۆ رەببی ........................ ١٠٣
٤٦. فەردی تەنیای تاك ........................ ١٠٥
**١٧. مەجید نژماری** ........................ ١٠٨
٤٧. من شەهیدم ........................ ١٠٩
٤٨. ئەی موحەممەد رەمزی هەستی ........................ ١١١
٤٩. من رۆڵەی موسڵمانم ........................ ١١٣
٥٠. شافیعی بەڵێن ئەدەم شەرتە بە دڵ و بە گیان .... ١١٥
٥١. مانگی ربیع الاول ........................ ١١٧
**١٨. پیرەمێرد** ........................ ١١٩
٥٢. خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن ........................ ١٢٠
٥٣. پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی خوا ........................ ١٢٢
٥٤. ئیمڕۆ مەولوودی پێغەمبەرمانە ........................ ١٢٣
**١٩. ئەبووبەکری سددیق رضي الله عنه** ........................ ١٢٧
٥٥. جُدْ بِلُطْفِكَ یا الهی ........................ ١٢٧
**٢٠. خانای قوبادی** ........................ ١٣٠
٥٦. پادشای شاهان ........................ ١٣٠
٥٣. دڵ جە غەم خەستەن ........................ ١٣٢

٢١. مەولانا خالید نەقشبەندی ........ ١٣٣
٥٧. یا فەردی ئەعزەم ........ ١٣٤
٢٢. صەیدی ........ ١٤٦
٥٨. یاران دێوانە ........ ١٤٦
٢٣. میرزا شەفیع پاوەیی ........ ١٤٩
٥٩. قەدیم موتڵەق... قەدیم موتڵەق ........ ١٥٠
٢٤. میرزا شەفیع کولیایی ........ ١٥٣
٦٠. تاکی تەوانا تاکی تەوانا ........ ١٥٣
٢٥. مەولەوی ........ ١٥٨
٦١. باعیس وجوود جە مەهـ تا ماهی ........ ١٥٩
٢٦. حاجی قادر کۆیی ........ ١٦٢
٦٢. ئەی بێ نەزیر و هەمتا ........ ١٦٢
٢٧. شەمس قورەیشی ........ ١٦٣
٦٣. عیلمی بێ بەهرە و درەختی بێ سەمەر ........ ١٦٤
٦٤. دوای حەفتا ساڵ عومر ........ ١٦٥
٦٥. کاڵای شووم شەڕ ........ ١٦٦
٦٦. فاتیحی بابی نەجاتم ........ ١٦٧

۶۷. عەهدی دونیا بێ سوباتە ........ ۱۷۰
۶۸. علّام الغیوب ئاگای دەرد و حاڵ........ ۱۷۲
**۲۸. محەممەدی مەحوی........ ۱۷۶**
۶۹. وصلّی الله........ ۱۷۷
۷۰. لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە........ ۱۷۸
**۲۹. ئەسعەدی مەحوی ........ ۱۷۹**
۷۱. ئەی پەناهی بێ کەسان........ ۱۷۸
**۳۰. ئەحمەدی کۆر ........ ۱۸۲**
۷۲. دڵبەرا دایم دەناڵم دەم بە دەم ........ ۱۸۳
۷۳. یا رسولَ الله زەلیل و دل حەزینم رەحمەتێ .... ۱۸۵
**۳۱. ناری........ ۱۸۷**
۷۴. سوورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لەولا ئەکا ۱۸۷
۷۵. ئەی شەهەنشاهی شکۆهی عیززەتی........ ۱۸۹
**۳۲. حامید ئاڵیجانی........ ۱۹۳**
۷۶. ساقی هەتاکەی ساقی هەتاکەی........ ۱۹۴
۷۷. باپچینە وە با پچینەوە........ ۱۹۵
**۳۳. بێدار........ ۱۹۶**

٧٨. من کوردێکی بە دینم ............ ١٩٧
٧٩. موحەممەد پێغەمبەرە............ ١٩٨
٨٠. ئەی موحەممەد ئەی موحەممەد ............ ١٩٩
٨١. ئەی پێغەمبەر ئەی پێغەمبەر ............ ٢٠٠
٨٢. پێغەمبەرەکەم نەخوێندەوارە............ ٢٠٢
**٣٤. وەفایی ............ ٢٠٣**
٨٣. ئەی دل وەرە هۆشیار ببە هذا طريق العاشقين... ٢٠٣
٨٤. یا رسولَ الله دەخیلەك رووم نیە ............ ٢٠٥
٨٥. ئەی امام المرسلين ............ ٢٠٨
٨٦. رۆحم بە فیدات ............ ٢١٠
**٣٥. پێنج خشتەکی کوردی............ ٢١١**
٨٧. دافیعی دەرد و عەنامی............ ٢١١
**٣٦. حەقیقی ............ ٢١٣**
٨٨. سوپاسی بێ حەد............ ٢١٤
٨٩. ئەو مانگە مانگی رجب اللەیە............ ٢٢٠
**٣٧. مەهجووری ............ ٢٢٤**
٩٠. دەرمان دەردم موحەممەد نامەن............ ٢٢٤

**٣٨. عاشق** ........................ ٢٢٧
٩١. سەلات و سەلامی حەق.................. ٢٢٨
٩٢. لەسەر گەورەی ئەسحابە ................ ٢٢٩
٩٣. الصُّبحُ بَدا مِنْ طَلْعَتِهِ.................. ٢٣٠
**٣٩. عومەر ضیاءالدّین** .................. ٢٣٣
٩٤. کولاهی سیححەتم ناوی .................. ٢٣٣
٩٥. لە نەشئەی فەیزی عیشقی فەخری عالەم....... ٢٣٤
**٤٠. رەبیعی** ........................ ٢٣٥
٩٦. دەخیلێك یا رەسول‌الله................... ٢٣٦
٩٧. یا ئیلاهی شەرمەزار و دیدە گریانم ئەمن ....... ٢٣٧
**٤١. شێخ خالید**........................ ٢٣٨
٩٨. سەڵاوات بێ بە خوڕڕەم بێ.................. ٢٣٨
**٤٢. حەمدی** ........................ ٢٤٢
٩٩. مسوەددەیی سوبحی ئەزەلی موویی موحەممەد ٢٤٢
١٠٠. یا موحەممەد رووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تۆبە بێ
........................ ٢٤٥
١٠١. یا رەسول‌الله زەلیل و دڵ حەزینم........... ٢٤٦

١٠٢. ستایشی حەزرەتی ئەبووبەکر ........................ ٢٤٧
١٠٣. ستایشی حەزرەتی عومەر ........................ ٢٤٩
١٠٤. ستایشی حەزرەتی عوسمان ........................ ٢٥٠
١٠٥. ستایشی حەزرەتی عەلی ........................ ٢٥٢
**٤٣. ئارام** ........................ ٢٤٦
١٠٦. ئەی رەئیسی تاجداران ساحێبی بیت‌الحرم... ٢٥٣
**٤٤. جەفایی** ........................ ٢٥٥
١٠٧. ئیلاهی وا خەجڵ ماوم........................ ٢٥٥
**٤٥. آية النّبي** ........................ ٢٥٦
١٠٨. یا حەی سپەردم، یا حەی سپەردم........................ ٢٥٦
**٤٦. ئیمامی** ........................ ٢٥٨
١٠٩. چۆن نەگریەم من بە زارۆ شیوەنێ بینانەکەم... ٢٥٨
**٤٧. ئەفخەمزادە** ........................ ٢٦٠
١١٠. یا رسولَ‌الله یا خیرالبشر........................ ٢٦١
**٤٨. میرزا ئەسەد** ........................ ٢٦٤
١١١. یا رسولَ الله بە قورئان خاتەمی پێغەمبەری... ٢٦٤
**٤٩. بێبەش** ........................ ٢٦٦

١١٢. رۆح و ماڵ و جیسم و گیانم یا رسولَ الله فیدات ٢٦٦
٥٠. قازی پێنجوێنی ........................... ٢٦٧
١١٣. سەنا و ستایش بەبێ ژمارە............ ٢٦٧
٥١. سامالّ.................................. ٢٦٨
١١٤. خوایە بە ناوت گەورەتر ناوە ............ ٢٦٩
٥٢. جانی .................................. ٢٧٠
١١٥. خوداوەندا تەرەحوم کەی................ ٢٧١
٥٣. خەڵوەتی.............................. ٢٧٢
١١٦. یا رسولَ الله ئەمن زار و غەمین و دڵ حەزین .. ٢٧٢
٥٤. خادیم................................. ٢٧٢
١١٧. وەك فەڵەك بۆ عیشقی تۆ ............. ٢٧٣
٥٥. مامۆستا خالّ ......................... ٢٧٥
١١٨. قوربانی ناوت ناوت چەن خۆشە........... ٢٧٦
١١٩. خودایا زۆر ستایش بۆ سروشتی پاکی پیغەمبەرﷺ
.......................................... ٢٧٨
١٢٠. ئەی شەهنشاهی ئاسمان و زەمین ......... ٢٧٩
٥٦. حیلمی................................ ٢٨٠

۱۲۱. یا رەب رووڕەش و من گوناهبارم ........... ۲۸۰
۵۷. حەریق ........................ ۲۸۱
۱۲۲. بەو نوورەکە زاهیر بوو لەسەر رووی موحەممەد ۲۸۱
۵۸. دەربەدەر ........................ ۲۸۲
۱۲۳. نیمە تۆیشوو یا ئیلاهی ............ ۲۸۳
۵۹. زاری ........................ ۲۸۴
۱۲۴. برێژە رەحمەت خودا ............ ۲۸۴
۶۰. ئەمین شنۆیی ........................ ۲۸۵
۱۲۵. یا شفیع المذنبین تۆ چارەیی کارم بکە ......... ۲۸۶
۱۲۶. زۆر پەشێو و بێ قەرارم یا رەسوول الله دەخیل . ۲۸۸
۱۲۷. ئەتۆی ئەو سەیید و عالی نەسەب ......... ۲۸۹
۱۲۸. ئەی بلووری گەردنت ............ ۲۹۱
۶۱. کاڵی ........................ ۲۹۳
۱۲۹. حەمد و سەنا بێ ........................ ۲۹۳
۶۲. فخرالعلما ........................ ۲۹۴
۱۳۰. ئازیزم بەستەن ئازیزم بەستەن ............ ۲۹۴
۶۳. ویسالی ........................ ۲۹۷

١٣١. بۆ شوعلەی جەبهە ئادەم........ ٢٩٧
٦٤. سەفوەت........ ٢٩٩
١٣٢. سەلام لەسەر تۆ یا رسول الله........ ٢٩٩
١٣٣. السلام ئەی هاتە دەنگ بۆت بەرد و دار........ ٣٠١
١٣٤. بە جەژنی مەولوودی زاتی ئەنازم........ ٣٠٢
٦٥. شێخ لەتیف........ ٣٠٤
١٣٥. ئەی رەئیسی جەمعی مەخلووق........ ٣٠٥
١٣٦. یا رسولَ الله دەخیلە رووڕەش و نامە سیام........ ٣٠٦
١٣٧. شای «خیرالبشر» فەخری کائینات........ ٣٠٧
٦٦. ابن‌الحاج........ ٣٠٩
١٣٨. یا رسولَ الله ئەمانەت بێ........ ٣١٠
١٣٩. ئەی موقتەدای خاس و عام........ ٣١١
١٤٠. یارسولَ‌الله دەخیلەن سەروەری دونیا و دین........ ٣١٣
٦٧. قاضی........ ٣١٣
١٤١. خوا بڕژێنە سەڵەوات........ ٣١٣
١٤٢. ئەی نەفس هەوای مناڵیت تاکەی ئەبێ لەسەر بێ
........ ٣١٨

٦٨. قودسی .................. ٣٢٠
١٤٣. ئەی شاهی مەککە حاکمەکەی شاری مەدینە. ٣٢٠
٦٩. دەهشەت .................. ٣٢١
١٤٤. سەلات و سەلامی حەق .................. ٣٢٢
٧٠. حامید حیسامی ٣٢٦
١٤٥. هێنەری ئایەی قورئان .................. ٣٢٦
٧١. بورهان عالی.................. ٣٢٩
١٤٦. پێشەوایە پیشەوایە.................. ٣٢٩
٧٢. سەعید مەجیدی .................. ٣٣٠
١٤٧. جە بەر دەرگاهی ئیعزازش.................. ٣٣٠
١٤٨. ئەی ئامینە موژدەبێ .................. ٣٣٣
٧٣. میرزای هەورامی .................. ٣٣٤
١٤٩. ئەی ئاغەکەی دونیا و دین.................. ٣٣٤
١٥٠. صَلوةُ ربّی ما سٰار القمر (ئۆخەی کە تۆی سەردارم)
.................. ٣٣٦
٧٤. ئەحمەد نظامی.................. ٣٣٩
١٥١. یا رسولَ الله بەرەو رووت هاتم .................. ٣٣٩

٧٥. فەنایی........................ ٣٤١
١٥٢. لە سایەی ڕێزەخۆری بابی خاسانت .......... ٣٤١
١٥٣. لەبەر قاپی دەری مەیخانە ............ ٣٤٧
٧٦. شاکەلی ........................ ٣٤٩
١٥٤. ئەی شەفیعی دەشتی مەحشەر .......... ٣٥٠
١٥٥. حاجی لەپاش کەعبە رووکە لە شاری دولبەر .. ٣٥٢
١٥٦. یارەسوول‌الله ئەگەرچی ڕووڕەشی دیوانی تۆم. ٣٥٣
٧٧. محەممەد خاکی..................... ٣٥٤
١٥٧. خسووس ئەو سددیق کرداره............. ٣٥٤
٧٨. باقر.......................... ٣٥٥
١٥٨. یاموحەمەد هاتووم ................ ٣٥٥
٧٩. لوقمان ........................ ٣٥٧
١٥٩. دەریشم کەی هەر دێمەوە.............. ٣٥٧
١٦٠. بۆ پێغەمبەر .................... ٣٥٩
١٦١. لە گوڵ پرسیم لەبەر چی زۆر جوانی ......... ٣٥٩